# یەکگرتن

گۆڤارێکی رۆشنبیری تیۆریە

هەواڵنامەی کتێب

٦

١٩٨٨

بنکەی رۆشنبیری یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

# یەکگرتن

گۆڤارێکی رۆشنبیری تیۆریە

ژمارە (٦) ئەیلول ١٩٨٨



دەستەی نوسەران

**ا.ھ. توانا**

**ئاوارە**

**ئەنجام**

بنکەی رۆشنبیری یەکگرتن بلاوی دەکاتەوە


ناونیشان

YEKGIRTIN
P.O BOX (227)
1502 KØBH. V
DANMARK

یان

YEKGIRTIN
P.A 1080 WIEN
POSTFACH ( 68 )
AUSTRIA

ژمارەی بانک :

Bikuben:
Silkegade 8, DK- 1113 Købh.K/ DANMARK
YEKGIRTIN - Konto nr.274-02-64616 .

# ناوەڕۆک


| | | |
|---|---|---|
| ڕاوەستاندنی جەنگی عیراق و ئێران و ئاسۆی داهاتوو | یەکگرتن | ٣ |
| کۆچکردن : ناڕەزایی دەربڕینە بەرامبەر نابەکانی | هەڵکەوت عەبدوڵا | ٣٦ |
| قوتابی کورد و سیستەمی خوێندن | فەرهاد پیربال | ٥٣ |
| مۆنۆپۆلیەت سیمای ئیمپریالیزم | سەردار | ٦٢ |
| ژیان و مەرگی تیۆرییەک | و: خالید ا. عریف | ٧٤ |
| بوون بە جیهانی سەرمایەیە و کەڵەکەبوونی لەعیراقدا | و: هـ. ئاریان | ٨٥ |
| دەربارەی نامیلکەی لینین : " دەوڵەت و شۆڕش " | و: باوکی هۆزان | ١٠٩ |
| ئەزموونی تێکۆشەرێکی کورد : هاوڕێ " بێ " | د. جەمید حەیدەری | ١٤٤ |
| پیرۆزبایی | یەکگرتن | ١٦٠ |
| پاشکۆی ئەدەب و هونەر | | ١٦١ |


هەواڵنامەی کتێب

## نرخی یەکگرتن

یەك ژمارە : ٢٠ کرۆن + نرخی پۆست

ساڵانە : ٨٠ کرۆن + نرخی پۆست

سەروتار



# راوەستاندنی جەنگی عیراق و ئێران و ئاسۆی داهاتوو

هەواڵنامەی کتێب

جەنگی عیراق و ئێران : دوور و درێژترین و خوێناویترین و نامرۆڤانەترین جەنگی مێژووی هاوچەرخ ، پاش هەشت ساڵ کوشتاری مرۆیی و ماڵوێرانی ئابوری و کوێرەوەری کۆمەلایەتی بۆ گەلانی هەردوو دەوڵەت ، وەلەکاتێکدا کە ئاگری جەنگ گشت بوون و نەبوونی خەلکی لەژێر بلێسەی خۆیدا دەسوتاند، لەرێگەی راگەیاندنێکی کتوپڕ لەلایەن رژێمی ئیسلامی ئێرانەوە بۆ قبوڵکردنی بڕیارنامەی ( ٥٩٨ ) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی راوەستا و شەڕی دیبلۆماسیانەی نێوان هەردوو رژێمی عیراق و ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان دەستی پێکرد .

زۆربەی چاودێرە سیاسیەکان بۆ ئەوە دەچن جەنگی عیراق و ئێران بە یەکجاری کۆتایی پێ هاتووە و ئەو شەڕە دیبلۆماسیانەی لە ئارادان بۆ ئەوەیە لایەنەکانی جەنگ لە شوێنەواری بەهێزییەوە بچنە ناو گفتوگۆکانەوە . هەندێکی تر لەو بڕوایەدان ناکۆکی نێوان رژێمی عیراق و ئێران وەك ناکۆکی نێوان عەرەب و زایۆنیزمەکانی لێدێت و ماوەیەکی دوور و درێژ بەشێوەی " نە جەنگ ، نە ئاشتی " دەمێنێتەوە ، چونکە ئێران لە هەلومەرجێکی نائاسایی دا بڕیارنامەی ( ٥٩٨ ) ی قبوڵکردوە و پاش نەمانی ئەو هەلومەرجە دەست بە جەنگ دەکاتەوە . هەندێکی دیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە راوەستاندنی جەنگ مانای کۆتایی هاتنی یەکجارەکی جەنگ و هاتنەدی ئاشتی نێوان عیراق و ئێران نیە ،

چونکە ئەو فاکتەر و بارودۆخە سیاسیە ناوچەیی و نیۆنەتەوەییە جۆراوجۆرانەی یارمەتی هەڵگیرساندنی جەنگیان داوە، هێشتا ماون و بێگومان دەبنە هۆی دەست پێکردنەوەی پێکدادانی سەربازی و هەڵگیرساندنەوەی جەنگ.

بەهەرحال ئاقاری راوەستاندنی جەنگی عیراق و ئێران بەرەو هەر لایەك بڕوات، قۆناغی دوای ڕاگرتنی جەنگ پێویستی بە راوەستانێکی جیدی لەئاست سەردەمی نوێدا هەیە، ئەوە دەخوازێ ڕۆشنایی بخرێتە سەر کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگ دەربارەی بارودۆخی عیراق، ئێران، کوردستان، ناوچەکە و وەڵامی چەندین پرسیار بدرێتەوە کە بۆ کاری پڕ بەرهەمی دوای جەنگ پێویستن، لەوانە: هۆی ڕاوەستاندنی جەنگ لەو کاتەدا چی بوو؟ زیانەکانی جەنگ کامانەن و چۆن شوێنەواریان دەسڕدرێتەوە؟ کاریگەری ڕاوەستاندنی جەنگ لەسەر هەلومەرجی ناوخۆی عیراق و ئێران و بارودۆخی هەرێمایەتی چییە؟ قۆناغی دوای جەنگ چی ڕوودەدات و پێویستە هەڵوێستی تێکۆشەرانی عیراق و ئێران و جەبە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان چۆن بێت؟

## سەرچاوەکانی بەردەوام بوونی جەنگ

جەنگی عیراق و ئێران لە مێژەوە بەکوێرە ڕێگە گەیشتبووە و لە توانای هیچ یەکێك لەو دوو ڕژێمەدا نیە لە بەرژەوەندی خۆی و لەرێگەی سەرکەوتنێکی سەربازی بڕپاردەرەوە کۆتایی پێ بهێنێ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەردەوام بووە، سەرچاوەی ئەو بەردەوام بوونەش یان دەرکی بووە یاخود ناوەکی.

سەرچاوەی دەرەکی بەردەوام بوونی جەنگ خۆی لەوەدا دەبینیەوە کە هێزە ئیمپریالیستیەکان هەمیشە پشتیوانیان لە مانەوەی جەنگ کردووە و بەنزینیان ڕشتووە بەسەر ئاگرەکەیدا. چونکە ئەو بەردەوام بوونە یارمەتی ئەوەی دەدان: زیاتر دوو وڵاتی بنەرەتی و گرنگی ناوچەکە کە خاوەنی سەرچاوەی زۆرن بۆ پێشکەوتنی ئابوری و پیشەسازی لاواز بکەن، زەمینەی چاکتر خۆش بکەن ناکۆکیەکانی نێو دەسەلاتدارانی ئێران قوڵتر ببێتەوە و باڵی دۆستی خۆیان دەسەلات بگرێتە دەست و ئێران بگێڕێتەوە بۆ باوەشی "پیرۆزی" خۆرئاوا، بازرگانی چەك و پێداویستیەکانی جەنگ و بەرگری پەرەبستێنێ و بازاڕی ساغ کردنەوەی کەل و پەلەکانیان فراوانتر بێ، بەهانە دەداتە دەستیان زیاتر

هێزی سەربازی لە کەنداودا کۆبکەنەوە و مانەوەی خۆیان لە ناوچەکەدا سۆگەر و هەمیشەیی بکەن.

سەرچاوەی ناوەکی بەردەوام بوونی جەنگ خۆی لەوەدا دەبینیەوە کە لەهیچ یەکێك لەو دوو وڵاتەدا بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی کاریگەری وەها لە ئارادا نەبووە بتوانێ ڕابەرایەتی جەماوەر بکات و بەرەو دەسەڵاتگرتنە دەست و هێنانەدی ئاشتی ئادیلانە سەرکردایەتیان بکات ، ئەمە لەلایەك. لەلایەکی ترەوە هەبوونی ڕەوتی جەنگ خوازی و پان ئیسلامیزم و باوەڕی "گوێزانەوەی شۆڕش" بۆ ناوچەکانی دی لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوەو بەستنەوەی کۆتایی هاتنی جەنگ بە ڕوخاندنی ڕژێمی عیراق و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە ، وە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی ___ی عەرەبی و سیاسەتی دیماگۆگیانەی ڕژێمی عیراق بۆ ___دەوڵەتیکردنی جەنگ ، هەمیشە یاریدەدەری بەردەوام بوونی جەنگ بوون.

ئەوەی ڕاستی بێ بارودۆخی ناوچەی کەنداو و سروشتی جەنگی عیراق و ئێران وەك خۆی نەمایەوە و بێ وێنە پەرەی سەند ، وە پێکدادانەکان ئەوەندە فراوان بوونەوە کە تەنیا ناوچە جۆراوجۆرەکانی عیراق و ئێرانی نەدەگرتەوە ، بەڵکو سەرتاپای کەنداویان ___خستە ژێر بڵێسەی خۆیانەوە. بەو جۆرە جەنگ بووە فاکتەرێکی "نائارامی" زیاتر و مەترسی زۆری بۆ ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی کەنداو و بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی دروستکرد و فشاری زۆری خستە سەر بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت ، وە دەستی نایە بینە قاقای ئابوری خۆرئاوا ، هەروەها زەمینەی بۆ قوڵبوونەوەی ناتەبایی نێونەتەوەیی و تەشەنەکردنی ئاگری ماڵوێرانی خۆی بۆ ناوچەکانی تر خۆشکرد. بۆیە پێشبڕکێی نێونەتەوەیی لەپێناو تەقەوەستاندن و ڕاوەستاندنی جەنگدا دەستی پێکرد و لە ٢٠ ی تەمووزی ١٩٨٧ دا ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی بڕیارنامەی ژمارە (٥٩٨)ی دەرکرد بۆ ڕاگرتنی جەنگ و داوای سزادانی ئەو لایەنەی کرد کە ئەو بڕیارنامەیە قبوڵ ناکات.

بڕیارنامەی (٥٩٨) نەیتوانی لەڕێگەی چارەسەرکردنێکی ئیدارییەوە کۆتایی بە جەنگ بهێنێ و جەنگ نزیکەی ساڵێك پاش دەرچوونی بڕیارنامەکە و ململانێیەکی توندوتیژی ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەر بەردەوام بوو. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنەکانی جەنگ و هەڵوێستی هێزە ئیمپریالیستەکان. دەربارەی لایەنەکانی جەنگ



هەواڵنامەی کتێب

بڕیارنامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشیان بەوجۆرە قبولْ نەدەکرد کە داڕێژرابوو و هەریەکەیان دەی ویست بەدوایەکهاتنی بەندەکانی بەوجۆرە ڕیزبکرێتەوە کە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی بکات . جگە لەوە هەریەکێك لەدوو ڕژێمی عیراق و ئێران بەجۆرێك لەجۆرەکان زەمینەیان بۆ درێژەکێشانی جەنگ خۆش دەکرد : لەلایەکەوە ڕژێمی عیراق کە لەژێر فشاری تەنگوچەڵەمە ئابوری و سیاسی و دەرەنگی و کۆمەلایەتیەکان و فراوانبوونی بەرەی ئۆپۆزسیون و ناڕەزابی و بۆ خۆقوتارکردن لە فەوتان بەگوتە بڕیارنامەی ( ٥٩٨ ) ی قبولْ کرد ، بەلام بەکردەوە و لەڕێگەی هێرشە بەربلاوە هەمەجۆرەکانیەوە بواری بۆ بەردەوام بوونی جەنگ دەڕەخساند . لەلایەکی تریشەوە ڕژێمی ئێران لەژێر ئالای بیروباوەڕی پان ئیسلامیزمدا سووربوو لەسەر بەردەوام بوونی جەنگ هەتا هاتنەدی ئامانجەکانی خۆی : ڕوخاندنی ڕژێمی عیراق و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی . دەربارەی هەلوێستی هێزە ئیمپریالیستیەکان ، ئەگەرچی بەگشتی بڕیاریان لەسەر بڕیارنامەی (٥٩٨) دابوو و داوای سزادانی ئەو لایەنەیان دەکرد کە سەرپێچی دەکات ، بەلام بەکردەوە ئاگر خۆشکەری جەنگ و یاریدەدەری بەردەوام بوونی بوون. چونکە بەدەستێك لایەنەکانی جەنگیان بەهەموو جۆرە چەکێك و زانیاریەکی سەربازی شاد دەکرد و بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لایەنگیریان بۆ لایەنەکانی جەنگ دەگۆری ، بە دەستێکی تریش خەریکی کۆکردنەوەی هێزی سەربازی و کەشتی جەنگی و ڕەوتی سنگ دەرپەڕاندن بوون لە ناوچەی کەنداودا .

## هۆکانی ڕاوەستاندنی جەنگ

زۆرکەس لەو بڕوایەدان هۆی قبولْکردنی بڕیارنامەی (٥٩٨) و ڕاوەستاندنی جەنگ لەلایەن ئێرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوتی سەربازی و سنگ دەرپەڕاندنی هێزە ئیمپریالیستیەکان و گرێی دەدەنەوە بە ڕووداوی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی هێلی ئاسمانی ئێران لەلایەن کەشتیە جەنگیەکانی ئەمریکاوە . ئێمە لێرەدا ئەگەرچی کاریگەرێتی هێزە ئیمپریالیستیەکان لەسەر دوا ئەنجامی جەنگەکە فەرامۆش ناکەین ، بەلام لە هەمان کاتدا باوەڕمان بەوە نیە قبولْکردنی بڕیارنامەی (٥٩٨) لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە و ڕاوەستاندنی جەنگ بە تەنیا بگێڕینەوە بۆ هەلوێستی هێزە ئیمپریالیستیەکان .

قبولكردنی بڕیارنامەی (٥٩٨) و ڕاوەستاندنی جەنگ لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە ـ لەكاتێكدا كە ئەو ڕژێمە لەوەوبەر بانگەوازی "جەنگ، جەنگ تا سەركەوتن" و ڕوخاندنی ڕژێمی عیراق و هێنانە سەركاری ڕژێمی ئیسلامی بلاوده‌كردەوە و هەركەس باسی ڕاوەستاندنی جەنگی بكردایە بە "دژی شۆڕش" لەقەلەم دەدرا ـ ڕوداوێكی خۆبەخۆ و خۆڕسكی نەبوو. بەڵكو ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ناوخۆی ئێران و ئەو ملمانێ سیاسی و كۆمەلایەتیانە بوو كە ماوەیەك بوو توندوتیژ ببووەوە، بەرهەمی كۆمەڵێك گۆڕانكاری سەربازی و سیاسی بەرەكانی جەنگ و ناوچەی كەنداو بوو، دەربڕی بیروڕای ئاقاری بالادەستی ناو ڕژێمی ئێران بوو كە ڕەفسنجانی سەركردایەتی دەكات. ئێمە لەم بوارەدا هۆكانی ڕاوەستاندنی جەنگی عیراق و ئێران بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەبڕین :

یەكەم / هۆكانی ناوخودی ئێران :

١) ناكامیە یەك لەدوای یەكەكانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتی جەنگخوازانە و پان ئیسلامیستی خۆی و شكستخواردنی ویستی بوون بە ئەلتەرناتیڤێكی هەرێمایەتی لە ئاست دەولەتەكانی ناوچەكەدا. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ: بارودۆخی ئابوری، سیاسی، كۆمەلایەتی ناوەوە و دەرەوەی ئێران، هاتنەدەنگی ناسیۆنالیزمی عەرەب و داكۆكی كردنی بێ سنوری ڕژێمە كۆنەپەرستەكانی كەنداو و ناوچەكە لەڕژێمی عیراق، كاریگەرێتی هێزە ئیمپریالیستیەكان لەسەر ڕێڕەوی جەنگ و ڕازی نەبوونیان بەسەركەوتن یاخود ژێر كەوتنی هیچ لایەك لەبەر پاراستنی نەخشەی سیاسی ناوچەكە ...هتد.

٢) ئالۆزبوونی بارودۆخی ئابوری و خۆپەنادانی تۆپیك و هاتنەخوارەوەی بەرهەمهێنان و نرخی نەوت: كۆلەكەی بنچینەیی سیاسەتی ئابوری ڕژێمی ئێران، هەلهاتنی سەرمایەكان و هێنانە خوارەوەی خەزێنەی پێویستی جەنگ و بەرهەمهێنانی ئابوری و دارایی ناوخۆ، ڕژیمی ئێرانیان لەباری ئابورییەوە خستە نێو چوارچێوەیەكەوە و بەردەوام بوونی سیاسەتی جەنگخوازانەیان مەحاڵ كرد. هەروەها تەنگوچەلەمەكانی ناوخۆیان قولتر كردەوە و زەمینەیان بۆ سەرهەلدانی دۆخی شۆڕشگێڕی و تەقینەوەی جەماوەری خۆشكرد.

٣) گەشەكردنی بزوتنەوەی ناڕەزایی هەزاران بەرامبەر سیاسەتی جەنگخوازانەی ڕژێم و ئامادە نەبوونیان بۆ كۆمەكیكردن و بەشداری

یەکگرتن
گردنی جەنگ و هەڵهاتنی ژمارەیەکی زۆریان لە بەرەکانی جەنگ ،
دابین کردنی هێزی مرۆیی و سەرچاوەی ماڵی بۆ درێژەپێدانی جەنگ
گران و نالەبارکرد .

٤) توندوتیژبوونی ناکۆکیەکانی نێو دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ئێران و زالبوونی باڵی ڕەفسەنجانی کە لەگەڵ سیاسەتی کۆتاییپێهێنانی ناکۆکیەکانە لەگەڵ ئیمپریالیزمی جیهانیدا و پەیڕەوی سیاسەتی تێکشکاندنی پان ئیسلامیزم و بیناکردنی ڕژێمی ئیسلامی لە یەک وڵاتدا دەکات . لەم بوارەشدا هاتنە پێشەوەی ئیحتمالی مردنی خومەینی و ئەو ڕاستیەی کە لەپاش خومەینی بڕیاردان لەسەر ڕاوەستاندنی جەنگ لەنێو ئەو باڵە ناکۆك و دژ بەیەکانەدا دژوار و ئاڵۆزە ، زەمینە خۆشکەری ڕاوەستاندنی جەنگ بوو .

## دووەم / فاکتەری سەربازی :

پەرەسەندنی توانای سەربازی عیراق لەئەنجامی زۆربوونی کۆمەکی ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی کەنداو و هێزە ئیمپریالیستیەکان پاش ڕوداوەکانی حەج لەمەڕەبستانی سعودی ، وە هێرشەکانی سوپای عیراق بۆ ڕزگارکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی : فاو ، شەلامچە ، مەجنون ، زبێدان و هەندێ جێی تر و ناچارکردنی هێزەکانی ئێران بۆ کشانەوە لە ناوچەکانی کوردستان : هەڵەبجە و حاجی عۆمەران ، بووە هۆی شکاندنی مەعنەویاتی هێزەکانی ئێران و قوڵکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان پاسداران و ئەرتەش . هەروەها شەڕی مووشەکی زەمین بە زەمین و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ، بوونە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگی بێزاری و نارەزایی بەرامبەر جەنگ و بڵاوبوونەوەی بێ ورەیی لە ڕیزەکانی سوپادا و سەرهەڵدانی مەترسی تەقینەوەی جەماوەری و لێکترازانی شیرازەی سوپا و هێزە چەکداریەکانی دی .

## سێیەم / فاکتەری نێونەتەوەیی :

١) پەرەسەندنی چالاکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فشارخستنە سەر ڕژێمی ئێران بۆ ڕاگرتنی جەنگ و زەمینە خۆشکردن بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی گیروگرفتەکانی نێوان لایەنەکانی جەنگ و سەرهەڵدانی مەترسی جێبەجێکردنی سیاسەتی سزادانی هەمەلایەنی ڕژێمی ئێران لەلایەن وڵاتەکانی دنیاوە .

٢) فشاری هەمەلایەنی هێزە ئیمپریالیستیەکان بۆ نەرمکردنی ڕژێمی ئێران و کاڵکردنەوەی سیاسەتی " دژ بە ئیمپریالیزم " و جەنگخوازیەکەی و زاڵکردنی باڵی لایەنگیری خۆیان لەنێویدا .

٣) ڕێک کەوتنی گۆرباتشۆف و ڕێگن لەسەر سیاسەتی ساردکردنەوەی ناوچە گەرمەکانی دنیا و گەمارۆدانی عالەکانی شلەژاندن و نەهێشتنی "نائارامی" لە جیهان و هێمنی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست و ناوچەی کەنداو دا .

لێرەدا پێویستە ئەوە دەربڕین شان بەشانی ئەو هۆیانەی سەرەوە ، کە پەیوەندییان بە ڕژێمی ئێرانەوە هەیە ، چەندین هۆی تر لە ئارادان کە پەیوەندییان بەڕژێمی عیراقەوە هەیە و لەمێژەوە زۆریان بۆ ئەو ڕژێمە هێناوە بەراگرتنی ئەو جەنگە ڕازی بێت کە خۆی هەلیگرساند و وای دەزانی لەماوەی هەفتەیەکدا کۆتایی پێدەهێنێ و لەئەنجامیدا دەبێتە پالەوانی عەرەبی سەردەم ، لەوانە : قولبوونەوەی تەنگوچەلەمە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکانی ناو عیراق ، گەشەکردنی بزوتنەوەی ئازادیی و بەربەرەکانی لەدژی ڕژێم و جەنگ ، لەدەستدانی کۆنترۆلکردنی ولات و دەسەلات لەناوچەکانی کوردستان و هەندێ جێی تری عیراق ، قول بوونەوەی ناکۆکیەکانی ناودەسەلاتدارانی عیراق و نێو ڕیزەکانی سوپا ، بێزاری ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی کەنداو لە بەرامبەر باری گرانی مالی جەنگ و داکۆکی کردنی ڕژێمی عیراق ... هتد .

## زیانەکانی جەنگی عیراق و ئێران

جەنگی عیراق و ئێران کوێرەوەری و مالوێرانیەکی زۆری بۆ گەلانی هەردوولا دروستکردوە ، کوشتار و بریندار و پەک کەوتە و وێلێ و ئاوارەی زۆری خستۆتەوە ، بەشی هەرە زۆری پڕۆژە و دامەزراوە ئابوریەکان - بە تایبەتی پیشەسازی نەوت و پیترۆ کیمیاوی و دەزگاکانی وزەی کارەبایی - و چەندین کەرتی دریاگوزاری و کشتوکالی هەردوولای کاولکردوە ، پارەیەکی زۆری بەفیڕۆ داوە و داهاتی نیشتمانی هێناوەتە خوارەوە و قەرزاری ، گرانی ، بێکاری ، برسێتی ، بلاوەی ئیداری هێناوەتە ئاراوە . شان بەشانی ئەوانە زیانێکی دارایی گەورەی لە ولاتەکانی کەنداو داوە و چەندین کەشتی ولاتە جۆراوجۆرەکانی زامار و نقوم کردوە .

ئەگەرچی هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە ئاماری ورد وقبولکراو دەربارەی قەبارەی زیانە مرۆیی و ئابوریەکانی جەنگی عیراق و ئێران بهێنرێتە دەرەوە ، بەلام هەندێ پەیمانگای نێونەتەوەیی چەند ڕاپۆرتێکیان دەربارەی ئەو مەسەلەیە دەرخستووە . "پەیمانگای

هەواڵنامەی کتێب

لێکۆڵینەوەکانی ئاشتی نێونەتەوەیی لەستۆکهۆڵم " لەپاشکۆیەکی تایبەتی دا دەربارەی ئەنجامەکانی جەنگی عیراق و ئێران ژمارەی کوژراوەکانی هەردوولا بە ملیۆن و نیوێك دادەنێ . هەندێ سەرچاوەی تر زیانە مرۆییەکانی هەردوولا بەم جۆرە دەردەبڕن : عیراق/ (٢٥) هەزار کوژراو ، (٧٠٠) هەزار بریندار ، (٦٠) هەزار دیل و ونبوو . ئێران / (٧٠) هەزار کوژراو ، (٨٠٠) هەزار بریندار ، (٢٠) هەزار دیل و دەیان هەزار ونبوو و وێڵ . ئەو لیژنە تایبەتیەی لەلایەن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ کۆکردنەوەی ڕاستیەکان دەربارەی دیلەکانی عیراق و ئێران پێك هێنراوە ، ژمارەی دیلەکانی عیراق بە (٥٠) هەزار دادەنێ و دیلەکانی ئێران بە (١٨) هەزار دادەنێ ئەمە جگە لەو دیلانەی لەناوبراون یاخود چونەتە پاڵ بەرەی دوژمنەوە .

دەربارەی قەبارەی خەرجیەکانی عیراق و ئێران لەماوەی هەشت ساڵی جەنگدا ، " پەیمانگای لێکۆڵینەوەکانی ئاشتی نێونەتەوەیی" لە پاشکۆکەی دا ( ١٠٠ ) هەزار ملیۆن دۆلار بۆ هەریەکێکیان دادەنێ جگە لەو خەرجیانەی بۆ کڕینی چەك و پێداویستیە سەربازیە ناڕاستەوخۆکان لەدەرەوە بەکارهێنراون . وە ئەوە دوپات دەکاتەوە کە خەرجیەکانی جەنگ یەکسان بووە بە (٤٠ ـ ٥٠ )٪ لە سەرجەمی داهاتە نەوتیەکانی عیراق و ئێران . هەندێ سەرچاوەی تریش زیانەکانی هەردوولا لەڕووی داهاتی نەوتەوە بە تەنیا بەنزیکەی (٩٠) هەزار ملیۆن دۆلار و خەرجیە سەربازیە ڕاستەوخۆکان بەنزیکەی (٨٢) هەزار ملیۆن دولار و خەرجیە سەربازیە ناڕاستەوخۆکان بە نزیکەی (٥٨) هەزار ملیۆن دۆلار دادەنێن . هەروەها زیانەکانی لە دامەزراوە ئابورییە جۆراوجۆرەکان کەوتوون ، جا لە ئەنجامی کاولبوون بووبن یاخود ڕاوەستاندن و کەم کردنەوەی کارەکانیان ، بە (١٣٠٠) ملیارد دۆلار دادەنێن .

یەکێك لە پسپۆڕە ئابورییە نێونەتەوەییەکان ئەوەی دەرخستوە کە بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکانی جەنگ پێویستە هەردۆلارێکی داهاتی نەوت و بۆ ماوەی (٤٥) ساڵ لە عیراق و (٩٠) ساڵ لە ئێران تەرخان بکرێت بۆ بیناکردنەوە ، بەو پێیەش (٢٥٠) هەزار ملیۆن **دۆلار** پێویستە بۆ بیناکردنەوەی عیراق و (٤٠٠) هەزار ملیۆنیش بۆ بیناکردنەوەی ئێران گەرەکە . جا لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی داهاتی نیشتمانی هەردوولا کەمن و گیروگرفتی زۆر لە ئارادان ، بۆیە هەردوو ڕژێم ڕودەکەنە بەرهەمهێنانی نەوتی زۆر و فرۆشتنی بە هەرنرخێك بۆیان بلوێ ، وە پەنا دەبەنە

بەر قەرزکردن و فشار خستنە سەر جەماوەری چەوساوە بۆ بەستنی پشتوێنی توند لەکەمەرەی خۆیان .

ئەوەی شایانی باسە ئاکە لایەن کە سوودیان لە جەنگ وەرگرتبێ هێزە ئیمپریالیستەکان و بازرگانەکانی چەکن . چونکە لە ئەنجامی ئەو جەنگە درێژخایانە توانیان پایە و هەبوونی خۆیان لە خۆرهەلاتی ناوەراست و ناوچەی کەنداو پتەو بکەن ، هێزی سەربازی و کەشتی جەنگی بە بەهانەی " پاراستنی بیرەکانی نەوت " و " زامن کردنی رێگەی هاتووچۆی ئابوری " بهێننە ناوچەکە ، چەکێکی زۆر بە عیراق و ئێران و وڵاتەکانی کەنداو بفرۆشن ، نرخی نەوت بهێننە خوارەوە و رێژەکانی ئۆپیک تێك بدەن و زێدەبایی خۆیان پەرە پێ بدەن . " پەیمانگای لێکۆڵینەوەکانی ئاشتی نێونەتەوەیی " دەڵێ: " جەنگ خێرێك بوو لە ئاسمانەوە " باری بەسەر بازرگانەکانی چەك و کۆمپانیا و دەوڵەتەکانیان دا ، چونکە بەپێی قەبلاندنە سەرەتاییەکان ئەوە دەردەکەوێ لەماوەی جەنگدا بایی نزیکەی ( ٢٢) هەزار ملیۆن دۆلار چەك بۆ عیراق و ئێران نێردراوە و بایی (٢٠) هەزار ملیۆن دۆلاریش پێداویستی سەربازی بۆ وڵاتەکانی کەنداو رەوانە کراوە . ئەو وڵاتانەش کە چەکیان ناردوە بریتی بوون لە : وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، فەرەنسا ، بەریتانیا ، ئەڵمانیای خۆرئاوا ... هتد . وە فەرەنسا گەورەترین فرۆشیاری چەك بووە و بایی (١٣) ملیارد دۆلاری فرۆشتووە .

هەروەك هەڵگیرساندنی جەنگی عیراق و ئێران خێربوو بەسەر بازرگانەکانی چەك و هێزە ئیمپریالیستیەکان دا باری ، بەو جۆرەش راوەستاندنی جەنگ خێردەبێ بەسەر کۆمپانیا مۆنۆپۆلیەکان وهێزە ئیمپریالیستیەکان دا دەبارێ ، چونکە بۆ بیناکردنەوەی عیراق و ئێران پێویستیان بەو کۆمپانیا و هێزانە دەبێ . چاودێرەکان لەم بارەیەوە ئەوە دەردەخەن کە قازانجەکانی ئەو لایەنانە لە بیناکردنەوەی هەردوولا نزیکەی (٢٥) هەزار ملیۆن دۆلار دەبێ . بۆ ئەو مەبەستەش پێشبرکێی ئەو کۆمپانیا و هێزانە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ عیراق و ئێران و بەدەستهێنانی بوارێکی بیناکردنەوە لە پەرەسەندن دایە .

## شەری دیبلۆماسیانەی نێوان عیراق و ئێران

پاش بێدەنگ بوونی تۆپەکانی عیراق و ئێران لە رۆژی ٢٠ی ئابی ١٩٨٨ دا ، هەراوریای شەری دیبلۆماسیانەی نێوان هەردوولا دەستی

پێکرد . بێگومان ئەم شەڕە وەکو جەنگەکە ئاڵۆز و توندوتیژ دەبێ و ماوەیەکی درێژ دەخایەنێ و بەهۆی قوڵی ناکۆکیەکانی نێوان هەردوولا و گەورەیی برینی جەنگ و جیاوازی تێڕوانینی عیراق و ئێران بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بڕیارنامەی (٥٩٨) ەوە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ تەقە ڕاوەستاندن وەك ( هدنة )یەکی لێ بێت و بەشێوەی " نە جەنگ ، نە ئاشتی " بمێنێتەوە .

بەر لەوەی گفتوگۆکانی نێوان ڕژێمەکانی عیراق و ئێران لە ( ژنێف ) دەست پێ بکات ، ڕژێمی عیراق باسی لە "سەرکەوتن" و تێکشکاندنی ئێرانەوە دەکرد و پێی لەسەر گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوولا دادەگرت و بەمەرجی دەست پێکردنی گفتوگۆکانی دادەنا و بە بەهانەی ئەوەوە درێژەی بە جەنگ دەدا ، بەلام پاش ئەوە لەژێر فشاری نێونەتەوەیی دا و لەترسی لەدەست چوونی ئەو دەرفەتەی لەمێژەوە خەونی پێوە دەبینی و کشانەوەی هێزە کۆنەپەرستەکانی عەرەب لە کۆمەکی کردنی ، ناچاربوو دەست لە هەیت و هوتی سەرکەوتن هەلبگرێ و لەو مەرجەی سەرەوە بکشێتە دواوە و مل بۆ گفتوگۆکان بدات بەو شێوەیەی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کرابوو . هەروەها لەو ماوەیەدا جیاوازی تێڕوانین بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بڕیارنامەی (٥٩٨) لە ئارادا بوو ، لە کاتێکدا ڕژێمی ئێران ئەو بەندەی پەیوەندی بە دیاریکردنی تاوانباری هەلگیرسێنەری جەنگەکەوە هەبوو بەگرنگ دەزانی پێش بخرێت . چونکە بەلای ئەو ڕژێمەوە تەقەوەستاندن و کشانەوە بۆ سنوری نێونەتەوەیی و بەردانی دیلەکان مانای کۆتایی هاتنی تەواوەتی جەنگ نیە و جەنگ بەبێ دیاریکردنی دەستدرێژیکەر کۆتایی پێنایەت . بەلای ڕژێمی عیراقەوە گرنگ بوو بخرێتە دوای هەموو بەندەکانی دیکەوە .

پاش دەست پێکردنی گفتوگۆکانی ( ژنێف ) بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، گیروگرفت و ئاڵۆزیەکان هاتنە پێشەوە و ڕێڕەوی گفتوگۆکانیان بەرەو کوێرە ڕێگەبرد . گرنگترین گیروگرفت و ئاڵۆزی ئەوەبوو کە پەیوندی بە یەکەمین بەندی بڕیارنامەکەوە هەبوو ، واتە کشانەوە بۆ سەر سنوری نێونەتەوەیی . لەم بوارەدا بە لای ڕژێمی ئێرانەوە ڕێکەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ چاکترین بنچینەبوو بۆ دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو دەولەت ، بەلام بەلای ڕژێمی عیراقەوە ئەو ڕێکەوتننامەیە لەساڵی ١٩٨٠ دا ڕەتکراوەتەوە و بوونی نەماوە . ئەو جیاوازی تێڕوانینە بۆ بەندی یەکەمی بڕیارنامەکە بووەهۆی سەرهەلدانی گیروگرفتی دەسەلاتداریتی

لە "شط العرب" دا و ڕژێمی عیراق ئەوەی دەربڕی کە بەبێ باڵادەستی تەواوەتی لە "شط العرب" دا ڕازی نیە لە گفتوگۆکاندا بچێتە پێشەوە ، ڕژێمی ئێرانیش ئەوەی ڕاگەیاند بەبێ دەسەڵاتداریێتی لەو بەشەی "شط العرب" دا کە بەپێی ڕێکەوتننامەی جەزائیر پێی دراوە ئامادە نیە لە گفتوگۆکان دا بەردەوام بێ . جیاوازی نێوان ڕژێمی عیراق و ئێران دەربارەی ڕێکەوتننامەی جەزائیر زیاتر لەسەر مەسەلەی دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو دەوڵەتەکە و دەسەڵاتداریێتییە لە "شط العرب" دا و خاڵەکانی تر کە پەیوەندییان بە مەسەلەی ئاسایشی هەردوولاوە هەیە جێی مشت و مڕ و ناکۆکی نییە و بێگومان لەکاتی ڕێکەوتن دا ڕەچاویان دەکەنەوە و دەیان چەسپێنن . هەروەها ئەو جیاوازیە ئەوەندە ئاسان و بێ گیروگرفت نیە و گرانە یەکێك لەو دوو ڕژێمە پاش هەشت ساڵ جەنگ و زیانێکی مرۆیی و ئابوری زۆر ولەترسی پرسیاری جەماوەر : ئەو جەنگە لەپێنا و چیدا ؟ و لەبەر دەوڵەمەندی ناوچە سنوریەکان و شوێنەواری ستراتیجیکی "شط العرب"، دەست بەرداری بەرژەوەندیەکانیان بن لەو ناوچانەدا . لەم بوارەدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە پێشنیاری بە دەوڵەتیکردنی (تدویل) کاتی یاخود هەمیشەیی "شط العرب" و بڵاوکردنەوەی هێزی نێونەتەوەیی تیایدا کردوە ، جا ئەگەر ڕژێمەکانی عیراق و ئێران ئەو پێشنیارە قبوڵ نەکەن و چارەسەرێکی تریش نەدۆزنەوە ، ئەوا ڕێڕەوی گفتوگۆکان بەداخراوی دەمێنێتەوە و شەڕی دیبلۆماسی بۆ ماوەیەکی تریش بەردەوام دەبێ.

جگە لەو گیروگرفتانەی پێشوو چەندین ئاڵۆزی و گیروگرفتی تر لە ئارادان ، لەوانە : کێشەی دیلەکان ، ئارانبارکردنی هەڵگیرسێنەری جەنگ ، مەسەلەی ئاسایشی سنورەکان و نۆپۆزسیون لە هەردوولا . ئەوانەش پێویستییان بە گفتوگۆی دورودرێژ هەیە . لێرەشدا جگە لە ڕژێمەکانی عیراق و ئێران ، جەماوەری چەوساوەی هەردوولا و وڵاتەکانی کەنداو و هێزە نێرنەتەوەییەکان ڕۆڵیان دەبێ لە شەڕی دیبلۆماسیدا و بەسەلبی و خراپ یان ئیجابی و چاك کاری تێدەکەن . بێگومان هێزە ئیمپریالیستیەکان پێیان چاکترە شەڕی دیبلۆماسی درێژە بکێشێ و بارودۆخی "نە جەنگ، نە ئاشتی" بەردەوام بکرێ ، چونکە ئەوانە زیاتر باڵادەستی و پایەی ئەوان لە کەنداودا پتەو دەکەن و چاکتر خزمەتی بەرژەوەندیەکانیان دەکەن و زیاتر زەمینە بۆ دەستەمۆکردنی ڕژێمەکانی عیراق و ئێران ساز دەکەن .

# ڕاوەستاندنی جەنگ و بارودۆخی عیراق

کۆمەڵگای عیراق پاش ڕاوەستاندنی جەنگ و لە ئەنجامی لێک پچڕانی تەواوەتی ئابوری و ئیفلیج بوونی بەرهەمهێنانی گەورە و وێرانیەکانی هەشت ساڵی جەنگ و بەدیارکەوتنی کاریگەری جەنگ لە سەر تەواوی لایەنەکانی ژیانی ئابوری - کۆمەڵایەتی ، ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمەیەکی ئابوری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی قوڵ دەبێتەوە . بزوتنەوە نارەزاییە جەماوەرییەکان لەدژی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژێم و لەپێناو بەدەستهێنانی خۆش گوزەرانی و دیموکراسیەتدا ، شێوەیەکی باشتر بە خۆیەوە دەگرێ . تێکۆشانی چین و توێژە چەوساوەکان بۆ بەدەستهێنانی داواکاری و مافەکانی خۆیان ، کە ماوەیەکی زۆر بوو بەبیانەی جەنگەوە خرابوونە ژێر پێ ، ڕواڵەتێکی توندوتیژ وەردەگرێ و خەسڵەتی کاریگەرانە بەدەست دەهێنێ .

ڕژێمی عیراق بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکان و بیناکردنەوەی ئابوری - کۆمەڵایەتی وڵات ، کۆمەڵێک هەنگاو هەڵدەهێنێ ، لەوانە : ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی ناوخۆی و یەکخستن و لەناوبردنی ناکۆکیە دەرونیەکانی مەترسی بۆ دروست دەکەن ، دەست وەشاندن لە هێزە ئۆپۆزسیۆنە تەقلیدی و نوێکانی عیراق و دەرپەڕاندنی بزوتنەوەی چەکداری کوردستان بۆ ئەودیو سنوور ، لاوازکردنی بزوتنەوەی نارەزایی و تێکۆشانی چەوساوەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی فشار و سەرکوتکردنی سیاسیەوە ، زۆرهێنان بۆ جەماوەر لەپێناو بیناکردنەوەدا و سەپاندنی سیاسەتی " تقشف " و پشتین لەسەر کەمەرە بەستن . شان بەشانی ئەوانە بۆ هەڵتڕینی بێزاری و نارەزایی جەماوەر ، ڕژێم پەنا دەباتە بەر سیاسەتی دیماگۆگیانەی وەك کرانەوەی ڕواڵەتی و ڕێگەدان بە چالاکی نارابنەت کەرانە و بەردانی گشتی زیندانیەکان و بڕیاری " لێبوردن " ی گشتی و شتی تر . وە بۆ کەمکردنەوەی فشاری ئۆپۆزسیۆن و تێکدانی ڕیزەکانی ڕودەکاتە سازش و گفتوگۆ و گەمەی " مفاوەزات " لەگەڵ هەندێ لایەن دا .

لەڕوی سیاسەتی دەرەوەش ڕژێم زیاتر پەیوەندی خۆی لەگەڵ هێزە ئیمپریالیستیەکان دا پتەو دەکات و چاکتر ئابوری عیراق دەبەستێتەوە بە ئابوری سەرمایەداری جیهانی و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانەوە ، زیاتر سوود لە ململانێی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا

هەواڵنامەی کتێب

وەردەگرێ و لەخزمەتی خۆی دا دەیخاتە گەڕ ، بەرە بە دۆستایەتی و هاوکاری خۆی لەگەڵ ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی کەنداو و ناوچەکـــە دەدات و ڕودەکاتە بێکهێنانی تەوەری سیاسی ـ سەربازی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی لەگەڵ میـــر ، عەرەبستانی سعودی ، ئەردەن بۆ دژایەتیکردنی ســوریا ، لیبیا ، یەمەنی دیموکراتی ، هانـــی سیاسەتی ســازشی خۆبەدەستەوەدانی مەسەلەی فەلەستین و جێگیرکردنـــی کامپ دێڤید دەدات ، هەوڵدەدات شوێنەواری زیاتر لە لوبنـــان بەدەست بهێنی و لە ململانێی خۆی لەگەڵ ئێران و سوریا بەکاری بهێنێ.

ئەوەی ڕاستی بێ لەبەر نەبوونی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێـــڕی کاریگەر لە عیراق دا کە بتوانێ چەوساوەکان ڕێکبخات و بەرەو ڕوخاندنی ڕژێم ئاراستەیان بکات ، وە لەبەر بێ توانایی هێـــزە ئۆپۆزسیۆنە تەقلیدیەکان بۆ ڕابەرایەتیکردنی جەماوەر و بەدەست هێنانی دەسەڵات ، هەروەها لەبەر ئەوەی چینی کرێکار لەسالانـــی ڕابردوودا بەدەستی ڕیفۆرمیستەکان و ناسیۆنالیستەکان دوچاری پاشەکشەی زۆر هاتووە و ئێستاش خاوەنی ئامادەیی سیاســی و ڕێکخراوەیی پێویست نیە بۆ چوونە نێو تێکۆشانی ڕاستەوخۆوە لەســـەر دەسەڵاتی سیاسی ، بۆیە هەوڵی چاوەڕوانکردن لـــــە ریزەکانی جەماوەری چەوساوەی عیراق دا بەهێز دەبێ و زەمینـــە بۆ ڕژێم دەڕەخسێ بەردەوامی بەژیانی خۆی بدات و خۆی لەئاســت بزوتنەوەی ناڕەزایی و بەرگری جەماوەردا بەهێز بکاتەوە .

لێرەدا بۆ ئەوەی ڕەوتی چاوەڕوانیکردن لەدەروونی جەماوەری چەوساوەی عیراق دا نەچەسپێ و نەبێتە هۆی بلاوبونەوەی گیانی ڕەش بینی و بێهیوایی ، وە بۆ ئەوەی ڕژێم فرســەت لە نەبوونـــی بزوتنەوەی شۆڕشگێری کاریگەر و ئامادەنەبوونی سیاســـی و ڕێکخراوەیی چینی کرێکار وەرنەگرێ و لەژێر ئالای بیناکردنەوەی ئابوری وڵاتدا بەرگری فراوانی چەوساوەکان تێک نەشکێنێ ، پێویستە چەقی قورسایی چالاکیەکانی داهاتووی چەپە شۆڕشگێڕەکان بریتی بێ لە : کۆتاییهێنان بە پەرش و بلاوی و پارچەپارچەیـــی ریزەکانی خۆیان و زەمینە خۆشکردن بۆ دامەزراندنی پێشڕەوێکـــی شۆڕشگێری شێوە نوێ ی لەو جۆرەی کەدەتوانێ کرێکاران و توێژە چەوساوەکانی دی لە دەست کاریگەری ڕیفۆرمیست وناسیۆنالیستەکان قوتار بکات و لەنێو بۆتەی تێکۆشان و مشت ومڕە سیاسیەکانـــدا زەمینە بۆ گۆڕانیان بە هێزێکی یەکگرتووتر و ڕێکخراوتر سازبکات و لە خەباتدا بۆ سەرنگوم کردنی ڕژێمی عیراق و بیناکردنـــــی

هەواڵنامەی کتێب

سۆسیالیزم بۆ عیراق و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کوردا رابەرایەتیان بکات .

## چارەنووسی ڕژێمی ئێران پاش ڕاوەستاندنی جەنگ

پاش ڕاوەستاندنی جەنگ، تەنگوچەڵەمەکانی ناو کۆمەڵگای ئێران قوڵتر و هەمەلایەنتر دەبنەوە و کێشەکێشی سیاسی و مشتومڕ و ڕیزبوونی جیناپەتی لەسەر مەسەلە بنەماییەکانی ئابوری وسیاسی دێتە ئاراوە و زەمینەی تەنگوچەڵەمەی شۆڕشگێڕی دەخەملێ . جا لەبەر نەبوونی ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی و دەوڵەتی بەرجەستەی بۆرجوازی بۆ جێگرتنەوەی ڕژێمی ئیسلامی ، وە لەبەر ئەوەی هەرجۆرە هەوڵدانێك بۆ جێگرتنەوەی ئەو ڕژێمە بە هاتنەسەرکاری خەڵکی زەحمەتکێش دێتە ئەنجام . بۆیە بەشە جیاوازەکانی بۆرجوازی ئێران کەوتوونەتە بەهێزکردنی ڕژێمی ئیسلامی و بەدیهێنانی هەندێ گۆڕانکاری لە دەرونی دا بە مەبەستی هێشتنەوەی ، لەوانە :
١) کەنارخستنی بزوتنەوەی پان ئیسلامیزم و "بردنەدەرەوەی شۆڕش" لە دەرونی دەوڵەت دا هەتا سنوری کردنە دەرەوەی لە دەسەڵات ، وە کۆتایی هێنان بە پڕوپاگەندە و بزوێنەرەکانی ئەو بزوتنەوەیە .
٢) بەهێزکردنی ناسیۆنالیزم وەك ئایدیۆلۆجیەتی ڕەسمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا - واتە چەسپاندنی ڕژێمی ئیسلامی لە یەك ولات دا ، وەبەدەستهێنانی پشتگیری لە ناوەوە و دەرەوە و کۆکردنەوەی لە دەوری باڵی دژ بە پان ئیسلامیزم . ٣) بەهێزکردنی لەنگەری ڕژێم و کەڵەکەکردنی سەرمایە و بەدەستهێنانی یارمەتی ئابوری و تەکنیکی بەرفراوان بۆ بیناکردنەوەی ئابوری ئێران و هێنانە خوارەوەی تەنگوچەڵەمەکانی ناو کۆمەڵگا . ٤) پەرەپێدان و پتەوکردنی سیاسی و ئابوری ئێران بە ئەمەریکا و ولاتە ئیمپریالیستیەکانی ترەوە و گرێدانی ڕژێمی ئێران بە داب و دەستور و لەنگەر گرتنەکانی نێو دەوڵەتانەوە .

ئەوەی شایانی باسە باڵی ڕەفسنجانی ئالای ئەو گۆڕانکاریانەی لەنێو دەوڵەت دا بەدەستەوە گرتووە و قۆڵی لێ هەڵکردوە بۆ دەربەراندنی بزوتنەوەی پان ئیسلامیستی لەناو ئۆرگانە ڕەسمیە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتداریتیدا و گۆڕینی ڕژێمی ئیسلامی بە ڕژێمێکی ملکەچی بۆرجوازیانەی وەها کە بتوانێ پەیوەندی سیاسی و ئابوری خۆی بە "شەیتانی گەورە" و هێزە ئیمپریالیستیەکانی ترەوە بگێڕێتەوە دۆخی ئاسایی و ئێران بکاتەوە دەوڵەتێکی

هەرێمایەتی حیزب بۆ کرا ر ، وە بۆ ئەوەی بۆرجوازی ئێران لەژێر ئالای خۆی دا بکاتە هاوپەیمان بۆ زنجیرەیەك کەڵەکەبوونی سەرمایە و بیناکردنەوەی ئابوری . بێگومان جێگیربوونی ئەو گۆرانکاریانە بەنێو چەندین ناکۆکی دەرونی دا تێدەپەرێ و چارەنووسیان گرێدراوە بە داهاتووەوە . چونکە ئەگەری بالی رەفسنجانی توانیویەتی دەسەلاتی زۆر بگرێتە دەست و بزوتنەوەی پان ئیسلامیزم لاواز بکات و لایەنگیری تەراوەتی خومەینی بەبەدەست بهێنێ ، بەلام دەمەێ مردنی خومەینی دەرگا لەسەر تەقینەوەی ناکۆکیەکان و توندوتیژبوونی ململانێ لەسەر دەسەلات بخاتە سەر گازی پشت و زەمینە بۆ بزوتنەوەی پان ئیسلامیستی خۆش بکاتەوە و دەست بداتە زەبر وەشاندنی رقاوی بەبۆ بەرگریکردن لە دەسەلاتی خۆی .

لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشین کە ئەگەری تەنگوچەلەمە جۆراوجۆرەکانی ناو ئێران قوڵ و ئالۆزن و بزوتنەوەی نارەزایی لە دژی رژێمی ئیسلامی لە پەرەسەندن دایە ، ئەگەری ناکۆکیە دەرونیەکانی دەسەلاتدارانی ئێران لە توندوتیژبوون و تەقینەوەدان ، بەلام لەبەر بێ هێزی ئۆپۆزسیۆنی تەقلیدی ئێران لەئاست رژێم دا و نەبوونی رابەریکی یەکگرتووی پتەو بۆ ئاراستەکردنی ئێکۆشانی چەوساوەکان ، وەلەبەر پارچەپارچەیی و توندوتیژیی ناکۆکیەکانی نێو چەپە شۆرشگێرەکان ، چاوەروانی ئەوە ناکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا رژێمی ئیسلامی ئێران سەرنگوم بکرێ و دەرفەتی بۆ دەخولقێتەوە لەژێر ئالای بیناکردنەوەی ولات و سرینەوەی شوێنەواری وێرانیەکانی سەردەمی جەنگدا فشاری زۆر بخاتە سەر جەماوەر ، بزوتنەوەنارەزاییەکان سەرکوت بکات ، درێژە بە تەمەنی خۆی بدات . بۆیە ئەرکی سەرشانی چەپەکانی ئێرانە واز لە رەوتی سیکتاریستانە بهێنن و کۆتایی بە تەنگوچەلەمە دەرونیەکانی خۆیان بهێنن و قولی لێ هەلکەن بۆ دامەزراندنی پێشرەوی شێوە نوێ ی یەکگرتوو بۆ رابەریکردنی کرێکاران و توێژە چەوساوەکانی تر بەرەو بەدەست هێنانی دەسەلات و بیناکردنی سۆسیالیزم لە ئێران دا و دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ گەلانی ستەمدیدەی تری ناو ئێران .

## راوەستاندنی جەنگ و بارودۆخی کوردستانی خواروو

هەلگیرساندنی جەنگی عیراق و ئێران و سەرقالبوونی سوپا و

هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی فاشی عیراق و لاوازبوونی دەسەلاتیان لە کوردستان دا و قولبوونەوەی تەنگوچەلەمە و گیروگرفتە ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و سەربازیەکانی عیراق لە ئەنجامی جەنگ ، دەرفەتێکی مێژوویی لەباریان بۆ پەرەسەندنی خەباتی شۆڕشگێڕی رەخساند و زەمینەیان بۆ هێزەکانی کوردستان خۆشکرد پەرە بە چالاکی سیاسی و سەربازی و جەماوەری خۆیان بدەن و شان بە شانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق بەرەو ڕوخاندنی ڕژێم و هێنانەدی دیموکراتیەت و سۆسیالیزم لەعیراق و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد ئاراستەیان بکەن ، وە ڕێگە لە جێبەجێکردن و پەرەسەندنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێم بگرن و کوردستان لە کاولکردن و گەلەکەمان لە فەوتاندن رزگار بکەن ... بەلام لەبەر جۆری پێکهاتنی چینایەتی بۆرجوازیانەی ئەو هێزانەی رابەرایەتی بزوتنەوەکە و ئۆپۆزسیۆنی عیراقیان دەکرد و لەبەر ململانێی دوژمنکارانەی نێوانیان ئەو دەرفەتە لەدەست چوو ، چەندین راپەرینی خۆبەخۆی جەماوەری ڕەنجدەر و ڕۆشنبیری گەلەکەمان کپ کرانەوە و دەرفەتی چاکتر بۆ ڕژێم رەخسا سیاسەتی شۆفێنیی و نامرۆڤانەی خۆی جێبەجێ بکات . بەو جۆرە جەنگ ، لەبەر نەبوونی رابەرێکی شۆڕشگێڕی راستەقینە و یەکێتی ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆن ، ئەو توخمە ئیجابیەی خۆی لەدەست دا کە دەکرا سوودی لێ وەربگیرێ بۆ خەملاندنی بارودۆخی شۆڕشگێڕی و بووە فاکتەری وێرانکردن و کاولکردنی کوردستان و فەوتاندن و نەهێشتنی گەلی کورد .

کاریگەری سەلبی جەنگ لەسەر کوردستان و گەلی کورد ئەو کاتە بەرونی دەرکەوت کە قورسایی جەنگ بە ویستی ڕژێمی ئێران و پێشوازیکردنی هەندێ هێز گوێزرایەوە بۆ کوردستان وبزوتنەوەکە تێکەل بە ستراتیجیەتی جەنگی ڕژێمی ئێران کرا . ئەوەبوو پاش نزیکبوونەوە و ڕێکەوتنی هێزەکان لەژێر فشاری "عەدنی زەمانە" دا و کۆتایی هێنانیان بە شەڕی ناوخۆ و پتەوبوونی پەیوەندییان لەگەل کۆماری ئیسلامی دا و ئەنجامدانی چالاکی سەربازی بێ نەخشە لەگەلیاندا ، زەمینەیەکی زۆر سەخت و ئالۆز و دژوار بۆ کوردستان و گەلە ستەمدیدەکەمان پێش‌هات : لەلایەکەوە ڕژێمی ئێران بە هاوکاری هێزەکانی لای‌خۆمان هێرشی بەربلاویان کردە سەر کوردستان و چەندین ناوچەی کاول و داگیر کرد ، لەلایەکی تریشەوە ڕژێمی عیراق دەرفەتێکی چاکی بۆ ڕەخسا بە بەهانەی " داکۆکی کردن لە نیشتمان " و " لەناوبردنی خائین و خۆفرۆشان "

بەرە بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی خۆی بدات و بێ گوێدانە ئەو پەڕی سنووری خۆی و کاولکردنی کوردستان و قەتڵ و عامی گەلی کورد لەڕێگەی بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکەوە ، بەتایبەتی چەکی گشت کوژەی وەك بۆمبای کیمیاوی ، حەلاڵ بکات . لەئەنجامی ئەوەش چەندین ڕۆڵەی قارەمان و کۆڵنەدەری گەلەکەمان کەبۆ خەباتی شۆڕشگێڕی سوودبەخش بوون بەفیڕۆ چوون و سەدان گوندی کوردستان کە شوێنی خەباتی شۆڕشگێڕی و خۆحەشاردان وحەسانەوەو سەرچاوەی ژیانی پێشمەرگە بوون . کاولکران و لەو ڕێگەیەشەوە زەمینە بۆ تێکشکان و گلانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان خۆش بووەوە .

لە ئەنجامی ئەو گیروگرفت و ئاڵۆزیانەی پێشو و لەبەر هەبوونی تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی عیراق و ئێران و نەبوونی ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕ بۆ ڕابەرایەتیکردنی جەماوەر بەرەو گۆڕینی جەنگی نارەوای نێوان عیراق و ئێران بۆ جەنگی ناوخۆو ڕووخاندنی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی هەردوولا و بەرقەرارکردنی ئاشتییەکی عادیلانە و بێ لکاندن ، وە ڕزگارکردنی چەوساوەکان لە دەست ئەنجامە پڕ مەترسییەکانی جەنگ ، وە لەبەر نەبوونی ڕابەرێکی ڕاستەقینە بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی چەوساوەکانی کوردستان و سەرکردایەتیکردنی ژیرانەی بزووتنەوەکە ، ڕاوەستاندنی جەنگ بووە داواکارییەکی ڕاستەوخۆی چەوساوەکانی عیراق بەگشتی و گەلی کوردمان بە تایبەتی . چونکە بەردەوامبوونی جەنگ لە هەلومەرجی بەرابەریی هێزەکانی عیراق و ئێران و کاریگەری ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ درێژەکێشانی جەنگ و لە بارودۆخی تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی عیراق و کوردستان ، لە وێرانکردن و کاولکردنی وڵات و لەناوچوونی چەوساوەکانی هەردوولا زیاتر بەرهەمێکی دی نابێ .

پاش قبوڵکردنی بڕیارنامەی ( ٥٩٨ ) لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە و ڕاوەستاندنی جەنگ لەڕۆژی ٢٠ی ئابی ئەمساڵدا ، گەلی کورد ڕووبەڕووی چارەنووسێکی پڕمەترسی و نادیاربووەوە ، هەڵمەتی شۆڤێنیستانە دژی چەوساوەکانی کوردستان پەرەی سەند و ڕژێمی عیراق بە چەشنێکی هارتر لە جاران کەوتە جێبەجێکردنی بەپەلە و خێرای نەخشە گڵاوەکانی خۆی بۆ سڕینەوەی ڕوخساری نەتەوایەتی کوردستان و لەناوبردنی گەلی کورد . ئەوەبوو هێزێکی گەورەی بەرەکانی جەنگ ، کە نزیکەی ١٠ هەزار سەرباز دەبوو ، بەرەو کوردستان ڕەوانەکرد و بە چەکی هەمەجۆری قورس و بۆمبای کیمیاوی بەری دایە گیانی جەماوەری چەوساوەی ناوچەکانی دهۆك و

هەولێر . لە ئەنجامی ئەوەش هەزاران منداڵ و پیر و ئافرەتی ئەو ناوچانە کوژران و بریندارکران ، سەدان خانوبەرە تەختکران، نزیکەی (١٢٠) هەزار ئاوارەی تورکیا بوون و (٢٠) هەزاریش ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ ئێران . مەبەستی ڕژێم لەو کارە نامرۆڤانەیە ئەوەبوو جارێکی تر دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکانی کوردستان دا ، کە بە هۆی جەنگەوە لاوازببوو بچەسپێنێتەوە ، ناوچەکان لە هێزە چەکداریەکانی بزوتنەوەکە پاك بکاتەوە و زەمینەی بەردەوامی ژیانیان بشێوێنێ ، دەرفەتی بەکارهێنانی مەسەلەی کورد لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە و بۆ سەپاندنی مەرجەکانی خۆی لە شەڕی دیبلۆماسی دا لەبەین بەرێت .

هێرشی شۆڤێنیستانەی ڕژێمی فاشی عیراق ئەوەندە دڕندانە و بەرفراوان بوو کە نەدەکرا لە ئاستیدا بێدەنگی بنوێنرێ . بۆیە دەنگی نارەزایی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەرزبووە و چەندین چالاکی و مانگرتن و خۆپیشاندان سازکران ، دەیان ڕێکخراوی سیاسی کۆمەلایەتی و مرۆڤ دۆست ڕژێمی عیراقیان تاوانبارکرد و پشتگیری خۆیان بۆ گەلی کورد دوپاتکردەوە ، دەیان ڕۆژنامەی دنیا ئەوەیان بلاوکردەوە کە (١٣) دەوڵەتی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوایان لە سکرتێری گشتی ڕێکخراوەکە کردوە لیژنەی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی عیراق دەرهەقی گەلی کورد پێك بهێنرێ . بەو جۆرە مەسەلەی کورد کەماوەیەکی دوورودرێژ بوو کرابوو بەژێر پەردەی لەبیرچوونەوەوە ، ڕیزی پێشەوەی دەنگ و باسەکانی دنیای داگیرکرد . لەنێو ئەو دەنگانەدا ، دەنگێکی ناساز و نامۆ لەلایەن هێزە ئیمپریالیستیەکانی دنیاوە بەرز بووە ، کە بە بیانوی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی گەلی کورد داوای تاوانبارکردن و سزادانی ئابوری ڕژێمی عیراقی دەکرد و بۆ گەیاندنی ئەو دەنگەش هەموو داو و دەزگا سیاسیەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سەرمایەداری جیهانییان خرایە گەڕ . بێگومان فشارخستنە سەر ڕژێمی عیراق لە هەر لایەکەوە بێ و بۆ هەر مەبەستێك بێت سوودی دیاریکراوی بۆ گەلی کورد هەیە ، بەلام لەگەڵ ئەوەش دا پێویستە بگوترێ کە بەرزبوونەوەی ئەو دەنگە ناساز و نامۆیە لەبەر خاتری کورد و بۆ پشتگیریکردنی مەسەلە ڕەواکەی نەبوو ، بەرهەمی کاری دیبلوماسیانەی هیچ سەرکردەیەکی " بلیمەت " ی کوردیش نەبوو . بەڵکو نەخشەیەکی ئیمپریالیستیانەی ئامادەکراو بوو بۆ لە قاڵبدانی ڕژێمی عیراق و بەهێزکردنی هەڵوێستی ڕژێمی ئێران و هاوسەنگی کردنی تەرازوی

هێزەکانی نێوانیان ، بۆ سزادانی ڕژێمی عیراق بوو کە بەبێ بڕیاری ئەوان چەکی کیمیاوی بەو شێوە فراوانە بەکارهێنا ، بۆ وەرگرتنی بەڵێنی بەکارنەهێنانی چەکی کیمیاوی بوولەدژی ئەوان و بەرژەوەندیەکانیان و دۆستەکانی وەك " ئیسرائیل " یان . شان بەشانی ئەوانە . ڕژێمە عەرەبیەکان هەڵوێستێکی نامرۆڤانەیان بەرامبەر گەلی کورد وەرگرت و لەبری تاوانبارکردنی ڕژێمی عیراق کەوتنە داکۆکی کردن و پشتگیری کردنی ، ئەوەش جێی سەرسوڕمان نیە و ڕەنگدانەوەی سروشتی چینایەتی و وابەستەیی ئەو ڕژێمانەیە بە ئیمپریالیزمی جیهانیەوە ، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە هەڵوێستی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینە کە نەك هەر دەنگی ناڕەزایی بەرز نەکردەوە و پشتیوانی گەلی کوردی هاوخەباتی نەکرد ، بەڵکو بەشداریان لەو هەڵوێستەی ڕژێمە عەرەبیەکاندا کرد .

## قۆناغی نوێ و ئاسۆی داهاتوو

ڕاوەستاندنی جەنگی عیراق و ئێران و دەست پێکردنی سیاسەتی نامرۆڤانەی تۆڵەسەندنەوەی ڕژێمی فاشی عیراق و ئاڵۆزی باروودۆخی قۆناغی نوێ هەموو لایەکیان ڕووبەڕووی وەڵامدانەوەی پرسیارێکی گرنگ و پێویست کردۆتەوە : ئایا باروودۆخی کوردستان لەم قۆناغە نوێیەدا چۆن دەبێ و پێداویستیەکانی کامانەن و ئاسۆی داهاتوو بە چ شێوەیەك دەبێ ؟ بەر لەوەی بچینە سەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بەچاکی دەزانین ئەوە دەربڕین کە هەتا ئەمڕۆش لە نێو هەندێ هێز و کۆڕ و کۆمەڵ دا ، داهاتوو لەسەر بنچینەی باوەڕی کۆتایی نەهاتنی یەکجارەکی جەنگ بینادەکرێ و قسە لەسەر قوڵی ناکۆکیەکانی نێوان ڕژێمەکانی عیراق و ئێران و مەحاڵی ڕێککەوتنیان دەکرێ ، بێگومان ئەوەش کارێکی چەوت و زیان بەخشە . چونکە ئەو دوو ڕژێمە ئەگەر ئیمڕۆش بە تەواوەتی کۆتایی بە جەنگ نەهێنن و ڕێك نەکەون ، ئەوا بە حوکمی سروشتی چینایەتی و ئازانجی ناوکۆییان لە یەکتراچوونی چەوساوەکانی هەردوولا و دامرکاندنەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە داهاتوودا ڕێك دەکەون و لە هەموو حاڵەتێکیشدا یەکێك لە باسە گرنگەکانی ڕێککەوتننامەکەیان هەر مەسەلەی کورد دەبێ .

بیروباوەڕی هەموو لایەك لەسەر ئەوە ساغ بۆتەوە کە باروودۆخی ئەم قۆناغە نوێیە زۆر ئاڵۆز و دژوار دەبێ و کوردستان ڕووبەڕووی ئەمانی سروشتی ئەتەوایەتی دەبێتەوە و گەلی کورد

هەواڵنامەی کتێب

دوا ڕۆژی کەوتۆتە مەترسیەوە و نەخشە بۆ تەفروتوناکردنی دانراوە هەموو لایەکیش بەردەوام بوونی بەرگری و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەکارێکی گرنگ و پێویست دەزانن. لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە ناسینی بارودۆخ و ئاڵۆزیەکانی قۆناغی نوێ و دان نان بە گرنگی بەردەوام بوونی بەرگری و بزوتنەوەکەدا بە تەنیا بەس نیە، چونکە ئەگەر هەڵسەنگاندنمان بۆ قۆناغەکە بە هەمان ئامرازەکانی ڕابردوو بێ و بەردەوامی بەرگری و بزوتنەوەکە بە هەمان چۆنایەتی و ڕێباز و پێکهاتنی جاران بێ، ئەوا بێگومان هەمان چارەنووسی ئەمڕۆ و خراپتریش چاوەڕوانمان دەکات. ئەوەتا هێزەکانی کوردستان بەگشتی و لەڕێگەی بەیاننامەکانی بەبۆنەی ڕاوەستاندنی جەنگەوە بڵاویان کردۆتەوە، ئەوە دوپات دەکەنەوە کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگ لە ئارادا بووە و پاش ڕاوەستاندنی جەنگیش بەردەوام دەبێ، هەتا کاتی هاتنەدی ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد، بەڵام بێ ئەوەی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی کۆن فڕێ بدەن و گۆڕانی چۆنایەتی بەسەر پێکهاتن و ڕێبازی بزوتنەوەکەدا بهێنن و بەقۆناغی ڕابردوودا بچنەوە و ڕەخنە لە هەڵوێستە زیان بەخش و چەوتەکانی خۆیان بگرن، وە بەبێ ئەوەی ڕونیشی بکەنەوە بەچ شێوەیەك و چۆن بەردەوام دەبن.

ئەوەی شایانی باسە ئەم قۆناغە نوێیەی پیایدا تێدەپەڕین و وەرچەرخانی مێژوویی لە واقیعی کوردستاندا هێناوەتە ئاراوە، پێویستی بەوە هەیە هەموو لایەنەکانی بیروبۆچوون و تێڕوانین، ڕێباز و ئاقاری فیکری، کاروتێکۆشانی ڕابردوو شیبکرێنەوە ولایەنە سەلبی و ئیجابیەکان، دەستکەوت و هەڵە و ناتەواویەکان سەرکەوتن و ژێرکەوتن و گلانەکان هەڵبسەنگێنرێن و لە هۆکانیان بکۆڵرێتەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، وە بەهانە هێنانەوە بۆ پاشەکشە و ژێرکەوتنەکان و بوخورت سووتاندن بۆ گیروگرفتەکان وەلاوە بنرێن و ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن بە بیانووی بڵاونەبوونەوەی گیانی گومان و ڕەش بینی و بێهیوایی لەدەروونی مرۆڤی کورددا بەلادا هەڵنەسپێردرێ، چونکە قۆناغی نوێ بە بێ هوشیاریەکی ڕەخنەگرانە و یەکلاکردنەوەی حیسابەکانی ڕابردوو، بەبێ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی قۆناغی پێشوو، مەحاڵە گۆڕانکاری چۆنایەتی تێدا بێتە ئاراوە.

قۆناغی پێشوو لە هەرەس هێنانەکەی ساڵی (١٩٧٥) ەوە دەست پێدەکات. لەو قۆناغەدا ـ کەپاش ناش بەتاڵێکی بێوێنە و بێ هاوتا لەمێژووی کورددا و بەفیرۆچوونی خەباتی چواردەساڵ و خوێنی

هەواڵنامەی کتێب

هەزاران شۆڕشگێڕ و ڕەنجی سەدان هەزار ڕۆڵەی گەلەکەمانـ دەستی پێکردبوو ، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا سوود لە پەند و تاقیکردنەوە دەوڵەمەند و بەنرخ و کەڵەکەبووەکانی ڕابردوو وەربگیردرێ و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان گۆڕانێکی جۆنایەتی بەسەردا بێت و بکەوێتە دەستی ئەو سەرکردایەتیەی لەگەڵ ناوەڕۆکی پێشکەوتنخوازانە و ڕزگاریخوازانەی بزوتنەوەکەدا جووت و تەبایە و دەتوانێ چەوساوەکانی گەلەکەمان بە ئامانجە ڕەواکانی خۆیان شادبکات. بەداخەوە کار بەوجۆرە نەڕۆیشت و ئەو ئاواتە مەزنە چاوەڕوانکراوە نەهاتەدی ، چونکە ئەگەرچی بۆرجوازی ـ خێڵەکی لە ئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی شکستەی خوارد و بزوتنەوەکە بەدەست پێشکەری هەندێ ڕۆڵەی تێکۆشەری نێو ئاوکێکی مارکسی هەڵگیرسایەوە و سنووری بۆ ڕەشبینی و بێ هیوایی و ئانومێدی جەماوەر دانا و ڕێگەی لە جێبەجێکردنی سیاسەت و پیلانە گڵاوەکانی ڕژێمی عیراق گرت ، ئەگەرچی سیاسەتی ئاکە حیزبی جەماوەری کۆنایی پێهات و چەندین ڕێکخراوی سیاسی هاتنە ئاراوە ، ئەگەرچی هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەر لە چواردەوری بزوتنەوەکە کۆبوونەوە ، بەڵام لەبەر زاڵبوونەوەی بۆرجوازیەت و وردە بۆرجوازی بەسەر سەرکردایەتی بزوتنەوەکەدا و لەبارچوونی ئاوکە مارکسیەکە و لەدایکنەبوونی پارتی پێشڕەوی شێوە نوێ ، جارێکیتر بزوتنەوەکە دوچاری تەنگوچەڵەمە و کوێرە ڕێگە بووەوە. ئەوەبوو دیکتاتۆریەتی ئاکە حیزب گۆڕدرا بۆ دیکتاتۆریەت و باڵادەستی چەند حیزبی ، تەجروبەگەری وەك جاران جێی تاکتیك و ستراتیجی شۆڕشگێڕانەی گرتەوە ، دیماگۆگیەت و ئینتقائیەت شوێنی تیۆری زانستی و بیرکردنەوەی ڕاست و دروستیان گرتەوە ، ناکۆکی نێوان دووباڵی پێشووی پارتی گۆڕدرا بۆ شەڕی ناوخۆی خوێناوی دوورودرێژی چەند لایەنی ، شەڕی چەکداری بێ نەخشە و پلانی زانستی و پشت ئەستور بەدەست پێشکەری تاکە کەس جێی بە شەڕی پارتیزانی و پلانی بابەتی و ئاراستەکردنی تفەنگ لەلایەن سیاسەتەوە چۆڵکرد ، ڕەوتی عەسکەرتاریا جێی بە خەباتی جەماوەری هەمەلایەنی شار و لادێکان لەق کرد ، پشت بەستن بە تەرازوی هێزی نێوان داگیرکەران و شەڕی نێوانیان و یارمەتی دەرەکی جێی بە پرنسیپی پشت بە هێزوتوانای لەبن نەهاتووی جەماوەر چۆڵکرد ، ئاکرەوی نەتەوایەتی جێی هاوپەیمانی نێوان گەلی کورد و گەلانی تر و بەعیراقیکردنی شۆڕشی گرتەوە و ناسیۆنالیزم سەرتاپای لەشی بزوتنەوەکەی تەنیەوە ...هتد. بەوجۆرەش جارێکی تر هیوا و ئامانجە

ڕەواکانی چەوساوەکانی کوردستان لەدەریای خوێن و فرمێسك دا نقوم بووەوە ·

لەوەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە گیروگرفتەکانی ئەم قۆناغە نوێیە و بەکوێرە ڕێگە گەیشتنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ڕاوەستاندنی جەنگ ، بەڵکو هۆی بابەتی خۆیان هەیە کەلە قۆناغی پێشووەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە و لە ئەنجامی ناتەبایی شێوە و ناوەڕۆك ، ئامراز و ئامانجەکانی بزوتنەوەکە هاتوونەتە ئاراوە · هەروەها ئەوەمان بۆ دوپات دەبێتەوە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کە لە پێناو ڕزگاری نیشتمانی ، دیموکراتیەت ، یەکگرتنەوەی کوردستان ، سۆسیالیزم دا بەرپابوە ، بە سەرکردایەتیەکی بۆرجوازیانە و ڕێکخراوێکی شێوە کۆن ناگاتە ئەنجام ، بەڵکو بە ڕابەرایەتی چینی کرێکار و حیزبێکی شێوە نوێ بە دوا ئامانجەکانی خۆی شاد دەبێت · لێرەدا هەتا ئەو سەرکردایەتیە بۆرجوازیە بە هۆی پایە و شوێنەواری خۆی و هەبوونی هێزی چەکداری و باری دۆخی نائاسایی کوردستانەوە لە مەیدان دا بێ و هەتا لایەنەکانی چەپە شۆڕشگێڕەکان لە تەنگوچەڵەمە خۆیی و بابەتیەکان دابڕین و بێ توانا بن لە دامەزراندنی ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی و گرتنە دەستی جڵەوی بزوتنەوەکە ، ئەوا تەنگوچەڵەمەکانی ئەم قۆناغە نوێیە و بێ ئاسۆیی گەش بینانەی بزوتنەوەکە لەئارادا دەبن و جەماوەری چەوساوەی کوردستانیش باجی ئەوە دەدەن ·

لەم قۆناغە نوێیەدا کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەهۆی بالادەستی بۆرجوازیەت و پێنەگەیشتنی ئەڵتەرناتیڤی پرۆلیتاری لەتەنگوچەڵەمەدایە و خاك و مرۆڤی کوردستانیش لە بەردەمی پەلامار و هێرشی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی عیراق دایە و تووی ڕەش بینی و نائومێدی لەدەرونی هەندێ توێژ و تاکی گەلی کوردا ڕواوە ، ئەرکی سەرشانی هەموو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانە شان بەشانی هەبوونی جیاوازی بیروڕا و تێڕوانین و کارکردن ، قوڵ بکەن بە قوڵی یەکتری دا و ناکۆکیەکانی نێوان خۆیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئاراستە بکەن و وزەی خۆیان یەك بخەن بۆ بەربەرەکانی لە پیلانەکانی ڕژێمی فاشی عیراق و بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و گەلی کورد · شان بەشانی ئەوانە فشار بخەنە سەر هێزەکانی کوردستان ئەو هەڵوێستانە وەلاوەنێن کە مەترسیان نەك بۆ سەرکەوتنی بزوتنەوەکە هەیە ـ کە لەتوانای ئەوان دا نیە بەدەستی بهێنن ـ بەڵکو زیانی گەورە بە بەرگریکردنیش

دەگەیەنێ ـ کە تاقە شتە لە توانایاندا هەیە ئەنجامی بدەن ـ لەوانە: سووربوون لەسەر ڕێباز و ڕەفتاری ڕابردووی خەبات و ڕەوتی کوێخایەتی و دیکتاتۆریەت و شاردنەوەی ڕاستیەکان ، پشت بەستن بە بێگانە و فاکتەری دەرەکی و لەدەستدانی سەربەخۆیی ، پەنابردنە بەر گەمەی "مناوەزات" لەبەر نالەباری هەلومەرجی خەبات و بۆ خۆ قوتارکردن لە بەرپرسیاری مێژوویی ، ڕوکردنە دەزگا ئیمپریالیستیەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ مەسەلەی کورد بە بیانوی ڕۆڵی کاریگەری ئەو دەزگایانە لەسەر چارەنووسی ڕووداوەکانی ئەمڕۆ و نالەباری شوێنی جیۆپۆلیتیکی کوردستان. هەروەها ئەرکی سەرشانی چەپە شۆڕشگێڕەکانە کۆتایی بە بارودۆخی نالەباری خۆیان بهێنن و زەمینە بۆ لەناوبردنی پارچەپارچەیی و پەرش و بڵاوی و کاری ئەڵقەیی تەسك و دامەزراندنی حیزبی شێوە نوێ خۆش بکەن ، چونکە ئەوە تاقە ڕێگایە بۆ بەدیهێنانی وەرچەرخانی مێژوویی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و سۆگەرکردنی ڕێگەی سەرفەرازی و سەرکەوتنەوە بێگومان ئەگەر ئەو ئەرکە ناوەندیە پیرۆزە جێبەجێ نەکەن ، ئەوا بەرامبەر چەوساوەکانی گەلەکەمان بەرپرسیار دەبن و ڕوداو و وەرچەرخانە مێژووییەکان ئیفلیجیان دەکەن و فڕێیان دەدەنە زبڵدانی مێژووەوە .

لێکۆڵینەوە

# کۆچکردن : نارەزایی دەربڕینە بەرامبەر نایەکسانی

هەڵکەوت عەبدوڵا

کۆچکردن ( MIGRATION ) ، مرۆڤایەتیەکان هەمیشە یەکێك لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەیان پێکهێناوە کە پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ مرۆڤدا هەبووە و شان بەشانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژیانی مرۆڤ نەشونمای کردوە و پەرەی سەندوە ، بۆیە بەردەوام سەرنجی لێکۆڵەرەوە و شارەزایانی بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە ، بەتایبەتی زانستی مرۆڤناسی ANTHROPOLOGY و کۆمەڵناسی SOCIOLOGY . هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرج و گیروگرفتانەی کۆچکردنەکان دەیان هێننە ئاراوە ، جا لەو کۆمەڵگایەدابێ کەلێی دەرچوون ، یاخود لەو کۆمەڵگایانەی لێی دەگیرسێنەوە .

ئەگەرچی دیاردەی کۆچکردن زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ ، بەڵام ئەمڕۆکە بۆتە دیاردەیەکی فراوان و باو لەسەر ئاستی جیهان و سنوری نیشتمانی و هەرێمایەتی شکاندوە ، واتە سروشتێکی نێونەتەوەیی بەخۆوەگرتووە و هەموو ڕەگەزەکان ، نەمەنەکان ، توێژەکان ، ئاستە ڕۆشنبیریەکان ، پیشە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە و سات نیە ژمارەیەکی زۆر لە گشت سوچێکی سەر زەوی کۆچ نەکەن و زەوی باوباپیران جێ نەهێڵن . لەبەر ئەو هۆیەشە زاناکان هەریەکەیان بەپێی بواری شارەزایی خۆی کەوتۆتە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر دەربارەی کۆچکردن .

کۆچکردن هەمیشە فاکتەرێکی کاریگەر بووە بۆ بڵاوبوونەوەی

مرۆڤ و دورکەوتنەوەی لە شوێنی لەدایکبون و ژیانی باوباپیران ، وە یاریدەدەربووە بۆ دۆزینەوەی شوێنی نوێ ، ئاوەدانکردنەوەی جێگەی تری سەر زەوی ، سەرهەڵدانی کۆمەڵگا و رۆشنبیریی مرۆڤایەتی جۆراوجۆر . هەمیشە سەرهەڵدانی ناوەندی راکێشانی نوێی دانیشتوان ، کە تیایدا دەرفەتی چاك بۆ ( PULL FACTORS ) کارکردن و خۆ دروستکردن و سەرکەوتن و رزگاربوون لە زولم و زۆری هەلومەرجی مەتریالیانەی ئابوری ، سیاسی ، کۆمەلایەتی شوێنی نیشتەجی بوونی بنەرەتی لە باربووە ، هاندەر و بزوێنەری کۆچکردن بووە ، ئەگەرچی ژیانە نوێکە پرپش بووبێ لە چەندین ململانێ و تێکۆشان و نوجدان و بێ هیوایی،یان نەسازان لەگەڵ هەلومەرجی نوێ لەگەڵ خۆیدا هێنابێتە ئاراوە . بۆیە پێویستە لە رەهەندە ( ابعاد ) دەروبەرناسی ، ئابوری ، سیاسی ، فەرهەنگیەکانی ئەو دیاردەیە لە دنیادا بکۆڵینەوە و لەپاشدا چەند سەرنجێك دەربارەی کۆچکردن و ئاوارەیی لە کوردستان دا رابکێشین .

ئەوەی شایانی باسە بابەتە گشتیەکانی ئەم وتارە شتی بنچینەیین و دەکرێ لەکوردستانیش دا روبدەن ، بۆیە ئێمە لەباسی کۆچکردن لە کوردستان دا دوبارەیان ناکەینەوە و هیوادارین خوێنەرە خۆشەویستەکانی خۆیان سودی لێ وەربگرن .

## پێناسەی کۆچکردن :

کارێکی گرانە پێناسەیەکی وردبینانە، رون و ئاشکرا ، قبوڵکراو بۆ چەمکی " کۆچکردن " دابنرێت . بۆیە زۆر کەس بەوەوە رادەوەستن بەم چەند وشەیە باسی بکەن : " کۆچکردن بریتیە لە گواستنەوەیەکی ( هەمیشەیی ) بۆ جێگایەك کە دوربێ - دوریەکی گونجاو - لە شوێنی نیشتەجیبوونی بنەرەتیەوە " .

ئەگەر ئەو وشانە بە پێناسە دابنرێت ، ئەوا وردبینی و رونیان تیادا بەدی ناکرێت ، جا ئەوە لەروی رەهەندی کاتەوە بێ : هەمیشەیی ، یاخود رەهەندی شوێنەوە : دوریەکی گونجاو . راستە دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان گواستنەوەی هەمیشەیی بەو جۆرە گواستنەوەیە دادەنێ کە سالێك کەمتر نەکێشێ ، بەلام کێشەی دیاریکردنی درێژی ماوەی نێوان شوێنی نیشتەجیبوونی بنەرەتی کە کۆچکردنەکە لێوەی پێی هەڵگرتووە و شوێنی نیشتەجی بوونی نوێ هەر لەئارادا دەبێ . ئەو کەسەی ولاتەکەی خۆی جێ دەهێلێ و رودەکاتە ولاتێکی تر و پاشماوەی ژیانی خۆی تیادا دەباتە سەر بە " کۆچەر " دادەنرێ ، بەلام ئەو مرۆڤەی رودەکاتە

شارێك یاخود ولاتێکی دراوسی و بۆ ماوەیەکی کەم تیایدا دەمێنێتەوە بە "سەردانیکەر" دادەنرێ. لەنێوان ئەو دو لایەنە ناکۆکەدا: کۆچەر و سەردانیکەر، ڕیزێکی درێژ باروهەلومەرجی مام ناوەندی بەدی دەکرێت کە زۆر گرانە بەتەواوەتی جیاکارە (تمییز) بکرێن، واتە بەشێوەیەکی ڕێژەیی و لەڕێگەی قەبلاندن و بەکارهێنانی دەستوری زۆرەملییەوە جیاکارە دەکرێن. چونکە مانەوەی بۆ ماوەیەك لە مانگێك زیاتربێ و لەسالێك کەمتر بێ بە کۆچکردنی کاتی دادەنرێ، لە کاتێکدا مانەوە بۆ زیاتر لە سالێك بە کۆچکردنی هەمیشەیی دادەنرێ و هاوشێوەی نیشتەجیبوونی درێژخایانە. ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ڕەچاوی ویستی کۆچکردوەکە و ئەو هەلومەرجە ناکرێ کە دەشێ کتوپڕ سەر هەلبدات و گۆران بەسەر ئەو ویستەدا بهێنێ. چونکە لەوانەیە کەسێك شوێنی نیشتەجیبوونی بنەڕەتی جێبهێلێ و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی چەند سالی کۆچ بکات و دوای ئەوە بگەرێتەوە. لەم بوارەدا کەسەکە وەك کۆچکردنێکی کاتی سەیری کۆچکردنەکەی خۆی دەکات، بەلام بەپێی ئەو دەستورانەی سەرەوە کۆچکردنەکەی بە کۆچکردنێکی هەمیشەیی دادەنرێ. هەروەها زۆرکەس هەیە بۆ هەمیشە کۆچیان کردوە، بەلام پەیوەندیان بە تەواوەتی لەگەلکەس وکار و نیشتمان دا نەبراوە و بەردەوامن لەسەر پەیوەندی دەرونی لەگەلیان دا و ئاواتەخوازن دەرفەتی گەرانەوەیان بۆ برەخسێ. ئەوەی شایانی باسە زۆرجار ئەو گەرانەوەیە وەك ئەفسانەیەکی لێ دی و لە واقیعدا نایەتەدی، بەلام ئەو کەسانە هەر بەتوندی خۆیانی پێوە گرێ دەدەن و هەمیشە لایەنگیریان (انتما) لە نێوان شوێنی نیشتەجیبوونی بنەڕەتی و شوێنی نیشتەجی بوونی نوی دا دابەش دەبێت. جگە لەوە ئەو دەستور و پێوانانە تێڕوانینی کۆمەلگای نوێ بۆ کۆچەرەکان و رادەی قبول کردنیان و ڕێگە پێدانیان بۆ گونجان لەگەل کۆمەلگاکەدا وەلاوە دەنێن. بێگومان وەلاوەنانی ئەو مەسەلانەی سەرەوە کۆپ لەبەردەمی شادبوون بە پێناسەیەکی وردبینانەتر، ڕونتر، توندوتۆلتر لەو پێناسە بەپەلە و ڕوالەتیانەدا دروست دەکاتکە تەنیا لەڕووی ماوەی مانەوەی کەسەکە لە شوێنی نیشتەجیبوونی نوێ و ماوەی جوگرافی نێوان شوێنی نیشتەجیبوونی بنەڕەتی و نوێوە ڕەچاوی پرۆسەی گوێزانەوە و نیشتەجیبوونەکە دەکەن.

لەگەل هەموو ئەو گیروگرفتانەی سەرەوەدا ئەو دەستورانە سوودی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ جیاکارەکردن لە نێوان "کۆچکردن"

و هەندێ شێوازی گوێزانەوە و بزاوتنی مرۆڤایەتی تری وەك گەڕانی خێڵ و شوانەکان بەدوای ئاو و خۆراك دا . چونکە ئەو گەڕانە جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ کۆچکردن دا هەیە ـ بەو شێوەیەی دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریکردوە ✲ لەبەر ئەوەی ئەگەرچی لەو بارودۆخەدا گەڕانەکە زۆری پێ دەچێ ، بەڵام پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان خەڵك و شوێنەکەدا دروست نابێ هەتا بەو شێوەیە هەست بکەن رەگیان تیادا داکوتاوە .

لەو ئاماژانەی پێشو ئەوەمان بۆ رون دەبێتەوە شان بە شانی توخمی کات و شوێن ( رەهەندی کاتی و شوێنی )،کە گرانە بە تەنیا پشتیان پێ ببەستریٚ بۆ پێناسەکردنی کۆچکردن ، کۆمەڵێك توخمی تر هەن ئاسان نیە پێوانەیان بکەین ، بەڵام پێویستە لەبەرچاویان بگرین ، ئەوانەش بریتین لە توخمی خۆیی ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی کە پەیوەندیان هەیە لەگەڵ هەستکردنی تاکە کەس خۆی و تێڕوانینی بۆ پرۆسەی گوێزانەوەکەی وئاماتجە دیاریکراوەکانی ، هەروەها هەستکردنی تاکە کەس بەلایەنگیریکردنی بۆ کۆمەڵگای نوێ و گونجان لەگەڵیدا و قبوڵکردنی کۆمەڵگاکە و داب و نەریتە بەرزەکانی . چونکە کۆچکردن تەنیا گواستنەوەی " شتێك " نیە لە شوێنی نیشتەجێبوونێکی دیاریکراوەوە بۆ شوێنێکی تر ، بەڵکو هەڵوێستێکی فیکری و ئاقارێکی عەقڵی و رەوتیکی دەرونیە لە خودی کەسەکەدا .

جۆرەکانی کۆچکردن :

بەر لەوەی دەست بکەین بە دیراسەکردن و شیکردنەوەی هۆکانی کۆچکردن و ئەو فاکتەرانەی کاریان تێدەکەن ، بەچاکی دەزانین چەند تێبینیەك دەربارەی جۆرەکانی کۆچکردن دەربڕین .
پۆلکردنی کۆچکردن چەندین رێگە و شێوازی هەیە ، بەڵام لە دوا ئەنجامدا هەموو رێگەو شێوازەکان دیاردەیەکی دیاریکراو شی دەکەنەوە و لە روانگەی جۆراوجۆرەوە سەیری دەکەن . بەهەرحاڵ کۆچکردن بەشێوەیەکی گشتی دووجۆرە : کۆچکردنی دەرەکی EMIGRATION کۆچکردنی ناوەکی IMMIGRATION .

---

✲ پێناسەکەی بەشی دانیشتوانی دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ " کۆچکردن دیاردەیەکی جوگرافیە ، مانای گواستنەوەی دانیشتوانە لە جێگەیەکی جوگرافیەوە بۆ جێگەیەکی تر ، لەئەنجامی ئەوەش جێگای جێگیربوونی ئاسایی تاك گۆڕانی بەسەردا دێت . "

## کۆچکردنی دەرەکی :

کۆچکردنی دەرەکی بریتیە لە گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەڕەتی لەلایەن هەندێ کەس و کۆمەڵەوە بۆ شوێنێکی تری نیشتەجێبوون و تیایدا سنوری سیاسی دەوڵەتی دەبڕدرێت . بۆیە بە کۆچکردنی نێونەتەوەییش ناودەبرێ .

دەشێ ئەم کۆچکردنە بە دەست پێشکەری خودی کەس و کۆمەڵەکە ڕوبدات و ئامانجی گوێزانەوە بێت بۆ شوێنێکی تری خاوەن هەلومەرجی ژیان و کارکردن و ئاسوودەیی زیاتر . لەم بارودۆخەدا کۆچکردنەکە پێی دەوترێ " کۆچکردنی دەرەکی هەڵبژاردەیی - اختیاري " . وە دەشێ کۆچکردنەکە بە هۆی هێزێکی ترەوە و بێ ویستی کەس و کۆمەڵەکە ڕوبدات ، جا ئەو هێزە لەناو هەمان وڵاتدا بێ ، وەك ڕاگوێزانی کوردە فەیلیەکان لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە بۆ ئێران ، یاخود لە دەرەوەی وڵاتەکەوە هاتبێ ، وەك هەڵوێستی نازییەکان لەکاتی دوەمین جەنگی جیهانیدا و ڕەفتاری زایۆنیزمەکان بەرامبەر گەلی فەلەستین . لەم بارودۆخەشدا بە کۆچکردنەکە دەوترێ " کۆچکردنی دەرەکی زۆرەملی - اجباري ( زۆردارانە ) " یاخود کۆچ پێکردنی دەرەکی .

ئەوەی شایانی باسە کۆچکردنی هەندێ کەس لەترسی گرتن و کوشتن یان بۆ پاراستنی بیروباوەڕی سیاسی یاخود هەڵهاتن لە قات وقڕی و قەتڵ وعام لەکاتی جەنگدا ، بە " کۆچکردنی دەرەکی ناچاری " دادەنرێت و هەندێجاریش بەجۆری یەکەمیان دەوترێ " کۆچکردنی سیاسی " .

پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە دەشێ هەردوجۆری کۆچکردنی دەرەکی : هەڵبژاردەیی و زۆرەملی ، کاتی بن یان هەمیشەیی ، درێژخایان بن یاخود کورتخایان .

## کۆچکردنی ناوەکی :

کۆچکردنی ناوەکی بریتیە لە گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی لەلایەن هەندێ کەس و کۆمەڵەوە بۆ شوێنێکی تری نیشتەجێبوون بێ ئەوەی سنوری سیاسی دەوڵەتی ببردرێت ، واتە لە نێو سنوری ئیداری ناوچەکانی دەوڵەتەکەدا ڕودەدات .

دەشێ ئەم کۆچکردنە بەدەست پێشکەری خودی کەس و کۆمەڵەکە ڕوبدات و ئامانجی پەیداکردنی هەلومەرجی ژیان و کارکردن وئاسودەیی چاکتربێ ، وەك ئەو کۆچکردنەی لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان ، یاخود

لەناوچە هەژار و پاشکەوتووەکانەوە بۆ شارە دەوڵەمەند و پێشکەوتووەکان دەچن. لەم بارودۆخەدا کۆچکردنەکە پێی دەوترێ "کۆچکردنی ناوەکی هەڵبژاردەیی". هەروەها دەشێ کۆچکردنەکە بەهۆی هێزێکی ترەوە و بێ ویستی کەس و کۆمەڵەکە ڕوبدات، وەك ڕاگوێزانی جوتیارانی لادێکان و دانیشتوانی شارەکانی کوردستانی خواروو لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە و گوێزانەوەی کوردەکانی کوردستانی سەروو بۆ ناوچەکانی تری تورکیا. لەم بارودۆخەشدا کۆچکردنەکە پێی دەوترێ "کۆچکردنی ناوەکی زۆرەملی (زۆردارانە)" یاخود کۆچ پێکردنی ناوەکی.

ئەوەی شایانی باسە کۆچکردنی هەڵبژاردەیی: دەرەکی یان ناوەکی، بە شێوەیەکی خۆڕسکیانە و خۆبەخۆ ڕونادات، بەڵکو وەڵامدانەوەی زنجیرەیەك هۆی ئابورییە و لە ئەنجامی کۆمەڵێك هاندەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی ڕوودەدات کە لە نێو دەوروبەری کۆمەڵایەتی دا هەیە. ئەو هاندەرانەش بەگشتی گرنگیەك دەدەن بە شوێنەواری نوێ و دەبنە خاڵی ڕاکێشانی کۆچکردوەکان. لێرەشدا ڕادەی کاریگەرێتی ئارەزوی کەسێتی لەسەر کۆچکردن - ڕوبدات یاخود نە- لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێ، ئەوەش بەستراوەتەوە بە پێداویستی کەسێتیەوە. لە بەرامبەر ئەوەش پرۆسەی خەفەکردنی ئارەزوی کەسێتی بۆ کۆچکردن گرێدراوە بە ڕادەی بێزاری و ناڕەزایی کەسەکەوە بەرامبەر شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەڕەتی.

## هۆکانی کۆچکردن:

زۆرکەس لەوبڕوایەدان کە کۆچکردن ئەنجامی بڕیاری تاکەکەسی و بۆ خۆ قوتارکردن لە بارودۆخی ئابوری خراپ: بێکاری، نزمی کرێ، ناناسودەیی، وە بۆ بەدەستهێنانی ژیان و گوزەرانێکی چاکتر بۆ کەس و خێزانەکەی ڕودەدات. لە ڕاستیدا کارێکی چەوتە کۆچکردن بە دیاردەیەکی تاکەکەسی دابنێین و بەتەنیاش بیگێڕینەوە بۆ هەلومەرجی ئابوری باڵادەستی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی. چونکە لەلایەکەوە ئەگەرچی کۆچەر وەك بڕیارێکی تاکەکەسی بە کاری کۆچکردن هەڵدەستێ، بەڵام بڕیارەکە دابڕاو نیە لەواقیع و ئەنجام و بەرهەمی بارودۆخی بابەتی ئەو شوێنەیە. لەلایەکی تریشەوە ئەگەرچی کۆچکردن بەهۆی فاکتەری ئابورییەوە ڕێژەیەکی زۆر بەرزی هەیە لەنێو کۆچکردنە مرۆڤایەتیەکانی دنیادا، بەڵام کۆمەڵێك هۆی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، ژینگەیی تر

هەن شان بەشانی فاکتەری ئابوری ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە کۆچکردن دا .

دوو جۆر فاکتەر هەن کە کار لە کۆچکردن دەکەن ، یەکێکیان فاکتەری ڕاکێشان PULL FACTORS ، ئەوی تریان فاکتەری دەرپەڕاندن PUSH FACTORS . هەریەکێک لەو دوانە کۆمەڵێک هۆی گرتۆتە خۆی و بەشێوەی جۆراوجۆر لە دنیادا ڕوودەدەن . هەروەها هەمیشە کۆچکردن لە ئەنجامی کارلێکردنی هەمەلایەنی ئەو دوو فاکتەرە ڕوودەدات .

## یەکەم / فاکتەری دەرپەڕاندن :

ئەو هۆیانە دەگرێتەوە کە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەڕەتی باری بەردەوامی ژیان و گوزەرانی دانیشتوان گران دەکەن و بەتاك و کۆمەڵ دەریان دەپەڕێنن بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ . ئەو هۆیانەش بریتین لە : ١) هۆی ئابوری ، ٢) هۆی سیاسی ، ٣) هۆی جەنگ ، ٤) هۆی ژینگە ، ٥) هۆی کۆمەلایەتی .

### ١) هۆی ئابوری :

هۆی ئابوری بە یەکێك لە هۆ گرنگەکانی کۆچکردنی مرۆڤایەتیەکانی جیهان دادەنرێ و ڕێژەی ئەو کەسانەی لەئەنجامی ئەو هۆیە کۆچیان کردوە لەڕێژەی هەموو کۆچکردنەکانی تر زیاترە .

گەشەکردنی سەرمایەداری لە ولاتە جۆربەجۆرەکان دا و کاولبوونی باری ئابوری جوتیاران و مایەپوچیان هەمیشە یاریدەدەربوون بۆ کۆچکردنی جوتیاران لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان و زەمینە خۆشکەربوون بۆ گۆڕانی جوتیاران بۆ کرێکاری کرێگرتە . هاتنە خوارەوەی سامانی نەتەوەیی و هەڵئاوسانی دارایی بەردەوام هۆیەك بوون بۆ کەم بوونەوەی داواکردنی هێزی کاری بەتاك و کۆمەڵ لە بوارە جۆربەجۆرەکانی کارکردن دا و زۆربوونی بێکاری ، گرانی ، قورسی باری ژیان و گوزەران ، هەژاری و نەبوونی . ئەمانەش ئەو هێزی کارەیان ناچارکردوە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خۆی و دەرمان کردنی دەردەکانی بەدوای شوێنی چاکتری ژیان وکارکردندا بگەڕێ و کۆچ بکات . هەمیشە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لەگەل هەبوونی دواکەوتوویی و کەمی بواری کارکردن و نزمی کرێ لە چاو شوێنی تردا ، هاندەری کۆچکردنی بەشێك لە دانیشتوان بووە بۆ ناوچەی تر . نموونەی ئەوە کۆچکردنی هەندێ دانیشتوانی پاکستان و بەنگلادیش و هیندستان و هەندی ولاتی ڕۆژهەلاتی ئاسیا .

### ٢) هۆی سیاسی :

هۆی سیاسی یەکێکە لەو هۆیانەی لە سەردەمی جیاجیادا کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر کۆچکردن ٠ داگیرکردنی خاکی ولاتێک لەلایەن داگیرکەرێکەوە و گۆڕینی بنەمای دانیشتوانی ولاتەکە لەڕوی نەتەوایەتی ، کۆمەلایەتی ، ئابوری ، ڕوشنبیری و ڕەگەزییەوە هۆیەکی سیاسی بووە بۆ کۆچکردنی زۆرەملێی دانیشتوانی هەندێجێ بەرەو دەرەوەی ولاتەکە یاخود شوێنی تری هەمان ولات ، وەك کۆچ پێکردنی فەلەستینییەکان لەلایەن زایونیزمەکانەوە ، دەرپەڕاندنی ڕەش پێستەکان لەلایەن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارەوی ئەفریقیاوە٠ هەروەها هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی دیکتاتوری یان فاشی و زەوتکردنی گشت مافە دیموکراتیەکان و سەرکوتکردنی دانیشتوان فاکتەرێک بووە بۆ هەلهاتنی هەندێك کەس و کۆچ کردنیان بۆ خۆ ڕزگارکردن لە گرتن و کوشتن و پاراستنی بیروباوەڕی سیاسی ، وەك کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرەکانی شیلی ، تورکیا ، پاکستان عیراق، ئێران ، کوردستان ٠٠٠ هتد ٠چارەسەکردنی گیروگرفتی سنور لە نێوان دەولەتان دا و کۆچ پێکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان هۆیەکی سیاسی تربووە ، وەك ئەوەی نێوان تورکیا و یونان لە سالانی ( ١٩٢٢ - ١٩٢٣ ) دا کە بووە هۆی ئەوەی (٣٠٠) هەزار تورك نێردرانەوە بۆ تورکیا و (٢,٢) ملیون یۆنانی گێردرانەوە بۆ یونان ، وە ئەوەی نێوان پاکستان و هیندستان کە بووە هۆی گێڕانەوەی شەش ملیون هیندۆسی بۆ هیندستان و هەمان ژمارەش موسولمان بۆ پاکستان ٠

### ٣) هۆی جەنگ :

جەنگ یەکێك بووە لەو فاکتەرانەی بۆتە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیا ٠ جەنگەکانی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەم لەئەوروپا، بوونە هۆی کۆحکردنی بەربلاوی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەوروپا بۆ جیهانی نوێ : کیشوەری ئەمەریکا ٠ ژمارەی کۆچکردوەکانی ئەو سەردەمە نزیکەی (٥٧) ملیون کەس بوو ، (٣٠) ملیونیان بەرەو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕۆیشتن ٠ جەنگەکانی ولاتانی خوارووی ڕۆژهەلاتی ئاسیا ، جەنگی ١٩٦٧ ی فەلەستین و جەنگی بەردەوامی لوبنان ، جەنگی عیراق و ئێران ٠٠٠هتد بوونە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەو جێگایانە بۆ دەرەوەی ولات ٠

٤) هۆی ژینگە :

هەبوونی هێزی سروشتی نالەبار و هاتنەپێشی گیروگرفتی ژینگەیی جۆراوجۆر و بێتوانایی مرۆڤ بۆ بەرەنگاربوونەوە و وەگەرخستنیان لە خزمەتی خۆیدا ، یان بەلای کەمەوە سازان و گونجان لەگەڵیان دا ، هۆیەکی تربووە بۆ کۆچکردنی دانیشتوانی هەندێ شوێن و هەڵهاتنیان لە شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی ، بۆ نموونە : کۆچکردنی مرۆڤ لە سەردەمی بەستەڵەکیدا بەرەو ناوچە گەرمەکان ، گواستنەوەی کۆمەڵگا ڕاوکەرەکانی کۆمۆنەی سەرەتایی ، کۆچکردنی ئەو کۆمەڵانەی لەسەر کشتوکاڵی وەرزی دەژیان و ناچاردەبوون لەبەر بێ پیتی زەویەکان شوێنی خۆیان جێبهێڵن ، کۆچکردنی هۆزە سەرەتاییەکان پاش مردنی یەکێك لە هۆزەکە ، کۆچکردنی عەرەبەکان لە نیمچەدورگەی عەرەبییەوە بۆ سەرووی ئەفریقیا و ناوچەی " الهلال الخصیب " ، کۆچکردنی چەند ملیۆن ئایرلەندی لەسالانی ( ١٨٤٥ ـ ١٨٤٦ ) دا بە هۆی کارەساتی بەرهەمی پەتاتەوە بۆ ئەمەریکا ، کۆچکردنی هەزاران کەسی ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیا بە هۆی لافاو ، بومەلەرزە ، تەقینەوەی بورکان ، برسێتی و شتی لەو جۆرەوە .

٥) هۆی کۆمەڵایەتی :

هۆی کۆمەڵایەتی وەك جیاوازی مەزهەب و ئایین هۆیەکی تربووە کەبۆتە مایەی کۆچکردنی دانیشتوانی هەندێ جێگەی دنیا ، وەك کۆچکردنی مەسیحیەکانی پاکستان بۆ بەریتانیا و تایەفە جیاجیاکانی لوبنان بۆ دەرەوە .

دووەم / فاکتەری ڕاکێشان :

ئەو هۆیانە دەگرێتەوە کە لەشوێنی نیشتەجێبوونی نوێدا هەبوون و یاریدەدەری کۆچکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بوون کە فاکتەری دەرپەڕاندن تیایاندا بەهێز و کاریگەربوو ، وە زەمینە خۆشکەربوون بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگییەکان ، لەوانە :

- هەبوونی بواری کارکردنی هەمەجۆری زیاتر .
- هەبوونی دەرفەتی چاکتر بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ژیان و گوزەران و زەمینەی باشتر بۆ دەوڵەمەندبوون .
- هەبوونی بواری چاك بۆ هێنانەدی ویستە تایبەتیەکانی وەك خوێندنی زانستی و هونەری و ئەدەبی و مەشق کردنی تەکنیکی .

- هەبوونی دەرفەتی چاکتر بۆ دەربڕینی بیروڕای سیاسی و زەمینەی باشتر بۆ چالاکی جۆراوجۆری فیکری و ئایدیۆلۆجی.
- هەبوونی زەمینەی ئاشتی و باری ئاسودەیی باشتر.

## کاریگەری کۆچکردن لەسەر هەردوو شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی و نوێ

کۆچکردن ، جا زۆرەملێ بێ یاخود هەڵبژاردەیی ، دەرەکی بێ یاخود ناوەکی ، کاریگەری هەمەلایەنی سەلبی و ئیجابی لەسەر هەردو شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی و نوێ دەبێ.

کۆچکردنی ناوەکی کاریگەری تایبەتی لەسەر هەردو شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی و نوێ دەبێ و ئەو کاریگەریەش بەپێی هەلومەرجی بابەتی و جۆری کۆچکردنەکە ( هەڵبژاردەیی یان زۆرەملی) کاری خۆی دەکات. لەکاتی کۆچکردنی ناوەکی هەڵبژاردەییدا کە جوتیاران گوندەکان جێدەهێڵن و بەرەو شارەکان دەچن ، یاخود دانیشتوانی هەندێ شاری بچووك و پاشکەوتوو بەرەو شارە گەورە و پێشکەوتووەکان دەچن ، کۆمەڵێك گۆڕانکاری دێتە ئاراوە. لە لایەکەوە هاوسەنگی دانیشتوانی نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکان تێك دەچێ و هەندێ شوێن دانیشتوانی کەم دەبێتەوە و هەندێکی تریش چڕدەبێتەوە. لەلایەکی تریشەوە هاوسەنگی نێوان بەرهەمهێنان و پێداویستیەکانی بژێوی و تەندروستی و فێرکردن ...هتد دەشێوێ. بێگومان لە ئەنجامی ئەوەش لە هەندێ جێ گەشەکردن و پێشکەوتنی شارستانی دێتە ئاراوە و لە هەندێ شوێنیش دواکەوتوویی وبێ کاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی دێتە کایەوە.

کۆچکردنی ناوەکی زۆرەملی ( کۆچ پێکردن ) کاریگەریەکی یەکجار سەلبی هەیە لەسەر شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی. چونکە گۆڕینی سنوری ئیداری و پێکهاتنی جوگرافی ، تێکدانی سروشتی نەتەوایەتی و ڕەگەزی ، شێواندنی گەشەکردنی شارستانی لەگەڵ خویدا دەهێنێتە کایەوە و چارەنووسی کۆچ پێکراوەکانیش دەخاتە مەترسی شێواندن و فەوتاندنەوە. بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەو کۆچ پێکردنە سوودێکی ئابوری و سیاسی زۆری بۆ ڕژێمی دەسەڵاتدار و هەلومەرجی شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ دەبێ و دەستی کاری هەرزان ، سەروەت و سامانی زۆری بۆ دەڕەخسێنێ.

دەربارەی کاریگەری کۆچ کردنی دەرەکی کۆمەڵێك تێڕوانین و بیروڕا لە ئارادایە : هەندێك دەڵێن کۆچکردنی دەرەکی جۆرێك لە هاوسەنگی نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیا دەپارێزی و ئەو

ناوچانە لە دانیشتوانی زیادە ڕزگاردەکات کە هەلئاوسانی دانیشتوانی یان تێدایە و بێکاری لە ناویاندا بەربلاوە، وە ئەو ناوچانەش بە دانیشتوان شاد دەکات کە پێویستیان بە دەستی کارە بۆ ڕاپەڕاندنی کارگە و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی تر. بەپێی ئەم بیرورِا و تێڕوانینە کۆچکردن سودبەخشە بۆ هەردوو شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی و نوێ. هەندێکی تر دەڵێن کۆچکردنی دەرەکی سەرچاوەیەکی چاکە بۆ ناردنەوەی دراوی قورس ( العملة الصعبة ) و بەشداریکردنی لە چارەسەرکردنی لەنگی تەرازوی بازرگانیدا ( عجزالميزان التجاري ). هەندێکی دیکەش دەڵێن کۆچکردنی دەرەکی یاریدەدەرە بۆ پێگەیشتنی کۆچکردوەکان و شارەزابوونیان لە کاروباری پەرەسەندنی کۆمەلایەتیدا و پاش گەڕانەوەیان دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر لە پەرەسەندنی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتیدا بگێڕن و ئەو ناهاوتاییەی نێوان ولاتەکەیان و ولاتە پێشکەوتووەکان لەناوبەرن. لەپاڵ ئەوسێ بیرورِا و تێڕوانینەدا ئاقارێکی تر هەیە کە کۆچکردنی دەرەکی بەجۆرێك لە هەژارکردن و تالانکردنی جیهانی سێیەم و چەسپاندنی هەلومەرجی پاشکەوتوویی و هۆی بەردەوامی وابەستەیی بۆ ڕۆژئاوا دادەنێ.

بە هەر حال ئەوەی پێویستە لەم بوارەدا دەربارەی ئەو بیرورِا و تێڕوانینانە دەری بڕین ئەوەیە : ڕاستە کۆچکردنی دەرەکی یارمەتی ئەوەیداوە دانیشتوانی بێکار شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی جێبهێڵن و لە ولاتەکانی تر کارکردن و ژیان و گوزەرانی چاکتر مسۆگەر بکەن، بەلام شان بەشانی ئەوەش زیانێکی زۆری بە شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی گەیاندوە و سودێکی زۆری بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ هەبووە و دەستی کاری هەرزانی بۆ سازکردوە و زەمینەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی جۆراوجۆری وەك مانگرتنی کرێکاران و بەجێهێنتنی کاری ولاتەکەی بۆکردوە و دەرفەتی باشتری بۆ دەولەمەندبوون و کەلەکەبوونی زیدەبایی خۆش کردووە. ڕاستە کۆچکردوەکان توانیویانە دراوی قورس بنێرنەوە بۆ خێزان و کەس و کارەکانیان و یارمەتی ئەوەیان داوە باروذۆخی ژیانیان چاك بکەن، بەلام ئەو ناردنەوەیەی دراوی قورس لەبەر بێنەخشەیی یارمەتی چارەسەرکردنی لەنگی تەرازوی بازرگانی و پەرەسەندنی ئابوری نەداوە و لەبری ئەوەی لەبواری بەرهەمهێنان دا بخرێتەگەڕ لەبواری چالاکی بەرخۆری و تایبەتیدا بەکارهێنراوە. ڕاستە کۆچکردوەکان توانیویانە لە ولاتە پێشکەوتووەکان سوود لە سەرچاوەکانی زانست و پەرەسەندنی تەکنیکی وەربگرن، بەلام لەبەر

ئەوەی گێشەی پاشکەوتوویی هۆی بابەتی و ناوەکی خۆی هەیە و بە هەبوونی کادیری شارەزا بەتەنیا چارەسەر ناکرێت ، وە لەبەر ئەوەی ئەو ولاتە پێشکەوتوانە خۆیان سەرچاوەی گیروگرفت و تەنگوچەلەمەکانی جیهانی سێ و بەژێردەستەیی مانەوەی ئەون ، وە لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کۆچکردوەکانی جیهانی سێ ناگەڕێنەوە بۆ ولاتەکانی خۆیان ، بۆیە ئەو بیروڕا و تیۆرانینە ناتوانێ خۆی لەبەردەمی راستی و واقیعدا رابگرێ.

ئەگەرچی کۆچکردنی دەرەکی لەسەردەمی سەرمایەداری پێش مۆنۆپۆڵیدا یاریدەدەری ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی زۆر شوێنی دنیا بووە ، چارەسەرکەری گیروگرفتەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەڕەتی و تەکان پێدەری پەرەسەندنی شوێنی نیشتەجێ بوونی نوێ بووە ، بەلام لەسەردەمی ئیمپریالیزم و دەست پێکردنی ڕەوتی داگیرکردنی ولاتان و بەتالان بردنی سەروەت و سامانەکانیان وپاش بەجیهانیبوونی سەرمایەداری و هاتنەئاراوەی ولاتانی پێشکەوتوو و دەولەمەند لەلایەك و ولاتانی پاشکەوتوو و هەژار لەلایەکی ترەوە ئیتر کۆچکردن بووە سەرچاوەی تالانکردنی هێزە مرۆییەکانی جیهانی سێ و فاکتەری چەسپێنەری هەلومەرجی پاشکەوتوویی و وابەستەیی و هێشتنەوەی بارودۆخ لەو جێگایانە بەو شێوەیەی خزمەتی ولاتە ئیمپریالیستیەکان بکات. جگە لەوە ئەوجۆرە کۆچکردنە لەلایەن ولاتە ئیمپریالیستیەکانەوە بەکارهێنراوە بۆ فشارخستنە سەر کرێکارانی خۆیان و مل پێکەچ کردنیان و لێسەندنەوەی ئەو دەستکەوتانەی بە خەباتی دوورودرێژ بەدەستیان هێناوە ، ئەمە لەلایەکەوە. لەلایەکی ترەوە بەکارهێنراوە بۆ کەم کردنەوەی فشار لەسەر ولاتە پاشکەوتووە وابەستەکان و خەساندنی گیانی بەرگریو خەباتکاری کۆچکردوەکان ، بەتایبەتی کۆچکردوە سیاسیەکان.

پێویستە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە هەمیشە مەرامە گڵاوەکانی ئیمپریالیستەکان سەر نەکەوتروە و گەلێك جار کۆچکردوە سیاسیەکان سوودیان لە هەلومەرجی ئەو ولاتە ئیمپریالیستیانە وەرگرتووە بۆ خۆ هوشیارکردنەوە و بەدەست هێنانی پەیوەندی ئینتەرناسیونالیستانە و پاش گەڕانەوەیان ڕۆلی چاکیان لەخەباتی ولاتەکانی خۆیاندا بینیوە. هەروەها کۆچکردوەکان پاش بەدەست هێنانی هوشیاری چینایەتی و سیاسی توانیویانە بەشداری چالاك لە خەباتی دژی دەسەلاتدارەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی نوێدا بکەن و هاوکاری نێوان خۆیان و چەوساوەکانی ئەو شوێنە بتەور بکەن ، وەك: مانگرتنی کرێکارانی مەغریب لە فەرەنسا ڕۆژی ...کی

هەواڵنامەی کتێب

ئاباری ١٩٧٣ ، مانگرتنی کرێکارە کۆچکردووەکانی ئەڵمانیا ، مانگرتنی سالانی (١٩٨١ــ١٩٨٥) ی بەریتانیا ... هتد .

## کاریگەری کۆچکردن لەسەر کۆچکردووەکان

کۆچکردن جوڵانێکی جوگرافی ڕوت نیە ، بەڵکو دیاردەیەکی خاوەن ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ، ئابوری ، سیاسی ، فەرهەنگی دیاریکراوە و کاریگەری تەواوی لەسەر کۆچکردووەکان هەیە و شوێن پەنجەی دیار بەسەر باری ژیان و هوشیاری و دەرونی کۆچکردووەکانەوە جێدەهێڵێ. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازیانەی لە نێو ژینگە ، جۆری ژیان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ، شێوەی تێڕوانین بۆ کار و پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان ، بیروبۆچوونی سیاسی و مەزهەبی شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەڕەتی و نوێدا بەدی دەکرێ .

ئەوەی شایانی باسە ئەو جیاوازیانە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ململانێیەکی توندوتیژ لەنێو دەرونی کۆچکردووەکەدا . قوڵی و ئالۆزی ئەو ململانێیە بەپێی ڕادەی جیاوازی نێوان باروذۆخی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی و نوێ و جۆری کۆچکردنەکە ( زۆرەملێ یاخود هەڵبژاردەیی ) دەبێ . هەتا ئەو جیاوازیانە قوڵ بن ، وەك کۆچکردنی دەرەکی بۆ وڵاتێکی زۆر جیاواز لە وڵاتی بنەڕەتی ، وە تا کۆچکردنەکە بەدەربێ لەویستی مرۆڤ و سەپێنراو بێ ، ئەوا ململانێ لە دەرونی کۆچکردووەکەدا ئالۆزتر و قوڵتر دەبێ و کاریگەری زیاتر لەسەری جێ دەهێڵێ . هەتا جیاوازیەکەش کەم بێ ، وەك کۆچکردنی ناوەکی بۆ شوێنێکی هاوشێوەی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی ، وە تا کۆچکردنەکە بەویستی مرۆڤ بێ ، ئەوا ململانێکە شێنەیی تر دەبێ و کاریگەری کەمتر جێ دەهێڵێ . بەلاَم لە هەردوو حاڵەتدا کاریگەریەکە لایەنی سەلبی یان ئیجابی دەبێ و لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێ .

ئەو کاریگەریەی کۆچکردن لەسەر کۆچکردووەکان دروستی دەکات کۆمەڵێك لایەن و بواری جۆراوجۆر دەگرێتەوە ، لەوانە : گۆڕان لە جۆری خانوبەرە و گوزەران و کارکردن و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا ، گۆڕانی داب و نەریت و دەستورە کۆمەڵایەتیەکان ، گۆڕانی باری دەرونی و فەرهەنگی ... هتد . بۆنموونە کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار لەبەر جیاوازی نێوانیان کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە جۆری خانوبەرە و ژیان و کارکردن دا دەهێنێتە ئاراوە ، پەیوەندیەکانی ناو خێزان و نێوان خێزان و کۆمەڵ دەگۆڕێ ، داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان

دەشڵەقێنێ ، باری دەروونی ئاڵۆزتر دەکات ، تێڕوانین بۆ ژیان و مەزهەب و گەلێك شتی تر دەجوڵێنێ و گۆڕانیان بەسەردا دەهێنێ . هەمان مەسەلە بەلام بەجۆرێکی قوڵتر و کاریگەرتر لەکاتی کۆچکردنی دەرەکیدا ڕوودەدات ، بەتایبەتی ئەگەر جیاوازیەکی زۆر لە نێوان دوو شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی و نوێدا هەبێ ، وەك کۆچکردن لە شوێنێکی وەك ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە بۆ ئەورووپا .

لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ دێتە ئاراوە ئەویش خۆگونجاندن و سازان لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ و توانەوەیە لە نێو کۆمەڵگای نوێ و نامۆدا . ئەوەی شایانی باسە خۆ گونجاندن و سازان یان توانەوە دوو پرۆسەی جیاواز و ئاڵۆزن و کۆمەڵێك فاکتەری یاریدەدەر و ڕێگریان هەیە . جیاوازی ئەو دوو پرۆسەیە لەوەدایە کە یەکەمیان : خۆگونجاندن و سازان ، لەڕوی تێکەڵاوی لەگەل کومەلگای نوێ و وەرگرتنی روخسارەکانی و لەدەستدانی سروشتە بنەڕەتیەکانەوە لاوازتر و نا ئارامترە لەوەی دووەم : توانەوە . هەروەها ئاڵۆزی ئەو دوو پرۆسەیە لەوەدایە کە کۆمەڵێك فاکتەری ئابوری ، کۆمەلایەتی ، سیاسی ، فەرهەنگی ، دەروونی ڕۆڵیان تیادا دەبینن و بە ململانێیەکی توندوتیژ وئاڵۆزدا تێدەپەڕن . پێویستە ئەوەش بگوترێ کە پرۆسەی توانەوە یەکجار گرانە و دوو ڕەهەندی هەیە : یەکەم / ڕەهەندی بنەمایی کەلە ڕێگەی تێکەلاوبوونی کۆمەلایەتی وەك ژن هێنان و شوکردنەوە دروست دەبێ . دووەم/ ڕەهەندی کەلتوری کە لەڕێگەی لەناوچوونی ڕواڵەت و توخمە ڕۆشنبیریە بنەڕەتیەکان و وەرگرتنی ڕواڵەت و توخمە ڕۆشنبیریە نوێکانەوە ڕوودەدات . بەلام بەگشتی توانەوە دوچاری بەرگری دانیشتوانی کۆمەلگای نوێ و نەریتە بەرزەکانی کۆمەلگای بنەڕەتی دەبێ .

## کۆچکردنەوەی سەرلەنوێ RETURN MIGRATION

زۆربەی دیراسە و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر کۆچکردن کراون ئەوەیان دەرخستووە کە پەیوەندی کۆچکردوەکان بە شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەڕەتیەوە بە پتەوی دەمێنێتەوە و زۆربەی کۆچکردوەکان هەوڵدەدەن کۆچ بکەنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی و هەمیشە خەون بە ڕۆژی گەڕانەوەوە دەبینن . ئەوەی شایانی باسە ئامانجی گەڕانەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی بۆ هەندێك هاتۆتەدی و بۆ هەندێکی تریش بۆتە ئەفسانە .

هەروەکو کۆچکردن هۆی تایبەتی خۆی هەیە ، کۆچکردنەوەی

سەرلەنوێش هۆی دیاریکراوی خۆی هەیە ، لەوانە : ١) نەمانی ئەو هۆیانەی کۆچکردنیان هێنابووە ئاراوە و چاکبوونەوەی ژیان و گوزەران لە شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی . ٢) ڕازی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ بە مانەوەی کۆچکردوەکان لەبەر تەنگوچەڵەمەی ئابوری پێش هاتوو و بارودۆخی سیاسی مەترسیدار بۆ ڕژێمی دەسەلاتدار تیایدا . ٣) قورسی سازان لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ بۆ کۆچکردوەکان .

ئەوەی شایانی باسە کۆچکردنەوەی سەرلەنوێ دەشێ زۆرەملێ بێ و لەئەنجامی بڕیاری ڕژێمی دەسەلاتداری شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ ڕوبدات ، وە دەشێ هەڵبژاردەیی بێ و لەئەنجامی بڕیاری کۆچکردوەکان ڕوبدات .

## کۆچکردن لە کوردستان دا

هەواڵنامەی کتێب

کوردستان وەکو هەموو کۆمەڵگایەکی تری جیهان هەڵبەندی کۆچکردنی جۆراوجۆر بووە ، هەمیشە کۆچکردنی دانیشتوانەکەی لە نێو ناوچە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆ و بۆ دەرەوە بەدی کراوە . هۆی ئەو کۆچکردنانەش هەمەجۆر بووە ، هەندێکیان پەیوەندیان بەباری ئابوری و دەوروبەرەوە هەبووە و هەندێکی تریشیان پەیوەندیان بە باری داگیرکردن و هەلومەرجی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیەوە هەبووە

لەڕوی کۆچکردنی ناوەکیەوە هەمیشە دانیشتوانی گوندەکان لەژێر باری چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان و شەڕوشۆڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی هەڵهاتوون و بەرەو شارو شارۆچکە جیاجیاکانی کوردستان کۆچیان کردوە . دوای لەناوچوونی پەیوەندیە کۆنەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی و زاڵبوونی تەراوەتی پەیوەندیە نوێکانی سەرمایەداریش بەشێکی فراوانی هێزەکانی کارکردن گوندەکانیان بەجێهێشتووە و کۆچیان کردوە بۆ شارەکان ، جا لەبەر مایەپوچی و پەیداکردنی کاربووبێ یاخود بەدەستهێنانی ژیانی ئاسوودەتر . هەروەها بەشێک لە دانیشتوانی شارۆچکەکان بەرەو شارەکان کۆچیان کردوە لەبەر جیاوازی لەڕوی گوزەران و کرێ و داهاتەوە .

دەربارەی کۆچکردنی دەرەکی هەمیشە دانیشتوانی کوردستان لەژێر فشاری ئابوری و بارودۆخی سیاسی دا کۆچیان کردوە و ڕویان کردۆتە دوورە ولاتی . لەو جێگایانەی لێی گیرساونەتەوە: ولاتە داگیرگەرەکانی کوردستان ، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، ئەوروپا ، ئەمریکا.

هەروەها گەلێکیش بە زۆرەملێ کۆچیان پێکراوە و لەوڵاتی باوباپیران دورخراونەتەوە ، وەك : ڕاگوێزانی کوردەکانی کوردستانی سەرو لەسەردەمی کەمال ئەتاتورك دا بۆ ناوچەکانی تری تورکیا ، ڕاگوێزانی کوردەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا بەپێی سیاسەتی " پشتێنی سەوز - الحزام الاخضر " ساڵی ۱۹٦۲ ، ڕاگوێزانی ناوچەکانی کوردستانی خوارووو و کۆچ پێکردنی کوردە فەیلیەکان لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە .

دڕندەترین و کۆنەپەرستترین سیاسەتی کۆچ پێکردن ئەوەیە کە لە کوردستانی خواروو لە سەردەمە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی بەعسدا ڕوی داوە ، جا لەڕووی بەرفراوانی ئەو سیاسەتەوە بێ یاخود ئەو مەترسیانەی هێناویەتە ئاراوە . بۆیە بەچاکی دەزانین تۆزێ لەسەری بڕۆین .

کۆچ پێکردن لە کوردستانی خواروو ساڵی ۱۹٦۳ و پاش کۆدەتا شومەکەی هەشتی شوبات و هاتنە سەرکاری بەعس دەستی پێکردوە و پاش کۆدەتا ڕەشەکەی ۱۷ی تەموزی ۱۹٦۸ و هاتنەوە سەرکاری بەعس دەستی پێکردوتەوە و لەناوەڕاستی حەفتاکانەوە بەشێوەیەکی بێسنور پەرەیسەندوە و مەترسی تەفروتوناکردنی کورد و گۆڕینی ڕوخساری نەتەوایەتی کوردستانی هێناوەتە ئاراوە .

ئەوەی ڕاستی بێ ئەو کۆچ پێکردنە چەندین شێواز و ڕێگای جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە ، لەوانە : ۱/ ڕاگوێزانی دانیشتوانی ناوچەکانی کوردستان بۆ ناوەڕاست و خوارووی عیراق . ۲/ گوێزاوەی گوندەکانی کوردستان بۆ ئۆردوگا زۆرەملیەکان . ۳/ دەرکردنی کوردەکان لەو ناوچانەی ڕژێم مەبەستی ( تعریب ) کردنیانە . ٤/ دەرکردنی کوردە فەیلیەکان بۆ ئێران . ۵/ سیاسەتی زەوی سووتاندن و ناچارکردنی دانیشتوانی کوردستان بۆ جێهێشتنی ناوچەکانیان .

پاش شەش مانگ لە کۆدەتا ڕەشەکەی ۸ی شوباتی ۱۹٦۳ ڕژێمی فاشی ئەو سەردەمە بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی شاری کەرکوك و ناوچە نەوتیەکان ، کەوتە ڕوخاندنی هەزاران خانوی کوردەکان لەشاری کەرکوك و زیاتر لە ۲۱ گوندی ناوچەی (دبس )ی ڕاگواست و پتر لە ( ۱۵۰۰ ) خێزانی جوتیاری گوندەکانی چواردەوری کەرکوکی دەربەدەر کرد و عەرەبی هێنایە شوێنەکانیان .

دوای کۆدەتاکەی ۱۷ی تەموزی ۱۹٦۸ و لەساڵەکانی بەیاننامەی ۱۱ی ئازاردا ، (۱۳) گوندی ناوچەی دووز - کفری ڕاگوێزران وعەشایەری عەرەب هێنرایە جێگاکانیان . هەروەها نزیکەی ( ۱۲۰ ) هەزار کوردی فەیلی کۆچیان پێکرا بۆ ئێران . لەساڵەکانی ( ۹۷٤ - ۹۷۵ )دا ڕژێم

بەبیانوی ئەوەی گوایە لەکوردستاندا جەنگ هەیە و کۆمپانیای نەوت دامەزراوێکی گرنگە و مەترسی تەقاندنەوەی لێ دەکرێ زیاتر لە (١٠٠٠) کرێکاری کوردی بەشە جیاجیاکانی کۆمپانیاکەی بەرەو شارەکانی تری عیراق ڕاپێچ کرد .

دوابەدوای هەرەس‌هێنانەکەی ١٩٧٥ نزیکەی (٣٠٠) هەزار کورد بەرەو ناوەڕاست و خوارووی عیراق بران و سەدانیش بەناچاری کۆچیان کرد بۆ ئێران و سوریا و وڵاتە خۆرئاواییەکان . ئەوەی شایانی باسە درندەترین و گەورەترین هێرشی کۆچ پێکردن لەدژی گەلی کورد لە ساڵەکانی ( ٩٧٧ـ٩٧٨ ) دا دەستی‌پێکرد . ئەوەبوو ڕژێم بەدرێژایی سنوری عیراق لەگەڵ ئێران ، تورکیا ، سوریا کە (٨٠٠) کیلومەتر زیاترە و بەقوڵایی (١٥ـ٢٠) کیلومەتری چۆڵکرد و زیاتر لە ( ١٥٠٠ ) گوندەکە دانیشتوانەکانیان نزیکەی (٢٥٠) هەزار هاوڵاتی دەبوو ، ڕاگوێزرا بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان و هەموو گوندەکانی تەخت کرد و کانیەکانی کوێرکردەوە و باخ و دارستانەکانی سووتاند . بەو جۆرەش نزیکەی ( ١٢ ) هەزار کیلۆمەتر دوجا زەوی بەپیتی وێرانکرد و زیانێکی گەورەی بەکوردستان گەیاند .

دوای هەڵگیرسانی جەنگی عیراق ـ ئێران هێرشی کۆچ پێکردن پەرەی‌سەند و هەزاران خێزانی تری کورد ڕووبەڕووی ڕاگوێزران بوونەوە . ئەوەبوو هەزاران خێزانی کوردی فەیلی کۆچیان پێکرا بۆ ئێران و دەست بەسەر سەروەت و سامانەکانیاندا گیرا . لە هاوینی ١٩٨١ دا زیاتر لە دەهەزار خێزان لە ناوچەکانی گەڵاڵە و چۆمان کۆچیان پێکرا و هەمان ژمارەش بەبیانوی خستنەکار بەرەو خوارووی عیراق ڕاپێچ کران . هەروەها دانیشتوانی ناوچەکانی بیارە ، خۆرماڵ ، تەوێڵە ، پێنجوێن و دەیان گوندی شارەزور دوچاری کۆچ پێکردن و کۆچ کردن بوونەوە . ساڵی ١٩٨٥ یش زیاتر لە ( ١٥٠ ) گوندی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان ڕاگوێزران و کۆچ بە دانیشتوانەکانیان کرا .

پاش پەرەسەندنی جەنگی عیراق ـ ئێران و گوێزانەوەی قورسایی جەنگەکە بۆ ناوچەی کوردستان ، هێرشی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێم و سیاسەتی زەوی سوتاندن گەیشتە دوا پلەی خۆیان . ئەوەبوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ەوە ڕژێم نزیکەی (١١٧) گوندی سلێمانی و (٣٨) گوندی کەرکوک و (١٢٦) گوندی دهوك و ( ٨٥ ) گوندی هەولێری کاولکرد و دانیشتوانەکانی کۆچ پێکردوە یان ناچاریکردون کۆچ بکەن ، شان بەشانی ئەوەش دانیشتوانی دەیان گوندی تری ڕاگوێزاوە . ئەمساڵیش کارەساتەکەی هەڵەبجەی خوێناوی و ڕووداوەکانی تری

ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بوونە هوی کۆچ پێکردنی هەزاران کورد و ڕودوەکانی دوای ڕاوەستاندنی جەنگیش بوونە هۆی کۆچ کردنی ناچاری زیاتر (۱۲۰) هەزار کورد بۆ تورکیا و (۱۸) هەزاریش بۆ ئێران ٠

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ چەند مەسەلەیەکی گرنگ رابکێشین : یەکەم / سیاسەتی کۆچ پێکردنی کوردەکان و (تعریب) کردن لەگەلێك شوێنی کوردستان دا پێکەوە چوونەتە ڕێوە و زۆر جار کۆچ پێکردن هەنگاوی یەکەم بووە بۆ ( تعریب ) کردن ٠ دووەم/ جگە لەسیاسەتی کۆچ پێکردن ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستانی خوارود لە ئەنجامی هێرشی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێم و لەترسی جەنگی عیراق - ئێران بەناچاری کۆچیان کردوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و ولاتە خۆرئاواییەکان ٠ سێیەم / مەبەستی ڕژێمی عیراق لەو کۆچ پێکردنانە بریتیە لە : ۱) تواندنەوەی گەلی کورد و گۆڕینی ڕوخساری نەتەوایەتی کوردستانی خوارود ٠ ۲) دابڕینی کوردستانی خوارود لە پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان و لەناوبردنی قولایی نەتەوەیی ٠ ۳) گەمارودانی جەماوەری کوردستان و بزوتنەوە ڕزگاریخوازیەکەی ٠ ٤) تێکدانی ڕێژەی نەتەوایەتی دانیشتوانی کوردستان و گۆڕینی کورد بە کەمایەتیەکی زەلیل و بێ دەسەلات و پاراستنی دەسەلاتی خۆی لە کوردستان دا و درێژەدان بە تالانکردنی سەروەت و سامانەکەی و وەگەرخستنی دەستی کاری هەرزانی کرێکاران و ڕەنجدەرانی ٠

پاش باسکردنی کۆچ پێکردن لە کوردستانی خوارود ، پێویستە باسی ئەوە بکەین کە لە پارچە داگیرکراوەکانی تری کوردستاندا و لەسەردەمی جیاوازدا کۆچکردنی فراوان ڕویان داوە ٠ بۆ نموونە لە سەردەمی جۆراوجۆردا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستانی سەروو لەدەست بێکاری ، هەژاری ، تواندنەوە ڕایان کردوە و ڕویان کردۆتە ولاتە خوارئاواییەکان ٠ لەدوای هاتنەسەرکاری ڕژێمی جونتای فاشی سالی ۱۹۸۰ ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرەکانی ئەوێ هەلهاتن و ڕویان کردە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و ولاتە ئەوروپاییەکان ٠ لەکوردستانی ڕۆژهەلاتیش پاشهاتنەسەرکاری ڕژێمی ئاخوندەکان و هێرشکردنیان بۆ سەر کوردستان و دوای دەست پێکردنی جەنگی عیراق و ئێران کۆچیان کردوە و ڕویان کردۆتە کوردستانی خوارود و ولاتە خۆرئاواییەکان ٠

لێرەدا ئامانەوی بچینەوە سەر ئەو خالانەی لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا دەربارەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی کۆچ کردن دەرمان بڕیوە

و خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن بچنەوە سەریان و بۆ تایبەتێتی کۆچ کردن لە کوردستان دا سوودیان لێ وەربگرن .

## ئاوارەیی کوردەکان و چەند سەرنجێك

ئاوارەیی بەری سروشتی کۆچ کردن و کۆچ پێکردنە لە کوردستاندا ، مانای ژیان بەسەربردنە لە دورە ولاتی . سەیرکردنێکی وردبینانەی واقیعی ئەمڕۆی کوردستان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی پارچە داگیرکراوەکانی ولاتەکەمان ئاوارەبوون و لە دورە ولاتی ژیان بەسەر دەبەن . هەروەها ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دیاردەی ئاوارەیی وەك ڕابردوو تاکەکەسی و بەر تەسك نیە و چەند سەد کەسێك ناگرێتەوە ، بەڵکو دیاردەیەکی گشتی و بەرفراوانەو هەزارەها مرۆڤی کوردی لول داوە ، بۆیە ئیتر ناکرێ هیچ کەس ڕەچاوی ئەو دیاردەیە نەکات و حیساب بۆ ئاوارەکان دانەنێ .

## چەند نیشانەیەکی گشتی :

بۆ ئەوەی لە ئاوارەیی تێ بگەین و بتوانرێت ئەو هێز و توانا زۆرەی ئاوارەکان بخرێنە گەڕ ، پێویستە ئەم چەند نیشانە گشتییەی خوارەوە بخرێتە ڕوو :

١/ ئاوارەکانی ئەمڕۆی گەلەکەمان لە پارچەیەکی کوردستانەوە نەهاتوون ، بەڵکو لە گشت پارچەکانەوە ، ئەمەش زەمینەی لە یەکتری تێگەیشتن و هاوکاریکردنی نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد پتە و دەکات و بواری کاری هاوبەشیان بۆ دەڕەخسێنێ .

٢/ ئاوارەکان خاوەنی تێڕوانینی ئایدیۆلۆجی و لایەنگیری سیاسی جۆراوجۆرن و تیاشیاندا هەیە بەینی لەگەڵ سیاسەت و تێڕوانینی ئایدیۆلۆجی دا نیە . بۆیە شتێکی سروشتیە جیاوازی لە تێڕوانینیان دا بۆ ژیان و گەل و خەبات و داهاتوو و ئاوارەیی .. هتد بەدی بکرێ .

٣/ ئاوارەکان لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە هاتوون ، بەتایبەتی چینی کرێکار و جوتیاران و وردە بۆرجوازی . ئەمەش جیاوازی هەڵوێست لە نێوان ئاوارەکاندا دروست دەکات .

٤/ ئاوارەکان خاوەن پیشەی جۆراوجۆرن و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری جیاوازیان تێدایە ، هەروەها تەمەنی جۆربەجۆریان تیا بەدی دەکرێ .

٥/ باری کۆمەڵایەتی ئاوارەکان هەمەجۆرە و ، ئافرەت ، پیاو و منداڵ وە زگورتی و خێزاندار یان تیا دەبینرێ .
٦/ ئاوارەکان بەگشتی لە ئەنجامی کاریگەری یەك جۆرە هۆ نەهاتونەتە دورە ولاتی . تیایاندا هەیە بەزۆرە ملێ هاتورە ، تیانیاندا هەیە بە ئارەزوی خۆی . تیایاندا هەیە لەبەر هۆی سیاسی دەرچووە ، تیاشیاندا هەیە لەبەر هۆی ئابوری یان خۆیی .
٧/ ئاوارەکان لەڕوی جۆری ئاوارەییەکەوە جیاوازیان هەیە ، تیایاندا هەیە پەناهەندەی ڕەسمین ، تیایاندا هەیە مۆڵەتی کارکردنیان هەیە ، تیایاندا هەیە هیچ یەکێك لەو دوانە نیە . هەروەها لەڕوی ماوەی ئاوارەییەکەوە جۆراو جۆرن ، هەیانە کاتیە و هەشیانە هەمیشەیی .
٨/ شوێنی نیشتەجێ بوونی ئاوارەکان جۆراوجۆرن : ئێران ، تورکیا ، سوریا ، عیراق ، ولاتە ئەوروپاییەکان ، ئەمەریکا ، ئەمەش کاریگەری و کارتەنجامی جۆراوجۆر لە نێوانیاندا دروست دەکات .

## هۆکانی ئاوارەیی لە کوردستاندا :

ئاوارەبوون پرۆسەیەکی خۆیی نیە بە حەز و ویستی مرۆڤێکی دیاریکراو دروست بێ ، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە هۆی بابەتی تایبەتی خۆی هەیە کە لەگەڵ هۆکارە خۆییەکانی مرۆڤ دا کارلێك دەکەن . بێگومان دەبێ لێرەدا ئەوەمان لەیاد بێ کە ئاوارەیی دەشێ زۆرە ملێ بێ و دەکرێ بەویست و ئارەزوو بێ ، بەلام لە هەردوو حاڵەتەکەدا هۆی بنچینەیی بەدی دەکرێ . لەم بوارەدا دەتوانین چەند هۆیەك دەستنیشان بکەین :

١ـ هۆی ئابوری : واتە هەبوونی بێ کاری و هەژاری و برسێتی لە ئەنجامی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانە و چەوسێنەرانەی ڕژێمە داگیرکەرەکان و گرانی بەردەوامبوونی ژیان وەك هێزێکی دەرپەڕاندن و هەبوونی بواری کارکردن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە هەمە جۆرەکان لە ولاتانی تردا وەك هێزێکی ڕاکێشان . ئەوەی شایانی باسە ژمارەیەکی زۆری کوردە ئاوارەکانی کوردستانی سەروو بەهۆی ئەم فاکتەرەوە ئاوارەبوون .
٢ـ هۆی سیاسی : سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ فەوتاندنی نەتەوەی کورد و

گۆڕینی ڕوخساری نەتەوایەتی کوردستان و نەبوونی هیچ بوارێکی دەربڕینی سەربەستیە دیموکراتیەکان و هەبوونی ڕەفتاری سەرکوتکردن و داپلۆسین ، ئەمە فاکتەری سەرەکی و بنەرەتی ئاوارەییە لەو سەردەمەدا . سیاسەتی هێزە تۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانیش ، وە نەبوونی دیموکراتیەت و سەربەستی بیروڕا دەربڕین ، بێ توانایی گۆشکردن و گرتنە خۆی جەماوەر ، شەڕی ناوخۆیی نێوانیان ، ڕۆلّی تایبەتی خۆیان هەبووە لە ئاوارەبونی ژمارەیەکی تر لە جەماوەری کوردستان .

٣ـ هۆی جەنگ : واتە جەنگی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان دژی گەلی کورد و جەنگی عیراق ـ ئێران کە بوونە هۆی ئاوارەکردنی ژمارەیێکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستان .

٤/ هۆی کومەلایەتی : وەك جیاوازی ڕەگەزی و مەزهەبی ، یاخود بەدەستهێنانی ژیانێکی ئاسوودە تر و بەختەوەر ترو دۆزینەوەی جێگەیەك کە تیایدا حەزە تایبەتیەکانی وەك خوێندن و دەولّەمەندبوون و شارەزابوون سۆگەر دەکرێت .

## باری ژیانی ئاوارەکان و کاریگەری ئاوارەیی

ئاوارەبوون جولانێکی جوگرافی ڕووت و دیاردەیەکی سادە و بێ گیروگرفت نیە ، بەلّکو پرۆسەیەکی هەمەلایەنی ئالۆزە کار لەسەر ژیانی ئاوارەکان دەکات و کاریگەریش لەسەر بارودۆخی کوردستان جێ دەهێلێ . جۆری کاریگەری ئاوارەیی لەسەر ئاوارەکان بەپێی چەند فاکتەرێکی دیاریکرا و ڕودەدات ، لەوانە هۆی ئاوارەبوونەکە ( هەلّبژاردەیی یان زۆرەملی ) ، شوێنی نیشتەجێ بوونی نوێ و جۆری ڕژێمی کۆمەلاّیەتی ، ئابوری سیاسی دەسەلاّتدار ، ڕادەی جیاوازی نێوان کوردستان و شوێنی نیشتەجێ بوونی نوێ . هەروەها بەرفراوانی ئاوارەیش کاریگەری خۆی لەسەر بارودۆخی کوردستان و سروشتی نەتەوایەتی جێ دەهێلێ و زیانی گەورە بە داهاتووی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان دەگەێنێ .

کوردە ئاوارەکان لە چەند جێگەیەك ژیان دەبەنە سەر کە هەتا ئەم یان ئەو ڕادەیە کاریگەری خۆیان لەسەریان جێدەهێلن . هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بارودۆخی ئابوری ، کۆمەلاّیەتی ، سیاسی ، فەرهەنگی ئەو جێگایانە و کوردستان ، وە دورکەوتنەوەی کوردە ئاوارەکان لەو ژینگەیەی تەمەنێکی دورو درێژیان تێدا بردۆتە سەر و لەگەلّیدا ئاشنا بوون .

ئەوەی ڕاستی بێ کوردە ئاوارەکان ژیانێکی ناخۆش و پڕ کوێرەوەری و ئاڵۆز دەبەنە سەر ، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بواری کارکردنیان بۆ نەڕەخساوە ، دەرفەتی خوێندن و پێگەیشتنی زانستیان پێ نەدراوە ، ڕێگەی دەرباز بوونیان لێ گیراو و مەحاڵ کراوە، وەلە جەوێکی سیاسی نالەباری وەهادا دەژین کە ڕێزی بیروڕا و تێڕوانینی تیادا ناگیرێ و باری بە چارەنووسیان دەکرێ . لێرەدا ئەگەرچی ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ کوردستان دا نیە ، لەڕوی شارستانیەت و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیەوە، بەلام کاریگەری خۆیان لەسەر ژیان و گوزەران و باری کۆمەڵایەتی و دەرونی ئاوارەکان هەبوە و گۆڕانیان تیادا هاتۆتە ئاراوە .

دەربارەی کوردە ئاوارەکانی لە وڵاتە خۆرئاواییەکان دەژین ، ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە گیروگرفتەکانیان لە چاو ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمترە ، بەلام لە زۆر ڕووی ترەوە ئاڵۆز تر و پڕمەترسی ترەو چەند لایەنێك دەگرێتەوە ، لەوانە: کێشەی بەدەستهێنانی پەناهێندەیی و نیشتەجێبوون کە لەهەندێ شوێنی وەك ئەڵمانیای ڕۆژئاوا زۆر ئاڵۆز و پڕ کوێرەوەریە ، چۆنیەتی ژیان بردنە سەر لە کۆمەڵگایەکی زۆر جیاواز لەوەی کۆمەڵگای کوردەواری ، گیروگرفتی فێربوونی زمان و دۆزینەوەی خوێندن یاخود کارکردن ، مەسەلەی سازان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانە و هەڵمەتی تواندنەوە ، مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئاوارەکان و کۆمەڵگای نوێو نیشتمان ، گیروگرفتی دەرونی و داب و نەریتە بەرزەکان ...هتد. لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەیادبێ کە جۆری کارلێکردنی نێوان ئاوارەکان و کۆمەڵگای نوێ بەپێی ئاوارەکە خۆی و جۆری سیستەمی ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، فەرهەنگی شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ دەگۆڕێ.

ئاوارەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی کوردستان کاریگەری سەلبی لەسەر بارودۆخی کوردستان جێدەهێڵێ . چونکە لەلایەکەوە ڕێژەی دانیشتوانی نیشتمانەکەمان تێك دەچێ و وزە و تواناى مرۆڤی زۆری لەکیس دەچێ کە هەم بۆ پەرەسەندنی کوردستان و هەم بۆ خەباتی شۆڕشگێڕی گرنگە و پێویستن . لە لایەکی ترینەوە باری بەرگری و دژایەتیکردنی ڕژێمە داگیر کەرەکان لاواز دەبێ . لە هەردوو حاڵەتیشدا ئەو ڕژێمانە سوودی لێ وەردەگرن و ئارامی ڕژێمەکانیان دەپارێزن . بۆیە پێویستە هەموو لایەك دیراسەیەکی وردی ئەم لایەنە بکەن و زەمینە بۆ چارەسەرکردنی خۆش بکەن ، جا

بە هەوڵدان بێ بۆ بەربەستیکردنی کۆچکردن یاخود هاندانی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ کوردستان .

## کەلتوری کوردی لە ئاوارەیی

ڕۆشنبیرە کوردەکان هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە پەنایان بردۆتە بەر ژیان لە دورە وڵاتێ و شان بەشانی چالاکیە رامیاریەکانی خۆیان ، چالاکی ڕۆشنبیری جۆراوجۆریان ڕاپەڕاندوە. یەکەمین چالاکی لەو جۆرە لەلایەن ڕۆڵەکانی ( بەدرخان )ەوە ئەنجام درا کاتێك توانیان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە دورە وڵاتی بڵاوبکەنەوە . لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ئەگەرچی چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی کورد لە ئاوارەیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتا دەگاتە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم تەنیا ڕوناکبیرەکانی کوردستانی سەرووی گرتبووەوە ، بەڵام لەوە بەدواوە ڕوناکبیرانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە .

لەم چەند ساڵەی دوایدا و پاش زۆربوونی ژمارەی کوردە ئاوارەکان ، چالاکی ڕوناکبیر و داهێنەرەکانی کورد لە چەندین بواری جۆراوجۆری ڕۆشنبیری و داهێناندا پەرەی سەند ، وەك : ئەدەب ، هونەر ، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ، ڕۆژنامەگەری ... شان بەشانی ئەوەش کۆڕبەستن و میهرەجان و پێشانگا سازکردن و دەزگای کەلتوری و بڵاوکردنەوەی هەمەرەنگ دامەزراندن گەشەیان کرد . لێرەشدا ئەوچالاکیانە یان دەست پێشکەری تاکەکەسی بوون و لەلایەن ئەو ڕۆشنبیرانەوە ئەنجام دراون کە هەوڵ و زانستی خۆیان خستۆتەکار بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە و وەرگێڕان بۆسەر زمانی کوردی ، یاخود بەری کاری بەکۆمەڵ بوون و لەڕێگەی مەڵبەند و بنکە و کۆمەڵە ڕۆشنبیریەکان و دەزگا هونەریەکانەوە ئەنجام دراون .

بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی کەلتوری کوردی لە ئاوارەیی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو باسەی ( د . جەمشید حەیدەری ) لە ژمارە چواری " یەکگرتن " دا بڵاوی کردۆتەوە .

## کوردە ئاوارەکان و هەلومەرجی سیاسی لە ئاوارەیی

بێگومان بارودۆخی سیاسی کوردستان شوێن پەنجەی خۆی لە دوورە وڵاتی بەجێ هێشتووە و هەمیشە هەلومەرجی سیاسی ئاوارەیی ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی کوردستان بووە . بۆیە هەرجۆرە ڕوداوێکی سیاسی یان هەر جۆرە تەبایی و ناتەباییەك لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا هاتبێتە ئاراوە ، یەکسەر کاریگەری

خۆیان لە سەر هەلومەرجی سیاسی ئاوارەیی دروست کردوە .

ئەوەی نمایانی باسە تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵ لەنێو هەلومەرجی سیاسی ئاوارەیی دا بەدی دەکرێ و جۆرێك لە ناتەبایی و ململانێ لە نێو ئاوارەکان دا دەبینرێ ، جا ئەو ناتەبایی و ململانێیە لە نێوان هێزە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا بێ یاخود لەنێوان خەڵکە حیزبی و ناحیزبییەکان دا . ئەمەش کاری کردۆتە سەر زەمینەی کاری بەکۆمەڵ و هاوبەش لە خزمەتی مەسەلەی ڕەوای گشتی نەتەوەکەماندا و بۆتە هۆی سستی گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهان و کزی بەدەستهێنانی لایەنگیری و کۆمەکی دۆستانی گەلەکەمان .

ئەوەی ڕاستی بێ چەندین بیروڕا دەربارەی کارکردنی سیاسی لە ئاوارەیی بەدی دەکرێت : یەکێك لەو بیروڕایانە کارکردنی سیاسی ئاوارەکان بە تەنیا لەنێو ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیە کوردیە ڕەسمیەکان دا دەبینێتەوە و هەموو کارکردنێکی تر لەدەرەوەی ئەو جوارچێوە دیاریکراوە بە کاری بێ سەمەرە و تێکدەرانە دەزانێ . بیروڕایەکی تر بۆ ئەوە دەچێ کە لەڕێگەی دامەزراندنی بەدیل و جێگرەوەی هێزە بۆرجوازیەکانی کوردستانەوە دەکرێ کاری سیاسی کاریگەر ئەنجام بدرێ . بیروڕایەکی دیکەش لەو بڕوایەدا کە کاری سیاسی حیزبایەتی بێ سەمەرەیەوە و دەکرێ لەڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەتیەوە چالاکی دیبلۆماسی پەرەی پێ بدرێ و بە یارمەتی دەزگا نێونەتەوەییەکان دەستکەوتی چاك بەدەست بێ . لە بەرامبەر ئەوانە بیروڕایەك هەیە کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانی گرتۆتەوە ، ئەویش بیروڕای دورە پەرێزی لە کاری سیاسی وچاوەڕوانی سەلبی ڕوزگار و ڕووداوەکانە .

لەم بوارەدا بەچاکی دەزانین ئەم چەند تێبینیە دەربڕین:

یەکەم / زەمینەی کارکردنی سیاسی لە دورە وڵاتی جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ئەوەی کوردستان دا هەیە و کارێکی ڕاست نیە قاڵب و دەستورەکانی ناوەوەی وڵات بەزۆرەملێ ڕابکێشینە زەمینەی دورەوڵاتێ . لەم بوارەش دا نە ئەو بیروڕایە ڕاستە کە چالاکی سیاسی تەنیا لە نێو ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیە ڕەسمیەکان دا دەبینێ وە نە ئەو بیروڕایەی کە دەیەوێ لە دورەوڵاتیەوە بەدیل و جێگرەوەی هێزە بۆرجوازیەکان دروست بکات . چونکە لە حاڵەتی یەکەم دا ڕاستە کارکردن لە سنوری ڕێکخراوی دیاریکراودا ئەنجامی باشتری دەبێ ، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە لەبەر کۆمەڵێك هۆ نەیان توانیوە زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر لە چواردەوری خۆیان کۆبکەنەوە و جگە لە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ناحیزبی ، چەندین گروپ و ئاقاری تریش لەئارادان کە

هەریەکەیان بە جۆری لە جۆرەکان کاری سیاسی ئەنجام دەدەن. لە حاڵەتی دووەمیش دا/ ڕاستە ئەو هێزە بۆرجوازیانەی لە ئارادان ناتوانن کاری بڕیاردەر ئەنجام بدەن، بەڵام کاری بەدیل و جێگرەوە تەنیا لەسەر زەمینەی کوردستان و ناوچینی کرێکاران دا ئەنجام دەدری. دووەم/ ڕاستە خەباتی ناوەوەی کوردستان فاکتەری بڕیاردەرە و ڕۆڵی گەورە لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردا هەیە، بەڵام لەبەر ئاڵۆزی مەسەلەی کورد لەلایەک و لەبەرهەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی کوردە ئاوارەکان لەلایەکی ترەوە، ناکرێ هەروا بە ئاسانی واز لە خەباتی دەرەوەی وڵات بهێنین. سێیەم/ ڕاستە دەکرێ لە دورە وڵاتی سوود لە کاری دیپلۆماسی وەربگیردرێت بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد و بەدەستهێنانی کۆمەکی و لایەنگیری، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناکرێ لەڕێگەی ئەو جۆرە کارەوە شتێکی جیدی بۆ مەسەلەی کورد بەدەست بهێنرێ. چونکە ئەو مەسەلەیە تەنیا لەڕێگەی خۆمان و خەباتی خۆمانەوە بە ئەنجام دەگات و بە هۆی فاکتەری دەرەکیەوە بە تەنیا شتێک بە دەست ناهێنرێ. چوارەم/ تاقە ڕێگەیەک بۆ گەشەکردنی کاری سیاسی و هەمەرەنگی لە دورە وڵاتی ئەوەیە دان بە جیاوازی بیروڕا و تێڕوانین دا بنرێ و شان بەشانی ئەو جیاوازیە ئامادەیی کاری هاوبەش دەربڕدرێ، دیموکراتیەت بەرقەرار بکرێ و کاری بەرهەمدار ببێتە پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو مرۆڤێک، وە حاڵە هاوبەشەکان - هەرچەند کەمیش بن - بکرێنە بنچینە بۆ خەباتی هاوبەش. و حاڵەکانی ناتەباییش - هەرچەند زۆریش بن - بە شێوەی گفتوگۆی دیموکراتیانە چارەسەربکرێن.

## کوردە ئاوارەکان چیان پێدەکرێ؟

بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە بەچاکی دەزانین ئەوە دەرخەین کە چەندین بیروڕا و تێڕوانین دەربارەی ئاوارەیی و ئاوارەکان لە ئارادان: یەکێک لەو بیروڕا و تێڕوانینانە کە زیاتر لە نێو لایەنگیرانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان دا باوە، ئاوارەیی بە دیاردەیەکی تاکەکەسی دادەنێ و ئەوە دەردەبڕێ کە ئاوارەکان - بەتایبەتی ناحیزبی و سەربەخۆکان کە لایەنگیریان ناکەن - مرۆڤی ڕوخا و بێهەڵوێستن و گۆڕەپانی خەباتیان جێ هێشتووە و پشتیان کردۆتە تێکۆشانی گەلی کورد و دوای ژیانی خۆش و ئاسوودەیی کەوتوون. لەبەر ئەو هۆیەش هەڵوێستی خراپ بەرامبەر ئاوارەکان وەردەگرن و زۆرجار مافی قسەکردن و بیروڕا

دەربڕینیان لێ زەوت دەکەن و قسەی نابەجێ دەدەنە پالیـان . بیروڕای دووەم کە زیاتر لەنێو ئاوارەکان دا باوە ، هـۆی ئاوارەبوون بە تەنیا دەگێڕێتەوە بۆ هێزەکانی کوردستان و شەڕی ناوخۆی نێوانیان و بەهانە بۆ دورکەوتنەوەی ئەوان لەکوردستان دەهێنێتەوە و ماف دەدات بە ئاوارەکان گشت نەریتە بەرزەکانی گەلەکەمان ڕەت بکەنەوە .

ئێمە لەم بوارەدا دەڵێین : یەکەم / ئاوارەیی کۆمەڵێك هۆ و فاکتەری کارلێك کردوی هەیە و ناشێ بەویستی تاکەکەسی دابنرێ و ڕاست نیە بەتەنیا بگێڕدرێتەوە بۆ کوردە ئاوارەکان یاخود بو هێزەکانی کوردستان . دووەم / ئاوارەکان هەموو یەك جۆرنیـن و لەبەر یەك هۆش نەهاتوونەتە دەرەوە ، تیایاندا هەیە بەویستی خۆی هاتۆتە دەرەوە و تیاشیان دا هەیە بەناچاری کوردستانی جێهێشتووە تیایاندا هەیە مرۆڤی خۆپەرست و دورەپارێز بوون تیاشیان دا هەیە تەمەنێکی زۆری خۆی بە خەباتکردن بردۆتەسەر . بۆیە ناکرێ هەموو بە یەك چاو سەیر بکرێن و بە یەك جۆر هەڵ بسەنگێنرێن . سێیەم / ئاوارەیی کوردەکان ئەمڕۆ بۆتە دیاردەیەکی گشتی و ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتوانی وڵاتەکەمان تەنیوەتەوە ، ئەوانەش هەموو بەشێك لەگەلەکەمان پێك دەهێنن و نابێ بەئاسانی دەست بەرداریان بکرێ .

ئینجا با بێینەوە سەر پرسیارەکەی خۆمان . هەمیشە پرسیاری « کوردە ئاوارەکان چیان پێدەکرێ ؟ » لەنێو کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبونەوە جۆراوجۆرەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دا دەربڕاوە و بەپێی جۆری تێڕوانین بۆ مەسەلەی ئاوارەیی و ئاوارەکان وەلامی جۆراوجۆری دراوەتەوە . ئێمە لێرەدا نامانەوێ بچینەوە سەر باسەکانی سەرەوە کە کاریگەری خۆیان لەسەر وەلامدانەوەکە هەیە ، بەڵکو حەزدەکەین بەپێی بیروڕای خۆمان وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە .

کوردە ئاوارەکان وە هەریەکە بەپێی بارودۆخی شوێنی نیشتەجێ بوونی نوێ و هەلومەرجی ژیان و گوزەران تیایدا ، دەتوانن بە کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ هەلسن . لەسەر ئاستی تاکەکەس دەتوانن زمانی شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ فێربن و بەهۆیەوە لەبوارێکی تایبەتی دا بخوێنن یاخود فێری کارێکی بەسوودبن بۆ خزمەتکردنی داهاتوی گەلەکەمان . هەروەها دەتوانن لەگەڵ مێژوو و شارستانیەتو باری پێشکەوتنی ئەو شوێنەدا ئاشنابن و سوود لە ئەزموونە جۆراوجۆرەکانیان وەربگرن . لەسەر ئاستی گشتی و بەکۆمەڵیش

دەتوانن بەشداری لە خەباتی دژی داگیرکەرانی کوردستاندا بکەن و دەنگی گەلەکەمان بگەیەنن بەرای گشتی جیهان و یارمەتی و کۆمەکی بەدەست بهێنن بۆ چەوساوەکانی گەلی کورد • هەروەها دەتوانن بەشداری لە خەباتی شۆڕشگێرانەی چەوساوەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی نوێدا بکەن و شان بەشانی ئەوەش زەمینەی دانەبڕان لە ڕوخسارە بنەڕەتیەکانی گەلەکەمان و خەباتی ڕەوای چەوساوەکانی کوردستان خۆش بکەن و پەیوەندیەکانی خۆیان بە کوردستانەوە پتەو بکەن •

ئەوەی شایانی باسە کوردە ئاوارەکان هێشتا نەیانتوانیووە وەك پێویست ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان بەرامبەر گەلەکەمان جێبەجێ بکەن و زۆربەیان گیرۆدەی دەستی ژیانی بەرخۆری، والئە سەرمایەداریەکان و گیروگرفتی داب و نەریت و ئالۆزی دەروونی و نالەباری هەلومەرجی سیاسی ئاوارەیی بوون • ئێستاش ئەرکی زۆر چاوەڕوانی هەموو دڵسۆزێکی گەل و نیشتمان دەکات وپێویستە لێبڕاوانە قۆڵی لێ هەڵماڵن و بکەونە کار بۆ ئەنجام دانیان • ئەوەش لەخۆ بوردوویی و خۆبەختکردن و ڕێزگرتنی بیروڕای یەکتری و هەبوونی زەمینەی دیموکراتیەت و یەکسانی و کۆمەڵێك فاکتەری تری گەرەکە •

## سەرچاوەکان


١) گۆڤاری " عالم الفكر " بەرگی حەڤدەهەم - ژمارە ١٩٨٦/٢ •
٢) گۆڤاری " دراسات عربية " ژمارە ٨-٩ تەموزی ١٩٧٧ •
٣) گۆڤاری " الفكر الديمقراطي " ژمارە ٢ بەهاری ١٩٨٨ •
٤) هەندێ بلاوکراوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان و عیراق •


* ئەم بابەتە لە کۆڕێکی مەڵبەندی کەلتوری کوردی لەدانیمارك لە بەرواری ١٧ ی ئەیلولی ١٩٨٨ دا خوێنرایەوە • پاش هەندێ دەستکاری بلاومان کردەوە •

کوردستان

# قوتابیانی کورد و سیستەمی خوێندن

## – چەند سەرنجێکی ڕاگوزاری –

فەرهاد پیربال

بۆ ئەوەی منیش بڵێم ، ئاشکرایە : تەنیا هەبوونی (قەوارەیەکی سیاسی و ( هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ) دەتوانێ داهاتووی خوێندن و ڕۆشنبیری ، وە چارەنووسی ڕۆحی هەر میللەتێک ( هەر میللەتێکی چەوساوەی وەکو کورد ) دابین بکات و بە سەر لە نوێ بیبووژێنێتەوە .

واتە سیستەمی خوێندن ، پەیوەندییەکی یەکدگیر و ڕلستەوخۆی بە سیستەمی سیاسی و ، لە سەرێکی دیکەشەوە بە جۆری سیستەمی سیاسییەوە هەیە ، واتە بە چۆنیەتیی نەخشە و پلانی ڕژێمی سیاسییەوە ! تەنیا ڕژێمی سیاسی و لێپرسراوانی سیاسی و پەروەردەییی ئەو ڕژێمە دەتوانن دەست لە کاروباری سیستەمی خوێندن وەربدەن و ئاڵوگۆڕی تیا بکەن و ، چۆنیەتی و ناوەڕوک و سروشتی سیستەمی خوێندن ـ لەو وڵاتەدا ، دیاری بکەن .

بۆ هەموو کەسێک ئاشکرایە : سروشتی خوێندن و . ناوەڕۆک و یاساکانی خوێندن ، لە ڕوژگاری ئەمڕۆی بۆ نموونە ( بەنگلادیش)دا هەمان ئەو ناوەڕۆک و سیستەمی خوێندنە نیە لەچاو بەنگلادیشی بەر لە سالانی (١٩٧١) واتە بەر لە سالانی سەربەخۆیی سیاسیی بەنگلادیش . بەنگلادیشی ئەمڕۆ ـ بە پێچەوانەی سالانی پێش سەربەخۆیی خۆی ـ



هەواڵنامەی کتێب

خەریکە بوونی نەتەوەیی و پێشکەوتنی شارستانیانەی خۆی ، لە هەموو بوارەکانی : زانست ، تەکنۆلۆژیا ، هونەر..... بۆ دنیا ، دەسەلمێنێ !

هەروەها لە هەمان کاتدا ئاشکرایە : سروشتی خوێندن و یاساکانی خوێندن و سیستەمی خوێندن ، وە بارودۆخی قوتابیان و خاوەن دیبلۆمە جۆراوجۆرەکان ، لە وڵاتێکی سۆسیالیستی وەکو هەنگاریا یا بولگاریا ، هەمان ئەو سروشت و بارودۆخ و یاسایانەی خوێندن نیە لە سوید یا لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا .

کەواتە سیستەمی خوێندن ، ئەمڕۆ لە جیهان دا ، بۆتە دیاردەیەك ، مەسەلەیەك ، بەماندوێ و نەمانەوێ – وەکو زۆربەی هەرەزۆری دیاردە و چالاکییە مرۆڤایەتییەکانی تر – خۆی لەناو چوارچێوەیەکی سیاسی و لەژێر کاریگەرێتیی سیاسەت دا دەدۆزێتەوە .

خوێندن و ئاستی خوێندن ، لە وڵاتێك دا – لەژێر کاریگەرێتیی پڕۆژەتیڤانەی وڵاتێك دا ، بۆی هەیە لە ماوەیەکی کەمدا چەندین فرسەخ پێش بکەوێت و بە شێوەیەکی ئۆرگانیکانە تەکان بە پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە بدات ، بۆ نموونە : ژاپۆن ، سۆڤیەت ، چین ، چیکۆسلۆڤاکیا ... هتد ، وە بە پێچەوانەشەوە لە وڵاتێکی خاوەن سیستەمێکی پەروەردەیی و سیاسی بۆگەن دا ، بۆی هەیە وەکو گۆمی پیس بمەیێت و تەنانەت ببێتە هۆی مایەپووچی و ، خەڵك لێی دوور بکەونەوە و هیچ نرخێکی بۆ دانەنێن و ، هیچ ڕۆڵێك بەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە نەبینێ ، بۆ نموونە : لە عێراق و ئێران و لە هەندێ ئاستەکانی ژیانی وڵاتە ڕۆژئاواییە سەرمایەدارەکانی وەکو فەڕەنسا ، ئەمریکا ، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ، سویسرا ... هتد .

لە دەولەتێکی وەکو فەڕەنسا : بۆ نموونە لە سەرەتای ساڵەکانی چەرخی بیستەمدا ، واتە لە ساڵانی بیستەکاندا ، ئەگەر کەسێك دیبلۆم یا بەکالۆریای لە فەلسەفە ، یا لە کۆمەڵناسی ، یا لە دەروونناسی ، یا لە ڕۆژنامەگەری یا لە سینەما .. هەبووایە ؛ دەیتوانی زۆر شتی گەورە بکات ، واتە دەیتوانی بە ئاسانیەوە پلەیەك ، پایەیەکی کۆمەڵایەتیی ، بەڕێوەبەرایەتی .. لە دایەرەیەك ، قوتابخانەیەك ، یا لە دامەزراوێك دا بۆ خۆی پەیدا بکات و کاربکات . بەڵام ئەمڕۆ – لە کۆمەڵگای فەڕەنسای ئەمڕۆدا – هەمان ئەو کەسەی خاوەن ئەو دیبلۆمە و ، تەنانەت خاوەن دیبلۆمی بەرزتریش : بێ ئیشە ،

هیچ پلە و پایە و ئیش و ناسنامەیەکی دەست ناکەوێ ؛ ناتوانێ بەشداری لە گۆڕانکاریی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا بکات .

سیستەمی خوێندن و ناوەڕۆکی خوێندن ـ لە فەرەنسادا ، وە لە بەشی هەرەزۆری وڵاتە ڕۆژئاواییە سەرمایەدارەکان دا ( بە پێچەوانەی هەرەزۆری ڕۆژهەڵاتی و سۆسیالیستەکان ) قوتابیی خاوەن دیبلۆم " تاکە کەس " ناگەیەنێتە هیچ پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری یا تەنانەت مرۆڤایەتیش ـ بام ئەم دیبلۆمەی چەندیش بەرزبێت ؛ ڕێگای ئەوەی پێنادا کە " ئەو گەنجینە تیۆری و ڕۆشنبیری و شارەزاییی خۆی " لە پێناو خەلکی تردا ، لەپێناو کۆمەڵ بەگەڕ بخات و ، بەشداری لە ڕێڕەوی " بنیاتنانی کۆمەڵ " دابکات .. نەک تەنیا بەس لەبەر ئەوەی کە لەو وڵاتانەدا کار دەست ناکەوێت و ژمارەیەکی زۆری دوو ملیۆنی و سێ ملیۆنیی " بێکار " لە هەر یەکێك لەو وڵاتانەدا هەیە ، بەڵکو لە هەمان کات دا ، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ؛ سەرتاسەری ئەو وڵاتە ڕۆژئاواییە سەرمایەدارانە ، قۆناغ و سنووری ئەوەیان تێپەڕاندووە کە حەوجەی " گەنجینەی تیۆری و ڕۆشنبیریی " تاکە کەس بن ، واتە ئاستی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و ئاستی پراکتیکی کار ، لە دەمێکەوە قەوارەی تیۆریانی و قەوارەی شارەزایی و ڕۆشنبیریی تاکە کەسی " قوتابیانی " بەجێ هێشتووە .

بەم شێوەیە ، کۆمەڵگا ڕۆژئاواییە سەرمایەدارەکان ، هیچ نرخێك بۆ قەوارەی ڕۆشنبیریی تاکە کەس و گەنجینەی تیۆری و شارەزاییی قوتابی ، دانانێن .

لە عێراق و ئێران و تورکیادا ، ئەگەرچی ناوەڕۆك و شێوەی ئەم گیروگرفتە سامناکەی خوێندن ، تا ڕادەیەك لەگەڵ ناوەڕۆك و شێوەی گیروگرفتی خوێندن ـ لە وڵاتە سەرمایەدارە ڕۆژئاواییەکان دا جیاوازە ، بەڵام ئەمڕۆ ، ناوەڕۆك و سیستەمی خوێندن ـ لە ئێران و عێراق و تورکیادا ؛ بە هەمان سامناکییەوە ، بە هەمان زەبر ، هەڕەشە لە ژیانی خوێندن و چارەنووس ودلهاتووی بە تایبەتی ( قوتابیانی کورد ) دەکات ؛ وە بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا و دووای درێژەکێشانی جەنگی ناڕەوای دوو دکتاتۆری " جمهوری ئیسلامی ئێران " و عەفلەقیە شۆڤێنییەکان ، بۆ نموونە ئەمڕۆ ، لە کوردستان دا ـ چ لە ئێران و چ لە عێراق دا ، قوتابیی کورد ( خۆ ئەگەر پێی نەکرێ زیە خوێندنەکەی خۆی تەواو بکات ، ئەوا دووای ئەوە ، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ

ڕێگای نەجات بۆ قوتارکردنی ڕۆحی خۆی بدوزێتەوە .. ) لەحالەتی تەراوکردنی خوێندنیشیدا ، بۆ نموونە هەر دکتۆرێك ، مامۆستایەك ئەندازیارێك ، لە جیاتی پراتیك کردنی تایبەتمەندی و ئیشەکەی خۆی ؛ پێویستە بچێ ناوی خۆی " لەلای ڕەئیس جاشێك " قەید بکات ، بۆ ئەوەی بتوانێ " بەشێوەیەکی ڕەسمی " ببێتە " سایەقی تەکسی ! " وەیان بتوانێ " دوکانی پاقلاوە فرۆشی " بکاتەوە !

ئەوەیە ! بارودۆخی خوێندنی قوتابیی کورد و سیستەمی خوێندن لە سایەی ڕژێمە دکتاتۆر و داگیرکراوەکانی وڵاتی ئێمەدا ، لە بارودۆخی سروشتی خوێندن لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان : تراژیدی‌تر نیە ؛ بەلام هەتا بڵێی قەشمەجارترە ! ناوەڕۆك و یاسا و سیستەمی خوێندن .. لە ئێران و عێراق و تورکیادا : گەورەترین قەشمەری و نوکتەیە ، کە ئەم ڕژێمانە بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و مرۆڤی کوردی دەکەن !

لە سەرەوەدا پەنجەمان بۆ خاسیەتێکی بنچینەیی بارودۆخی خوێندنمان کرد - لە ئەوروپای سەرمایەداریدا : مسۆگەر نەبوونی داهاتووی خوێندنی قوتابیان و دڵنیانەبوونیان لەوەی بتوانن لە داهاتوودا پایە و ڕۆڵێکی کۆمەلایەتی ، ئیداری ، پەروەردەیی لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا وەدەست بهێنن ، بۆ نموونە : لەمەدا پەنجای قوتابیی بوارە جۆراوجۆرەکان - لە فەرەنسادا ، ئومێدی ئەوەیان نیە دووای خوێندنیان ببن بە هیچ ، ئومێدی ئەوەیان نیە بتوانن بە ئاسانی کار بدۆزنەوە و خزمەتی کۆمەڵگاکەیان بکەن .

بەلام هەڵبەتا ئەم بارودۆخە دیاریکراوە ، بە گوێرەی قوتابیانی بێگانە ، قوتابیانی سەر بە میللەت و وڵاتانی‌تر ، بۆ نموونە " قوتابیانی کورد - کە لە ئەڵمانیا ، لە سوید ، لە دانمارك ، لە ئەمریکا ، لە بریتانیا ، لە نەمسا ... دەخوێنن ؛ هەمان بارودۆخ نیە . ئەو قوتابیانە ، چ ئەگەر لە ڕێگای بوورس و زەمالەوە ، چ ئەگەر بە پەناهەندەیی لەو وڵاتانەدا بژین ؛ خاوەن داهاتوویەکی ڕووناکترن ، خاوەن داهاتوویەکی دڵنیا و مسۆگەرن !

قوتابیی کورد - لە ئەوروپا ، ئەگەرچی لەوانەیە لەسەرەتای ژیانی لە ئەوروپادا ، یا لەوانەیە لە هەندێ ماوەی ژیانیدا و لە ئەنجامی کاریگەریتیی نێگەتیفانەی ژیانی ڕوژانەی ئەوروپیاء تووشی هەمان ئەو هەستی بێهوودەیی و بێ نرخی و بووچی و

زەبوونییەی مرۆڤی ئەورووپایی بێت ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ؛ پارچە پارچەبەییی وڵاتەکەی و پێداویستییە کۆمەلایەتیی و مرۆڤایەتییە گەورە و گرنگەو جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکەی ، ڕووبەڕووی بەرپرسی و ئەرکێکی مێژوویی گەورەی دەکاتەوە : بەرپرسی و ئەرکێکی گرنگەو بایەخداری ئەوتۆ ، کە لەوانەیە لە ئاستی تەنانەت هەموو مێژووی کورددا ؛ شتێکی تازەودەگمەن بێت ! بەرپرسی و ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتییانەی گرنگی ئەوتۆ ، کە ئەم قوتابیانە ، ئەم نەوەیە ، ئەم نەوە دەربەدەرو عەودالی زانستە ؛ ناو دەنێت : ئەلقەی گرێدەر ، ئەلقەی گەیەنەری نێوان دوو زەمەن ، دوو دنیا : دنیای تاریك و پارچە پارچەیی و دواکەوتوویی و بەدبەختیی ئەمڕۆمان و ؛ دنیای ڕووناکی و سەربەخۆیی و پێشکەوتن و سەرفرازیی داهاتوومان !

کۆمەلگای کوردەواری ـ لەهەر چوار پارچەکەدا (بە پێچەوانەی کۆمەلگای ئەورووپی ، کەهیچ نرخێك بۆ تاکە کەس ، بۆ توانا شاراوەکانی قوتابی ، بۆ قەوارەی ڕۆشنبیری و گەنجینەی تیۆریانەی تاکە کەس و قوتابی ، دانانی ) ؛ بەقەدەر سەرما و تاریکاییی هەموو گوندە بێچراو بێ کارەباکان ، بەقەدەر مەینەتی و نەخۆشییە کوشندەکانی ناو هەموو شار و دێهاتە دوورەدەستەکان ، بەقەدەر وێرانەیی و خاپوورکرانی سەرتلەری کۆشك و عیمارە و پرد و دوکان و خانووە وێرانکراوە بۆمبازەدەکان ؛ بەقەدەر سەرتاپای قەوارەی گەورەی ژێردەستەیی و دواکەوتوویمان .. پێویستیی بە تاکە کەس ، پێویستیی بە قوتابی ، پێویستیی بە گەنجینەی تیۆری و قەوارەی زانستی و ڕۆشنبیریی تاکە کەس و قوتابی هەیە : بە پزیشك ، بە ئەندازیار ، بە پسپۆڕی تەکنۆلۆژیا ، کنتوکاڵ ، پیشەسازی... هتد . ئەم پێویستییە دیاریکراوە مێژووییەش ، بە تەواوەتی یەعنی : خاسیەتێکی گرنگی پەیوەندیی ڕۆحیی نێوان مرۆڤی کورد و نەتەوەکەی ، مرۆڤی کورد و نیشتمانەکەی !

هەر گۆڕانکارییەك ، چ لە ڕووی شێوە ، چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کە بەسەر سیستەمی خوێندن لەهەر وڵاتێکدا دێ ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییە جۆراوجۆرانەی کە لەو کۆمەلگایەدا ڕوودەدەن ، بۆ نموونە : ڕادەی بەرزبوونەوەی بێ ئینی ، ڕادەی بەرزبوونەوەی پێویستیی دەستی کرێکار ، سروشتی پێداویستییە تەکنۆلۆژی و تەندروستی و بەرێوەبەرایەتیی و کۆمەلایەتییەکان ، بەرزبوونەوەی پلەی تەنگوچەڵەمە سیاسیەکان ،

جەنگ ... هتد ، هەموو ئەوانە ؛ کار لە سیستەمی خوێندن و ناوەڕۆک و سروشت و یاساکانی خوێندن ـ لەهەر وڵاتێکدا دەکەن . واتە ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتن و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان .. وا لە پیاوانی سیاسیی هەر ڕژێمێک دەکەن کە بێن بە شێوەیەکی دیکە ، بە شێوەیەکی جیاواز ( ئیتر چ بە شێوەیەکی لە بەرژەوەندیی گەل دا ، چ بە شێوەیەکی دژی بەرژەوەندیی گەل ) نەخشە و پلان بۆ خوێندن و داهاتووی قوتابیان دیاری بکەن .

چونکە ئاشکرایە خوێندن ـ بە هەموو شێوە و بەشەکانیەوە ، لەژێر کاریگەرێتییە سیاسی و سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان دا ، واتە ( لەناو کۆمەڵگادا ) ، ( لەناو ژیان دا ) ؛ لە ئەنجام دا: خۆی تەرجەمەی سەر پراکتیکی ژیان دەکات و بە شێوەیەکی زۆر دیالەکتیکی و ئۆرگانیکیانە تێکەڵ بە دیاردە و چەمکە واتاییەکانی ژیان دەبێت .

ئەمڕۆ لە عێراق و ئێران دا . سەبارەت بەو هەموو گیر و گرفت و تەنگوچەڵەمە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی لەم دوو وڵاتە لە ماوەی هەشت ساڵی جەنگی وێرانکارانەی نێوان خۆیان دا بینیویانە ؛ سیستەمی خوێندن و سروشت و ناوەڕۆک و یاساکانی خوێندن ، هەروەها ڕۆشنبیری و زانست و نرخی زانست ، بە سامناکترین قۆناغەکانی هەرەسهێنانی خۆی دا تێپەر دەبێ . لێرەدا بێهوودەیە باسی بەرنامەو ناوەڕۆکی دواکەوتووانە و پووچ و پەرپووتی ( خوێندن ) لەم دوو وڵاتەدا بکەین ، وە بێهوودەیە قایمەو لیستە و بەڵگەنامەی ئەو تاوان و خراپەکارییانەی دەرهەق بە قوتابیانی کورد و سیستەمی خوێندن لەم دوو وڵاتەدا دەکرێن ، پێشچاو بخەین ، وە بێهوودەیە ئەو هەقیقەتە ئاشکرا و ڕۆتین و هەم تراژیدییە ، دووبارە بکەینەوە و بڵێین : ( خوێندن ) لە کوردستان دا ، هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ ، لەژێر سایەی ڕژێمە دکتاتۆرەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریادا ، واتە مەرگ ، بەرەو وێرانی ، بەرەو نەزانین؛ خزمەتکردنی ئەو ڕژێمە بێگانە و دکتاتۆرانە ، وەیانیش سەرشۆڕکردنێکی زەبوونانەی پڕعەیب و عاری خۆبەدەستەوەدەر !

هەمیشەش ، تاوەکو ئەمڕۆ ، هەمان یاسا ، هەمان سیستەم ، هەمان ناوەڕۆک .. خۆی دووبارە و دووبارە و دووبارە دەکاتەوە !

ئەگەر کەسێک بیەوێ " سیاسی بوونی سیستەمی خوێندن " بۆ خۆی بسەلمێنێ ، باشترین شت وایە وڵاتەکانی تورکیا و

عێراق و ئێران و سووریە بە نموونە وەربگریٚ، بۆ نموونە لە لە تورکیا و سووریە و ئێران دا ، تاقە دیاردەیەك ، تاقە پاسایەك ، هەر لە ڕۆژگاری دروستبوونی سیاسیی ئەو دەوڵەتانەوە تاوەکو ئەمڕۆ ـ کە وەکو خۆی ماوەتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە : دیاردەی " نەك هەر سیاسی بوون ، بەڵکو" شۆڤێنی بوونی سیستەمی خوێندنی ئەو وڵاتانەیە دەرهەق بە قوتابیانی کورد لەو وڵاتانەدا .

قوتابیی کورد ؛ لە هەموو ئەم وڵاتانەدا ، هەر لە یەکەمین ڕۆژی دەسپێکردنی خوێندنییەوە ، بیەویٚ و نەیەویٚ : ناچاردەکریٚ کە بە زمانێکی غەیری زمانی خۆی ، بە زمانێکی غەیری زمانی نەتەوەکەی دەست بە خوێندن بکات " بۆ ئەوەی نەتوانیٚ ئەو عیلم و مەعریفەتەی فێری دەبیٚ ، لە داهاتوودا بیداتەوە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆی "، بۆ ئەوەی نەتوانیٚ خزمەتی زمان و ڕۆح و بوون و گیان و داهاتووی نەتەوەکەی خۆی پێبکات ، بۆ ئەوەی ناچار بکریٚ " لە هەمان چوارچێوەی سیاسیدا " بمێنێتەوە و ؛ خزمەتی نەتەوە باڵادەستەکەی دووەمی پێبکات .

ئەمڕۆ لەسەدا نۆهەت و پێنجی گوند و دێهاتەکانی هەرچوار پارچەکەی کوردستان ؛ لە جاران گەلێك سامناکتر و لێقەوماوانەتر کە بێ قوتابخانە و بێخوێندن و بیٚ مامۆستا بوون ؛ بوونەتە خۆراکی بۆمبا و چەکی قورس . لە شارەکانیشدا ( وێڕای ئەو بەرنامە و ناوەڕۆکە نزم و پووچ و تەقلیدیی و بۆگەنەی کە لە لایەن لێپرسراوانی سیاسی و پەروەردەییی ئەو ڕژێمانەوە بەسەر سەرتاپای ئاست و بەشەکانی خوێندن دا سەپێنراوە) چەندین بەشی خوێندن ، لەوانە : بەشی ڕۆژنامەگەری ، خوێندنی سەربازیی باڵا ، فرۆکەوانی ، زانستی سیاسەت ، ڕاگەیاندن ، سینەما ، تەلەفزیۆن ... یا ئەوەتا بۆ قوتابیی " کورد " قەدەغەن ، قوتابیی کورد ناتوانیٚ لەو بەشانە وەربگیریٚ ، وە یانیش " ئەگەر " " لە هەندێکیان دا " وەربگیرێت ؛ پێویستە ببێتە چڵکاوخۆر و سەرشۆڕی ئەو حزبە فاشی و شۆڤێنیانە و لە ئەنجامدا : خزمەتی ( نەك نیشتمان و نەتەوەکەی ) بەڵکو خزمەتی دەستەیەك ، یا چینێکی بۆرژوای شۆڤێنیی عەرەب یا تورك یا فارس بکات .

بەم شێوەیە ، دەبینین : سیستەمی خوێندن و فەرهەنگیٚ ـ بۆ قوتابیانی کورد لەم وڵاتانەدا ، لە جیاتی ئەوەی بەرەو یەکبوونێکی ڕۆحی و چارەنووسیانەی هاوبەشیان بەرێت ، هەڵەتەی

ڕێگای لەیەك جیابی و لێکترازانی ڕۆحی و شارستانیانەیان دەکات !

دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەکانی تورکیە و ئێران و عێراق و سووریە ، دەرگا و ئاسۆکانی خوێندن و پەرەسەندنی خوێندن و پێشکەوتنی زانستییان ، لە ڕووی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە تەواوەتی داخستووە . ئەمڕۆ ، لەهەر چوار پارچەکەی کوردستاندا ، قوتابیی کورد ، نە لەسەر مەسرەفی خۆی و نە بە ڕێگای بوورس و زەمالەی دەوڵەتییەوە بۆی نیە ( لێی قەدەغەکراوە ) کە بچێ لە وڵاتێکی تردا ، لە وڵاتێکی ئەورووپیدا بخوێنێت و سوود لە سیستەم و ناوەڕۆك و پێشکەوتنی خوێندن و زانستی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرێ . ئەمە لە کاتێکدا وڵاتێکی وەکو (ژاپۆن) هەر ساڵێ چەندین هەزار قوتابیی کچ و کوڕی ژاپۆنی ، بە زەمالە و بوورس ، دەنێرێتە وڵاتەکانی وەکو فەرەنسا و ئەمریکا .. بۆ فێربوونی شتی تازە ، بۆ سوود وەرگرتن لە زانست و شارستانیەتی ڕۆژئاوا ؛ تەنانەت بۆ دەورە و کۆرس و ستاژی زۆر سادە و زۆر ساکار : بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی گوڵ ، دیکۆری ناوماڵ ... هتد ، وە لە کاتێکدا هەموو وڵاتێك ، هەموو دەوڵەتێك: کۆلۆمبیا ، بەرازیل ، سوودان ، نیپال ، پاکستان ، بەنگلادیش ، یەمەن ، کوێت ... هەر ساڵە و سەدەها قوتابی ، لە ڕێگای بوورسی دەوڵەتیانە ، ڕەوانە دەکەنە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژئاوا ـ لەپێناو سوود وەرگرتن لە ئەزموونە فەرهەنگی و زانستیەکانی وڵاتانی ئەورووپا !

دیاردەی خوێندن ـ لە هەندەران ، یان با بڵێین دیاردەی زەمالە و بوورسی خوێندن ـ لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا ، دیاردەیەکی هێندە کۆن نیە . مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی هەستکردنی وڵاتە دواکەوتووەکان بە پێداویستیی فەرهەنگی و کەم و کورتیەکانی خۆیان ، لەپێناو سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژیی ئەورووپا و پەرەپێسەندنی ژیانی خۆیان .

کەواتە ، خوێندن : نۆکسجینی ژیانی کۆمەڵگایە ! نۆکسجینی بووژاندنەوەی هەموو ئاست و بوارەکانی ژیانی میللەتە !

ئەم ڕاستییە گرنگ و بایەخدارە ، بەر لە چەندین ساڵ پێش ئەمڕۆ وە ، تەنانەت هەر لە سەردەمی بنەماڵەی بەدرخانیەکانەوە ، پەنجەنوماکراوە و وروووژاندراوە .. بەڵام لەگەڵ ئەوەش ، تا بە ڕۆژی ئەمڕۆ ڕادەگا ، قوتابیانی کورد ، نەیانتوانیووە ، بیان

بۆیان نەڕەخساوە سوود لە ڕۆشنایی و ناوەڕۆکی ئەم ڕاستییە وەربگرن .

ئەمڕۆ لە کاتێکدا دەرگاو ئاسۆی خوێندن ، لە هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان دا ، لە ڕووی قوتابیانی کورد داخراوە ؛ ئەم چەند هەزار قوتابییە کوردە پەناهەندە و ئاوارانەی وڵاتەکانی ئەوڕووپا و ئەمریکا .. پێویستە زۆر خەمخۆرانە ، زۆر ئەمەکدارانە ئەرکی ڕۆشنبیرانە و نەتەوەییانەی خۆیان بناسنەوە ؛ پێویستە ئەم لە ئەوڕووپا بوونەیان بە هەل و فرسەتێکی گەورە و بایەخدار بزانن - بۆ سوود وەرگرتن لە شارستانیەتو ، ناوەڕۆکی زانستو فەرهەنگو تەکنۆلۆژیای وڵاتە ڕۆژئاواییەکان . وە هەوڵ بدەن ئەو بەشە خوێندنانە بۆ خوێندن هەڵبژێرن کە لە کوردستان دا بۆ کورد قەدەغەبوون و نەیاندەتوانی لەو بەشانەدا بخوێنن ، وەیان ئەو بەشە خوێندنانەی کە لەگەڵ کەم و کورتی و پێداویستییە گرنگەکانی کۆمەڵگای خۆمان یەك دەکەونەوە ، لەوانە : تەکنۆلۆژیا ، پیشەسازی ، کشتوکاڵ ، ڕاگەیاندن و چاپەمەنی ، هونەرباری ، سیاسەت ، سینەما ، تەلەفزیۆن ...

لە سەرێکی تریشەوە ، حزبە سیاسی و ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ، هەروەها کۆمەڵە و مەڵبەند و بنکەو فیدراسیۆنە کوردی و کوردستانیەکان - لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوادا ؛ ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە هەوڵ بدەن مافی ( هەر ساڵێك و چەند بوورسێك ) بۆ خوێندنی قوتابیانی کورد - لەو وڵاتانەدا وەربگرن و دابەشی بکەنە سەر ئەو قوتابییە بێدەرەتان و لاکەوتە و ئاوارانەی کە لە هەندەران : لە سووریە ، ئێران ، تورکیا ، ئەفغانستان ، نەمسا ، سویسرا ، بریتانیا ، ئەڵمانیا .. بێ ناسنامە ، بێ مافی پەناهەندەیی ، بێ داهاتوو ، خەریکە عومریان ، ژیانیان ، داهاتووی خوێندنیان .. هەرەس دەهێنێ و بەرەو نەمان دەڕوا !

لەپێناو ئەوەی هەموو لایەکمان ، لە ئاوارەییدا ، ئەرکێکی چارەنووسی هاوبەش کۆمان بکاتەوە : تێکۆشان لەپێناو ڕووناککردنەوەی ڕێی داهاتوومان ..

فەرەنسا

٦/٦/ ٩٨٨

ئابوری

# مۆنۆپۆلیەت سیمای ئیمپریالیزم

## سەردار

لەناوچوونی رژێمی دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی رژێمی سەرمایەداری لە ناوکی رژێمەکەی پێشووەوە ، زەمینە و شانۆی پراکتیکی تیۆرە زانستی و ڕوانگە چینایەتیەکان بوو. پشتبەستن بە دیالەکتیکی مێژوویی و کێشەی چینایەتی و کێشمە کێشی تازە وکۆن و بەرجەستەبوونی خاوەندارێتی تایبەتی و ... هتد ، بوونە پێویستیەکی لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوە مێژوی سیاسیەکان ... سەرمایەداریەت بە مەبەستی مانەوەی سود و سەرخستنی ئاستی زیندەبەهایی و وەبەرهێنانی چرتری خەڵکی بە تایبەتی لە وڵاتانی سێهەمدا ، پێویستی بە پەلەقاژێ و بیرکردنەوە لە چۆنیەتی ململانێ و دژایەتی ڕۆژانە بە سەربازگای سۆسیالیستی وهەروەها سەرکوتکردنی کڵپەی دەنگی سەربەخۆی ئابوری و سیاسی بوو . یاسا بابەتی و خودیەکانی ئەم قۆناغە پێویستی ئاڵوگۆڕ و جێگرتنەوەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی لە شێوازێکی کۆنەوە بۆ تازەتر دەخستە ڕوو. رژێمی سەرمایەداری بەرامبەر بەرفراوانبونی ئاستی جوگرافی و سنووری ئابوری ، خۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی پێویست بوو . سەرمایەداریەت پاش ڕوبەڕوبونەوەی چەندەها بواری تازە لە گۆڕەپانی سیاسی و ئابوری جیهان و دروستبونی چاوکردنەوەی خەڵکانی ئازادیخوا و تێگەشتن لە هەڵوێستی ناوەرۆك پیس و چڵێسی ئەم رژێمە ، جگە لە چەندەها تێکەڵ بوونی ڕێگەکانی

هەواڵنامەی کتێب

خەست بوونەوەی وەبەرهێنان و ... هتد ، دەبوایە پێی بنایەتە قوناغێکی نوێوە کە لە سیما و ناوەڕۆك و سروشتیەتی هەولدانیدا شێوازێکی تازە و قولتری هەبێت ، ئەویش قۆناغی بە مۆنۆپۆلیکردنی جیهان و بازاڕە و لینین واتەنی ، بالاترین قۆناغی سەرمایەداریەتە ... لەم کورتە باسەدا هەولدەدەین دینامیکیەتی پرۆسێسی بە مۆنۆپۆلی بوونی ئابوری بخەینەڕوو .

سەرەتا گومانی تێدا نیە کە دەسکەوتی سەرمایە لە ئەنجامی خستنەگەڕو کەلەکەبوونی سەرمایەدا ، هاوپەك بەسەر سەرجەمی سەرمایەدارەکان دا دابەش نابێت و هێواش هێواش دەبێتە هۆی دروستکردنی پێش بڕکێ لەنێو سەرمایەداران دا . ئەم پێش بڕکێیەش ، سودی زیاتر دەداتە باوەشی چەند کۆمپانیایەك و بەهێزیان دەکات ، پاشان مۆنۆپۆلە بە تواناکان ، بێهێزەکان ناچار دەکەن کە ببنە ژێردەستە و لە دوایی‌دا گۆڕەپانیان پێچۆل بکەن . کۆمپانیا مۆنۆپۆلە گەورەکانیش جارێکی‌دی بەرامبەر پێش بڕکێیەکی چڕتر دەبنەوە و لە قۆناغێکی بالاتردا چەندانێکی تریان قووت دەدرێن ... کەواتە پێش بڕکێ،کەلەکەبوونی سەرمایەی دروستکرد و ئەمیش بووە هۆی پێش بڕکێی بە هێزتر .

لینین ، سەبارەت بە کەلەکەبوونی سەرمایەی ولاتانی سەرمایەداری کە لە کۆتایی سەدەی (نۆزدەهەم) دا پەرەی‌سەندە، لێکۆلینەوەیەکی تایبەت و یەکەم هەنگاوی گەورەی خستۆتەگەڕ ... وا ڕادەبینێ کە لە قۆناغی مۆنۆپۆلیەت و قۆرغ دا ، کەلەکەبونی سەرمایە بەرجەستە دەبێت و مۆنۆپولە پیشەسازیەکان لەسەرانسەری بازاڕدا دەسەلاتی ڕەها و تەواویان دەبێت ... گەرچی لەم ماوەیەدا ، ژمارەی مۆنۆپۆلە خاوەن سود و قازانجە خەیالیەکان هێندە نەبوون و ئەم زاراوەیە تەنها دەدرایە پال ئەو کۆمپانیا گەورانەی کە زۆربەی بازاڕیان لەژێردەست‌دا بوو، بەلام لە سالەکانی سێ‌چارەکی سەدەی نۆزدەهەم‌دا کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا بەخێرایی گەشەیان کرد و بازارە ناوخۆییەکان نەی دەتوانی هەموو بەرهەم و سەرمایەکانیان بگریتە خۆ . کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی ( فەڕەنسا و ئینگلستان و ئەلمانیا ) سنوری ئابوری خۆیان دیاری‌کرد و دیاردە گومرگی و ناوەڕۆکی واقیعی مۆنۆپۆلی ( پێش بڕکێ COMPETITION ) یان خستە ژێر چاودێرییەکی توندەوە . لەم‌لاشەوە ، ژمارەیەك مۆنۆپۆلی گەورە خۆی ترجاندە ناو کیشوەری ئاسیا و ئەفەریقاوە و ئەو ولاتانەی کە دەیانویست دوور لە چەرداخ و چورتمی

سەرمایەداریەت گەشە بکەن ، بە چەند کۆمپانیایەك ، بازارەکانیان تەنرا و ناچاربوون کە ڕووبەڕووی کێشە و مل ملانێی سود و قازانج ببنەوە . سەرمایەداریەت ، بە بەهانەی پتەوکردنی ( ئاسانی ئابوری ) و مەیسەرکردنی کەرەسەی خاوی پێویست بۆ کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی ، دەستیان کردە هێرشبردنی گەورە و دڕندانە ، کە هێرشی سەردەمی داگیرکەری نوێ بوو ... ئیمپریالیزم ( سەرمایەداری نوێ ) : بەرزترین قۆناغی سەرمایەداریەت لەدایك بوو . ئیمپریالیزم هەر ئاست و پلەوپایەیەکی بەرزتری سەرمایەداریەتە و توانیویەتی گۆڕانی چەندایەتیQUANTITATIVEو چۆنایەتی QUALITATIVE لە ڕوخسار و ناوەڕۆکیدا بە شێوەیەکی نوێ تر بخولقێنێت . پەلاماردانی وولاتانی دواکەوتوو بە گشتی و وولاتانی جیهانی سێهەم بە تایبەتی ، دەرفەتێکی شیاوی بۆ دەستکەوتنی کەرەسەی خاو ( نەوت ) و چەند پێویستیەکی گرنگ و فراوانکردنی بازاڕ بۆ بەرهەمی مۆنۆپۆلەکان ڕەخساند و توانرا سەرمایەیەکی زیاتر بخرێتەگەڕ و کەڵەکەبونی سەرمایە بگاتە رادەیەك کە زۆر زیاتر بێت لەو کەڵەکەبونەی لەناوخۆدا دەستیان دەکەوت ... سەرمایەداری نوێ ، لە سەری پێویست بوو کە بیرێك لە دابەزینی نرخی قازانج PROFIT و مل ملانێی نێوان سەرمایەداران بکاتەوە ... بۆ ئەمەش لەو دابەشکردنەی جیهان کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا کرابوو ، چەند وڵاتێکی ئیمپریالیزمی هەستیان بە بەشخوراوی دەکرد و داوای سەرلەنوێ دابەشکردنی بەرهەم و سامانە سروشتیەکانی جیهانیان دەکرد ... ئەوەبوو ئەم ڕاستیە لە چاکترین بەڵگەدا کە هەڵگیرساندنی یەکەمین جەنگی جیهانی ( ١٩١٤ ـ ١٩١٨ ) بوو بەرجەستەبوو . ئەفریقا لە ئەڵمانیا سەنرایەوە و درایە دەست سەرمایەدارانی تازە . لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا ، لەگەڵ ئەوەی خرانەگەڕی سەرمایە چڕتر بوەوە و ناردنە دەرەوەی کەلوپەل زیاتر بوو ، بەڵام ڕوە و مەڵبەندی سەرمایەداریەت جۆرە چونەیەك و خاوبونەوەیەك سەری هەڵدا . لەساڵی ( ١٩٤٥ ) و ساڵەکانی دوای دوەمین جەنگی جیهانیدا چەند گۆڕانێکی سەرەکی و هەمەڕەنگ ڕویدا و بۆ تازەکردنەوەی ئابوری سەرمایەداری پێویست بوو بەرامبەر چۆنیەتی کەڵەکەکردنی سەرمایە و ئەو نەبوونی و کێشە ئابوریانەی کە ترسی سەرهەڵدانی قەیران و هەڵنەوسان و نەبوونی سەرتاسەری لێدەکرا ، سیاسەتی هێمن کردنەوەو وازهێنان لە دابڵۆسینی ڕاستەوخۆی فاشستیانە بگرنە بەر ... سەرەنجام

گەشەیەکی توندڕەو کەڵەکەبونی زیاتری سەرمایە و سەرکەوتنی سەیری سیاسەتی ناردنە دەرەوەی کەلوپەل لەلایەك و ڕێگەیەکی تازە و نوێ بۆ خستنەگەڕی سەرمایەو چڕبونەوەی سەرمایە لە لاکەی ترەوە مەیسەرکرا • وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلستان ، بەر لە هەموو ئەم ئەشونما و گەشە نوێیەی وەرگرت و پاشان ژاپۆن و چەند وولاتێکی ئەوروپای ڕۆژاواشی گرتەوە ••• فەرەنساش کە لە دوای ساڵەکانی (١٩٦٠)ەوە توانی لە ئاستی وولاتانی پیشەسازی گەورەدا بوەستێ ، پاش ماوەیەکی کەم توانی لەم ئەشونما و گەشە تازەیە دا بەشداربێت •

بربڕەی پشتی تێکەڵبونی کۆمپانیاکان و هەڵوەشان و ململانێ و سەرلەنوێ کارتل دروستکردن و ئەو سەرمایەیە بوو کە لە دەرەوەی مەڵبەندەوە بەدەست دەهێنرا • شایەنی باسیشە کە نابێت جوڵانەوەی ئازادی خوازانە و هێزی بەرگری نەتەوەی لە ئاسیا و ئەفەریقای ئەو سەردەمەدا پشت گوێ بخەین کە ئاگرێکی بەتین و کڵپەداری لە بەرامبەر چاوچنۆکی ئیمپریالیەت دا کردبوەوە ، بەڵام ئەفسوس ، کۆتایی کڵپەی ئازادی خوازانەی زۆر لە وولاتەکان لە ڕێگەی لێدوان و ئاشتبونەوەوە دامرکایەوە و تەنها بە سەربەخۆیەکی ڕوکەش خانەنشین بوون • ئەم سەربەستیە ڕەنگ کراوەش تا ئەمڕۆ هەڵویستی بەکلك بوون و بە خوڕایی بردنی سامانی وولاتانی سێهەمی خستۆتەوە•کۆلۆنیالیزم بەرامبەر بارودۆخی تازە ڕوخسارێکی تازەتری وەرگرت و بەهۆی وولاتانی ( خاوەن سەربەستی ڕوکەش )ەوە کە هەمیشە نۆکەری ئیمپریالیزم بوون ، درێژەی بە ویست و ئارەزوو بنەمای داگیرکەرانەی خۆی دا • مۆنۆپۆڵیەت ( ئیمپریالیزم ) جیاوە نێنی سەرمایەداری سەدەی نوزدەهەمن و خاوەنی گۆڕانکاری و نیازی توندتری داگیرکەرانەن ••• تەنها سووکە تێپەڕبونێك بەسەر ڕۆنیەتی کەڵەکەبونی سەرمایە و هەڵسوکەوتی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان دا ، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە مۆنۆپۆڵیەت تەنها کەرتی پیشەسازی نەگرتۆتەوە ، بەڵکو بانکەکان شوێنی خەیاڵو بیرکردنەوەی سەرەکی سەرمایەدارە گەورەکان بووە ( واتە گەشەی توندڕەوی بانکە فرە سەرمایەکان ) • سەرمایەدارانی ئەم قۆناغە ( ئیمپریالیەت ) خاوەن بانکی تایبەتین و چەندەها جۆری پەیماننامە و بەڵێنی ئابوری یان بۆ زیاتر چڕبونەوە و خستنەگەڕی سەرمایەکەیان هەیە ، بەڵام ڕوانگەی سەرەکی دەوڵەمەندکردنی سەرمایەدارەکان ، کەرتە پیشەسازیەکانە •••

کەواتە ڕێگر و بەربەستی نێوان سەرمایەیی دارایی ـ FINANCE CAPITAL و سەرمایەیی پیشەسازی نەما و ئەو سەرمایە دارایی بەشی کە لە کەرتی پیشەسازیدا خرایەگەڕ ، جارێکی تر بەڕادە و ئاستێکی زیاترەوە سەرمایەیەی خستەوە ... بە پیشەسازیکردنی سەرمایە مەبەستی سەرەکی کۆمپانیا زەبەلاحەکانە و بەردەوام دەیانەوێت زێدە سەرمایەی ئەو کۆمپانیا کۆنەکان لە پیشەسازی نوێدا بخەنەگەڕ و لەگەڵ سەرمایەی بانکی ( کۆمپانیای فرە بەشی ناوەندی ـ HOLDING COMPNY ) دروست بکەن ، کە ئەمەش سیاسەتی بەرجەستەکراوی ئیمپریالیەتە . سەرمایەدارە خاوەن بانکە گەورەکان ، کە خاوەنی ئیمپراتۆریەتی ستنەگەری سەرمایەکانیانن ، قازانج و سودێکی بێپایان بە دەست دەهێنن و ڕۆژ دوای ڕۆژ کۆمپانیای قورستر و گەورەتر دروست دەکەن و بازاڕ دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە ( واتە ئولیگارشیەت دروست بوو ) . میکانیزمیەتی ئابوری ئیمپریالیزم بەڕاستییەکی گومان لێنەکراو جیادەکرێتەوە کە بریتییە لە کێشمەکێشی کەرتەکانی پیشەسازی و دارایی و بازرگانی ... ئەم دیاردەیەش ئولیگارشیەتی فرە سەرمایە و ژمارە کەم ، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەرجەمی جموجۆڵی ئابوری یان لە ژێر دەستدایە ، دروست دەکات . سەرمایەدارە کەم دەسەڵات و ناوەندییەکان وردە وردە و لەسەرخۆ مافی دانیشتن وکێشانی نەخشە ئابورییەکانی کۆمپانیاکەیان نامێنێت و ناتوانن وەکالەتی لاوەکی بۆ کردنەوەی کۆمپانیای بەشی بکرن و سود و قازانجیان دادەبەزێت . خاوەن سەرمایەکان بە هۆی کردنەوەی کۆمپانیای لاوەکییەوە ڕادەی کەڵەکەبونی سەرمایەکەیان زیاتر دەکەن و جارێکی تریش ئەو کۆمپانیا لاوەکیانە کۆمپانیای بەشی سەربەخۆیان دروست دەکەن و سەرەنجام مۆنۆپۆلیەتییەکی تایبەت بە شمەك و بەرهەمهێنانێکی تایبەتی دەخەنەوە ... بۆ نموونە ئەگەر سەرمایەدارێك بە ( ٪٣٣ ) ی سەرجەمی سەرمایەیەی کۆمپانیایەکی گەورە بەشداری کردبێت ، بابڵێین ئەم کۆمپانیایە (A) ناوی بێت ... بە ئەو لە ( ٪٣٣ ) ی سەرمایەیە دەتوانێت کۆمپانیایەکی سەربە (A) وەك (A1) دروست بکات ، ئەمیش واتە (A1) بە هەمان ڕێژەی سەرمایە کۆمپانیای (A2) دەخاتەوە و ... هتد سەرەنجام پێدەچێت (١٠٠٠) دەزگای مۆنۆپۆڵی خاوەنی (٥٠٠٠ یا ١٠ ٠٠٠ ) بگرە زیاتریش لە کۆمپانیای لاوەکی بێت ... لە ساڵی (١٩٧٣ ) دا کۆمپانیای دارایی سوێز

(SUEZ FINANCE COMPANY) و بانکی (هیندۆچین BANK OF - INDOCHINA) دەریانخست کە سەرپەرشتی زیاتر لە (٢٠٠ - ٤٠٠) کۆمپانیایان کردووە .

مۆنۆپۆلیەتی بانك و پیشەسازی رۆژ دوای رۆژ چڕتربوونەتەوە توانییویانە رێگرە سنوریەکانی نیشتمانی ببڕن و کۆمپانیایی فرەنەتەوەیی MULTINATIONAL دروست بکەن . ئەم مۆنۆپۆلانە، کۆمپانیای گەورە و سەرمایەداریەکانن ، کە رێژەوی بەربلاوی و جموجولی خۆیان لە وولات و کیشوەری رەسەنی خۆیان تێدەپەڕێت و لەسەراپای جیهان دا دەسەلاتیان پەیدا کردووە ... گەورەترین کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی جیهان ژمارەیان (٢٠٠) دانەیە و زیاتر لە (٢٠) وولات دا کۆمپانیای لاوەکیان دروست کردووە .

ژەنەراڵ ئەلەکتریکی فەرەنساوی (COMPANIE GÉNÉRALE DE ELECTRICITÉ) کەمۆنۆپۆلیەتێکی مام ناوەندییە ، لە سالی (١٩٦٩) دا دانی بەوەدانا کە زیاتر لە (١٠٠) وولات دا دەسەلاتی راستەوخۆی هەیە . (سیتی بانك . ان . ا . CITIBANK , N , A) کە بانکێکی بازرگانی مولگە (نیویۆرك) ، ، هەمیسان لە (١٠٠) وولاتدا دەست و دایرە و بانکی بەشی سەربەخۆی هەیە . کەواتە راستە گەر بلێین زۆربەی کۆمپانیا رەسەنەکان و نزیکەی زۆربەی مۆنۆپۆلە گەورەکان ، کۆمپانیایی فرەنەتەوەین TRANSNATIONAL . ناودارترینی ئەمانەش ، ئەو کۆمپانیا پیشەسازییە گەورانەن کە سودی سەرمایە و بەرهەمەکانیان لە زۆربەی جیهان دا دەخەنەگەڕ کۆمپانیای مۆنۆپۆلی ئەلەمنیۆمی فەرەنساوی (پشین PECHINEY) نمونەیەکی پڕ بەپڕی ئەو راستییەیە و لە سالی (١٩٧٢) دا رێژەی (٤٤٪) بەرهەمهێنانی لەناو خودی فەرەنسادا بووە و (٥٦٪)ی ماوەی لە (٥) وولاتی جیهان ، وەك وولاتە یەککرتوەکان و کامیرون دا بەدەست هێناوە . وولاتانی جیهانی سێهەم (تازە گەشەکردوو) بەردەوام مەبەست و ئارەزوی ئەم کۆمپانیایانە بوون و گەربەرێژە ئامارێکی کۆمپانیا مۆنۆپۆلە گەورەکان لە ولاتانی جیهانی سێهەم و ولاتە پیشەسازییەکان دا بکەین ، بۆمان دەردەکەوێت کە رۆژ دوای رۆژ لە ولاتانی تازەگەشەسەندودا زیاتر دەبن و بنکە سەرەکیەکانیان دەهێننە ئەم ولاتانەوە...

کۆمپانیا مۆنۆپۆلیە گەورەکان ، جۆرە پەیوەندییەکی نێونەتەوەی لەنێوان بەشەکانیاندا دروست دەکەن و زۆرجار کۆمپانیایەکی لاوەکی لە ولاتێکی دیاریکراودا قوربانی بەرادەیەك قازانج و سود و بەربلاوی خۆی دەدات ، بێگومان بە مەبەستی مەبەسەرکردنی



هەواڵنامەی کتێب

ئەو تەختەیەی کە مەلبەند بۆی کێشاوە ، دیارە ئەم هەڵوێستانەش یەکەم بۆ زیاترکردنی دەسەڵات لە بازارەکانی جیهان و دوهەم بۆ خێراترکردنی سەرمایە و کەڵەکەی قازانجە ، لەسەراپای وڵاتاندا و بە شێوەیەکی تێکڕای هەرگیز زیان ناکەن و بگرە سودیان دوبارەتر دەبێتەوە . ئەوەتا هەلومەرجێکی وا ڕەخساوە بۆ ئەم کۆمپانیایانە کە زۆر بە ئاسانی بنکە سەرمایەکانیان لە دورترین شارەوە بۆ شارێکی دی وڵاتێک و یاخود هەمان وڵات بگوێزنەوە و ڕوبەڕوی هیچ کۆسپێك نەبنەوەو زۆر بە ئازادی زەمینەی بوون بە ڕژێمێکی سیاسی و ئابوری بۆ خاوەن کۆمپانیاکان خۆش‌دەکات و جووڵە و گۆڕانی سەرمایە و کاڵا بەرفراواندەکەن و دراوە بە توانا و سەرکردەکان ( العملة القیادیة ) دەکەنە بڕبڕەی پشتی بازارەکەیان و یاری بە ڕژێمی ئابوری وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان دەکەن .

بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا ، ئاشکراترین نموونەی مۆنۆپۆلیەتی ناوچەکەیە ، کە ڕژێمێکی جیهانی تایبەتی هەیە ... بەڵام بوونی گیروگرفت و کێشەی ئابوری ( لەگەڵ چاوەڕوانکردنی کۆدەتایەك ) سەرمایەداریەتی بەرامبەر خاڵێك کردۆتەوە کە ئەویش هەڵداوان و خێراترکردنی هەڵوێستەکانیێتی و بە هەموو جۆرێك هەوڵی داگیرکردنی بازاڕەکانی جیهان دەدات .

لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستیەیە ، کە لەو ڕونکردنانەوەی سەرەوە دەستمان دەکەوێت ، ئاشکرا بکەین " هەرهەوڵدانێکی سەرمایەداریەت لە خودی خۆیدا دژەکەی سەرهەڵدەدات ، بۆ هەر گەشەکردنێکیانە دژایەتیێکی پێچەوانە بەو مەبەستە دروست دەبێت " .

جا هەر بۆیە سەرمایەداریەت ، لێکۆڵینەوە و بارودۆخ خۆشکردن و هەڵوێستی شیاویان بە ئارەزوەکانیان دەستپێکردوە و هەڵبژاردنی بە مۆنۆپۆلی کردنی جیهان ، بەرجەستەترین ئارەزوی سەرمایەداریەتە و کۆکردنەوەی جیهان لەژێر بەیداغی ڕژێمێکی سەرمایەداری سەرتاسەریدا ، هەڵوێستی دواهەمین قۆناغی سەرمایەداریەتە .

ڕەتاندنەوە و بەتاڵانبردنی سامان و دەسکەوتی وڵاتانی سێهەم ، کە شادەماری ئابوری ئەم وڵاتانە بەدەست کۆمپانیا مۆنۆپۆلۆکانەوەیە ، ڕاستیەکی گومان لێنەکراوە و پێویست بەوە ناکات بەڵگەو نیشانەی بۆ بهێنینەوە ...

گەرچی دەستنیشان کردن بۆ ئاستوڕاوەی دزیەکانی ئەم مۆنۆپۆلانە ، کە ڕاستەوخۆ لەڕێگەی چڕکردنەوەی زیندەبایی و خەستتر

هەواڵنامەی کتێب

وەبەرهێنانی کرێکارانی ئەم وولاتەوە دەستیان دەکەوێت... یەکەم لەبەر بێ سنووری ئەم دیاردەیە و دووهەمیش لەبەر تازەیی ئەم هەڵویستانە، پێویستە ئاوڕێکی لێبدەینەوە...

سەرمایەداریەت، لایەن و بواری بازرگانی کردۆتە قەڵغانی شاردنەوەی بەتاڵانبردن و پاریزگاری کردنیش لە خودی خۆی... با بزانین چۆن؟

ئاشکرایە "بەهای کاڵایەك بەهۆی سەرجەمی ناوەندی ڕادەی کاری کۆمەڵایەتی پێویست"ەوە دیاری دەکرێت. نرخی هێزی کارکردنیش بە هۆی سەرجەمی نرخی شمەکی پێویست بۆ مانەوە و تازەکردنەوەی ئەو هێزە، دیاری دەکرێت. ئەم یاسایە لە وڵاتانی دواکەوتودا، بە جۆرێکی تر کەوتۆتەوە...! چونکە بەهای کاڵایەك یا (هێزی کار) لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، گەلێك زیاتر لە بەهای ئەم کاڵایە لە وڵاتانی پیشەسازیدا کەمترە، بە تایبەتی لەو ساتەی کە لە وڵاتانی تازە گەشە سەندودا هێزی کار (کەمترین ئاستی فیزۆلۆجی) تەنها بۆ (مەرە و بژی) حسابی بۆ دەکرێت لەو کاتەی کە بەرامبەر هێزی کار لە وڵاتانی پیشەسازیدا، پیێویستیە ویستە خودی و کۆمەڵایەتیەکانیش حسابی بۆ بکرێت. کەواتە گەر بێت و ئاستی پێشکەوتوی لەم وڵاتانەدا پێوانە بکەین (کە لە ڕاستیدا هاوتا دانانیان نالۆژیکیە) بە ئاشکرا دەگەینە ئەو سەرەنجامەی کە نرخی کار (کرێکار) لە ئەفەریقا و ئاسیا و ئەمەریکای خوارو و گەلێك کەمترە لە نرخی کاری کرێکارانی ئەوروپا و ئەمریکای باکور...

بۆ نموونە، گەر قاوە و کاکاو و مۆزی وڵاتانی دواکەوتوو لە ئەورووپادا یان لە ئەمریکای باکوردا بەرهەم بهێنرایە، نرخی فرۆشتنی ئەم شمەکانە زۆر زیاتر دەبوو لەو نرخەی کە ئێستا لە بازاڕی جیهان دایە... ئەم وڵاتانە ناچارن کە ئەو شمەکانەی دەینێرنە دەرەوە بە نرخێکی کەمتر لە نرخی تێچووی شمەکە بفرۆشن. بەڵام شمەکی وڵاتانی پیشەسازی چەندجار لە نرخی تێچووی شمەکەکە زیاتر نرخی لەسەر دادەنێن. کەواتە ئاڵوگۆڕ و سیاسەتی ناردنەدەر و هێنانە ناو ئاڵوگۆڕێکی نایەکسانە UNEQUAL EXCHANGE. پێوانەکردنی سود و قازانجی سەرمایەداریەت لەم ئاڵوگۆڕە نایەکسانەدا قورسە و ناتوانرێت ڕادەکەی دیاری بکرێت مەگەر بەهۆی (پێشبینی و ڕابینین)ەوە، بەڵام کە وڵاتانی جیهانی سێهەم تەنها سودێکی کەمیان بەدەست بکەوێت ئاشکرایە و دەزانرێت، چونکە هەر گۆڕانێك

گەر بچوکیش بێت بەسەر دواکەوتوی دا بێت ، خۆی خۆی دەردەخات . بواری بازرگانی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا ، ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕووەو خراپتر و زیانبەخشی زیاتر ڕۆشتوە و بەپێی ئامار ولێکۆڵینەوەیەکی ڕێژەی دەرخراوە کە لە ساڵی ( ۱۹۷۰)دا وڵاتانی جیهانی سێهەم ناچاربون زیاتر لە (٪۱٥) ی کەرەسەی خاویان بنێرنـــە دەرەوە ، بەو مەبەستەی کە (٪۱٥) پێویستیەکانیان مەیسەر بکەن ، بەڵام هەر ئەم ڕێژەیەی ناردنە دەرەوە لە ساڵی (۱۹٥٦)دا کەمتر بوو ، گەرچی پێویستی زۆرتریشیان دەست دەکەوت ، هەرگیز ڕادەی دەسکەوت و سودێك کە لەم ماوەیەدا زیادبوبێت گیرفانی وڵاتانی جیهانی سێهەمی نەبینیوە و هەر گەڕاوەتەوە ( بـــە زیاتریشەوە ) بۆ چنگی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان . کەرەســـەی خاوی وڵاتانی جیهانی سێهەم ، گەورەترین سەرچاوەی دارایـــی وڵاتە و تەنها پارمەتیدەرێکی کەمی عەمبارە گەورەکانی کۆمپانیا گەورەکان و ئابوری وڵاتانی ئیمپریالیزمیە ، چونکە تەنـــهـــا ( ٪۱۹) ی سەرجەمی بازرگانی وڵاتانی پێشکەوتوو یاخـــود ( ۲٫۲٥ ٪)ی بەروبومی پێویست بەم کەرەسانە ، لەلایەن وڵاتانـــی جیهانی سێهەمەوە دابین دەکرێت . هەروەها ئەو سەرمایەیـــەی کە مۆنۆپۆڵەکان لەم وڵاتانەدا خستویانەتە گەڕ ســـود و قازانجێکی بەرز ڕادەکێشێ ، بەڵام تەنها ( ٪۱٥)ی ئـــەم سەرمایەیە بۆ سودمەندی ئەم وڵاتانەیە و جارێکی تر ئـــەم ڕێژەیەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەچێتەوە بۆدەجەی سەرجەمی کۆمپانیاکانی ئیمپریالیەت ... کەواتە لەهەردوو جەمســـەرەوە ( هەژارکردن و ئاوەدان کردنەوە ) وڵاتانی جیهانی ســـێهـــەم دەناڵێنن ...

لە ساڵی ( ۱۹۷۰ ـ ۱۹۷۱ ) زیاتر لە (۸٫۸) بلوێن دۆلار لـــە دەسکەوتی وڵاتانی تازە گەشەکردو لەهەر ساڵێك دا گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتانی ئیمپریالیزمی ، کەلە ڕاستیدا ئەم سەرمایەیە بـــۆ وڵاتانی دواکەوتوو گەلێك زۆرە و ئیمپریالیەتیش تەنها ڕێـــژەی (٪۲) ی سەرمایەی کە لە کراوی ناوخۆ زیادەکات ؛ ( واتـــە گرنگیەکی ئەوتۆی نیە ) . بە کورتی ، سود و قازانجی بەرزی ئیمپریالیزم لەڕێگەی بازرگانی نایەکسان لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێهەم و هەروەها خستنەگەڕی سەرمایە و چەندەها ڕێگەی دیکەی ناڕاستەوخۆی چەوساندنەوەی ئەم وڵاتانە ، بوو بووە هۆی (دابەزینی نرخی سود )ی ئیمپریالیەت ، کە لە ڕابردودا گرنگیەکی ترسناکی هەبوو ، بەڵام ئێستا کاریگەرێکی ساکار و لاوەکیە و ناهێڵـــن

سنوری ترسناکی لەناوخۆ زیاتر کاربکات و هەر لەرێگەی زیاتر چەوسانەوە و بەرزکردنی زێدەبای ناوخۆوە ئەمیش پاساو دەدرێت.

پەیوەندی سەرەکی و هەمیشەی ئیمپریالیەت بە ولاتانی تازەگەشەکردووەوە ، لە چەند بوارێکی سەرەکیدا ، کە پایە و بنەمای گرنگی پیشەسازی ئیمپریالیەتە کۆدەبێتەوە . ئەو بوارانەش ، دزینی وزە ( نەوت ) و کەرەسەی خاوی سروشتی و دروستکردنی پیشەسازی یەکلایەنە و ناتەبایە ... ئەوەتا لە سالی ( ١٩٧٥ )دا ، ئیمپریالیزم بە مەبەستی درێژەدانی بواری پیشەسازی و ویستە چاوچنۆکەکانی خۆی، ناچاربووە کە لە ولاتانی جیهانی سێهەمدا ئەم رێژانەی خوارەوە بەدەست بخات :

(٥٠٪)ی پێویستی وزەیان لەرێگەی نەوتی ئەم ولاتانەوە .
(٣٥٪)ی پێویستیەیان بە ئاسن .
(٥٠٪)ی پێویستی ئیمپریالیەت بە ( باوکسێت )ی ولاتانی دواکەوتوو .
(٨٥٪)ی کرۆم و مەنگەنیز و ئەنتیمۆن .
(٧٠٪)ی پێویستیان بە (فلزی شین ) .
(٩٠٪)ی قورقوشم .
(٤٥٪)ی پێویستی کۆمپانیاکان بە( مس ) ی ولاتانی جیهانی سێهەم.

ئەم رێژەی پێویستیانەی ولاتانی ئیمپریالیەت ، تەنها بۆ ئەو ولاتانە نەبووە کە سەرچاوەی سروشتییان کەمبووە ، وەك ( ئینگلستان ، ئەلمانیا ، ئیتالیا ، ژاپۆن ) بەلکو ولاتانی خاوەن ماددەی سروشتی زۆریش ( ولاتە یەکگرتووەکان ، فەرانسە ) هەر پێویستییان بەم رێژەیەی ماددەی خاو لە ولاتانی جیهانی سێهەمەوە هەبوو .

پێویستی ئەم ولاتانە رۆژ دوای رۆژ زیاتر دەبێت ، سەردەمێك فەرەنسا گەورەترین بەرهەمهێنەری ( باوکسێت ) بوو ، ئێستا پلەی شەشەمین وولاتی لە بەرهەمهێنانی ئەم ماددەیەدا هەیە و لەناوخۆدا تەنها (٥٠٪) ی بەرهەم دەهێنێت .

ولاتە یەکگرتووەکان ، تا ئێستاش گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت و مسە ، بەلام سالانە پێویستی بەوەیە کەرادەیەکی بەرز لەم مادانە بکرێت ...

خەیال و ئارەزوی سەرەکی ولاتانی ئیمپریالیزمی ، بنیاتنانی زەمینەیەکی زال و پڕدەسەلاتی درندانەی جیهانە ... بۆ ئەم مەبەستەیان کۆمەلێ فێل و هەلسوکەوتی ناوەرۆك داگیرکەرانەیان هەیە و بەردەوام هەولدەدەن کە ژمارەی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان



هەواڵنامەی کتێب

لە وڵاتانی دواکەوتودا زیادبکەن و لە ژێر پەردەی ( ئاوەدان کردنەوە ) دا ، سامان و بەروبومی ئەم وڵاتانە دەدزن . خستنەگەڕی سەرمایەی ئیمپریالیەت لەڕێگەی کۆمپانیاکانەوە چڕتر بۆتەوە و هێرشی گەورەیان بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم . زانیمان کە کەرەسەی خاوی ئەم وڵاتانە ، بەرزترین سەرمایەی نەگۆڕی ڕژێمی ئیمپریالیەتی جیهانە ... لەبەر ئەمە هەموو کۆمپانیایەکی مۆنۆپۆلی هەوڵی گەشتن بەم وڵاتانە دەدەن،وەوڵەتی خاوەنیش سیاسەتی بە هێزکردن ( بێگومان هاوتای ویستی ئیمپریالیانە ) لە وڵاتانی ژێردەستدا دەخاتە گەڕ . وەبەرهێنانی کرێکار و خەڵکە پیشەییەکانی کیشوەری ئەفریقا و ئاسیا و ئەمەریکای خواروو لە زیادبوندایە و بە هەموو جۆرێك ڕژێمی ئیمپریالیەتی جیهان ، هەوڵدەدات کە خەڵکی ئەم ناوچانە لەبەر سودمەندی و کردنەوەی ڕێگای سەرمایەکەی و فراوانبونی بازارەکانی ، بەهێز بکات ...

هەڵوێست و هەوڵدانی ئیمپریالیزم بۆ بەسەر زاڵ بوون و کۆنترۆڵ کردنی وڵاتانی سێهەم و بە مۆنۆپۆلیکردنی ئابووریان ، دیارترین ڕوخسار و ناوەڕۆکی ئیمپریالیەتە . ئەوەی شایەنی باسە ، سەرەتای ئەم هەوڵدانانەی ئیمپریالیەت ، بریتیە لە ڕوبەڕوبونەوە بەرامبەر چەند گیروگرفتێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هێواش هێواش لە ڕێگەی پیاهەڵدان و مامەحەمەی و فریودانی خەڵکیەوە ، سەرەنجام سەرجەمی سامانی نەتەوەیی دەدزێت و هێزی کرێکار بە خەستی وەبەردەهێنێ و دەیانڕەتێنێ . بەڵام شارەزایی بوون و دەرخستنی هەویەی ئیمپریالیزم لەلایەن خەڵکی وڵاتانی جیهانی سێهەمەوە ، ڕۆژ دوای ڕۆژ ، ئاشکراتر دەبێت و کڵپە و جوڵانەوەی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی لە چنگی ئیمپریالیەت دەردەچێت و دەنگی ڕزگاربونی خۆیان بە وڵاتانی جیهان دەگەیەنن و ژمارەی خەڵکانی دژ بە ئیمپریالیەت و دروستبونی جوڵانەوەی سۆسیالیستییانەی شارەزا بە بنەمای ئیمپریالیزم زیاتر دەبێت .

## سەرچاوەکان


١) کارتل‌های بین المللی و جهان سوم : نوسینی ( ا.ی.ایوانن ، ٠١٠٢ . الکساندرۆف ، ل . باگرامۆف ) . وەرگێڕانی : غلامحسین متین ، چاپ اول سال ١٣٥٤ .

٢) شرکت‌های چند ملیتی و کشورهای توسعه نیافته . نوسینی: ( پل سویزی ، رۆنالد مۆلر ، پۆلانزاس ) . وەرگێڕانی : سعید رهنما ، چاپ اول سال ١٣٥٧ ) .
٣) اقتصاد قرن بیستم . نوسینی : ( ی- وارگا ) . وەرگێڕانی: وحید ایرانی ، سال ١٣٢٧ .
٤) شرکت‌های چند ملیتی - نووسینی : پل سویزی ، هرمل داف ، سیفن هایمر ، باب روثون . وەرگێڕانی : سهراب بهداد چاپ اول ١٣٥٨
٥) عملکرد سیستم سرمایەداری- نووسینی : پسر ژاله . وەرگێڕانی: خ.خسرو - چاپ اول / سال ١٣٥٨ .
٦) موانع رشد اقتصادی جیهان سوّم - نووسینی : ج ١٠ . دانایی .
٧) مقدمه‌ء بر استعمار نو ( امپریالیسم نوین ) ، نووسینی: جاك ووديس . وەرگێڕانی : سعید رۆحانی - چاپ اول / سال ١٣٥٩ .
٨) مجلة الفكر العربي المعاصر - شباط ١٩٨٣ - عدد ٢٤ .

هەواڵنامەی کتێب

## یەکگرتن

بخوێننەوە و بلاوی بکەنەوە ، تێبینی و رەخنەی خۆتانی لەسەر دەربڕن ، پێشنیارو بابەتی سودبەخشی بۆ بنێرن ، کۆمەکی بکەن .

## ئابوری

# ژیان و مەرگی تیۆرییەك

نووسینی: د. محمد علي حُنیق وەرگێڕانی: خالید ئەحمەد شەریف

تا سالی ١٨٥٣ مارکس هیچ بۆچونێکی سەبارەت بەچۆنیەتی گۆڕانکاریە مێژوییەکانی ڕۆژهەلات دەرنەبڕیبوو . لەو سالەدا لە تەك کتێبە بەناوبانگەکەی ( برنیە ) ئاشنا بوو . دکتۆر ( فرانسۆبرنیە ١٦٢٥ ـ ١٦٨٨ ) کە پزیشکی تایبەتی (ئورنگ زیب)* بوو ، لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەوروپا ئەو تاقیکردنەوانەی بە ماوەی دوانزە سال نیشتەجێبوونی لە " دەربارەی هیند " دا بە دەستی هینابوو ، پاش ئەنجامی گەشت و گوزار و لێکۆلینەوەکانی لە ڕۆژهەلاتدا ... لە کتێبێکدا بلاوکردەوە کە بەناوی " گەشتەکانی برنیە " وە ناوی دەرکردوە و ، لەلایەن ئاوڕدانەوە لە بابەتە بنەڕەتیەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی ڕۆژهەلاتەوە بێ وێنەیە.

مارکس بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ، سەرنجی بەرە و لێکۆلینەوەی ڕۆژهەلات ڕاکێشرا . لێکۆلینەوەیەك سەرەنجام گەیاندی بەم ئەنجامەی ؛ ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لەگەشەی مێژوویی خۆیاندا دوو ڕێگای جیاوازیان گرتۆتە بەر و ئەو دەرەنجام و بڕیارە گشتیانەی لە لێکۆلینەوەی ( پێکهاتن ) ی دەولەت و کۆمەلگاکانی یۆنان و ڕۆمان و ئەوروپای فیودالیەوە بەدەست دێن لەگەل مێژووی ڕۆژهەلاتدا پراکتیك نابن .

* ئورنگ زیب : ( ١٦٥٨ ـ ١٧٠٧ ) فەرمانڕەوایەك لەنەوەکانی مەغۆل کە پاشای هیند بوو .

لە ساڵی ( ١٨٥٣ ) وە لەگەڵ ( ئەنگلس ) دا و بەکۆمەکی یەکتر بۆ ڕونکردنەوەی گەشەی مێژووی ڕۆژهەڵات ، وردە وردە تیۆریەکیان هێنایە کایەوە کە بە تیۆری " شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی " بەناوبانگە .

بێ گومان ... هەر وەك دەزانین لە سەرانسەری ئەوروپادا ، بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتەوە ، ( باران ) ئەرکی دابەش کردنی ( ئاو ) ی لە ئەستۆدا بووەو ، بەم هۆیەوە ، لای ئەوروپیەکان هەرگیز مەسەلەیەك بە ناوی ( کێشەی ـ ئاو ـ ) لە کایەدا نەبووە . ( ئاو ) هەمیشە وەك ( هەوا و خۆر ) نە سنورێکی دیاریکراوی هەبووەو نە خاوەندێتی لەخۆی گرتووەو ، تەنیا زەوی ئەم دوو سیفەتە شوومەی پێ براوە . بۆیە دەبینین زانایان و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا لەم سەد ساڵەی دوایدا زۆر لەو نهێنیە تایبەتیانەی پەیوەندیان بە مێژووی نەژاد و نەتەوە و زمان و زاراوە و مەزهەب و هونەر و ئەدەبیاتەوە هەبە لە ڕۆژهەڵاتدا بۆ ئێمە ڕونکردۆتەوە ، بەڵام سەبارەت بە مەسەلەی ( ئاو ) و ئەو ڕۆڵە مێژوویییەی لە ڕۆژهەڵاتدا بینیویەتی بێئاگا ماونەتەوە و ، تێ نەگەیشتون چۆن ڕۆژهەڵاتیەکان لە چەرخە بەردینیەکانەوە تا ئەمڕۆ ، هەمیشە لەگەڵ دوو مەسەلەی گەورەی ( کەمی ئاو ) و ( لافاوی ئاودا ) دەستەو یەخە وەستاون و سەرنجی ئەوەیان داوە بەرەو ڕوبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەم بابەتەدا ـ بێ گومان ئەم بەرەوڕوبونەوەیە لە وزە و توانای تاکە کەسدا نییە ـ چ شوێن پێیەکی لە بینای کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتدا بەجێ هێشتووە .

پاش لێکۆڵینەوەی ( گەشتەکانی برنیە ) مارکس لە نامەیەکدا(١) بۆ ئەنگلس دەنوسێ " سەبارەت بە دروست بوونی ( شار ) لە ڕۆژهەڵاتدا هیچ نوسینێك دەرخشانتر و جوانتر لە کتێبەکەی ( برنیە ) بەدەست نایە و ، ئەو دەرەنجامەی ( برنیە ) دەربارەی بابەتی ( شێوەی بنەرەتی دیاردەکانی ڕۆژهەڵات ) بەدەستی هێناوە ، کە دەڵێ هیچ جۆرە خاوەندێتییەکی زەوی لە کایەدا نییە ، بە دروستی ڕاستی پێکاوە و ئەم مەسەلەیەش کلیلی واقیعی بەهەشتی ڕۆژهەڵاتە .... ( دوەمی ژوئیە ١٨٥٣ ) .

چوار ڕۆژ دوای ئەمە ئەنگلس وەڵامی داوەتەوە و سەبارەت بەو بابەتەی بە " کلیلی مێژووی ڕۆژهەڵات ناوبراوە " نوسیویەتی ... " بە بڕوای من هۆی سەرەکی ، هەل و مەرجی ( ئاو ) و ( هەوا ) لەگەڵ هەل و مەرجی ( زەوی ) دا و بەتایبەت بوونی بیابانێکی

فراوان کە لە بیابانی گەورەی ئەفریقاوە تا عەرەبستان و ئێران و هیند و تەتارستان و بالاترین (بان)ەکانی ئاسیایی گرتۆتەوە، ئاودێری دەستکردی لەم ناوچانەدا کردۆتە مەرجی بنەڕەتی کشت و کاڵ و ئەم کارەش لە ئەستۆی دەوڵەتی مەرکەزیدایە.

دیسانەوە لە وەڵامی ئەم نامەیەدا، مارکس دەنوسێ:

"... ئەوەی حاڵەتی نەگۆڕیی ئەم بەشە لە ئاسیا ڕوون دەکاتەوە - سەرباری ئەو جم و جوڵە بێ ئامانجەی ئاستی سیاسی لەخۆی گرتووە - دوو جۆر هەل و مەرجە کە هەریەکەیان ئەوی تر بەهێز دەکات:

١- کارگوزاری گشتی کارێکە لە ئەستۆی دەوڵەتی مەرکەزیدایە.

٢- لە تەنیشت دەوڵەتی مەرکەزییەوە، گشت ئیمپراتۆریەکە - بە چاوپۆشین لە چەند شارێکی گەورە - بەسەر چەند لادێیەکدا بەش دەکرێ کە هەریەکەیان ڕێکخراوێکی دیاریکراوی خۆیان هەیەو سەربەخۆ جیهانێکی بچوک پێك دەهێنن و زۆر جار (پوتا - سەرۆکی دێ) یادگارێکی چاخە پێشینیەکانە. لە هەندێ لەم کۆمەڵگایانەدا، زەوی لادێ، کە بە جۆرێکی کۆمۆنەیی کشتوکاڵی تێدا دەکرێ و ..... ئەم کۆمەڵگا شاعیرانەیە جگە لە چاودێری سنوری لادێکەیان دژ بە لادێکانی تر کارێکی تریان نییە و تا ئەمڕۆ لە ناوچە باکورییەکانی هیندستاندا - کە ئینگلیزەکان لەم دواییەدا پێی گەیشتوون - لەکایەدان و، بە بۆچوونی من بۆ ئیستیبدادی چەسپاو نەگۆڕی ڕۆژهەڵات ناتوانرێت بناغەیەك لەمە پتەوتر لە بەرچاو بگیرێت."

لە "نیویورک دەیلی تریبیون" ژمارە - ٢٥ ژوئیە ١٨٥٣دا و لەژێر سەردێڕی "ڕۆڵی بەریتانیا لە هیندستاندا" ووتارێك بە ئیمزای مارکس بەم جۆرە بڵاوکراوەتەوە: "ئاو و هەواو هەل و مەرجی سەر زەمینی بە تایبەت پانتایی و فراوانی بیابان کە لە بیابانی ئەفریقا و لەڕێگەی عەرەبستان و ئێران و هیندو تەتارستانەوە تا بەرزترین (بان)ەکانی ئاسیا لە داوێن ئەگرێ، بۆتە هۆی پەیدابوونی ئاودێری دەستکرد بەهۆی کەناڵ و ڕێکخراوە ئاودێریەکانەوە ... کە پایەی کشت و کاڵی ڕۆژهەڵات پێك دەهێنێت هەر وەك لە میسر و هیندستاندا لافاوی ئاو بەمەبەستی بەپیتی زەوی سودی لێ وەرگیراوە و لە دولی رافیدەین و ئێران و ... لەو ئاوەڕۆیانەی لە بەرزاییەوە

دەڕژێن لە چەشنی جۆگە و ( ئەستیل ) دا سودیان لێوەردەگیرێت. ئەم ناچاری‌یە ، واتە سوود وەرگرتنی ئابوریانە لە ( ئـاو ) بە كۆمەڵ كە لە ڕۆژئاوادا دەست پێشكەری سەربەخۆ بـەرە و هاوكاری‌یەكی سەربەست ڕایدەكێشان ( وەك فەنلەندە و ئیتالیا )، لە ڕۆژهەڵاتدا كە پلەی شارستانێتی لە پلەیەكی نزمتردا بووەو فراوانی زەوی پتر لەو ئەندازەیە بووە كە هاوكاریەكی خۆویست لە نێوان جووتیاراندا پێك بێت ، بۆیە دەست تێكێشانی دەوڵەتی مەركەزی ناچار كردوە ... " .

لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا ئەم بابەتە دەخوێنینەوە :

" دابەش كردنی ئاو لە هیندستاندا یەكێكە لە پایـەمادیەكانی دەسەلاتی دەوڵەتی مەركەزی و دەستگرتنی بەسـەر ڕێكخراوە بچوكە بەرهەم هێنەرە كۆمەلایەتیەكاندا ـ ئـەو ڕێكخراوانەی جیاواز لەیەك و بێ پەیوەندین ـ . داگیركـەرە موسڵمانەكانی هیند ، باشتر لە جێ نشینە ئینگلیزەكانیـان پەیان بەم خاڵە برد بوو، ئەوەندە بەسە قات و قڕی ١٨٦٦ ی ناوچەی ( ئۆریسا ) ی بەنگال بەیاد بێنینەوە كە بە نـرخـی زیاد لە ملیۆنێك هیندی تەواو بوو" (٢) دیسان لە هەمـان كتێبدا دەنوسێ :

( ئەم كۆمەڵە بچوكە هیندیانە كە دەتوانرێت شوێن پێیـان تا دورترین چاخە كۆنەكان بەدەست بهێنرێت و ، هێشتا بەشێكیان درێژەیان بە ژیان داوە لەسەر بنچینەی ـ خاوەندارێتی گشتـی زەوی ـ و بناغەی پێكەوە بەستنی كشت و كاڵ و پیشـەوەری " دابەش بونێكی كاری لە گۆڕان نەهاتوو "... پێك هاتووە. ئەم كۆمەڵانە لەسەر ڕوی زەوی‌یەك بە پانتایی سەد تا هـەزار ( ئاكر ) دا نیشتەجێ بوون و ، ڕێكخراوێكی بەرهەم هێنانی كامڵ پێك دەهێنن و دابین كردنی گشت پێداویستیەكانی خۆیانیـان لە توانادایە . بەشی زۆری بەرهەم ڕاستەوخۆ بۆ بەكارهێنانی كۆمەڵەكە دائەنرێ و بەهیچ جۆرێ شێوازی ( كالا) لەخۆی ناگرێ، بە چەشنێك كە بەرهەم هێنان سەربەخۆیە لەو ( دابەش كردنـی كار ) ەی لە ئەنجامی ئالوگۆڕدا لە كۆمەڵگای هیندستانـدا بەدەست دێت و ، تەنها ئەو بەشە بەرهەمەی لە بەكارهێنـان و پێداویستی خۆیی كۆمەڵەكە زیاد دەبێت شێوەی ( كالا ) لەخـۆی دەگرێت و " سەرەتا " دەخرێتە ژێر ڕكێفی دەوڵەتەوە ، كە لـە كۆنەوە بەشێكی بە ناونیشانی ( ڕانت ) ی زەوی وەك ( كـەل و پەل ) لێ بەدەست دێنێ .



هەواڵنامەی كتێب

ئەم کۆمەڵانە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی هیندا ، چەندین شێوەی جیاواز لەخۆیان دەگرن . لە سادەترین شێوەدا زەویەکەیان بە جۆرێکی هاوبەش دەکێڵین و بەروبومەکەشی لە نێوان ئەندامەکانیدا بەش دەکەن . لە کاتێکدا هەر خێزانێك لە ماڵی خۆیدا بەکاری ناوماڵی وەك چنین و ڕستن ....وە خەریکن ....و سادەیی ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی ئەم کۆمەڵانە کە گشت پێداویستییەکانی خۆیان دابین ئەکەن ، هەمیشە " بە هەمان جۆر دروست دەبنەوە و ئەگەر بەرێکەوت یەکێك لەم کۆمەڵانە لە ناو بچێ سەر لەنوێ لەهەمان جێگادا و بەهەمان ڕێ و شوێن کۆمەڵەیەکی نوێ پێك دێت . " ئەم بابەتە کلیلی ئەو ڕازە لە گۆران نەهاتووەی کۆمەڵگا ئاسیایەکان بەدەستەوە ئەدات ، کە بەجۆرێکی سەرسوڕهێنەر لەتەك بەلادا هاتن و نوێبوونەوەی دەوڵەتە ئاسیایەکان و ئەو گۆڕانکاریە توند و یەك لە دوای یەکانەی زنجیرەی شاهەنشاهیەکاندا ناکۆك و دژ بەیەکە ، بیناى ڕەگەزە گرنگە ئابوریەکان لە تەواوی کاریگەرێتی ئاڵوگۆڕەکانی قەڵەمڕەوی سیاسەتدا بەرکەنار ماوە .... ) (٣) .

هەروەها لەهەمان کتێبدا دەڵێ :

" ناچاری ئامارگیری ( محاسبة ) قۆناغەکانی لافاوی ( نیل ) بوو کە ئەستێرە ناسی لای میسریەکان هێنایە کایەوە و لە هەمان کاتدا لەرێگای بەڕێوەبردنی کاروباری کشت و کاڵەوە بووە هۆی دەست بەسەرا گرتن و فەرمانڕەوایی پیاوە ئاینیەکان ... " (٤) .

بەڵام خاڵی هەرە گرنگ لە تیۆری " شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی دا " بریتی یە لەباس و لێکۆڵینەوە دەربارەی سەرچاوەی دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتیەکان . هەمان ئەو بابەتەی باسەکانی بەرەو لێکۆڵینەوەکانی لینینگراد ڕاکێشا .

دانەرانی ئەو تیۆری یە بە پشت بەستن بە ناچاری و پێویستی ئاودێری و لە توانا نەبوونی تاکەکەس بۆ هەڵسوڕاندن و جێبەجێ کردنی ئەم مەسەلەیە ، دەستیان دایە دەرەنجام بە دەستهێنان و کاریگەربی ئەم بابەتەیان لە پەیدابوونی ( دەوڵەت و چینەکان ) لە ڕۆژهەڵاتدا خستە ژێر لێکۆڵینەوە .

بە بۆچونی ئەوان✲ ، لە گۆڕانی مێژوویی ئەوروپادا ، شیبوونەوەی کۆمەڵگا کۆچ نیشنەکان لە ئەنجامی هێزە

✲ مەبەست مارکس و ئەنگلزە .

بەرهەمهێنەرەکانەوە و دابەش بوونیان بۆ دوو "چینی" ی دژ بەیەك "کۆیلە" و "خاوەن کۆیلە" و ناکۆکی بەرژەوەندیەکانیان هۆ و سەرچاوەی پەیدابوونی دەوڵەت بووە کە لە هەمان سەرەتاوە تایبەت بووە بە "چین" ێکەوە لە پێناوی پاراستنی هاوتایی و سیستەمی کۆمەلایەتی دا بە جۆرێك کە لە خزمەتی "خاوەن کۆیلە" کاندا بووبێ. لە کاتێکدا لە گۆڕانی مێژووی ڕۆژهەڵاتدا دەوڵەت لە سەرچاوەیەکی ترەوە ڕێچکەی گرتووە، کە لەگەڵ سەرچاوە ئەوروپییەکەدا بەگشتی جیاوازە.

بە بۆچوونی ئەوان "ڕاپەڕێنەرانی کاروباری ئاودێری" واتە سەرپەرشتیکەرانی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵەکە، خاڵی ئۆو بەستنی سەرەتایی دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتیەکان پێك دەهێنن وە لە گۆڕانی پلەبەپلەی ئەو هەڵسوڕێنەرانە و گۆڕانیان بەچینی فەرمانڕەوا بە مل کۆمەڵەکەدا دەوڵەت بەدیهاتووە لە چەشنی دەزگایەکی "بەرزتر لە کۆمەڵگا" دا خۆی بینیوەتەوە. ئەم گۆڕانکاری یەش ماوەیەکی کەم و زۆر درێژی خایاندوە: سەرەتا "کۆمەڵ" و "دەستەیەك هەڵسوڕێنەر و سەرپەرشتیکەری کاروباربوون"، و لە قۆناغی دواتردا و لە ئەنجامی زیادبوونی بەرهەم و گەشەی (کار) دا "کۆمەڵ و هەڵسوڕێنەرانی کاروبار" وردە وردە جێی خۆیان داوە بە "تابع و متبوع-پاشکۆ و پاشبۆ"و پاشانیش بە "حاکم و محکوم - سەردەست و ژێردەست" و دواتریش بە "چەوساوە و چەوسێنەرەوە". پێیەپێی ئەم گۆڕانکارییەش جیاوازی یەکی توند لە ئاستی سامان و دەولەمەندی دا هاتۆتە دی و بەتۆبەی خۆشی چەند دابەش کردنێکی لاوەکی و (دەستە) و (توێژ) ی کۆمەلایەتی پێك هێناوە.

جارێکی تر سەرنج بدەینە شیوازی ئەوروپیانەی گەشەسەندن: سەرەتا کۆمەڵگا دابەش بووە بۆ (چین) ەکان و، پاش ناکۆکی بەرژەوەندی چینایەتی دەوڵەت دێتە کایەوە. بەڵام لە شێوازی ڕۆژهەڵاتی گەشەسەندندا سەرەتا دەوڵەت دروست دەبێ و کۆمەڵگا دەبێت بە "دوو چین": چینی فەرمانڕەوا و چینی ژێر دەست یان چینی چەوسێنەر و چینی چەوساوە، وە توێژە جۆربەجۆرەکان دێنە کایەوە.

ئەم چەند دەقە سادەیەی لای خوارەوە، سەرچاوەی هاتنە کایەوەی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی لە تیۆری ناوبراودا نیشان ئەدەن:

[بەچ جۆری نواندنی ئەرکی کۆمەلایەتی بە درێژایی ڕۆژگار توانیویەتی بەرە و فەرمانڕەوایی بە مل کۆمەڵدا بکشێ؟ بەچ

جۆرێ لەوێدا کە هەل و مەرج گونجاوە و ( خادم - خزمەتکار )ی سەرەتایی گۆڕاوە بە ( مخدوم- خزمەتکراو )و چۆن ئەم ( مخدوم- خزمەتکراو ) ، لە سیمای چەوسێنەرێکی ڕۆژهەڵاتیدا خۆی بینیوەتەوە؟

لێرەدا ئەوەی گرنگە دەبینین ، لە هەموو جێگایەکدا نواندنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی پایە و بنچینەی فەرمانڕەوایی سیاسی بە و ئەم فەرمانڕەوایی یە بە درێژایی ڕۆژگار تا ئەو جێیەی نواندنی هەمان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بەردەوام بووبێ درێژەی کێشاوە.

لەو فەرمانڕەوایی یە " موتڵەقانە "ی یەك لەدوای یەك بە درێژایی مێژوو لە ئێران و هیندستاندا هاتون و چوون ، هەر یەکیان بە چاکی دەیزانی بەر لەهەر شتێك " هەڵسوڕێنەری کاروباری شیو و دۆڵەکانە " ئەو کارەی بێ ئەوە هیچ کشت و کاڵێك لە توانادا نییە . ئینگلیزەکان لە هیندستاندا پەیبیان بەم خاڵە نەبردو کە ئاڵی ئاودێری و بەنداوەکانیان وازلێهێنا تا وێران بوون و سەرەنجام ئێستا لە ئەنجامی دووپات بوونەوەی بە زنجیرە برسێتیدا بۆیان ئاشکرابوو وازیان لە تەنها چالاکیەك هێناوە کە دەیتوانی شێوازێکی ڕەوا بدا بە فەرمانڕەوایەکەیان بە مل هیندستاندا ، بەلایەنی کەمەوە بەو ئەندازەیەی پێشینانیان خاوەنی بوون . ] (٥) . دیسان " شێوەی سەرەتایانەی دابەش بوونی کار لە ناو هیندی و میسری یەکاندا بۆتە هۆی پەیدابونی دەستە و توێژەکان ... " (٦) . وەك دەبینین لە تیۆری شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسایی دا " دەوڵەت " لە گۆڕانی هیندی و هێواشی " هەڵسوڕێنەران و سەرپەرشتیکەرانی کاروباری گشتی ئاودێری یەوە " سەرچاوە دەگرێت ، و لێرەدا هیچ شوێنەوارێك لە دابەش بوونی کەۆمەڵ بۆ " کۆیلە " و " خاوەن کۆیلە "و ، سەرهەڵدانی دەوڵەت لە ناکۆکی نێوان بەرژەوەندی یە چینایەتیەکانەوە بەدی ناکرێت .

لە " ئەنتی دۆرینگ " دا نوسەر بە دەربڕینێکی دور لەم و مژەوە ئەوە نیشان ئەدا ، لە کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتیەکاندا شوێنەوارێك لە " کۆیلە " کان نی یە و ، کۆیلایەتیش بە دوو جۆری " کۆیلەی ناوماڵ " و " کۆیلەی بەرهەم هێنان " دابەش دەکاو ئەم ئەنجامە بەدەست دێنێت کە سوود وەرگرتن لە کۆیلە لە بواری بەرهەمهێناندا - کە تایبەتمەندی ڕژێمی ( یۆنان و

رۆم ) ە ـ لە رۆژهەلاتدا نەبووەو بە دەگمەن و تەنها لە قەلەمرەوی دیاریکراوی دەربار و شوێنە ئایینیەکاندا نەبێت ، پاشماوەیەکی لێ بەدی ناکرێت. رۆڵی کۆیلەی خێزانیش لە بەرهەمهێنانی ( کالا ) دا زۆر کەم و ناڕاستەوخۆ بووە و ، بە بڕوای ئەو کۆیلایەتی خێزان لە رۆژهەلاتدا جیاوازە لە کۆیلایەتی لە بەرهەمهێناندا ... "

لە رۆژهەلاتدا کۆیلە بنچینەی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنان نیە، رۆڵ و کاریگەری یەکی ناڕاستەوخۆی هەیە بە ناونیشانی ئەندامێکی خێزانی " کۆیلەیی باوکایەتی "

سەرەنجام ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بابەتانەی لای سەرەوە مارکس لەیەکێ لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانیدا : پێ شەکیەك بۆ ڕەخنە لە ئابوری سیاسی ، قۆناغەکانی گەشەسەندنی مێژوویی بە چواربەش:ئاسیایی ، دێرین ( یۆنان و رۆمـان ) ، فیودالی و بورژوازی،دابەش کردوە ) .

هەمان ئەم تیۆری‌یە تا سالی ١٩٣١ فەرمانڕەوا بوو بە مل لارۆژهەلاتناسی لە یەکێتی سۆڤیەتدا .

ئەم بابەتە لێرەدا کۆتایی پێ دێنین و دەڕۆین بە سۆراخی لێکۆلینەوەکانی " لینینگراد "ەوە و تەنها ئەوەندە دەلێین کە دامەزرێنەری دەولەتی یەکێتی سوڤیەتیش تا پایانی ژیانی پەیرەوی لە " تیۆری شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی " دەکرد وجگە لە چەندین پەنجە بۆ راکێشان لە ووتارێکدا کە لە سالی ١٩١٤ دا بۆ ( ئینسکلۆپیدیای GRANT ) ی نوسیبووە، شێوەکانی بەرهەمهێنانی لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەهەمان ئەو چوارشێوازە دابەش ئەکات .

لە سالی ١٩٢٥ بەداوەوە ، تیۆری شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی لە یەکێتی سۆڤیەتدا ، چەند گێرە و کێشەیەکی بۆ دەولەت پێك دەهێنا و ، ئەوەی ئەم تیۆرەی خستە هەل و مەرجێکی پڕ مەترسی یەوە ئەمە بوو لە کاتی تەنگژ و چەلەمەی سالەکانی ١٩٢٦ ـ ١٩٢٩ دا ئەم تیۆرە راستەوخۆ لەگەل بابەتە سیاسیە رۆژانەکاندا ڕوبەڕوو بووە و بێ ئەوەی توانای هیچ گونجاندن و سازکاری یەکی لە خۆگرتبێ لە بەرانبەر سیاسەتی رۆژهەلاتی ( ستالین ) لە ( چین ) دا خۆی بینیەوە . ئەو سیاسەتەی سەرەنجام بە تێکشکان کۆتایی پێهات . تیۆری ناوبراو هەلەیی و بێ بناغەیی شیکردنەوەکانی ستالینی لە بارەی پێکهاتنی بینایی کومەلگای ( چین ) ەوە خستە روو .

بەرێکەوت ( یان بەدەستی ئەنقەست ) لەو سالانەدا چەندین ووتار و لێکۆڵینەوەی گرنگ دەربارەی تیۆری شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی و پراکتیك بوونی لەگەڵ مێژووی دێرینی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبووەوە . یەکێك لەوانە کۆمەڵە ووتار و نوسینێکی بنیات نەرانی ئەو تیۆرییە بوو سەبارەت بە هیند و چین کە لە لایەن ( ریازانۆف ) ـ بەڕێوەبەری ئەنستیتیوی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی سۆڤیەتە ـ وە لە ناو بەرهەم نوسینەکانیاندا کۆ کرابوەوە و بە چاپ گەیەندرا .

لەوەش گرنگتر ووتارەکانی پرۆفیسۆر ( ڤارگا ) بوو کە بۆ یەکەم جار تیۆری ناوبراوی بۆ شیکردنەوەی مێژووی ( چین ) بەکار هێنا و لە دوو ووتاردا یەکێکیان لە گۆڤاری ( بەلشەویك ) و ئەوی تر لە بڵاوکراوەی ڕەسمی ( کۆمێنتەرن ) دا بڵاوکرانەوە و ، ئەو بڕوایەی دەربڕیبوو کە سەرپەرشتیکردنی کاروباری ( ئاو ) ، چ وەك جلەوگێڕی کردن ( بەرگری لە لافاو ) چ وەك دروستکردنی کەناڵی ئاودێری مەسەلەی بنچینەیی کۆمەڵگای ( چین ) و فاکتەری سەرەکی گۆرانکارییە مێژوویەکانی ئەو سەر زەمینە بووە ....

لە هەمان ئەو بارودۆخەدا دەبینین بۆ یەکەمجار چەند کەسێك لە نوسەرانی ئەو وڵاتە و لەوانە ( یولك YOLK ) و ( ستروڤ STROUVE ) و دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێك کە تا ئەو دەمە لەکایەدا نەبووە بەئاشکرا گۆڕین و لادان بوو لە تیۆری ناوبراو ، و ئەوەیان دەربڕیبوو کە سێ قۆناغی کۆیلایەتی و فیودالی و بۆرژوازی ڕەوتی مێژوویی تەواوی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بوون .

ئەم نوسرانە وایان دەرئەبری کە مەبەستی بنیات نەرانی تیۆری ناوبراو ( وانەبووە) و بەڵکو( بەم جۆرە )ی ئەمان بووە،بۆیە لەگەڵ دەنگ لێ هەڵبڕینی ( ڤارگا) بەرەو ڕووبوونەوە، ئەویش،ئەوەی بۆ دەربڕین ئەگەر مەبەستی بنیات نەرانی ئەو تیۆرییە ( وانەبووە) و " بەم جۆرە " ی ئەمان بووە ، خۆیان هێندە لێهاتوییان لە باردا بووە کە مەبەستەکەیان وەك ئەوەی ( یولك و ستروڤ ) ئەڵێن دەربڕیایە .

بەڵام کاتێ ستالین بە ئاشکرا پشتگیری خۆی لە تیۆری یۆڵك و ستروڤ دەربڕی بابەتەکە ئاڵۆزکا و بەرە و دەروازەیەکی داخراو کێشرا . بۆیە .ڤارگا پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی بۆ باس و رەخنەی ڕەسمی دەربارەی تیۆری شێوازی بەرهەم

هێنانی ئاسایی ڕاهێشت و لە ( فۆریە ) ی ١٩٣١ دا کۆنفراسێکی تایبەتی بۆ گیرا .

دیالۆگی ( ئەسینا )یی و دیالۆگی لینینگراد :

ئەگەر لە " دیالۆگی " ئەفلاتونیدا هەردولا مافێکی یەکسانیان هەبوو ، ئەنجامی دیالۆگەکە لە سەرەتا وە ئاشکرا نەدەبوو، بەڵکو ئەنجام ئەوە بوو کە لە کۆششی هەردوو لایەنی بەرانبەرەوە و لە ئەنجامی ( بابەت ) و ( نەفی ) یەك لە دوای یەك و کۆتایی باسەکەدا بەدەست دەهات .

لە دیالۆگی چەشنی ( ستالین ـ سترۆف ) دا تەنها یەك لایەن بەسە و پێویست بە ( بابەت ) و " نەفی " و کۆکردنەوە نییە ، چونکە ( سەپێنراوە ) کە لێدوێنەرەکان ئەنجامێکی دیاریکرا و ڕابگەیەنن . بۆیە دەبینین لە کۆنفرانسی ناوبراوا هیچ یەك لەلایەنگرانی تیۆری " شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسایی" و تەنانەت پێشنیارەکەری بەستنی کۆنفرانسە کە ، ڕێگای بەشداربوونی نەبوو .

لەم ( دادگا ... ) یەدا بوو کە تیۆری ناوبراو بە جۆرێکی ( غیابی ) و بێ بەشداربوونی پارێزەرانی فەرمانی مەرگی دراو بریارێکی بەسەرا سەپێنرا کە لە بەخشین نەدەهات و دیسانەوە لە هەمان جێگەوە بناغەی تیۆرییەکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ڕۆژهەڵات بنیات نرا ...!!

لە لێکۆڵینەوەکانی لینینگرادا مێژوو ناچارکرا لەسەر چەند نموونەیەکی دیاریکراو گەشە و گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و ، بێ کەم و زیاد چ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بەبێ قۆناغی " کۆیلەیی و فیودالی و بۆرژوازی " دا تێپەڕیبێ ...

ئا لێرەوە مێژووناس و کۆمەڵناس و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەم وڵاتە لە باروودۆخێکی خەماویدا خۆیان بینیەوە و ناچار کران لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا قۆناغێکی ئابوری کۆیلایەتی " بدۆزنەوە " ... و لەمە بەدواوە ( لێکۆڵینەوە ) لە مێژوودا جێی خۆی دا بە " پراکتیك " کردنی واقیع بەسەر تیۆریەکاندا ..

بەم جۆرە ڕەفتاری کۆمەڵناسان و ڕۆژهەڵاتناسی ئەو وڵاتە و ( هەروەها ـ چین ) لەگەڵ حەقیقەتە مێژوییەکانی ڕۆژهەڵاتدا ، ڕەفتاری ترسناکی ( پرۆکرۆست )* لەتەك ڕێبوارە بەدبەختەکاندا بەیاد دێنێتەوە ...

* لە ئەفسانەی کۆنی یونان دا ( پرۆکرۆست ) چەتە بووە لەسەر ←

لە سەرەتای " ... کۆنفرانسی لینینگرادا ئەم ئەنجامە گیرابوو کە شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی هەمان فیودالیزمی ئەوروپایی یە و ، ئەم دوانە یەکێکن و ئەو شێوازە ڕووگەیەکی تری وێنەکانی فیودالیە ... تا ئەوەی لە سالی ١٩٣٢ دا تیۆریسین " کوالۆف " پێشنیاری کرد شێوازی ئاسیایی بە وێنەیەکی ڕۆژهەلاتی سیستەمی کۆیلایەتی دابنرێت ...

لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ، بۆچونی ڕەسمی مێژوناسینی سوڤیەتی بەم چەشنەیە و ، ئەمیش هەمان بۆچونی ( ستروڤ ) ، کە لە سالی ( ١٩٤٠ ) دا ووتارێکی لەسەر بنەمای (١٠) خال تۆمار کرد ، هەمان ئەو ووتارەی پێشوازیەکی گەرمی لێ کرا کە گوایە کاری ( شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی ) یەکسەر کردوە . دیسانەوە هەمان بنەمای بۆچونەکانی کۆنفرانسی مێژووناسانی سوڤیەتی مێژوی دێرینە کە لە سالی ١٩٥٢دا گیراو بۆچونەکانیان لە سالی ١٩٥٣ دا بلاوکرایەوە ...

## سەرچاوەکان


1) F TOKE LE MODE DE PRODUCTION ASISTIQUE DANS OEUVRE DE MARX ET F. ENELSE : LA PENSEE 1964 , P 4 - 55.

2) CAPITAL ( TRAD MOLITOR ED : COSTES PARIS _ 1946,LIVRE I , TOME III P.204 .

3) CAPITAL LIV I TOME II PAGE 258-260 .

4) CAPITAL LIV I TOME III PAGE 203.

5) ANTI DUIRING I.ED. SICIAL : PAGE 211-212 .

6) IDEOLOGIE ALLEMANDE : ED , SOCKAL PAGE 187.

7) KARL MARX ( INTRODUCTION GENERAL A LA CRITIQUE) PAGE 261 ( ED . GALLIMARD . BIB )


---

ڕێگای - ئەسینا - و تەنیا بە ڕوت کردنەوە و تالان کردنەوە نەدەوەستا بەلکو ڕێبوارەکانی بەشکەنجەیەکی سەخت دەکوشت : قەرەوێلەیەکی ئاسنینی هەبوو ڕێبوارەکانی لەسەر پال دەخست ، گەر درێژ بوونایە لێی دەبرینەوە و کورت بوونایە ڕای دەکێشان لەهەردو سەرەوە تا لەگەل ئەم سەروسەری قەرەوێلەکە ڕێک دەبوون ...

عیراق

# بوون بەجیهانی سەرمایەو کەلەکەبوونی لە عێراقدا

نووسینی: پاتریك كلاسۆن          وەرگێڕانی: هـ. گاریان

هەواڵنامەی کتێب

## ووتەیەکی پێویست

ناونیشانی سەرەکی ئەم ووتارە بریتییە لە «بوون بە جیهانی سەرمایە و کەڵەبوونی لە عێراق و ئێراندا»، بەلام بەو هۆیەوەی کە خوێنەری کورد بە شێوەیەکی گشتی ئاگاداری ڕوداو وکێشە ئابوری و سیاسیەکانی مێژووی ئێران نییە، هەستاین بە لابردنی هەندێ پەرەگراف کە تایبەتن بە پراکتیك کردنی تێزەکانی نوسەر بەسەر مێژووی ئێراندا،ئەمەش لە کاتێکدا کە دڵنیاین ئەم کورت کردنەوەیە هیچ زیانێکی بە ڕەوت و مەبەستی ووتارەکە نەگەیاندوە. نوسەر بەرلەوەی لە هەرسەر دێڕیکدا بێتە سەر باسی عێراق و ئێران هاتوە تێز.( طرح ).ەکانی وەك پێشەکیەکی تیۆری دەربڕیوە و پاشان هاتۆتە سەر پراکتیك کردنی بەسەر عێراق و ئێراندا .

"ئەم ووتارە لەلایەن ـ باتریك کلاسۆن ـ ەوە نوسراوە و لە گۆڤاری THE INSURGENT SOCIALOGIST لە بەهاری ١٩٧٧دا چاپ کراوە . نوسەر پلەی دکتۆرای لە زانکۆی NEW SCHOOL FOR SOCAL RESENARCH ی نیویۆرك وەرگرتووە تێزی دکتۆراکەی تایبەتە بەبوون بە جیهانی سەرمایە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا" .

ooo

زۆر لە مارکسیستەکان وای لێك ئەدەنەوە کە سەرمایەداری نێودەوڵەتان "ڕێگرە" لە بەردەم ( گەشە ـ توسعە )ی وولاتانی

جیهانی سێیەمدا . بە واتایەکی‌تر ، دەوترێت کە ( هێزە ئیمپریالیزمەکان ، کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان ، و چینی فەرمانڕەوای ناوخۆی هاوپەیمان لەگەڵ ئیمپریالیزمدا ـ بە تایبەت بۆرژوازی کۆمپرادۆر ) ڕێگە لە پیشەسازی‌کردنی جیهانی سێیەم دەگرن . (١) زۆر جاریش دەوترێت کە ئەم " ڕێگرتنە " کارێکی لە گۆران نەهاتوو هەمیشەییە ، لەگەڵ ئەمشدا ، ئەو بنەمایانەی ئەم " ڕێگرەی " لە ڕێوە ئەنجام ئەدرێت ، بە ڕۆشنی دیاری نەکراوە . هەندێ نووسەر لەسەر دەست تێکێشانی سیاسی ئاشکرای ئیمپریالیزم ، بە مەبەستی ڕێ لێ‌گرتن لە پەیرەویکردنی هەرجۆرە سیاسەتێکی گونجاو لەگەڵ پیشەسازی کردندا پێداشەگرن و ، جەغدی هەندێکی تریش لەسەر ڕێگیری مل‌ملانۆیە لە لایەن ئەو پیشەسازیانەی کە تەکنۆلۆژیەکی بەرزیان تێدا بەکاردەهێنرێ لە وڵاتە ئیمپریالیزمیەکاندا .

تا کاتێ تیۆری " ڕێ لێ‌گرتن " لەسەر زەمینەی تێگەیشتن لە بنەمای شێوازی بەرهەم‌هێنانی سەرمایەداریدا ( و بەرانبەر ئەمە : دینامیکیەتی ئەم شێوازە ) خۆی نەبینێتەوە ، بەڵگەیەکی کەم بەدەستەوەیە قایل‌بین بەوەی ئیمپریالیزم بەگشتی " ڕێگرە " لە بەردەم پیشەسازی‌کردنی جیهانی سێیەمدا .

بڕی ئەو پیشەسازیکردنە لە بەرچاوەی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە سالانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا بەخۆبانەوە بینی (٢) لە خۆشویستنی تیۆری " ڕێگرتنیان " کەم کردۆتەوە ، بەلام دەبینرێت تیۆری ناوبراو بەکەمێ دەسکاری‌یەوە درێژەی بە ژیانی خۆی‌داوەو ئەمڕۆ هەندێ لە مارکسیستەکان وای لێک ئەدەنەوە کە ئیمپریالیزم ڕێگرە لە گەشەی " سەربەخۆ " و " سەربەخۆی نیشتمانی " دا . (٣) لایەنگیرانی ئەم تیۆرییە زۆرجار وڵاتانی جیهانی سێیەم " بۆ خۆپچڕان لە بازاڕی جیهانی و " پشت بە خۆ بەستن " و گەشەسەندن بە شێوازێکی " سەربەخۆ " هەڵدەنێن ، ئەم بۆچوونە هێمایە بۆ ئەوەی کە توانای هەر وڵاتێکی جیهانی سێیەم بۆ پیشەسازی‌کردن لە هەنگاوی یەکەمدا بەستراوە بە سیاسەت و ئەو ڕەوتەی دەوڵەت پەیڕەوی لێ‌دەکات . پیشەسازی‌نەکردنی جیهانی سێیەم تا ڕادەیەکی زۆر ئەدرێتە پاڵ سیاسەتی نادروستی دەوڵەتە ئیمپریالیزم و " کۆمپانیا فرە نەتەوییەکان " ەوە ، کە وڵاتانی جیهانی سێیەم ناچارئەکەن واز لەو بەرنامانە بهێنن کە لەگەڵ پیشەسازی کردندا دەگونجێ . لەم تیۆرییەدا هێمایەکی کەم بۆ بنەمای شێوازی بەرهەم

هێنانی سەرمایەداری ئەکرێت ، ( ئەو بنەمایەی لە ئیرادەی هەر دەوڵەت و هەر سەرمایەدارێك ، بەدەرە ) .

هەردوو تیۆری " ڕێ لێ گرتن " و " پچڕان لە بازاڕی جیهانی " لە بۆچوونیاندا دەربارەی ڕژێمی سەرمایەداری ، بە قووڵی دووچاری هەڵە دەبن ، بۆ نموونە هەر دوکیان قایلن بەوەی سۆسیالیستەکان " پشتگیری لە - گەشە - ی جیهانی سێیەم دەکەن " .

( گەشە ) لەهەر وولاتێکی سەرمایەداریدا شتێکی کەمتر یان زیاتر نیە لە گەشەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری. تایبەتمەندی چینایەتی " گەشە " لە ڕێگەی هەندێ وشەی بەرانبەرەوە ، کە زانایانی کۆمەڵ ناسی بۆ " گەشە " بەکاری دەهێنن ، بە ئاشکرا ڕوون دەبێتەوە : " پیشەسازی کردن " بە مانای کەڵەکەبوونی ( سەرمایە ) یە و " خۆگرتنی فەرمانڕەوایی ناوخۆ " مانای جێگیربوونی فەرمانڕەوایی بۆرژوازیەتە .

پیشەسازی کردن لە ڕێگەی سەرمایەداریەوە بەرژەوەندیەکی کەمی ( ئەگەر بەرژەوەندیەکی تێدا بێت ) بۆ جەماوەری کرێکاران و جوتیاران و قوتابیان .. تێدایە . هەروەها جەماوەر لە جێگۆڕکێی دەسەڵاتی بۆرژوازی ئیمپریالیزمی بە بۆرژوازی ناوخۆ ، ئەو مەبەستەی کە تیۆری " گەشەی نیشتمانی " دەریدەبڕێ ، سودێکیان دەست ناکەوێت . سوود و قازانجی جەماوەر نەك لە کەڵەکەبوونی سەرمایەدا : " گەشە " ، بەڵکو دەبێت لە " سۆسیالیزمدا " بۆی بگەڕێین .

سۆسیالیزم ئەنجامی گەشەی سەرمایەداری نیە : سۆسیالیزم ئەنجامی شۆڕشێکە کە تێیدا چینی کرێکار و هاوپەیمانەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی بە دەست دێنن و بۆ سۆسیالیزم دەجەنگن.(٤)

نە تیۆری " ڕێ لێگرتن " و نە تیۆری " پچڕان لە بازاڕی جیهانی " هیچ یەکێکیان لەسەر شیکردنەوەی دینامیکیەتی گۆڕانکاریەکانی ڕژێمی سەرمایەداری بنیات نەنراون .

تیۆری " پچڕان لە بازاڕی جیهانی " ئەوە دەرئەبڕێ کە بۆرژوازی وولاتانی جیهانی سێیەم تەنها لە کاتێکدا کە " بیانەوێت " دەتوانن وولاتەکانیان پیشەسازی بکەن ، بە واتایەکی‌تر پیشەسازی کردن بەستراوە بە ئیرادەی بۆرژوازیەوە ، نەك یاساکانی شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری . تیۆری " ڕێ لێگرتنیش " دینامیکیەتی سەرمایەداری ڕەت ئەکاتەوە : ئەگەر ئیمپریالیزم هەر بۆجارێك

ڕێگای لە پیشەسازی کردنی جیهانی سێیەم گرتبێت، ئەوا هەمیشە ڕێگرە لە بەردەم ئەم مەسەلەیەدا ·

لێرەدا دەبێ بڵێین کە سەرمایەداری لە واقیعدا بەندە لەسەر نوێ کردنەوەی بەرهەم هێنانێکی فراوانی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان ، لە ڕێگەی پرۆسیسی دووبارە بەرهەمهێنانەوە دینامیکیەتێك دێتەدی و سەرمایەداری هەمیشە لە خۆگونجاندایە لەگەڵ هەل و مەرجی خەباتی چینایەتی... دیسانەوە بۆ خۆگونجان لەگەڵ ڕەوتی شێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا لە گۆڕاندایە · یەکێ لە دینامیکیەتە قوڵەکانی تر ئەمەیە کە سەرمایەداری گشت شێوازە بەرهەمهێنانەکانی بەر لەخۆی تێك دەشکێنێ و بەزاراوەی ئەمڕۆ خۆی دەکاتە جیهانی(٥) یاسا سەرەکیەکانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ، ( سەرمایە ) بە کەڵەکەبونێکی خێرا لە تەواوی جیهاندا ناچار دەکات ·

لەم ووتارەدا باس لە کاریگەری بوون بە جیهانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئەکەین لەسەر پیشەسازی کردنی عێراق ·

تێزی سەرەکی ئەم ووتارە بریتیە لەوەی کە گەشەی ئابوری عێراق لە پلەی یەکەمدا لەلایەن دینامیکیەتی کەڵەکەبوون لە ئاستێکی جیهانیدا دیاریکراوە · بە واتایەکی تر ئەم مەسەلەیە لەلایەن ( سیاسەتی دەوڵەتی عیراق ، چۆنیەتی بیرکردنەوەی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان و دەستپێشکەری کۆمپانیا فرە نەتەوەیەکان ) ، یا تەنانەت خەباتی چینی کرێکاران و جوتیارانی عێراقەوە دیاری نەکراوە ·

دەستپێشکەری دەوڵەتە ناوخۆیەکان و هێزە ئیمپریالیزمەکان و کۆمپانیا فرە نەتەوەیەکان خۆیان بە گشتی ئەنجامی هەمان پرۆسیسی - خۆفراوان کردنی SELF - EXPANSION سەرمایەن ، کە خێرایی و سروشتی پیشەسازی دیاری ئەکات ·

شیکردنەوەی ئابوری عێراق ، یا هەر وولاتێکی تری جیهانی سێیەم دەبێت لەسەر بنچینەی تێگەیشتن لە ڕەوتی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بنیات بنرێ ·

پرۆسیسی خۆفراوان کردنی سەرمایە بە چەشنێکی ( دەوریی ) چەندین ناکۆکی دەخولقێنێ کە چارەسەرکردنیان پێویستی بە نوێ کردنەوەی بنەمای سەرمایەوە هەیە · بەرانبەر ئەمە کەڵەکەبوونی سەرمایە پرۆسێسێکی چون یەك و بێ گرێ وگۆڵ نی یە ،

بەڵکو بە کۆمەڵی قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێت،کە هەر یەکێکیان لە لایەن دینامیکیەتێکی بە رێژە جیاوازەوە دیاری دەکرێت. لەم وتارەدا سەرەتا ئەودوو قۆناغەی کە لە لایەن ئابوری عێراقەوە تێپەڕێنراوە و قۆناغی سێیەم،کە لە کاتی لێوەتێپەڕبوونیەتی، دیاری دەکرێن.

لێرەدا باسی ئەو مەسەلەیە دەکەین کە چۆن قۆناغی سەرەتایی بەرهەمهێنانی کاڵایی ناسەرمایەداری (بەو رێگرانەوە کە لە بەردەم پیشەسازی کردندا بوون) بوە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵێ ناکۆکی کە لەرێی گواستنەوەوە بۆ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری چارەسەرکران. کەڵەکەبوونی سەرمایەش بەنۆبەی خۆی بوە هۆی خولقاندنی پرۆسیسێك کە "بوون بە جیهانی بەرهەمهێنان" لوتکەی باڵایەتی و ئەنجامی ئەم بوون بە جیهانیەی بەرهەمهێنان بۆ عێراق، گەشەیەکی خێرایی پیشەسازی کردنیەتی.

ئەم لێکۆڵینەوەی ئێستا دەربارەی بوون بە جیهانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، پشت بە شیکردنەوەکانی مارکس دەبەستێ سەبارەت بە خولگەکانی گەردانی - سوڕانی - سەرمایە لەبەندی یەکەم تا چوارەمی بەرگی دووەمی "سەرمایە"دا. ئەم بەندانە خستنەڕوی پیاشۆڕبوونەوەیەکی پڕبارن بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی گەشەی سەرمایەداری و دیسانەوە پەیوەندیەکانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە شێوازە بەرهەمهێنانەکانی ترەوە.

کریستیان پالۆا CHRISTIAN PALLOIX هەندێ ناوەڕۆکی ئەم بەندانەی کتێبی سەرمایەی پەرەپێداوە و ئێمە لەم وتارەدا سودێکی زۆرمان لەو شیکردنەوانەی ئەو وەرگرتوە. (٦)

مارکس ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە بۆ؟ لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی گەڕبانی سەرمایە بۆ تێگەیشتن لە دینامیکیەتی سەرمایەداری پێویستە: سەرمایە بەو پێیەی کە "بەها" یەکە و خۆی فراوان دەکات، نە تەنها پەیوەندیە چینایەتیەکان یا کۆمەڵگایەك بە تایبەتمەندیەکی دیاریکراوی پشت بەستوو بە (کار) لە شێوەی (کاری کرێ گرتەییدا) دەگرێتەوە، بەڵکو بزوتنەوەیەکە، پرۆسێسێکی خولگەیانەیە کە بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێدەپەڕێت، خۆشی سێ وێنەی جۆراوجۆرە لەم پرۆسێسە خولگەیانە. بەم پێیە نەك وەك شتێکی وەستاو بەڵکو تەنها لە جوولە و بزوتنەدا دەتوانین لە سەرمایە تێبگەین. خولگەیەك کە لە لایەن بزوتنی سەرمایەوە وێنە دەگیرێت بە سێ قۆناغدا


هەواڵنامەی کتێب

تێدەپەڕێت : پوڵ ، کالا ، بەرهەمهێنان ، هەریەکێکیش لەم قۆناغانە لەگەڵ خولگەیەکی گەردانی سەرمایەدا دەگونجێ .

لە کاتێکدا هەر خولگەیەکی گەردان پابەندی هەمان پرۆسیسی خۆفراوانکردنی سەرمایەیە ، لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی لایەن و سانە جیاوازەکانی ئەم پرۆسەیەیە ، بۆ نموونە هەر خولگەیەک لە ڕێگای هێنانە ناوەوەی سەرمایەکانی تر لە چەندین خاڵی جیاوازی بەیەک گەیشتن دا دیاری دەکرێت .

لە خولگەی سەرمایەی کالاییدا ( بڕوانە وێنەکەی لای خوارەوە ) ئەو کالایانەی لە سەرمایەکانی ترەوە یا لەڕێگەی بەرهەمهێنانی ناسەرمایەدارییەوە بەدەست دێن ، دەتوانن خاڵی دەست پێکردن ( لەڕێگەی کڕین یا تالانکردنەوە ) یاخود خاڵی کۆتایی ( لەڕێگەی فرۆشتنەوە ) پێک بهێنن ، وەتەنها لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی هەریەکێک لەم خولگانە و خاڵی بەیەک گەیشتنیانەوە دەتوانین وەک پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە خاڵی جوڵەوبزوتندا – نەک وەک شتێکی نەبزۆک – لە سەرمایە تێبگەین .

" خولگەکانی گەردانی سەرمایە "




ئامرازەکانی بەرهەمهێنان : ك ٠ ب
پوڵ : پ
کالا : گا
هێزی کار : هـ ٠ك
بەرهەمهێنان : بە

I : خولگەی گەردانی سەرمایەی دارایی
II : خولگەی گەردانی سەرمایەی بەرهەمهێنان
III : خولگەی گەردانی سەرمایەی کالایی

## هاتنە کایەوەی بازاڕی جیهانی
## (بوون بە جیهانی خولگەی گەردانی سەرمایەی کالایی)

بازرگانی نێودەوڵەتان تەنها پێویستی بە بوونی بەرهەمهێنانێکی کالاییە لە ئاستێکی جیهانیدا ، وە پێویستیەکی ناچاری بە بوونی پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نیە . بۆیە جێی تێڕامان نیە ئەگەر خولگەی سەرمایەی کالایی پێشتر لە خولگەکانی تر سیفەتێکی جیهانی لەخۆی گرتبێ . سەرمایەداران بە

دوای کڕینی کالاْدا ( بەتایبەت کەرەسەی خاو ) دەگەڕان بە هەرزانترین نرخ ، هەروەك مارکس دەریبڕیوە : " بنەمای ئەو پڕۆسێسەی ئەم کەرەسە خاوەی لێوە بەدەست دێت گرنگیەکی نییە . " (٧)

بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی کالآیی ، بەهاتنە کایەوەی بازاڕێکی جیهانی لەم چەند سەد ساڵەی ڕابردوا ، دەستیپێکردو سەرمایەداران دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەیەکی ووردی جیهان بو دۆزینەوەی بازاڕێك کە دەکرا تێیدا کالآ بە هەرزان بکڕن و بە گران بفرۆشن .

لەم قۆناغەدا ، سەرمایەداری بە چەشنێکی هەستیەیی تەشەنەی بە بازرگانی جیهانی ئەدا ، کە ئەم بابەتە سیفەتی دینامیکیەتی " بوون بە جیهانی " خولگەی سەرمایەی کالآییە .

لە سەرەتادا بازاڕی جیهانی بەندبوو لەسەر " بنەمای بازرگانی کالآی " لۆکس - تجمیلي " . بە گەشەسەندنی سەرمایەداری لە ئەوروپادا . بازاڕی جیهانی بە هۆی ئیشتیای ( اشتهاء ) توندی سەرمایەداری یەوە بۆ کەرەسەی خاو ... ( بنکە INPUTS ) پیشەسازی و مادە خۆراکیەکان چەندین گۆڕانکاریان تیدا بەدیهات . هەروەها لەم قۆناغەدا دینامیکیەتی سەرمابەداری جیهانی ڕەنگدانەوەی " پەیدۆزکردنی بازاڕی دەرەوەیە " کە لە لایەن " ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ " ەوە جەغدی لەسەر کراوە .

سەرمایەداران عەودالی دۆزینەوەی بازاڕن بۆ بەرهەمە ڕوو لە فراوانەکانی خۆیان . لەم کاتەدا جیهانی سێیەم بازاڕێکی ئامادەی بۆ زۆر لە کالآ ( لۆکس ) و تەنانەت هەندێ کالآ بەکارهێنانە سادەکان پێك دەهێنا (٨) لەم قۆناغەدا سەرمایەداری بە چەشنێکی گشتی گۆڕانکاریەکی لە پەیوەندی یە بەرهەمهێنانە ناوخۆیەکاندا نەهێنایە کایەوە ... لەگەڵ ئەمەشدا ، وەك لە بەشی دواتردا دەبینیین ، ئەو بوون بە کالآییە ئابوری یەی کە بە هۆی زیادبوونی بازرگانی یەوە دەستی پێکرد ، ڕۆڵێکی لەبەر چاوی هەبوو لەو فشار و پاڵەپەستۆیەی کە گواستنەوەی پەیوەندیە بەرهەمهێنانە کۆنەکانی بەرەو پەیوەندی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ناچارکرد .(٩)

لە کاتێکدا ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست بەر لە جەنگی دوەمی جیهانی بەشێکی لە بازاڕی جیهانی پێك دەهێنا ، تەنها بە زیادبوونی کتوپڕی ئەوت بوو لەپاش جەنگی دووەم (١٩٤٥) کە عێراق وەك ،

ڕەگەزێکی گرنگ لە بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی کالابوودا کەوتە ڕوو (١٠)،وە وەك وولاتێکی گرنگی خستنەڕووی یەکێ لە بنەماکانی پیشەسازیدا ـ نەوت ـ خۆی نواند • لەگەڵ ئەمەشدا لەم قۆناغەی سەرمایەداریدا توانای گەشەکردنی ژێرخانێکی پیشەسازی فراوان لەباردا نەبوو • بەرهەم هێنانی نەوت تا ڕادەیەکی زۆر پیشەسازی یەکی پەت بەخۆ بەستوبوو ، وە کاریگەریەکی کەمی لەسەر ئابوری وولات هەبوو •

دەرامەتی بەدەستهاتوو لە فرۆشتنی نەوتەوە ، بە ـ گشتی "بە پێی ڕێنومایی ڕاوێژکەرانی دەرەوە کە وەك چینی فەرمانڕەوای ناوخۆ دژ بە پیشەسازی کردنی وولاتبوون ـ خەرج دەکرا •

بە پێی ڕێنومایی ڕاوێژکەرانی ئینگلیزی و ئەمریکایی،دەولەتی عیراق بڕێکی زۆری دارایی خەرجی گەشەپێکردنی کشتوکاڵ دەکرد، چونکە دەوترا کە عیراق خاوەن " تایبەتیەکی ڕێژەیی" کشت و کاڵیە • بە واتایەکی تر ڕاوێژکەرانی دەرەوە هیوادار بون کە عیراق بکەنە وولاتێکی نێرەری سەرەکی کەرەسەی خۆراکی و بەم هۆیەوە کەرەسەیەکی تری خاوی گرنگی بە نرخێکی هەرزان لێ بەدەست بێنن •(١١)

پرۆژەکانی گەشەپێدانی کشتوکاڵ بە وێنەی پرۆژەکانی کۆنترۆلی لافاو ، بەرنامەی ئاودێری و پرۆژەکانی جۆگە هەڵگرتن لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرەوە ئەنجام ئەدران و قازانجی زۆریان لە ڕێی ئەم بازارەوە بەدەستدەهێنا (١٢) • دەولەتی عێراق توانای خەرج کردنی چەند سەد ملیون دۆلاری دەرامەتی نەوتی نەبوو ( ئەو پارەیەی کە بۆ بەرنامەکانی گەشەپێدەدن دیاریکرابوو) بەلام هێشتا لە ڕاپەڕاندنی بەرنامەکانی پێشخستنی پیشەسازی خۆی ئەدزیەوە •(١٣) •

دەولەتی عیراق کە لە ژێر ڕکێفی موڵکدار و هاوپەیمانە بازرگانەکانیدا بوو ، هیچ مەیلێکی لە پیشەسازی کردن نەبوو، هەر ئەم کارەش بووە هۆی کەوتنی ئەم ڕژێمە •

موڵکدارە عیراقیەکان بەچاوی پولێکی پێویست بۆ کڕینی کالا لۆکسەکان سەیری دەرامەتی نەوتیان ئەکرد • پرۆژە کشتو کاڵیەکان بۆ موڵکدارەکان شتێکی بەجێ بوو ، چونکە ـ بێ خەرج کردنی تاکە دیناریێ ـ بە ئاسانی دەبوونە خاوەن زەوی و زارێکی زۆر کە تازە بۆ کشتو کاڵ دەلوان • (١٤) جەماوەری لادێکانیش وایان بیردەکردەوە کە دەرامەتی نەوت دەبێتە زیادکردنی دەرامەت و پێبەخشینی زەوی پێیان • لە کاتێکدا

کە ئاشکرابوو موڵکدارەکان دژ بە چاککردنی زەوی و زار و زیادبوونی دەرامەتی جەماوەرن ، پشێوی لە لادێکاندا حاڵەتێکی تەقینەوەیی بە خۆیەوە گرت ، لە هەمان کاتدا نائارامی لە لە شارەکاندا دەستیپێکرد ، جەماوەری شارەکانیش چاوەڕوان بوون لە ڕێی پیشەسازی کردنەوە دەرامەتیان زیادبکات.

چینی فەرمانڕەوای عیراق بە مەبەستی ڕەزامەندی هیوای ڕوو لە زیادی جەماوەر دەستی دایە ڕاپەڕاندنی بەرنامەیەکی خانوبەرەسازی ، بەڵام جیاوازی لە نێوان خەرجکردن بۆ کاڵا لۆکسەکان لەلایەن چینی فەرمانڕەوا و هەژاری جەماوەر زیاد لە ڕادە ئاشکرابوو.(١٥) لە تەموزی ١٩٥٨ دا شۆڕشێک لە عیراقدا ڕویدا کە بە تێکشکانی دەسەلاتی موڵکدارەکان و پوکردنە سیاسەتێکی گونجاو بۆ پیشەسازی کردن ، تەواوبوو .

لە قۆناغی بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی کالاییدا ئیمپریالیزم مەیلی لە بەدەستهێنانی کەرەسەی خاوە بۆ پیشەسازیەکانی و دیسانەوە بازاڕی فرۆش بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانی، وە بە توندی " دژ بە پیشەسازی کردنی وولاتانی جیهانی سێیەمە . " پیشەسازی کردن نە تەنها بازاڕی کەل و پەلەکانیان کەم دەکاتەوە ، بەڵکو نرخێکی گرانیش دەکەوێ لە سەریان و وولاتانی جیهانی سێیەم دەکەونە ڕەوەسەی خۆماڵی کردنی چالاکی یە " دورگە " یەکانیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی دارایییەکی زیاتر .

هەر بەو جۆرەش چینی فەرمانڕەوا مەیلێکیان لە پیشەسازی کردن نییە و وای بە باشتر ئەزانن بە درێژەدان بە چەوساندنەوەی جەماوەر لە ڕێگەی میکانیزمە سونەتیەکانی " بەکرێ دانی زەوی و بازرگانی و سووخواردن " ، لەبەر لوتف و ڕەحمەتی ئیمپریالیزمدا بمێننەوە . لە واقیعدا ڕاستە بڵێین لەم قۆناغەدا ڕژێمی ئیمپریالیزمی ڕێگرە لەبەردەم پیشەسازی کردنی وولاتانی جیهانی سێیەمدا .

## گواستنەوە بۆ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری

### بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی دارایی :

بوون بەجیهانی خولگەی سەرمایەی کالایی بەندە لەسەر تەعمیمی ئالوگۆڕی کالایی ، بەرهەمهێنان بۆ ناردن و بەکارهێنانی

هەواڵنامەی کتێب

هێنان بەیەکدادەچن ، تا پەیوەندییە کالاییەکان لە سەرانسەری وولاتدا فراوان بکەن . بەلام تەعمیم بوونی ئالوگۆڕی کالایی دەبێتە هۆی هاتنەکایەوەی چەندین ناکۆکی کە تێپەڕکردنی ئەم قۆناغە دەکاتە ناچارییەک . بە مانایەکیتر ئەو ناکۆکیانەی لە ئەنجامی بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی کالاییەوە دێنە کایەوە ، تەنها لە ڕێگەی تێپەڕاندنی ئەم خولگەیە و گواستنەوە بۆ پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییەوە چارەسەر دەکرێن .

هەروەك مارکس ئەم پرۆسەیەی ڕوون کردۆتەوە: "شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تا لە توانایدا هەبێ مەیلی بەلای گۆڕینی تەواوی بەرهەمهێنانداپە بەرەو شێوازی بەرهەمهێنانی کالایی . لەم ناوەدا بزوێنەری سەرەکی کە لە ڕێگەیەوە ئەم گۆڕانکارییە خۆدەنوێنێت ، بریتییە لە بەشداربوونی تەواوی بەرهەمهێنان لە پرۆسێسی گەردانی سەرمایەداریدا . بەرهەمهێنانی کالایی لە قۆناغێکی پێشکەوتودا ، هەمان بەرهەمهێنانی کالایی سەرمایەدارییە ، وەدەست تێکێشانی سەرمایەی پیشەسازی لەهەموو شوێنێکدا ئەم گۆڕانکارییە خێراتر دەکات ، کە بێگومان ئەم بابەتە هاوجوتە لەگەڵ گۆڕینی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنەرەکان بۆ کریکاری کرێگرتە ." (١٦)

بەکورتی ، بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی کالایی زەمینەی گواستنەوە بۆ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئامادە دەکا و ئەم گواستنەوەیە لە ڕێگەی " کەڵەکەبوونی سەرەتایی " یەوە دێتەدی .

کەڵەکەبوونی سەرەتایی پرۆسێسێکی دووچەندانە، کەڵەکەبوونی سەرمایە وەك دارایی و هاتنەکایەوەی هێزی کاری " لە دوولاوە ئازاد ":( ئازاد بۆ فرۆشتنی هێزی کار و ، ئازاد بۆ فرۆشتنی بەهەر ڕێگایەك بێ )، هەل و مەرجێکی پێویستە بۆ گواستنەوە بەرەو سەرمایەداری .

هاتنەکایەوەی هێزێکی کاری کرێگرتە پێویستی هەیە بە " ئازاد " کردنی لادێیەکان لە زەوی و دەرکردنیان بەرەو شارەکان . لادێیەکان لە شێوازی کۆنی بەرهەمهێناندا، کە بەدەست هێنانی زیادەبەرهەم لە سەرپایەی " بەکرێدان " بەندە، بەستراون بە زەوییەوە . بەم پێیە شێوازی کۆنی بەرهەمهێنان دەبێت لەناوبچێ . بۆ ئەم کارەش پێویستە دەسەلاتی سیاسی و ئابووری مولکدارە گەورەکان تێك بشکێنرێ .

لە کاتێکدا کە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی بەرلە سەرمایەداری لەکاتی لەناوچووندا بێت ، سەرمایەی دارایی ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەدیهێنانی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری دا دەبینێت . لە عیراقدا سەرمایەی دارایی، کە بزوێنەری گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بوو، بە شێوەیەکی فراوان لە " سەرچاوەی ژێر کۆنترۆڵی ناوخۆ ، واتە لە داهاتی نەوتەوە، دابین ئەکرا ".

لە زۆرترین وولاتانی جیهانی سێیەمدا لەژێر کۆنترۆڵی بێگانەکاندا بوو ( یارمەتی دەرەوە ، قەرزی بانکە بێگانەکان ، خستنەگەری سەرمایەی دەرەوە ) ، بە تایبەت لە سەرەتای قۆناغی گواستنەوەدا بۆ گەشەسەندنی سەرمایەداری،ڕۆڵێکی بنچینەییان هەبوو .

هاتنە ناوەوەی سەرمایەی دارایی بێگانە ( دەرەوە ) تەنها نابێتە هۆی هاتنەکایەوەی پول ، بەڵکو ( سەرمایە )ش وەك پەیوەندیەکی کۆمەلایەتی لەگەڵ خۆیدا دێنی ( هاتنەکایەوەی کرێکارانێکی کرێگرتە کە وابەستەن بە سەرمایەدارانی کۆنترۆڵ کەری ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە ) .

ناردنە دەرەوەی سەرمایە لەوولاتە ئیمپریالیزمەکانەوە و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە وولاتە کۆلۆنیەکاندا ( یان نیوکۆلۆنی ) دو دیوی هاوجوونی ( بوون بە جیهانی سەرمایەی دارایی )ن . (١٢)

سەرمایەی دارایی دەرەوە ، بەو هۆیەوەکە فراوان بوونی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هەل و مەرجێکی پێویستی بۆ قۆناغی کەڵەکەبوونی سەرمایە پێكهێناوە ، بەرەو وولاتانی جیهانی سێیەم دەکەوێتە ڕەوت . بە واتایەکیتر بڕی قازانج لە جیهانی سێیەمدا بەرزترە لەبڕی قازانج لە وولاتە ئیمپریالیزمەکاندا . لەم هەل و مەرجەدا چەندین ڕشتەی تازە لە ڕووی خستنەگەری سەرمایەدا دەکرێتەوە . دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەمیش لە ڕێگای بنیاتنانی ژێرخانێکی پێویست " گواستنەوە ناو وکارەبا وتەلەفون ، نەهێشتنی نەخوێندەواری ، تەندروستی گشتی " کە خۆی پێویستیان بە وەرگرتنی قەرزێکی قورسی دەرەوە هەیە ، یارمەتی ئەم بابەتە ئەدەن .

بۆ زیاد بوونی ئاستی گەشە ، دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم زۆرتر " سیاسەتی پیشەسازی کردن لە جێی هێنان لەبەردەگرن". ڕەنگە وابێتە بەرچاو کە سیاسەتێکی لەم جۆرە ( لەگەل دیاریکردنی بری هێنان و گومرگێکی زۆر کە هاوکاتی ئەم

سیاسەتەن) نیشاندەری پچڕان لە بازاری جیهانی بێت . ئەم کارە لە واقیعدا « بۆ پلێکهێنانی هەل و مەرجی پێویست - تەعمیم کردنی سەرمایە وەك پەیوەندیەکی کۆمەلایەتی - بە مەبەستی بەدەست هێنانی سودێکی بێشومار لە لایەن سەرمایە گەرکەوتوەکانی دەرەوە ، یارمەتیدەرێکی گەورەیە » . بە واتایەکی تر پیشەسازی کردن لەسەر جێگرتنەوەی هێنان ( لەگەڵ قەرز و دەستنەگەڕی سەرمایەی ڕاستەوخۆی دەرەوە) سیفەتێکی سەرەکی ئەم قۆناغەی بوون بە جیهانی سەرمایە پێك دەهێنێت ( واتە قۆناغی بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی دارایی ) .

بوون بە جیهانی سەرمایەی دارایی لە عیراقدا بە کەوتنەکاری پیشەسازی نەوت دەستی پێکرد ، کە بۆ بەرهەمهێنان تێیدا لەسەر شێوازی سەرمایەداری چەند هەزار کرێکارێکی نیوخۆیی تێیدا کەوتبوەکار ، لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەت لەژێر کۆنترۆڵی چینێکی فرمانڕەوادا بوو کە دەرامەتییان لە بەدەستهێنانی ( بەکرێ دان) ەوە بەدەست ئەهێنا ، واتە لە پەیوەندیەکی بەر لە سەرمایەداریەوە . تەنها بە نابوت کردنی دەسەلاتی سیاسی و ئابوری خاوەن زەوی و هاوپەیمانەکانیانەوە لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا بوو کە بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی دارایی گۆڕێکی بە خۆیەوە بینی . لە عیراقدا « شۆڕشی ١٩٥٨ بە چەشنێکی فراوان دەسەلاتی موڵکدارە گەورەکانی تێکشکان . لەم وولاتەدا نە تەنها هەندێ دەست پێش کەری لە لایەنی چاك کردنی زەوی یەوە ئەنجام درا ، بەڵکو هەروەها دەسەلاتی سیاسی کەوتە دەست وورده بۆرژوازی یەکی شارنشین کە پیشەسازی کردنی لە ڕێی سەرمایەداری دەوڵەتی یەوە لە ئەستۆ گرت . (١٨)

## کام ڕێگا بەرەو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ؟

### - ڕۆڵی سەرمایەی دارایی -

بینیمان کە لە قۆناغی بوون بە جیهانی سەرمایەی دارایی دا ، پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە وولاتانی جیهانی سەرمایەداریدا زاڵ دەبن .

گواستنەوە لە شێوازە بەرهەمهێنانەکانی بەر لە سەرمایەداری یەوە بۆ پەیوەندیەکانی سەرمایەداری ، دەتوانێت چەند شێوەیەکی جیاواز لە خۆی بگرێت ، وە سەرمایەی دارایی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دیاریکردنی ئەو ڕێگایەی کە سەرمایەداری لە خۆی دەگرێت .

دەتوانرێت سێ ڕەوتی سەرەکی، کە بە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری کۆتاییان دێت،جیابکرێنەوە . مارکس لە کتێبی سەرمایەدا جیاوازی دوو ڕەوتی لەم سێ ڕەوتە دەربڕیوە : ( گواستنەوە لە شێوازی بەرهەمهێنانی فیوداڵیزمەوە خاوەن دوو لایەنە ، یان بەرهەمهێنەر بە جیابونەوە لە ئابوری کشت و کاڵی سروشتی و پیشەدەستیەکانی وابەستە بە " پیشەئازادەکانی ـ المهن الحرة " چاخەکانی ناوەڕاست ، دەگۆڕێن بە بازرگان و سەرمایەدار ـ کە ئەم ڕێگایە واتیەمن شۆڕشگێڕانەیە ، یان ئەوەی بازرگانەکان دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەوخۆی خۆیان بەسەر بەرهەمهێنانداد دەسەپێنن . لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە لە ڕوانگەی مێژوییەوە بەجێ پێ بوك لەقەڵەم بدرێت ... هێشتا ناتوانێت خودبەخود لە سەرنگون کردنی شێوەی کۆنی بەرهەمهێناندا بەشداربێت،بەڵکو زیاتر وەك هەل و مەرجێکی بوونی خۆی مەیلی لە پاراستن و هێشتنەوەی ئەو شێوە کۆنەیە ...وڕژێمێکی لەم بابەتە لە هەموو شوێنێکدا ڕێگرە لەبەردەم بەرهەمهێنانی سەرمایەداری واقیعیدا و تەنها بە گەشەی ئەم سەرمایەداری یە لەناو دەچێت . بۆیەبێ بەدیهێنانی گۆڕانکاری یەکی شۆڕشگێڕانە لە شێوازی بەرهەمهێناندا ، ئەم هەل و مەرجە زیاتر بارودۆخی بەرهەمهێنەرە ڕاستەوخۆکان خراپتر دەکا و دەیانگۆڕێت بۆ کرێکارانێکی کرێ گرتە و پڕۆلیتاریایەك کە لە هەل و مەرجێکی خراپتر لەوەی کە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی سەرمایە لەکایەدابێ ، دەیان هێڵێنەوە ، وە زیادە کارەکەیان لەسەر بنەمای شێوە بەرهەمهێنانی کۆن دەستی بەسەردا ئەگیرێ ) . (١٩)

سەربارەی ئەم دوو ڕێگایە : گۆڕانی بازرگان بە سەرمایەدار و گۆڕانی بەرهەمهێنەر بە سەرمایەدار ، ڕێگایەکی سێیەم لە شێوەی سەرمایەداری دەوڵەتیدا هاتۆتە کایەوە . ئەم ڕێگایە کە دەیتوانی بە دەسەڵاتی سەرمایەداری لە ئاستێکی ( مێژوویی ـ جیهانیدا ) خۆی بنوێنێ ، تا ئێستا وەك پێویست ڕوون نەکراوەتەوە . بەر پێیەی کە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە " لە

هەواڵنامەی کتێب

قەڵەمڕەوی ئەم ووتارەدا نییە " ئێمە تەنها بە چمکێکی سەرەتایی و نابڕاو لەم بابەتە دەدوێین ·

لە سەرمایەداری دەوڵەتیدا ، دەوڵەت لە لایەن کۆمەڵێ سەرمایەدار بە ئینتیمایەکی وورده بۆرژوازی ، بە تایبەت ڕۆشنبیران و سوپاییانەوە ، کۆنترۆڵ دەکرێت ودەوڵەت خاوەن ئامرازە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنانە و بۆجەی سەرمایە خستنەگەری پیشەسازی لە لایەن دەوڵەتەوە دابین ئەکرێ· کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بنکە دەوڵەتیەکان لە دەست بەڕێوەبەرانی هەر بنکەیەکدایە و زۆرجاریش جیاوازیەکی توند لە نێوان بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا جۆراوجۆرە دەوڵەتیەکاندا بەدی دەکرێت(٢٠)

دەوڵەتی عێراق بە گشتی " ڕێگای سەرمایەداری دەوڵەتی گرتۆتەبەر و ڕەگەزێکی سەرەکی لەم ڕێگایەدا خاوەندێتی دەوڵەتی یان دابینکردنی دارایی تەواوی پرۆژە پیشەسازیەکان بووە - ڕۆڵی سەرەکی سەرمایەی دارایی - ·

تەنانەت بەرلە شۆڕشی ١٩٥٨ ، سیاسەتی پیشەسازیکردنی دەوڵەتی ئەو سەردەمەش مەیلێکی زۆری بەلای ئەنجامدانی پرۆژەکانی ژێردەسەلاتی دەوڵەتدا هەبووە ، بۆ نموونە " بانکی پیشەسازی " کە سەرمایەکەی لەلایەن دەوڵەتەوە دابین کرابوو ، کۆنترۆڵێکی کاریگەری گەورەترین و مۆدێرنترین بنکەکانی دەکرد· چالاکی ئەم بنکانە لە سەرپایەی گۆڕینی بەروبومی ناوخو ئەنجام ئەدرا ( وەك کۆمپانیای بەرهەمهێنانی ڕۆنی ڕوەکی ، کۆمپانیای بەرهەمهێنانی چەرم ، کارخانەی نانی کارەبایی ، کۆمپانیای بەرهەمهێنانی بەردی مەرمەڕ ) ·

بانکی پیشەسازی بە خستنەگەری سەرمایە لەو لقانەی پێش بینی دەکرا سەرمایەدارانی ناوخۆ دەستی بدەنێ ، دەستپێشکەری دەکرد و بەم جۆرە سەرمایەی تایبەتی ناوخۆ سەرکوت دەکرا · پاش شۆڕشی ١٩٥٨ ، تەنانەت سەهمەکانی " بانکی پیشەسازی " نیشتمانی کران و جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بڵێین سەمایەدارانی ناوخۆ لە ترسی نیشتمانی کردن ، لە کردنەوەی کۆمپانیای نوێدا دوودڵ بوون · (٢١)

تەنها شێوەی پێکهاتنی سەرمایەداری دەوڵەتی لە عێراقدا " دامەزراوی بەرنامەڕێژی (٢٢) - مؤسسة التخطيط " بووە · ئەم ڕێکخراوە لە چەشنی چاودێری کردندا ، بەرنامەیەکی گشتی بۆ کەرتی دەوڵەتی و تایبەتی ئامادە دەکرد ، بەلام لە واقیعدا دەسەلاتێکی سیاسی و توانایەکی ڕاپەڕاندنی بۆ گەیشتن بە

ئامانجەکانی لە باردا نەبوو . ڕێکخراوی ناوبراو دەزگایەکی دەوڵەتی شێوە سەربەخۆ مابووەوە ، کە بەشێکی زۆری دەرامەتی نەوتی وەرئەگرت و لە ڕاپەڕاندنی ئەو پرۆژە پێشنیارکراوانەی لە لایەن ڕاوێژکەرانی دەرەوە دەست نیشان ئەکران ، خەرج ئەکرا . لەگەڵ ئەمەدا ئەم دامەزراوە دوو تایبەتی بنەڕەتی لە خۆی گرتبوو :

١- ئامرازێ بوو بۆ کۆنترۆڵ کردنی سەرمایەداریانەی دەوڵەت بەسەر کاروباری بەرهەمهێنانەدا .

٢- بە جۆرێکی لەبەرچاو بێ توانابوو ، ئەم بابەتە دەتوانرێت ببەسترێتەوە بە جموجۆڵی سیاسی لەم وڵاتەدا . (٢٣)

## بوون بەجیهانی خولگەی بەرهەمهێنان ڕەوتی داهاتوو !!..

پێشتر بینیمان کەبوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەیی دارایی لە جیهانی سێیەمدا بە مانای گواستنەوە بووە بۆ فەرمانڕەوایەتی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ، ئەم فەرمان ڕەوایەتیەش چەندین گرژی و پەشێوی لە تەکدا بووە : بۆرژوازی پیشەسازی نوێ لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ، سووربووە لەسەر زیادکردنی ڕۆڵی خۆی لە ئابووری جیهانیدا . بۆیە دەبینین ئاوازێکی چوون یەك بۆ " ڕژێمێکی نوێی ئابووری جیهانی " لە دەمی هەموو بۆرژوازیەکی ئەم وڵاتانەدا دێتەگوێ ، وە بەم پێیەش داخوازی بەدەست هێنانی دەسەلاتێکی سیاسی بەهێز بۆ ئەم وڵاتانە ئەنجام ئەدرێت .

بورژوازی ئەم وڵاتانە دەسەلاتی سیاسی سەرمایەداری نەخستۆتە ژێر پرسیارەوە و تەنها ئارەزوی ئەوەیە ڕۆڵێکی گەورەتری لە ڕژێمی سەرمایەداریدا پێ ببڕێت . بەناوبانگترین " ناسیۆنالیستی " وەك شای ئێران بە گشتی " کەسانێکن کە هاوکاریەکی نزیکیان بە ئیمپریالیزمەوە هەیە . "

ناسیۆنالیستەکانی جیهانی سێیەم نە تەنها خۆیان ناچار بە لایەنگرتن لە سەرمایەداری جیهانی دەبینین ، بەڵکو دیسانەوە سوورن لەسەر ئەوەی تا پەیوەندی نێوان ئابووری خۆیان بە ئابووری جیهانیەوە بەهێزتر بکەن .

بۆرژوازی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەجێی ئەوەی مەیلی لە بچڕاندن لە بازاری جیهانی بێت ، مەبەستی ڕۆچوونێکی قوڵترە

لەم بازارەدا ، وەلە واقیعدا داخوازی بوون بە جیهانی بەرهەمهێنان ئەکەن .

ئەمڕۆ دەبینرێت پارچەی بەروبومێکی پیشەسازی کە لەچەند وولاتی جیاوازدا دروست دەکرێت لە وولاتێکی تردا ( مونتاژ ) دەکرێت ، پاشان بەرهەمی تەواوبوو ڕەوانەی زۆر وولات دەکرێت. ئەم بەرهەمە جیهانیە کە لە ژێر دەسەلاتی کۆمپانیە فرەنەتەوەیەکاندایە ، نیشاندەری قۆناغێکی نوێیە کە بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی بەرهەمهێنانە . (٢٤)

لە قۆناغی بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی بەرهەم هێناندا ، کەڵەکەبوونی سەرمایە لە جیهانی سێیەمدا دەگاتە پلەیەك کە سەرمایەی ناوخۆو سەرمایەی ئیمپریالیزمی هەردوکیان مەبەستیان بە یەکداچوونی ئابوری جیهانی سێیەمە ، لە سیستەمێکی بەرهەمهێنانی جیهانیدا . سەبارەت بە عێراق ، ئەو شێوەیەی ئەم بەیەکداچوونە بە خۆیەوە دەبینێت ، بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی بەیەکداچوونی پیشەسازی نەوتەوەیە لەگەڵ پیشەسازی بیترۆکیمیاییدا و هەروەها پیشەسازیە ووزەبەرەکان .

بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی بەرهەمهێنان لە ئاستێکی بەرزتردا خولگەکانی تر بەهێز دەکات ( بەو چەشنەی کە بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی دارایی ، جیهانی بوونی خولگەی سەرمایەی کالایی بەهێزتر دەکات ) .

لە ئەنجامی بوون بە جیهانی بەرهەمهێناندا ، پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە چەشنێکی زۆر بەهێزتر لە تەواوی ئابوری جیهاندا فراوان دەبێت و تان و پۆی نێوان ئابوری جیهانی سێیەم و بازاڕی جیهانی بەهێزتر دەبێت ( کە تێیدا ، وولاتانی جیهانی سێیەم وەك خستنەڕوی کەرەسەی خاو و بازاڕ بۆ کالا جۆراوجۆرەکان خۆیان دەبینیەوە ـ کەبێگومان ئەم جارە نەتەنها هەر کالا " لۆکس " ەکان ، بەڵکو کالا بەکارهێنەرە گشتیەکانیش دەگرێتەوە ـ ) .

عیراق ئەمڕۆ خەریکی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سروشتیە بۆ بازاڕی جیهانی و قواستنەوەی بڕێکی زیاتری کالا ـ هێنان ـ ( چ بڕێکی زۆر و چ جیاوازتر لەیەك ) .

بوون بە جیهانی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی دابەش بونەوەیەکی نوێی ( دابەش‌بوونی ـ کار ـ ) ی جیهانی لە ئاستێکی فراوانتردا. وە لە کاتێکدا لە ڕابردودا وولاتانی جیهانی سێیەم خەریکی بەرهەمهێنانی کەرەسەی خاوبوون و وولاتە ئیمپریالیزمیەکان

کالای پیشەسازیان بەرهەمدەهێنا ، ئەمرۆ وولاتە ئیمپریالیزمیەکان چالاکی خۆیان لە بەرهەمهێنانی ئەو کالایانەدا چڕکردۆتەوە کە تەکنۆلۆژیەکی بەرزیان هەیە و بە تایبەت ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ، لە هەمان کاتدا وولاتانی جیهانی سێیەم خەریکی بەرهەمهێنانن لە بنکە پیشەسازیەکانی - کالای مۆنتاژ بە تەکنۆلۆژیەکی دواکەوتووەوە ، وەك چنین و ڕستن و ترانزستۆر ، و زیاتر ئاسن و کانزا بنچینەیەکان - ٠ بەم پێیە یەکێ لە کاریگەرترین دابەشبوونی کار زیادبوونی وابەستەیی تەواوی وولاتەکانە بە یەکترەوە و کاریگەری سەرەکی بوون بە جیهانی بەرهەمهێنان بریتییە لە بەهێزکردنی وابەستەیی جیهانی سێیەم بە ئابووری ئیمپریالیزمییەوە ، پیشەسازی نوێی جیهانی سێیەم لەسەر پایەی کالای سەرمایەیی ( ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ) بەستراوە بە وولاتە ئیمپریالیزمیەکانەوە ٠ هەمان ئەم ئامرازانە پێویستیان بە ڕەوتێکی نەپچراوی ( پارچە و تازەکردنەوەی تەکنۆلۆژی ) هەیە کە بە تەواوی دەبێت لە وولاتە ئیمپریالیزمیەکانەوە بهێنرێت ٠ بە واتایەکیتر پیشەسازی کردن بە جۆرێکی توند و تۆڵ وولاتانی جیهانی سێیەم دەبەستێتەوە بە سیستەمی سەرمایەداری جیهانییەوە ٠

ڕۆڵی سەرەکی عێراق لە دابەشبوونی نوێی کاری جیهانیدا ، بەرهەمهێنانی بەروبومی پیترۆکیمیایی و بەروبومی وزەبەرە ٠

لە شیکردنەوەی سێ قۆناغەکەی بوون بە جیهانی سەرمایەدا بینیمان کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خاوەن دینامیکیەتێکی دەرونییە و ئەم دینامیکیەتەش لەسەر وولاتانی جیهانی سێیەم کاریگەرە ٠

سەرمایە هیچ کات نەبزۆك نییە و بە هۆی سروشتی خۆیەوە ( بەهایەك کە خۆی فراوان دەکات ) ناچارە لە ئاستێکی فراوانتردا خۆی بەرهەم بێنێتەوە ٠ بلاوبونەوەی سەرمایەداری بە سەرانسەری جیهاندا و گەیشتنی بە ناخی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان ئەنجامی یاساکانی کەڵەکەبوونی سەرمایەیە ، بەلام فراوان بوونی سەرمایەداری هەمیشە چوون یەك و بێگرێ و گۆڵ نەبووە و بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە ٠

زۆر لەمەوبەر لە شیکردنەوە مارکسیزمیەکاندا بۆ مێژووی ئەوروپا گرنگیەکی تایبەت بۆ جیاکردنەوەی قۆناغە جیاوازەکانی وەك ( سەرمایەداری بازرگانی ، سەرمایەداری ململانێیەتی ، و سەرمایەداری قۆرغ کردن ) قایل بوون ، بەلام کاتێك سەرەبێتە

ـەر شیکردنەوەی جیهانی سێیەم بە دەگمەن هەولدانێك لە بواری جیاکردنەوەی نێوان قۆناغە جیاوازەکاندا ( تەنانەت لێکۆڵینەوەی کاریگەری یاساکانی کەڵەکەبوون بەگشتی ) ئەنجام درابێت .

ئابوری جیهانی سێیەم بە فراوان بوونی سەرمایە خۆی لە بەرانبەر گۆڕانکاری یەکی مەزندا دەبینێتەوە ، دەتوانرێت ڕەوتی ئەم گۆڕانکاریانە لە دینامیکیەتی هەر قۆناغێك لە بوون بە جیهانی سەرمایەدا دیاری بکرێت .

سێ قۆناغی سەرەکی لە بوون بە جیهانی سەرمایەدا هەیە و هەر قۆناغێکیش لەگەڵ یەکێ لە خولگەکانی سەرمایەی پیشەسازیانەدا دەگونجێ .

لە ماوەی بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی کالاییدا کە سەرمایەداران لە پەیدۆزکردنی چاوگەی هەرزانی کەرەسەی خاو و بازاڕی دەرەوەدان بۆ کەل وپەلەکانیان ، بازرگانی جیهانی پەرەدەسێنێ . دیسانەوە بەرهەمهێنانی کالایی لە سەرانسەری جیهاندا تەعمیم دەبێ و بەرژەوەندی چینی فەرمانڕەوا ناوچەییەکان ( هەریمییەکان ، واتە ـ ناوخۆیی ـ لە جیهانی سێیەمدا ) کە لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی بەرلە سەرمایەداری بەستەندە ؛ لەگەڵ بەرژەوەندی سەرمایەدارانی دەرەوەدا بە یەکدا دەچن تا ببنە ڕێگرێك لەبەردەم گواستنەوە بەرەو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری . ئەم " ڕێگرتنە " دەبێتە هۆی خولقاندنی پەشێوییەکی سیاسی کە سەرنگونی چینی زەویدارو گواستنەوەی بەرەو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە جیهانی سێیەمدا بەدوادا دێ .

ئیمپریالیزم ـ ناردنی سەرمایە وەك پارە و دیسانەوە وەك پەیوەندی یەکی کۆمەڵایەتی ـ نیشاندەری ئەم قۆناغەیە ، واتە بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی دارایی .

بۆرژوازی تازە پێگەیشتوی پیشەسازی لە جیهانی سێیەمدا، سوورن لەسەر کەڵەکەبوونی سەرمایە بە خێراترین شێوە ، وە وان لە گەڕان بەدوای پلەو پایەیەکی بەرزتر لە سیستەمێکی ئابوری جیهانیدا . کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان ، کە مەیلیان لە بەدەست هێنانی سودێکی بێهومارە لە جیهانی سێیەمدا ، لە بوون بە جیهانی بەرهەمهێناندا ( یا دروستتر بڵێین ، بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی بەرهەمهێنان ) دەچنە پاڵ بۆرژوازی ناوخۆوە .

هەواڵنامەی کتێب

لە قۆناغی ئەمڕۆدا ، هەندێ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بە خێرایی وان لە حاڵی پیشەسازی کردندا،ئەم کارەش نیشانەی لاواز بوونی ئیمپریالیزم نییە و لە واقیعدا ئیمپریالیزم بە مەبەستی پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی ، شێوازی کارکردنی گۆڕیوە .

پیشەسازی کردنی هەندێ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ڕێگەی مۆڵەت پێدانی گەشەیەکی خێراتر بە وڵاتە ئیمپریالیزمیەکان، دەبێتە هۆی بە هێزبوونی گەشەیەکی ناچوون یەك . ئەمڕۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم خەریکی بەرهەمهێنانی بە روبوومی پیشەسازی مۆنتاژن و ئەم کارینە یارمەتی وڵاتە ئیمپریالیزمەکان ئەدات تا چاوگەکانی خۆیان بخەنە خزمەتی ڕەوتی بەرهەم هێنانی ئەو کالاّیانەی کە تەکنۆلۆژیەکی پێش کەوتوو بەرزیان هەیە - بە تایبەت لە ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا - کە دواتر وەك پایەیەکی پیشەسازی کردن بە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەفرۆشرێن . لەمە زیاتر ، تەنها ژمارەیەکی کەم لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لەڕێی پیشەسازی کردندان و ژمارەیەکی زۆریان لەجێی خۆیاندا وەستاون و برسێتی هەمیشە هەرەشە لە ژیانی ملیۆنەها دانیشتوانی ئەم وڵاتانە ئەکات . تەنانەت لەو وڵاتانەدا کە "سوود" لە پیشەسازی کردن وەردەگرن ، تەنها دەستەیەکی کەم لەو سامانە بەدەست هاتووە سوود وەردەگرن ...

پیشەسازی کردن بە شێوەی سەرمایەداری شایستەی هیچ لایەنگرتنێك نییە لەلایەن سۆسیالیستەکانەوە و ئەرکی ئێمە هەوڵدانە بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیزمی نەك لایەنگرتن لە "بۆرژوازی پێش کەوتوو" .

تشرینی یەکەمی ١٩٨٧

## پەراوێزەکان

١- ئەم تێزە بە جۆرێکی ڕەسا لەلایەن پۆل بارانەوە لە کتێبی ئابوری سیاسی گەشەدا ، بەندی پێنجەم و شەشەم PAUL BARAN , THE POLETICAL ECONOMY OF GROTH' دەربڕراوە (NEW YORK MONTHLY RIVEW 1957).

٢- بۆ ئاشنابوون بە نموونەی ئەم بابەتە بڕوانە :
BILL WARREN , IMPERIALISM & CAPITALIST INDUSTRA-IALIZATION : NEW LEFT REVIEW NO.81SEP. - OCT.1973 .

٣- یەکێ لە بەرجەستەترین لایەنگرانی ئەم بۆچوونە (سەمیر ئەمین)ە ، بڕوانە :
SAMIR AMIN , ACCUMULATION ON AWORLD SCALE,1974 & UNEQUAL DEVELOPMENT.

٤- بۆرژوازیە ناوخۆیەکانی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتینی لایەنگری "سیستەمێکی نوێن لە ئابوری جیهاندا" بۆ زیادبوونی نرخی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە وڵاتەکانی خۆیاندا، بە ووتەیەکی تر هەموو لایەنگری "گەشە"ن. لە کاتێکدا مارکسیستەکان دەست ئەدەنە پەروەردەکردنی ئەو تیۆریانەی کە تیایاندا "گەشە" بە ناونیشانی ئامانجی سۆسیالیزم لە قەڵەم ئەدرێت، لە واقیعدا لایەنی ئیدیعای بۆرژوازی وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەگرن، ئەو ئیدیعایەی کە گوایە ئەم بۆرژوازیانە "سۆسیالیست" و "پێشکەوتنخوازن". "گەشە" سۆسیالیزم نییە و مانی سۆسیالیزم کۆنترۆڵی کرێکارانە بەسەر کۆمەڵگادا، ئەو شتەی کە تەواوی بۆرژوازیەکانی جیهان سەرسەختانە دژی ئەوەستن. لەمە زیاتر چەند تیۆرییەك هەن کە لا لە تایبەتمەندی چینایەتی "گەشە" ناکەنەوە و دەگەنە ئەم ئەنجامە سیاسیەی کە بۆرژوازیەکانی لایەنگری "گەشە" دەبێ لەلایەن سۆسیالیستەکانەوە پشتگیری بکرێن، بۆ نموونە تیۆرییەکیش هەیە بە ناوی "گەشەی ناسەرمایەداری"یەوە، کە لایان وایە ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن "بۆرژوازییە ئەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکان" وڵاتەکانی خۆیان بەرەو سۆسیالیزمی "گەشە" دەبەن، ئێمە دەبێت هەردوو ئەم تیۆریانە و بیسانەوە ئەو دەرەنجامە سیاسیانەی لەم تیۆریانەوە بەدەستدێن ڕەت بکەینەوە.

٥- بێگومان ئەم پرۆسێسە لەسەر ڕاستە هێڵێك ئەنجام نادرێ، بڕوانە کتیبی

PIERRE PHILLIPE REY, LES ALLIONCESLDE,CLASSES. PARIS, MASPERO .1973

کە تێیدا نووسەر باس لە پەیوەندی (هێشتنەوە و لێك هەڵوەشاندن) دەکات. لە کاتێکدا ڕەنگ خەباتی چینایەتی شێوەکانی بەرهەمهێنانی بەرلە سەرمایەداری وەك شێوەی (زاڵ) بهێڵێتەوە (بۆ نموونە ئەمریکای لاتین لە سەرەتای چەرخی بیستەمدا)، بەلام لایەنی پوکانەوە و لێك هەڵوەشانی ئەم شێوازانەی بەرهەمهێنان لە کۆتاییدا زاڵ دەبن.

٦- بە تایبەت سوودم (لە بەندی پێنجەم) ی "کۆمپانیا فرە نەتەویەکان و پرۆسێسی بوون بە جیهانی" و بەندی دووەمی کتێبی "بوون بە جیهانی سەرمایە" وەرگرتووە.

٧- کارل مارکس، سەرمایە (مۆسکۆ، بلاوکراوەی پرۆگریس، ١٩٧١) بەرگی دووەم لاپەرە ١١٣.

٨- ڕۆزا لوکزامبۆرگ، لەبەشی سێیەمی کتێبی "کەڵەکەبوونی سەرمایەدا" هەڵەیەکی گەورەی کردوە کە بوونی بازاڕی دەرەوە

بۆ مانەوەی سەرمایەداری ( لەلایەنی چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی بەدەست هێنانی قازانج ) بە ناچاری یەك لە قەڵەم داوە . لەگەڵ ئەم هەڵەبەشدا ، هەندێکی زۆر بۆچوونی قووڵی داوە بەدەستەوە بە تایبەت لەم مەسەلەیەدا کە زیادبوونی بازرگانی کالایی سەرەتای پرۆسێسی گواستنەوەیە بەرەو سەرمایەداری ( کەڵەکەبوونی سەرەتایی ) لە وولاتە دواکەوتووەکاندا.

٩- زیادبوونی بڕی بازرگانی لەگەڵ سەرمایەدارانداً زۆرجار" کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر پەیوەندیە بەرهەمهێنانە ناوخۆییەکاندا بەجێ دەهێشت" . لە قۆناغی بەرلە ئیمپریالیزمی دا ( قۆناغی بوون بە جیهانی خولگەی سەرمایەی کالایی ) ، نوێ کردنەوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە وولاتە پێش کەوتووەکاندا لە جیاتی شیکردنەوە و لێك هەڵوەشاندنی بەرهەمهێنانی بەر لە سەرمایەداری ، بە چەشنێکی گشتی بریبووە هۆی پاراستنی ( تەنانەت ئەگەر بە شێوە یا لە شێرازێکی تردا خۆی بنوێنێ ) ، بەتایبەت لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا " بنکە ئابوورییە ( دورگە ) یەکان پێك هاتن " - لە شێوەی دورگەیەك بە پەیوەندیی سەرمایەدارییانەوە لە دەریای بەرلە سەرمایەداریدا - ( وەك بەرهەمهێنانی نەوت لە ئێران و عێراقدا ) ( بێگومان بەرلە شۆڕشی ١٩٥٨ لە عێراقدا - وەرگێڕی کوردی ) .

١٠- بەرهەمی نەوتی عیراق لە ٣ ملیۆن تەن لە ساڵی ١٩٤٠ گەیشتە ٦٫٢ تەن لە ساڵی ١٩٥٠ و ٤٩٫٥ ملیۆن تەن لە ساڵی ١٩٦٠ ( ١٪ بۆ ٣٫١٪ ی بەرهەمی جیهانی ) .

١١- ئەم ڕاوێژکەرانە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتیبوون لە نێرەرانی ( بانکی جیهانی ) لە ساڵی ١٩٥١ دا ، کۆمپانیای (A.D.LITTLE) لە ساڵی ١٩٥٤ ، و ( لۆرد سالتەر ) لە ساڵی ١٩٥٥ دا ، وە چەندین بەڵگە بەدەستەوەبوو کە بەو پێیە چاوەڕوان ئەکرا کە کشت و کاڵی وولات ببوژێتەوە : لە سەردەمی خەلیفەکاندا ، عیراق خۆراکی دانیشتوانێکی سێ هێندەی دانیشتوانی ئێستای دابین ئەکرد .

١٢- بۆ نموونە بەنداوی ( دوکان ) زیاد لە ٣٦ ملیۆن دیناری تێچوو .

١٣- تا ساڵی (١٩٥٨) ، زیاتر لە (٤٠٠) ملیۆن دۆلار لە شێوەی ( کاغەزی بەنرخدا ) بۆ - ماوەی کورت - لە بازاڕی لەندەندا خرابووە گەڕ، بگەڕێوە بۆ:

ABBAS ALNASRAWI , FINACING ECONOMIC DEVELOPMENT IN IRAQ , ( NEW YORK 1967 ).

لێرەدا نموونەیەکی سەرنج ڕاکێش لە نەبوونی مەیلی عێراق بۆ گەشەی پیشەسازی ناودەبەین ، تەنانەت بەپێی ڕاوێژکەرانی

بانکی جیهانی نرخی قازانج لە بنکەیەکی پیترۆکیمیاییدا کەتیدا لەو گازە سروشتییەی بەسەر بیرە نەوتەکانەوە دەسوتی سوود وەردەگیرا ـ تا ٪١٥ بەراوردکرابوو دەوڵەتی عیراق سەرەتا کارگایەکی بچوکتری پێشنیار کرد و پاشان هەر دروست نەکرا .

PARHANG JALAL , THE ROL OF THE GOVERNMENT IN THE INDUSTRIALIZATION OF IRAQ ,1950 -1965 ( LONDON1972 ).

١٤ـ بڕوانە :

DOREEN WARRNER , LAND REFORM & DEVELOPMENT IN THE MIDDLE EAST , LONDON OXFORD UNIVERSITY 1962 - PAGE (65 -158 ).

١٥ـ « لۆرد سالتەر » پێشنیاری دەکرد بەرنامەی خانوبەرسازی لە عێراقدا ئەنجام بدرێ تا جەماوەر ڕاستەوخۆ ئەنجامی زیادبوونی دەرامەتی نەوت ببینن

KATHLEEN LANGLEY , THEINDUSTRIALIZATION OF IRAQ ( COMBRIDGE UNIVERSITY PRESS 1961 ).

١٦ـ مارکس ، سەرمایە بەرگی دووەم لاپەڕە ١١٣ .

١٧ـ تێکشکاندنی دەسەڵاتی موڵکدارەکان وەك « چین » ێك ، بە ناچاری مانای تێکشکاندنی دەسەڵاتی یەك یەك موڵکدارەکان نییە ، ول لە ئێراندا زۆر لە موڵکدارەکان بوونە سەرمایەدار .

١٨ـ کریستیان پالۆا : « کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان و پرۆسێسی بوون بە جیهانی » ١٩٧٣ لاپەڕە ٩٤٣ کتێبەکەی لینین ـ ئیمپریالیزم بالاترین قۆناغی سەرمایەدارییە ـ تا ڕادەیەکی زۆر شیکردنەوەی ئەم قۆناغەی بە جیهانی بوونی سەرمایەیە ( پالۆا ـ بوون بە جیهانی سەرمایە ١٩٧٥ : ل ٧٨ ) . لینین بە دروستی جەخد لەسەر ئەوە ئەکا کە ئیمپریالیزم هاوکاتە لەگەڵ هاتنەکایەوەی سەرمایەداری قۆرغ کراودا . لە دەیەی یەکەمی ئەم چەرخەدا ، بە پتەو بوونی سەرمایەداری قۆرغ کراو لە نێوان هێزە ئیمپریالیزمیەکاندا ، ئیمپریالیزم لە ئاستێکی جیهانیدا فەرمانڕەوایی بەدەست دێنێت ، لەگەڵ ئەمەدا لەهەندێ وڵاتی جیهانی سێیەمدا ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری پاش ماوەیەك زاڵ دەبن ( و پەیوەندییە بەر لە سەرمایەدارییەکان دەکەنە پاشکۆی خۆیان ) .

١٩ـ MARX, OP. CIT., VOL III PP. 334 FF.

٢٠ـ باشترین شیکردنەوە دەربارەی چۆنیەتی کارکردنی سەرمایەداری دەوڵەتی لە وڵاتێکی جیهانی سێیەمدا لە کتێبی « خەباتی چینایەتی لە میسردا ـ نووسینی محمود حسین » خراوەتە ڕوو . دیسانەوە بۆ جیاوازی لە نێوان خاوەندێتی و کۆنترۆڵ کردندا : شارل بتلهایم « ئاماری ئابوری و شێوەکانی خاوەندێتی .

CHARLES BETTELHEIM, ECONOMIC CALCULATIONS & FORMS OF PROPETRY ( NEW YORK 1975 )

٢١- JALAL, OP. CIT., PP62FF.

٢٢- دەربارەی دەزگای بەرنامەڕێژی بڕوانە ( جەلال ) هەمان کتێب لاپەڕە ١٧- ٢٠ .

٢٣ - کردنەوەی کارخانەی گۆگرد ، لە ساڵی ١٩٥١ لەلایەن ( بانکی جیهانی ) و لە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن کۆمپانیای ( ا . د . لیتل ) وە پێشنیار کرابوو لە " تەمموز" ی ١٩٥٨ بڕیارنامەی ئەم پڕۆژەیە لەگەڵ ئەمریکادا بەسترا ، بە هۆی شۆڕشی هەمان ساڵەوە بڕیارنامەی ناوبراو هەڵوەشایەوە ، لە ساڵی ( ١٩٥٩ - ١٩٦٢ ) دیسانەوە وەك پڕۆژەیەکی سۆڤیەتی سەر لەنوی نەخشەی بۆ کێشرا کودەتای ١٩٦٣ ئەم بڕیارنامەیەی هەڵوەشاندەوە و لە ساڵی ١٩٦٥ دا بڕیارنامەیەکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکادا بۆ مۆرکرا . ( بڕوانە - جەلال - ل ٧٨ ) .

٢٤- پالۆا ، ١٩٧٣ ل . ١٤٤ ، پالۆا جەغد لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکات کە پێکهێنانی کۆمپانیا چەند نەتەوەیەکان نیشاندەری گۆڕانێکی بنەمای نییە ، بەڵکو ئەم کۆمپانیانە شێوەی بوون بە جیهانی بەرهەم هێنانن و دوور نییە شێوەی تریش بێتە کایەوە .

## فەرهەنگۆك

رەوت : سیر

بارووری : قدرة انتاجیة

دوبارە بەرهەمهێنان : اعادة انتاج

تیێز : اطروحة

پرۆسێس : عملیة

ڕێژە : نسبة

کالا : سلعة

خولگە : مدار

گەردان ، سوڕان : دورة ، دوران

بەها : قیمة

کار : عمل

کاری کرێگرتە : العمل المأجور

بزووتنەوە : حركة

دارایی : مالي
بەرهەمهێنان : انتاج
هێزی کار : قوة العمل
کەڵەکەبوون : تراکم
نێودەوڵەتان : الدولي
ململانێ : منافسة
گەشە : نمو ، تطور
بنەما : بنية
ڕێگر : مانع
جەغد : تأكيد
پیشەسازی کردن: التصنيع
تیۆر : نظرية
پوڵ : عملة ، نقد

سەرمایەی دارایی : الرأسمال المالي
سەرمایەی کالایی : الرأسمال السلعي
سەرمایەی بەرهەمهێنان : الرأسمال الانتاجي
بازاڕی جیهانی : السوق العالمي
بنکەی پیشەسازی : المراكز الصناعية

شێوازی بەرهەم هێنان : نمط الانتاج ، أسلوب الانتاج
پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان : علاقات الانتاج

کۆمپانیا فرە نەتەوەیەکان : الشركات المتعددة الجنسية

**کلاسیکەکانی مارکسیزم**

# دەربارەی نامیلکەی لینین:
# "دەوڵەت و شۆڕش"

و: باوکی هۆزان

" دەوڵەت و شۆڕش " بەرهەمێکە لینین تیایدا بیروڕاکانی خۆی دەربارەی مەسەلە سیاسیە جەوهەری و بڕیاردەرەکانی جیهانبینی کۆمۆنیزم بۆ جیهان و خەباتی پراکتیکی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی دەردەبڕێ. چونکە ئەو بوار لە هەموو شتێك باس لە گرنگی دەسەلاتی سیاسی چینی کرێکار بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای ناچینایەتی: کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، دەکات کە ئاشتی و یەکسانی کۆمەلایەتی و لەدواییدا گەشەکردنی سەربەستانە و هەمەلایەنی بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات. لێرەدا لینین، بە پێچەوانەی خەیاڵ پلاوی ریفۆرمیستەکان و بۆرژوا ئەنارکیستانە، ئەوە دەسەلمێنێ کە شۆڕشی پرۆلیتاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا گەشەکردنی مێژوویی دوایی مرۆڤایەتی و ڕزگارکردنی هەمیشەیی مرۆڤ لە چەوساندنەوە دابین دەکەن، وە دیموکراتیەت بە بالاترین شێوەی دەهێننە دی.

بەو جۆرە لێنین ڕاستی و دروستی بیروڕا و فێرکاریەکانی مارکس دەردەخات. جا بۆ ئەوەی لە نامیلکەی "دەوڵەت و شۆڕش" تێ بگەین، بێگومان شتێکی چاکە ئەوە بهێنینەوە یاد چۆن مارکس ناوەڕۆکی فێرکاریە تیۆریەکانی خۆی لە بواری سیاسی دا پوختە کردۆتەوە، ئەوەتا دەڵێ:"ئەوەی پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە، چاکەی دۆزینەوەی هەبوونی چینەکان لە کۆمەڵگای هاوچەرخ دا و دۆزینەوەی ململانێی نێوانیان بۆ من

ناگەڕێنەوە ، چونکە مێژوو نووسە بۆرجوازیەکان بەر لە من بە ماوەیەکی زۆر گەشەکردنی مێژوویی ئەو خەباتەی چینەکانیان ڕونکردۆتەوە و ئابوریستە بۆرجوازیەکانیش پێکهاتنی ئابووری چینەکانیان دەرخستووە . ئەو شتە نوێیەی من کردومە بریتییە لە سەلماندنی ئەمانەی لای خوارەوە : ١/ هەبوونی چینەکان گرێدراوە بە قۆناغی مێژوویی دیاریکراوی گەشەکردنی بەرهەمهێنانەوە . ٢/ ململانێی چینایەتی بە پێویست دەبێتە هۆی هاتنە سەرکاری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . ٣/ ئەو دیکتاتۆریەتەش خۆی تەنیا قۆناغێکی گوێزانەوەیە بۆ نەهێشتنی چینەکان و بیناکردنی کۆمەڵگای بێ چین " (١) .

لینین لە " دەوڵەت و شۆڕش " دا ئەوە دەردەخات چۆن ئەو شتە نوێیە لە بیروڕای مارکس دا نەشونمای کرد ، وە بە شێوەیەکی مێژوویی ـ سیستەماتیکی باسی پەیوەندی حەتمی نێوان چینی کرێکار و دەوڵەت بۆ گوێزانەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دەکات و بیروراکانی مارکس و ئەنگلز دەربارەی ئەو بابەتە بەسەر ئەنجامی نوێی هەڵقولاو و لە شیکردنەوەی ململانێی چینایەتی قۆناغی ئیمپریالیزم و شۆڕشی پرۆلیتاری دەوڵەمەند دەکات . جا لەبەر ئەوەی " دەوڵەت و شۆڕش " لەبەرەبەیانی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری مەزن دا نووسراوە ، بۆیە هۆکاری زانستی دامەزراندنی دەسەلاتی سیاسی چینی کرێکاری گرتۆتە خۆی . جگە لەوە لینین بە " دەوڵەت و شۆڕش " ڕێگەی داهاتوی کۆمۆنیزمی دیاریکرد ، کە بەوە ناسراوە گشت کارگەران لەژێر ڕابەرایەتی حیزبی مارکسی دا بەشداری لە بەڕێوەبردن و نەخشەکێشانی گشت کاروفرمانەکانی کۆمەڵ دا دەکەن .

" دەوڵەت و شۆڕش " گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ خەباتکردن دژی ئەو هەوڵدانە جۆراوجۆرانەی دەدرێ بۆ کلۆرکردنی کۆمۆنیزمی زانستی لەناوخۆیەوە و لە ڕێگەی شێواندنی هەنگاو بە هەنگاوی هەڵوێستە بنچینەییەکانیەوە . بۆرجوازیەت هەمیشە هانی ئەو جۆرە شێواندنە ڕیفۆرمیستانەی داوە و بە چالاکانە کاری پێکردون ، هەر لەسەر ئەو بناغەیەش هەوڵی ئەوەی داوە ناکۆکی لە نێوان مارکسیزم و لینینیزمدا بخوڵقێنن . بەلاّم دانراوی " دەوڵەت و شۆڕش " نیشانەی یەکگرتوویی مارکسیزم و لینینیزمە و بەڵگەی زانستی تیدایە بۆ بەگژاچوونی هەموو

هەواڵنامەی کتێب

ئەو هەوڵدانانەی دەدرێ بۆ پوچەڵ کردنەوەی ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕی مارکسیزم و بەدرۆخستنەوەی گشتی بوونی لینینیزم .

## " دەوڵەت و شۆڕش " لەچی پێکهاتووە ؟

لینین لە بەشی یەکەمی " دەوڵەت و شۆڕش " دا باسی هەڵوێستی مارکسیزم بەرامبەر دەوڵەت دەکات و مەسەلەی ناوەندی دانراوەکە دەردەخات . لەبەشی دوەم و سێیەم و چوارەم دا باسی گەشەکردنی مێژوویی تیۆری مارکس و ئەنگلز دەربارەی دەوڵەت دەکات و پشتگیری ئەو بیروڕایانەیان دەکات کە دەربارەی پێویستی وردوخاشکردنی داو و دەزگای دەوڵەتی کۆن : دەوڵەتی بۆرجوازی،وەئەرکەکانی دەوڵەتی پرۆلیتاری دەربڕیوە و لەهەمان کاتدا دەوڵەمەندییان دەکات .

لەبەشی پێنجەم دا لینین باسی گەشەکردنی دەوڵەت و دیموکراتیەت لەکاتی بیناکردنی کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا دەکات و بەقوڵی نیشانە جەوهەریەکانی پلەکانی پێگەیشتنی کۆمۆنیزم دەردەبڕێ کە مارکس دەستنیشانی کردون . لە بەشی شەشەمیشدا لینین لە ڕێگەی هەست و مرەکانیەوە لەگەڵ بلیخانۆف و کاوتسکی دا ئەوە دەسەلمێنێ کە هەر لادانێک لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان شۆڕشی پرۆلیتاری و دەوڵەت دەبێتە هۆی شێواندن و سوکایەتی پێ کردنی مارکسیزم .

بەو جۆرە لۆژیکی ناوەکی " دەوڵەت و شۆڕش " لەم چەند خاڵەدا پوختە دەکرێتەوە :

- دەربڕینی مەسەلەکە .
- گرنگی وردوخاشکردنی دەوڵەتی کۆن .
- ناسۆ و ئەرکەکانی دەوڵەتی پرۆلیتاری بەپێی پلەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی .

پێش ئەوەی باسی ئەو تێبینیانە بکەین کە یارمەتی خوێنەر دەدەن دیراسەی ئەم دانراوە بەپێی لۆژیکە ناوەکیەکەی بکەن ، بەچاکی دەزانین ئەو هەلومەرجە مێژووییە بخەینە بەرچاو کە دانراوەکەی تێدا لە دایکبووە .

## هەلومەرجی نەشونما کردنی مێژوویی و دەربڕینی فرمانەکان

درای چەندین ساڵ لە ئامادەکردنی هەمەلایەنی لینین

لە مانگی ئاب ـ ئەیلولی ساڵی ١٩١٧ دا دانراوی " دەوڵەت و شۆڕش " ی نووسی . ئەو کاتە کرێکاران و جوتیاران خۆیان بۆ ڕوخاندنی حوکمی بۆرجوازیەت ئامادە دەکرد و دەیان ویست بە ڕابەرایەتی بۆلشەفیکەکان شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی ، کە لە شوباتی ١٩١٧ دا دەسەلاتی لە قەیسەریەت سەند بوو ، بگۆڕن بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی . ئەوەی شایانی باسە لینین لەو چەند هەفتەیەی بەر لە شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری مەزن دا زیاتر لە شەست بابەتی نووسیبووە ، لەوانە " دەوڵەت و شۆڕش " و چەند بابەتێکی تر کە گرنگی بەرنامەیی گەورەیان هەبوو ، وەك : " ئەو کارەساتەی هەڕەشەمان لێ دەکات و چۆن دەچین بەگژی دا " ، " ئایا بۆلشەفیکەکان دەتوانن پارێزگاری دەسەلات بکەن ؟ " . لەم بوارەدا " مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی سۆفێتی " باسی گرنگی ئەو دانراوانە دەکات و دەڵێ : " لینین لەو دانراوانەدا سەرنجی سەرەکی بۆ هۆکاری هەمەلایەنی یاسا مێژوویەکان و حەتمیەتی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕوسیا ڕادەکێشێت و فرمانە گرنگەکانی ڕوون دەکاتەوە و لە ڕوانگەی زانستیەوە چەوتی هەڵوێستی تیۆریەتە مەنشەفیکەکان دەسەلمێنێ و حیزب بە زانیاری تیۆری نوێی لەو جۆرە چەکدارە دەکات ، کە دەبنە هۆی چەسپاندنی ئامادەیی پێشڕەوی پرۆلیتاری بۆ خەباتکردن لە پێناو جێ بەجێکردنی ئەرکە مێژوویەکانی خۆیدا . ئەو زانیاریە نوێیانەش یارمەتی حیزبی بۆلشەفیکیان دا وەلامی ڕاست و دروستی هەبێت بۆ گرنگترین مەسەلە کە ژیان و شۆڕش دەریان دەبڕن و بتوانێ زۆربەی هەرە زۆری گەل بەلای خۆیدا بهێنێ " ( ٢ ) .

قوڵبوونەوەی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕوسیا و بێزاری جەماوەری گەل لە یەکەمین جەنگی جیهانی بوونە هۆی خەملینی دۆخی شۆڕشگێڕی . بەو جۆرە هەلومەرجی بابەتی و خۆیی دامەزراندنی دەسەلاتی سیاسی چینی کرێکار لە ڕوسیا : ولاتی ئیمپریالیزمی سەربازی ـ دەرەبەگایەتی ، خەملی . لەو کاتەدا لینین لە " دەوڵەت و شۆڕش " دا ڕێگای خەبات و فرمانە سیاسیە سەرەکیەکانی دیاریکرد بۆ ڕوخاندنی دەسەلاتی بۆرجوازیەت و وردوخاشکردنی دام و دەزگای دەوڵەتی کۆن و بنیاتنانی داهاتووی کۆمۆنیستانە .

ئەوەی شایانی باسە ئەو دانراوە تەنیا باسی

ناکات، بەڵکو لینین تیایدا وەڵامی ئەو مەسەلە سەرەکیانەی خەبات دەداتەوە کە لەکاتی پێگەیشتنی هەلومەرجی بابەتی شۆڕشی پڕۆلیتاری‌دا ڕووبەڕووی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کرێکاری دنیاوە دەبوونەوە . چونکە " دەوڵەت و شۆڕش " کە بە یەکێک لە شاکارە کلاسیکیەکانی لێنینیزم دەژمێردرێ، باسی یاسا گشتیەکان و هەلومەرجی گشتی گوێزانەوەی مرۆڤایەتی لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم دەکات .

کاتێ ئیمپریالیزم جێی بەسەرمایەداری پێش مۆنۆپۆلی چۆڵ کرد، شۆڕشی پڕۆلیتاری بووە نەخشەی کاری مێژوو . لەو کاتەدا ئەرکی بزوتنەوەی کرێکاری جیهانی ئەوەبوو هێرش بەریتە سەر قەڵای سەرمایە ، ئەوەش بانگەوازی قۆناغێکی نوێ بوو، قۆناغی گوێزانەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم . بەو جۆرە پێویست بوو گەشە بە مارکسیزم، بەتایبەتی تیۆری شۆڕش، بدرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ بە شێوەیەکی ڕاست و دروست سەرکردایەتی خەباتی چینی کرێکار و هاوپەیمانەکانی بکرێت . بەواتایەکی تر پێداویستی پراکتیکی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی، پێویستی گەشەپێدانی زانیارییەکانی مارکس و ئەنگلز لە مەڕ دەوڵەت ( بەتایبەتی پەیوەندی پڕۆلیتاریا لەگەڵ دەوڵەت‌دا ) سەپاند .

جگە لەوانەی سەرەوە هۆیەکی جەوهەری تریش هەبوو، هەندێ لە سەرکردە ناسراوەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم هەستان بە ساختەکردنی فێرکارییەکانی مارکسیزم دەربارەی دەوڵەت و شۆڕش و لەناو بزوتنەوەی کرێکاری‌دا و پڕوپاگەندەیان بۆ مارکسیزمێکی شێوێنراو و بێ ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕی دەکرد . بەو جۆرەش پەیوەندی نێوان ئیمپریالیزم و هەلپەرستی بەڕوونترین شێوە خۆی نواند . لەبەر ئەوەی هەلپەرستی وەك ئایدیۆلۆجیەتێك بزوتنەوەی کرێکاری بەپێی بەرژەوەندی سەرمایەداری دەمازێنێ، وە لەگەڵ ئەو سیاسەتە ڕیفۆرمیستانەدا تەبایە کە هیچ زیانێك بە ڕژێمی سەرمایەداری ناگەیەنن . چونکە وازهێنان لە شۆڕشی پڕۆلیتاری، واتە وازهێنان لە ڕوخاندنی شۆڕشگێڕانەی سەرمایەداری، خاڵی ناوەندیی هەلپەرستیە . یەکەم جار ئەو خۆدابرانە لە مارکسیزم لەژێر پەردەی قسەکردن لەسەر تێکۆشان بەرەو سۆشیالیزم دا خۆی شاردەوە و خەیاڵپڵاوی " ڕێگەی نوێ " : " ڕێگەی سێیەم " بەرە و سۆسیالیزمی خولقاند . گەشەکردنی کۆمەڵایەتی گرنگی لەناوبردنی شۆڕشگێڕانەی

هەواڵنامەی کتێب

هێنایە ئاراوە و هەموو ناکۆکیەکانی ئیمپریالیزمی دەرخست کە لەکاتی یەکەمین جەنگی جیهانی دا قوڵبووبوونەوە ، بەلاَم هەلپەرستەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم لەسەرەتای جەنگەوە دروشمی " ئاشتی ناوخۆ " یان بەرزکردەوە و پاڵیان دا بە بۆرجوازیەتی وڵاتەکانی خۆیانەوە . لێرەدا ئەو پاڵدانە بە راشکاوی بەلای دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکاندا ، مانای دورکەوتنەوەی یەکجارەکی بوو لە سیاسەتی چینایەتی پرۆلیتاری ئینتەرناسیۆنالیستانە ، ئەو دورکەوتنەوەیەش بە باشی لە گۆڕان بەرە و شۆڤێنیزمی کۆمەلاَیەتی و سیاسەتی " داکۆکی کردن لە نیشتمانی دایک " دا بەرجەستە دەکرێتەوە . لێرەدا دەتوانین بلێین خەباتکردن لە پێناو ڕزگارکردنی جەماوەری کارگەران لە ژێر دەستەیی بۆرجوازیەت " مەحالە بەبێ خەباتکردن لە دژی خەیاڵپلاوی هەلپەرستانە دەربارەی دەوڵەت " (٣) .

بەو جۆرە هەلپەرستی کۆسپێکی سەرەکی بوو لە بەردەمی خەملینی هێزە پرۆلیتارەکان و گەشەکردنی هوشیاری و رێکخستن دا کە گرنگ بون بۆ شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی .

لەبەر ئەو هۆیەش پێویست بوو تیۆری دەوڵەت و شۆڕشی مارکسیستانەبەشێوەیەکی هەمەلایەنی گەشەی پێ بدرێت . لینین لە پێشەکی دانراوەکەدا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە و ووتویەتی: " مەسەلەی هەلوێستی شۆڕشی سۆسیالیستی بەرامبەر دەوڵەت وەك مەسەلەی دیاریکردنی ئەو کارە وایە کە پێویستە جەماوەر لە داهاتوودا ئەنجامی بدات بۆ ڕزگاربوون لەستەمی سەرمایە " .

ناونیشانی لاوەکی دانراوەکەی لینین بریتی بوو لە : فێرکاریەکانی مارکسیزم دەربارەی دەوڵەت و فرمانەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕش دا " . لینین دەستی کرد بەشیکردنەوەی " هەموو بابەتە بڕیاردەرەکانی کارەکانی مارکس و ئەنگلز دەربارەی مەسەلەی شۆڕش " (٥) ، مەبەستی لەوەش شیکردنەوەی سەرهەلدانی و ناوەڕۆکی دەوڵەت و پەیوەندی نێوان پرۆلیتاریا و دەوڵەت بوو ـ بەتایبەتی لەقۆناغی شۆڕشی پرۆلیتاری دا ـ هەروەها مەبەستی شیکردنەوەی لەناوچوونی دەوڵەت بوو لە پلەی بالاَی کۆمەلگای کۆمۆنیستی دا .

پێش ئەوەی لینین " دەوڵەت و شۆڕش " بنووسێ ، بیروڕاکانی مارکس و ئەنگلزی دەربارەی دەوڵەت دیراسەکرد و هەلێنگاندن و پوختەکەی وەرگرتن . لیرەدا ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە باسەکەوە هەبوو لە دانراوەکانی مارکس و ئەنگلز

وەری گرتن ، لەگەڵ تێبینییەکانی خۆی کە لە پەراوێزەکانیاندا نووسیبوونی گرنگیەکی بێ وێنەیان هەیە بۆ هەموو یەکێك بیەوێ بایەخ بەم مەسەلەیە بدات .

ئەو کارە سەرەتاییانەی لینین لەژێر ناونیشانی " مارکسیزم و دەوڵەت " (٦) دا ، کە بە " پەڕاوی شین " پێ ناسراوە ، بڵاوکرایەوە . لە سەرەتای تەموزی ( ١٩١٧ ) دا ، کاتێ کۆنەپەرستی پیلانی بۆ کوشتنی لینین دانابوو ، لینین لە دەفتەری تێبینییە تایبەتیەکانی خۆیدا نووسیویەتی : " لە کاتی کوشتنم دا ، تکام وایە پەڕاوی ( مارکسیزم و دەوڵەت ) ، کە لە ستۆکهۆڵم جێم هێشتووە و بەرگێکی شینی هەیە ، بڵاوبکەنەوە . ئەو پەڕاوە گشت تێکستەکانی مارکس و ئەنگلزی تێدایە ، هەروەها ئەوانەی کاوتسکی دژی بانکویك کە پێکهاتوە لە چەندین تێبینی جۆراوجۆر و سەرنج و داڕشتن . من لەو بڕوایەدام دەکرێ پاش باك نووسێك ، کە هەفتەیەك دەکێشێ ، بڵاوبکرێتەوە . من ئەوە بە مەسەلەیەکی گرنگ دەزانم ، چونکە پێشێوی تەنیا تووشی بلیخانۆف نەبووە ، بەڵکو کاوتسکیشی گرتۆتەوە " (٧) .

لینین لە هەلومەرجێکی دژوار و سەردەمی کاری ژێر زەمینی دا " دەوڵەت و شۆڕش " ی تەواو کرد و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٨ دا بڵاوکرایەوە ، ئەگەرچی " پراڤدا " لەوەوپێش پێشەکی و پەرەگرافی یەکەم و دووەمی بەشی یەکەمی دانراوەکەی لە کانوونی یەکەمی ١٩١٧ دا بڵاوکردبووەوە . ئەوەی شایانی باسە ئەو دانراوە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبووەوە و لە هاوینی ١٩١٨ دا یەکەمین چاپی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە و تەنیا لە بەرلین هەتا ئەیلولی ١٩١٩ شەش چاپی لێ دەرچوو . هێرمان دۆنکر لەکاتی باسکردنی " دەوڵەت و شۆڕش " دا ( ١٩٢٢ ) ، دەڵێ : " ئەو دانراوە کارێکی تیۆری سەرەکی کۆمۆنیزمی هاوچەرخە ، وەك گورزێکی مەزن سیاسەتی مارکسیزمی لە هەموو چلپاو و ساختەکردنەکانی " سۆسیال دیموکراسیەکان " ڕزگار کرد . لەم بوارەش دا هیچ دانراوێکی تری کۆمۆنیزمی هاوچەرخ ناتوانێ شان لە شانی دانراوەکەی لینین بدات و هیچ کەسێك ناتوانێ بێ خوێندنەوەی چەند جارەکی دانراوەکە خۆی بە کۆمۆنیزم بداتە قەڵەم " (٨) .

لەسەرەتای بەشی یەکەم دا : کۆمەڵگای چینایەتی و دەوڵەت ، لینین لە بەرامبەر هەوڵدانی ڕیڤیژنیستەکان بۆ کلۆرکردنی مارکسیزم دەگاتە ئەم سەرئەنجامە : " لە بەرامبەر

ئەم بارۆدوخە ، لە بەرامبەر بلاوبوونەوەی بێ وێنەی شێواندنی مارکسیزم ، ئەرکی سەرشانمان لەوەدا پوختە دەبێتەوە کە بەر لە هەموو شتێك فێرکاریە ڕاستەقینەکانی مارکس دەربارەی دەوڵەت بژێنینەوە " (٩) . دوای ئەوە لینین باسی ئەو شێوازە دەکات کە پێویستە پیڕەوی بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئەرکە و دەڵێ : " ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کۆمەڵێك پەرەگرافی درێژە هەموو پەرەگرافەکان ، یان بەلای کەمەوە پەرەگرافە بڕیاردەرەکان ، لە دانراوەکانی مارکس و ئەنگلز خۆیان وەرگرین بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ سەربەخۆیانە ئایدیایەك دەربارەی سەرجەمی بیروڕاکانی دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی زانستی و گەشەکردنیان دروست بکات ، وە بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو شێواندنی ئەو بیروڕایانە لەلایەن " کاوتسکیزم " وە بسەلمێنن کە ئەمڕۆ باون و بەتەواوەتی ڕونیان بکەینەوە " (١٠) .

لینین شیکردنەوەی بیروڕاکانی مارکس و ئەنگلز دەبەستێتەوە بەسەرئەنجامەکانی شارەزایی کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی (١٩٠٥ ـ ١٩٠٧)ی ڕوسیا و شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ ی ڕوسیا و شارەزاییەکانی تری بزوتنەوەی کرێکاری جیهانیەوە ، شان بەشانی ئەوە گرنگی وردوخاشکردنی دەوڵەتی بورجوازی و دامەزراندنی دەسەلاتی نوێ : دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، دەسەلمێنێ .

## بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی " دەوڵەت و شۆڕش " چیە ؟

لینین بە سەلماندنێك دەست بەباسکردنی فێرکاریەکانی مارکسیزم لەمەر دەوڵەت دەکات ، ئەویش دەڵێ : " دەوڵەت بەرهەمی کۆمەڵە لە پلەیەکی دیاریکراوی گەشەکردنیدا ، دەوڵەت دەربڕی ئەو واقیعەیە کە کۆمەڵگاکە کەوتۆتە ناکۆکیەکەوە لەگەڵ خودی خۆیدا کە ناتوانێ چارەسەری بکات و دابەشبووە بۆ کۆمەڵێك ناکۆکی باشی بوو کە ئەو لە توانایدا نیە لێیان دەرباز ببێ " ( ١١) . لەم مەسەلەیەدا لینین پشتی بە دانراوی " ڕەچەڵەکی خێزان و خاوەندارێتی تایبەتی و دەوڵەت " (١٨٨٤) ی فریدریك ئەنگلز بەستووە . هەروەها لینین لە تەموزی ١٩١٩ دا لە موحازەرەیەکدا : " دەربارەی دەوڵەت " باسێکی دەربارەی ڕەچەڵەکی مێژوویی و ناوەڕۆکی دەوڵەت پێشکەش کردوە . (١٢ )

لینین لە کەرتی یەکەمی " دەوڵەت و شۆڕش " دا جیاوازی

لە نێوان دوو هێڵی سەرەکی شێواندنی مارکسیزمدا دەگات: یەکەمیان هێڵی تیۆریستە بۆرجوازی و وردە بۆرجوازیەکان - بە تایبەتی سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم - کە لەگەڵ ئەوەدا باوەڕیان بەوە هەبووە دەوڵەت دانامەزرێ لەو کاتەدا نەبێ کە ململانێ و ناکۆکی چینایەتی لە ئارادابێ، بەلاّم لەو بڕوایەدابوون دەوڵەت دام و دەزگای سازاندنی پەیوەندی نێوان چینەکانە . لینین دەربارەی ئەمانە نوسیوویەتی: " ئەوانە سۆسیالیستی نین، بەڵکو دیموکراتی وردە بۆرجوازی خاوەن ڕستەی لەو جۆرەن کە نزیکە لە سۆسیالیزمەوە " . هێڵی دوەم ئاقاری کاوتسکیە لە شێواندنی فێرکاریەکانی مارکسیزم دەربارەی مەسەلەی دەوڵەت . ئەم هێڵە ئەگەرچی ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە دەوڵەت دام و دەزگایەکە بۆ بالاّدەستی چینایەتی، بەلاّم ئەو سەرئەنجامانەی ڕەت دەکەنەوە کە مارکس بەدەستی هێنابوون و دەڵێن: مەحاڵە بەبێ شۆڕشێکی بەزەبر و وردوخاشکردنی دام و دەزگای دەوڵەتی کۆن، گوێزانەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم مەیسەر بێت . لینین پشت ئەستور بە بیروڕاکانی مارکس و ئەنگلز، گرنگی شۆڕشی پرۆلیتاری بەزەبری سەلماند، وە ئەو بیروباوەڕی تیۆریستەکانی سۆسیال دیموکراسی ڕەتکردەوە کە دەڵێ " ئەشێ بە ڕێگەی پرۆسەیەکی شێنەیی دور و درێژ و دور لەبەکارهێنانی زەبر لە سەرمایەدارییەوە بەرە و سۆسیالیزم بچین" . بەو جۆرە دەردەکەوێت سیاسەتی ڕیفۆرمیستانەی سۆسیال دیموکراسیەکان هەمیشە ئامانجیان چەسپاندنی ڕژێمی سەرمایەداری بووە .

ئەو مشت و مڕەی لە " دەوڵەت و شۆڕش" دا لە دژی تێڕوانینە هەلپەرستیەکانی کاوتسکی سازکراوە، جگە لەوەی سەرەوە بریتیە لە سەلماندنی گرنگی وردوخاشکردنی دام و دەزگای کۆن کە لەلایەن ئەو چینە چەوسێنەرەی دەسەلاّتی بە دەستەوەیە دامەزرێنراوە . بۆیە لینین لەبەشی یەکەمدا ماهیەتی دەسەلاّتی دەوڵەت ڕون دەکاتەوە کە لە پۆلیس و سوپا و ئامرازە سەرەکیەکانی دەسەلاّتی دەوڵەت پێکهاتووە، وە ئەوە دەردەخات تا چ ڕادەیەک دەبێتە دام و دەزگایەک بۆ خستنە ژێر دەستی چینە چەوساوەکان . هەروەها لینین مشت و مڕ لەسەر هەندێ مەسەلەی تر دەکات، لەوانە وار ( میل) بەرەو چەسپاندنی بەردەوامی دەسەلاّتی بۆرجوازی، پەیوەندی نێوان ئیمپریالیزم و پەرەسەندنی بێ شوماری چەکدارکردن، ڕۆڵی

کۆماری دیموکراسی و مافی هەڵبژاردن لە سۆگەرکردنی دەسەڵاتی بۆرجوازیەتدا • ئەو مەسەلانە گرنگیەکی بڕیاردەریان هەبە لەسەرکردا بەتیکردنی خەباتی چینایەتی دا ، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لینین ناکۆکی قوڵی نێوان بۆچونی ئەنارشیستەکان دەربارەی « هەڵوەشاندنەوەی » یەکسەریی دەوڵەت و تیۆروانینی هەلپەرستی دەربارەی « پوکانەوە » ی دەوڵەت لەلایەك و ، هەڵوێستی مارکسیزم لەلایەکی ترەوە ئاشکرا کرد ، بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بردە بەر نیزکاریەکانی مارکس و ئەنگلز • ئایدیۆلۆگە بۆرجوازیەکان هەوڵیان دەدا تێزی ئەنگلز دەربارەی « پوکانەوەی » دەوڵەت بشێوێنن وبۆ خزمەتکردنی تێزەکەی خۆیان « بالاچوون ـ ارتقا • » ی سەرمایەداری بەرە و سۆسیالیزم بەکاری بهێنن و لەدواییش دا واز لە شۆڕشی بەزەبر و وردوخاشکردنی دام و دەزگای دەوڵەتی کۆن بهێنن • ئەوەی ڕاستی بێ پێش ئەوەی شۆڕش دەوڵەتی بۆرجوازی وردوخاش بکات و دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار دابمەزرێنێ ، محالە دەوڵەت وەك دامەزراوێکی سیاسی ناوخۆیی لەناو بچێ ••• لینین لەم بارەیەوە گەیشتە ئەم سەرئەنجامە: « جێگرتنەوەی دەوڵەتی بورجوازی لەلایەن دەوڵەتی پرۆلیتاریاوە بەبێ شۆڕشی بەزەبر محالە ، بەلام نەمانی دەوڵەتی پرۆلیتاری واتە نەمانی دەوڵەت بەگشتی ڕونادات لەڕێگەی « پوکانەوەوە نەبێ » • (١٤) •

## پەیوەندی شۆڕشی پرۆلیتاریا لەگەڵ دەوڵەت دا

شیکردنەوەی لینین بۆ مێژووی تیۆرەکە :

باسکردنی مێژوویی وردی سەرهەڵدانی ئایدیای مارکس و ئەنگلز دەربارەی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار و گرنگی و فرمانەکانی دەوڵەتی پرۆلیتاری مەسەلەیەکی جەوهەری بوو بەلای لینینەوە • چونکە لەڕێگەی ئەوەوە سەلماندی خاڵی ناوەندی بیری مارکسیزم دەربارەی شۆڕش بریتیە لە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی • هەروەها لینین لەڕێڕەوی خەباتی خۆیدا دژی شێواندنی هەلپەرستانەی مارکسیزم لە « دەوڵەت و شۆڕش » دا نووسیویەتی: مارکسی نیە تەنیا ئەو کەسە نەبێ کە باوەڕبوونی بە ململانێی چینایەتی بڕوابوون بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاش بگرێتەوە ••• پێویستە ئەوە سەنگی مەحەکی تێگەیشتنی

ڕاستەقینەی مارکسیزم و باوەڕبوونی ڕاستەقینەبێ بە مارکسیزم " . (١٥)

بەر لەوەی بەدوای شیکردنەوەکەی لینین دا بچین ، پێویستە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین کە مارکس دەی ویست بیروڕاکانی خۆی لەمەر گەشەکردنی کۆمەلایەتی ، لەوانە مەسەلەکانی دەولەت بەتایبەتی لەڕوی پەیوەندی نێوانیانەوە دەربڕێت ، بەلام نەی توانی ئەو پرۆژەیەی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ و تەواوی بکات . لەو نەخشەیەدا کە مارکس سالی ١٨٥٨ دای نابوو بۆ بلاوکردنەوەی لێکۆلینەوەکانی خۆی ئەمانە هاتبوون : " پرۆژەکە بەگشتی شەش کتێب دەگرێتە خۆی : ١/ دەربارەی سەرمایە ( چەند بەشێکی سەرەتایی ) ، ٢/ دەربارەی خاوەندارێتی عەقاری ، ٣/ دەربارەی کاری کرێ گرتە ، ٤/ دەربارەی دەولەت ، ٥/ بازرگانی نێونەتەوەیی ، ٦/ بازاڕی جیهانی " . (١٦) وە مارکس لەو کتێبەدا کە سالێ پێشوتر نووسیبوی : " پێشەکیەك دەربارەی ڕەخنە لە ئابوری سیاسی " ، لەسەر هەمان شێوە هێلە گشتیەکانی یاساکانی گەشەکردنی ( بەتایبەتی گەشەکردنی سەرمایەداری ) دارشت . (١٧)

خالە سەرەکیەکانی مارکس لە کتێبی ناوبراودا دەربارەی دەولەت دەری بڕیوون بریتیە لە : " دەولەت . دەولەت و کۆمەلگای بۆرجوازی . باج ، یان هەبوونی جینە بەرهەم نەهێنەرەکان . قەرزەکانی دەولەت . دانیشتوان . دەولەت و دەوەوە : کۆلۆنەکان بازرگانی دەرەوە . نرخی گۆڕینەوە . سکە وەك پارەیەکی جیهانی . بازاڕی جیهانی . گرتنە باوەشی دەولەت لەلایەن کۆمەلگای بورجوازیەوە . بوحران ( تەنگوچەلەمە ) . هەلوەشانەوەی ئەو شێوازەی بەرهەمهێنان و شێوەی کۆمەلگایە کە لەسەر بنچینەی بەهای گۆڕینەوە ڕاوەستاون . بارودوخی بەکەردەوەی کاری تاکە کەسی وەك کارێکی کۆمەلایەتی و بەپێچەوانەوە "(١٨).

بەو جۆرە مارکس دەی ویست بیروڕای خۆی بەرامبەر ڕۆلی دەولەت لە کۆمەلگای بورجوازیدا دەربڕێ و بەشێوەکی قول چارەسەری ناوەڕۆکی کۆمەلگای کۆمۆنیزم بکات . بەوکارەش ، لە یەکێك لە بوارە جەوهەریەکاندا ، ئەو هێلەی کێشا کە پێویستە پێڕەوی بکرێت بۆ گەشەپێدانی بیروڕا تیۆریەکانی .

تیۆریستە بورجوازیە هەلپەرستەکان هەول دەدەن ئەو ڕاستیە ڕەت بکەنەوە کە لینینیزم بەپێی پێداویستی و تاقیکردنەوە پراکتیکیەکان و لەسەر بنچینەی تێگەیشتنی

مەتریالیستانەی مێژوو گەشەی بە تێروانینەکانی مارکس و ئەنگلز داوە و دەوڵەمەندی کردون . لە ڕۆژگاری ئەمڕۆش دا هێرشەکەیان بۆ سەر فێرکاریەکانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ، دەوڵەتی پرۆلیتاری و ڕۆڵی بەرهەمهێنانی کالایی و پەیوەندیەکانی بەها لە کاتی بیناکردنی کۆمەڵگای نوێدا توند و تیژتر کردوە.

پێش ئەوەی لینین لەنزیکەوە چارەسەری ڕۆڵ و فرمانەکانی دەوڵەت لە شۆڕشی پرۆلیتاری دا بکات ، ئەو قۆناغە بڕیاردەرانەی دەست نیشانکرد کە تیایان دا بیروڕاکانی مارکس و ئەنگلز لەمەر دەوڵەت دروست بوون . جا بو ئەوەی باسی چونیەتی دیراسەکردنی بەش و کۆپلە ویستراوەکانی " دەوڵەت و شۆڕش " بکەین ، بەچاکی دەزانین کورتەیەکی سەرپێ یی دەربارەی گەشەکردنی بیروڕاکانی مارکس و ئەنگلز بەو جۆرە بخەینە ڕووکە لینین بۆ ڕونکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لە مێژوودا ، بەتایبەتی لە کاتی شۆڕشی پرۆلیتاری دا بەکاری هێناون :

قۆناغی یەکەم بەوە ناسراوە کە " مانیفێستی کۆمۆنیستی " ( ١٨٤٨ ) تێدا بڵاوکراوەتەوە و مارکس و ئەنگلز ئەوەیان تیادا دوپات کردۆتەوە کە پرۆلیتاریا پایەی سیاسی خۆی بەکار دەهێنێ بۆ دەرهێنانی هەنگاو بە هەنگاوی سەرمایە لەدەستی بورجوازیەت و کۆکردنەوەی گشت ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەدەستی دەوڵەتدا ( واتە لەدەستی پرۆلیتاریای ڕێکخراو لە چینێکی دەسەڵاتداردا ) ، وە زۆرکردنی چەندایەتی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانیان بەوپەڕی خێرایی " (١٩).

ئەوەی شایانی باسە ئایدیای دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و پێویستی دەوڵەتی پرولیتاری خۆیان لەوەی سەرەوەدا دەبینینەوە، بەو جۆرەش ئەرکە جەوهەریەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی داڕێژران .

قۆناغی دووەمی گەشەکردنی فێرکاریەکانی دەوڵەت و شۆڕش لە " برۆمێری هەژدەهەمی لویس بۆناپارت " دا (١٨٥٢)ڕوی دا کە تیایدا مارکس شارەزایی و تاقیکردنەوەکانی شۆڕشی(١٨٤٨ — ١٨٥١) ی هەڵهێنجاوە و گەیشتۆتە ئەو سەرئەنجامەی هەموو گۆڕانکاریەکانی هەتا ئەو کاتە ڕویان دابوو لەبری ئەوەی " ماشێنی دەوڵەت وردوخاش بکەن " (٢٠) زیاتر پێیان گەیاند . لینین پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکیشاوەکەئەو سەرئەنجامە بەمەسەلەی بنچینەیی و سەرەکی فێرکاریەکانی مارکسیزم لەمەر دەوڵەت دەژمێردرێت . بەو جۆرەش " مارکسیزم بە بەراوردکردن لەگەڵ

( مانیفێستی کۆمۆنیستی دا ) هەنگاوێکی گەورەی بەرە و پێشەوە هەڵهێنا " (٢١) . لە " مانیفێستی کۆمۆنیستی " دا ئەوە هاتووە کە جێ گرتنەوەی دەوڵەتی بۆرجوازی لەلایەن دەوڵەتی پرۆلیتاریەوە مەسەلەیەکی پێویست و گرنگە . چۆنیەتی ڕوودانی ئەو هەنگاوە ئەو کاتە لەتوانادا نەبوو دەرببڕدرێت . بەلاّم مارکس ساڵی (١٨٥٢) وەلاّمی ئەو پرسیارەی دایەوە و ووتی : " ڕیفۆرمی دەوڵەت نە ، بەڵکو تێکشکاندن و وردوخاشکردنی دام و دەزگای باو - ئەمە ڕێگەی دامەزراندنی دەسەلاّتی دەوڵەتی پرۆلیتاریە کە لەگەڵ ناوەڕۆکی شۆڕشی پرۆلیتاری دا ( وەك گۆڕینێکی بنەڕەتی پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکان ) تەبایە " . بەو جۆرەش مارکس چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی پرۆلیتاری ڕونکردەوە.

### قۆناغی سێیەمی گەشەکردنی بیروڕاکانی مارکس و ئەنگلز

لەمەڕ مەسەلەی دەوڵەت لە شۆڕشی پرۆلیتاری دا ئەو کاتە دەستی پێکرد کە مارکس شارەزاییەکانی کۆمۆنەی پاریسی هەڵهێنجا . لەو ڕۆژگارەدا مارکس ویستی ئەو ڕێگایە ڕون بکاتەوە کە بەهۆیەوە ماشێنی دەوڵەتی بۆرجوازی دەگۆڕدرێت . چونکە ئەو وەلاّمەی مارکس و ئەنگلز لە " مانیفێستی کۆمۆنیستی " دا دابوویانەوە ، وەلاّمێکی تەواو ئەبستراکت ( ڕوت ) نەبوو ، یان ڕاستره بڵێین : " وەلاّمێك بوو ئەرکەکان دەردەخات ، بەلاّم ڕێگەی جێ بەجێ کردنیان ڕون ناکاتەوە " (٢٢) . مارکس ساڵی ١٨٧١ ئەو فۆرمەی لە کۆمۆنەدا دۆزیەوە کە ئامانجی تەنیا نەهێشتنی شێوازی پاشایەتی دەسەلاّت نیە ، بەڵکو مەبەستی نەهێشتنی دەسەلاّتی چینایەتی خۆی بوو " (٢٣) . پرنسیپەکانی کۆمۆنەش ئەمانەبوون: هەڵوەشاندنەوەی سوپای باو و گۆڕینی بە چەکدارکردنی گشتی گەل ، ملکەچی هەموو فەرمانبەرەکان بۆ هەڵبژاردن و لێخستن ، تەبایی ئاستی مانگانەی فەرمانبەر و کرێی کرێکار ، یەکخستنی چالاکی یاسا دانان و جێبەجێ کردن . مارکس لەبارەی کۆمۆنەوە دەنووسی : " ئەو فۆرمە سیاسیە بوو کە لەم دواییەدا دۆزرایەوە و دەکرێ لەسایەی ئەوەوە ڕزگاری ئابوری کار ئەنجام بدرێ " (٢٤) . چونکە کاتێك دەسەلاّتی دەوڵەت لەشێوەی کۆمۆنەی پاریس دەبێ ، ئەرکی مێژوویی چەسپاندنی دەسەلاّتی چینی کرێکار و جێبەجێ کردنی پەیامی مێژوویی خۆی لەسەر ئاستی سیاسی و دەوڵەت دەکەوێتە ئەستۆ ، بەو جۆرەش دەکرێ چینەکان لەناو ببرێن و بەڕێوەبردنی خۆیی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دابمەزرێ .

مارکس لە دانراوی "شەڕی ناوخۆی فەرەنسا" (١٨٧١) و "چەند تێبینییەك دەربارەی بەرنامەی حیزبی کرێکارانی ئەڵمانیا - ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتە" (١٨٧٥) دا تێڕوانینی پرۆلیتاری دەربارەی کاروبارەکانی دەوڵەتی داهاتوو - لەکاتی دامەزراندنی کۆمۆنیزم دا - بەهەموو نیشانە جەوهەرییەکانیەوە دەربڕی. ئاشکرایە مارکس لەو دوو دانراوەدا بەشێوەیەکی کورت لە هەندێ بیروڕای بڕیاردەر کۆڵیوەتەوە، لەوانە ئەو بیروڕایانەی ئەیویست بیانخاتە ناو پرۆژەی کتێبەکەی خۆیەوە: دەربارەی دەوڵەت. هەڵسەنگاندنی شارەزایی کۆمۆنەی پاریس و ئەو تێڕوانینانەی مارکس دەربارەی یاساکانی بزوتنەوەی ئابوری کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دروستی کردبوون، یارمەتی مارکسیان دا گەشە بدات بە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر دەوڵەت. مارکس لەکاتی مشت و مڕەکانی دا لەگەڵ "باکۆنین" ئەو تێڕوانینەی سەلماند کە دەڵێ: لەناوبردنی دەوڵەت لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوودەدات، وە پوختەی بیروڕاکانی خۆی لە "چەند تێبینییەك لە پەراوێزی بەرنامەی حیزبی کرێکارانی ئەڵمانی" دا دەربڕیبووە و ووتویەتی: "لەنێوان کۆمەڵگای سەرمایەداری و کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دا قۆناغێکی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی لەیەکەمەوە بەرە و ئەوەی دووەم لە ئارادایە، شان بە شانی ئەوەش قۆناغێکی گوێزانەوەی سیاسی هەیە کە تیایدا دەوڵەت لە دیکتاتۆریەتی پرولیتاریا زیاتر هیچی تر نابێ". (٢٥)

لینین لە ساڵی ١٩٠٢ بە دواوە پشتی بەو ئایدیابە بەست بۆ دارشتنی بەرنامەی حیزبی سۆسیال دیموکراسی لە ڕوسیا (٢٦)، وە هەڵوێست بەرامبەر دیکتاتۆریەتی پرولیتاریا بووە پێوانەیەکی ئەگۆڕ بۆ تێڕوانینی مارکسیستانەی بۆ چینەکان و ڕۆڵی مێژوویی دەوڵەت و فرمانە بنچینەییەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕش دا. بەو جۆرە لەگەڵ ئەشونماکردنی لینینزم دا قۆناغێکی گەشەکردنی نوێی تیۆری مارکسیزم دەربارەی دەوڵەت و شۆڕش دەستی پێکرد و "دەوڵەت و شۆڕش"یش لوتکەی ئەو گەشە کردنە بوو.

لینین بەر لەوەی ئەو گەشەکردنە بهێنێتە ئاراوە ڕێگای چینی کرێکاری بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە هەلومەرجی ئیمپریالیزم دا: بەرەبەیانی شۆڕشی پرۆلیتاری، ڕۆشن کردبووەوە و لە چەند دانراوێك دا پەنجەی بۆ ڕاکێشابووە، لەوانە: "دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لە شۆڕشی

دیموکراتی دا " (١٩٠٥) ، " هەرەسهێنانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دوەم " (١٩١٥) ، " شۆڕشی سۆسیالیستی و مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان ـ چەند تێزێك " ، " دەربارەی دروشمی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەوروپا " (١٩١٥) ، دەربارەی " کاریکاتۆری مارکسیزم " و " ئابوریزمی ئیمپریالیستی " ، " بەرنامەی سەربازی شۆڕشی پرۆلیتاریا " (١٩١٦) ، " ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی ئێستاماندا ( تێزەکانی نیسان ) " هەروەها لەو دانراوانەی سالّی ١٩١٧ کە لەوەوبەر باسمان کردون .
تیۆری لینینیزم دەربارەی شۆڕشی سۆسیالیستی بریتیە لە سەلماندنی گرنگی گۆڕینی دام و دەزگای دەولّەتی کۆن ، کە پێویستە وردوخاش بکرێ ، بە دەسەلاتی سۆڤێتەکان وەك شێوەیەکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . چونکە چینی کرێکارتەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانێ پەیوەندیە باوەکانی بەرهەمهێنان لەناو بەرێ و لەبنچینەوە بیان گۆڕێ بە پەیوەندی کۆمۆنیستانە .
ئێستا لەنزیکەوە لەو مەسەلەیە دەکۆڵینەوە :

## ئەلّتەرناتیڤی دام ودەزگای دەولّەتی کۆن چیە ؟

لینین پشت ئەستور بە زانیاریەکانی مارکسیزم ، وە باش لێکۆڵینەوەی دوورودرێژ دەربارەی شارەزایی کۆمۆنەی پاریس ، لە بەشی سێیەم و چوارەمی " دەولّەت و شۆڕش " دا وەلامی ئەو پرسیارەی سەرەوەی : ئەلّتەرناتیڤی دەولّەتی کۆن ، بەم جۆرە داوەتەوە : " پێویستە چینی کرێکار زەبر لە ماشێنی دەولّەتی باو بوەشێنێ و وردوخاشی بکات ، نەك تەنیا بەوەوە بوەستی کە دەستی بەسەردا بگرێ " (٧٢) . لەدوای ئەوەش نیشانە جەوهەریەکانی ئەو ئەلّتەرناتیڤەی بەدرێژی باسکردوە کە هاوشێوەی کۆمۆنەیە .
لینینیش وەك مارکس ئەوەی سەلماند کە لە کۆمۆنەی پاریسدا ڕوخسارەکانی کۆمەلّگای کۆمۆنیستی بەدی دەکرێت . هەر لەبەر ئەو هۆیەش لینین شانبەشانی شیکردنەوەی کۆمۆنە ، تێڕوانینەکانی داهاتووی کۆمۆنیستیشی داڕشت . بەو پێیەش بەرەنگاری تێگەیشتنی هەلپەرستانەی " بالاّبوونی ئاشتیانە ـ ارتقاء سلمي " ی سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم بووەوە ، کە لە بیروراکانی کاوتسکی دا خۆی دەبینیەوە . چونکە کاوتسکی وردوخاشکردنی دام و دەزگای دەولّەتی پرۆلیتاری و دامەزراندنی

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای لە ڕێگەی شۆڕشی پرۆلیتاریەوە ڕەت دەکردەوە . هەروەها لینین دژی داواکاریەکانی ئەنارشیستەکان وەستا کە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی یەکسەری دەوڵەت دەریان بڕیبوو .

مشتومڕەکانی لینین لەگەڵ کاوتسکی دا دەربارەی ئەوە نیە ئایا پرۆلیتاریا پێویستی بەدەوڵەت هەیە یاخود نە، بەڵکو لەسەر ناوەڕۆکی ئەو دەوڵەتەیە . لینین شان بەشانی ڕاکۆکی کردن لە فێرکاریەکانی مارکسیزم هەڵسا بە دەوڵەمەند کردنیان ، وە ئەوەی سەلماند کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ : دەوڵەتێکی پرۆلیتاری ، پێویستی بە وردوخاشکردنی دام و دەزگای دەوڵەتی کۆن : دەوڵەتی بۆرجوازی ، هەیە . چونکە هەر ئەو کارە دەتوانێ گوێزانەوە بۆ کۆمەڵگای ناچینایەتی : کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ، مەیسەر بکات .

شۆڕشی پرۆلیتاری ، بە پێچەوانەی گشت شۆڕشەکانی تردەوە ، هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە لەناو دەبات . بۆیە پێویستە لەسەر ئەو شۆڕشە ئەو دام و دەزگایەی دەوڵەتی کۆن وردوخاش بکات کە شۆڕشەکانی ڕابردوو وەک خۆی جێیان هێشتووە ، چونکە ئەو شۆڕشانە هیچیان ئەنجام نەداوە تەنیا گۆڕینی دەسەلاتی کۆمەڵێکی چەوسێنەر نەبێ بە کۆمەڵێکی تر . ئەو شورشانەی ڕابردوو لە بنچینەدا پێویستیان بە دەوڵەتێکی شێوە نوێ نەبووە بۆ سۆگەرکردنی سەرکەوتن ، چونکە ئەو دەوڵەتە پاشایەتی بووبی یان پاشایانی یاسایی، یاخود کۆماری دیموکراتی بووبێ ، ئەرکی ئەوە بووە دەسەلاتی خاوەندارێتی تایبەتی بەرهەمهێنان سۆگەر بکات و لەدوایش دا گەلی کارگەر سەرکوت بکات و بی چەوسێنێتەوە .

وردوخاشکردنی دام و دەزگای دەوڵەتی کۆن ئەو نیشانەیە کە لە بنچینەدا شۆڕشی سۆسیالیستی لە شۆڕشەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوە . بەو پێیە گرنگییەکی مێژوویە شۆڕشی سۆسیالیستی دەوڵەتێکی شێوە نوێ بخولقێنێ ، چونکە سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بەبێ فێربوونی کارپێکردنی دەسەلات و ئەو ئامرازانەی بۆ ئەو کارپێکردنە پێویستن مەیسەر نابێت . هەلومەرجی ژیانی کۆمەلایەتی نوێ ، کە لەسەر بنچینەی هەریکایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دامەزراوە ، لەکاتی گوێزانەوەدا بۆ کۆمۆنیزم پێویستی بە دەوڵەتێکی شێوە نوێ هەیە .

دامەزراندنی سۆڤێتەکان لەمایەی هەلومەرجی مێژوویی نوێوە نە دیاریدەیەکی لاوەکی پرۆسەی شۆڕشگێڕی بوو نە بەرێکەوتی مێژوویی ڕوویدا ، بەڵکو فۆرمی خەبات و ڕێکخستنی نوێی پڕۆلیتاریا و کارگەرانی تر بوو . لینین لە نامیلکەی " ئایا بۆلشەفیکەکان دەتوانن پارێزگاری دەسەڵات بکەن " دا لە کۆتایی ئەیلولی (١٩١٧) و بەر لەسەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاری نووسیویەتی : " ئەگەر هێزی گەلیی داهێنەری چینە شۆڕشگێڕەکان سۆڤێتەکانی نەهێنابەتە دنیاوە ، ئەوا شۆڕشی پرۆلیتاری لە ڕوسیادا مەسەلەیەکی چاوەڕوان نەکراو بوو ، چونکە بێگومان پرۆلیتاریا نەیدەتوانی لەڕێگەی دام و دەزگای کۆنەوە پارێزگاری دەسەڵات بکات . بەلام ئەوەی هایانی باسە ئەو دام و دەزگایە نوێیە بەیەك جار ناخولقێنرێ " (٢٨) .

سۆڤێتەکان ، کەلەساڵی ١٩٠٥ دا دروست بوون ، فۆرمێکی ڕێکخستنی جەماوەری بووە، کارکەران بەدەستی خۆیان دایان مەزراند بۆ ڕێکخستنی مانگرتنی سیاسی و خۆپیشاندانە سیاسیەکان و لە دواییشدا بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانە بە بەشداریکردنی گشت کرێکاران . پرۆلیتاریای ڕوسیا بەدامەزراندنی سۆڤێتەکان بەرپەرچی سەرکوتکردنی بێ وێنەی ئیمپریالیزمیان دابەوە و چوون بەدەم پێداویستیە پێگەیشتووەکانی شۆڕشی پرۆلیتاریسیەوە . بەو پێیە پەیوەندیەکی لەپچڕان نەهاتوو لەنێوان پێداویستی مێژوویی وردوخاشکردنی دام و دەزگای کۆن و دامەزراندنی سۆڤێتەکان دا : دەسەلاتی دەوڵەتی پرۆلیتاری ، هەبوو . لینین ئەو پەیوەندیەی دۆزیەوە و بەڵگەی زانستی بۆ هێنابەوە ، بەو جۆرەش نەخشەی ڕێگای بۆ جێبەجیکردنی ئەو ئەرکە بنچینەییانەی شۆڕشی پرۆلیتاری کێشا کە کاری داهێنەرانە و بنیاتنەر بۆ گۆرانکاری لە کۆمەڵ دا مسۆگەر دەکەن . لینین نیازی وابوو بەشێکی دیاریکراوی دانراوی " دەوڵەت و شۆڕش " بۆ چارەسەرکردنی شارەزایی شۆڕشی ڕوسی ١٩٠٥ و شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ تەرخان بکات ،" بەلام تەنگوچەڵەمەی سیاسی لەبەرە بەیانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دا ( ڕێگربوو)لەبەردەمی جێبەجێ کردنی ئەو نیازە . لێرەشدا مرۆڤ دەبێ خۆشحال بێ بۆ هەبوونی ئەو ( ڕێگرە ) ، چونکە چاکتر و سوودبەخش تر ئەوەیە بچینە ناو تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕیەوە نەك لەسەری بنووسین "(٢٩)

ئەگەرچی لینین لە " دەوڵەت و شۆڕش " دا بەدرێژی باسی سۆڤێتەکان و ڕۆڵی مێژوویی و ئەرکەکانیانی نەکردوە ،

بەلام شتێکی چاکە ئەو دانراوە و بیروڕاکانی دەربارەی سۆڤێتەکان پێکەوە دیراسە بکرێن . لینین لە " تێزەکانی نیسان " دا کە باسی ئاقاری ستراتیجی گوێزانەوەی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی بۆ سۆسیالیزم دەکات ، سۆڤێتەکانی نوێنەری کرێکاران، کە لە خەباتی جەماوەری کاریگەرەوە هەڵتولاّ بوو ، بە " تاکە فۆڕمی سیاسی حکومەتی شۆڕشگێڕ "(٣٠) داناوە . وە لە نامیلکەی " ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕشەکەمان دا " ، کە بۆ باسکردنی " تێزەکانی نیسان " تەرخان کراوە ، نووسیویەتی : " مارکسیزم بەوە لە ئەنارشیزم جیادەکرێتەوە کە باوەری بە گرنگی دەوڵەت هەیە بۆ گوێزانەوە بەرەو سۆسیالیزم ، بەلاّم نەك دەوڵەتێکی هاوشێوەی کۆمارێکی دیموکراسی بۆرجوازی پەرلەمانی سادە ، بەڵکو دەوڵەتێکی هاوشێوەی کۆمۆنەی پاریس و سۆڤێتی نوێنەرەکانی کرێکارانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ ، (هەر ئەمەشە مارکسیزم لە کاوتسکیەکان و شەریکەکانیان جیادەکاتەوە) " .

لینین لە بیروڕاکانی خۆی دا دەربارەی سۆڤێتەکان ، وەك فۆڕمی دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، پشتی بەستبوو بە شارەزاییەکانی کۆمۆنەی پاریس . خەباتی پاڵەوانانەی کۆمۆنارەکانی پاریس لە کاتێکدا ڕووی داکە هێشتا هەلومەرجی سەرکەوتنی کۆتایی نەهەملێبوو ، چونکە هێشتا پرۆلیتاریا سەرکردایەتیەکی لەو جۆرەی نەبوو کە حیزبێکی مارکسی سازی دەکرد . بۆیە تۆناغی گیانەلاّی ئیمپریالیزم شۆڕشی پرۆلیتاریای خستە ئەمەی کاری ڕاستەوخۆوە و ئیتر ئەرکی سەرشانی پرۆلیتاریا بوو سەرکردایەتی خەبات بە شێوەیەك بکات کە تەبا بێت لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا .

لە ساڵی (١٩٠٥) ەوە لینین شارەزایی چالاکی سۆڤێتەکانی بلاّوکردەوە ، چونکە دەرکی بەوە کردبوو سۆڤێتەکان ناوکی حکومەتی شۆڕشگێری کانی پێك دەهێنن ؛ وە لە تشرینی دوەمی ١٩٠٥ دا بەرنامەیەکی کاری وردی بۆ ئەو جۆرە حکومەتە دانا و ئەوەی دەرخست کە ئەگەرچی سۆڤێتەکان " سروشتێکی ناولەمەیی ( جنيني) و خۆرسکی و بێ شێوە و تەم و مژاویان هەیە لەڕوی پێکهاتن و فرمانەوە " (٣٢)، بەلاّم بەدام و دەزگای دەسەلاّتی دەوڵەتی نوێ دەژمێردرێن . هەروەها لینین پەیوەندی نێوان حیزب و سۆڤێتەکانی چەسپاند و گەشەی بە تێڕوانینەکانی خۆی داو بۆچونێکی رون و ئاشکرای دەربارەی سۆڤێتەکان

دروستکرد و بەشێوەیەکی زانستی ڕۆڵ و گرنگیانی هەڵسەنگاند. جگەلەوانە لینین ساڵی ١٩٠٥ لە دانراوی " کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی مەسەلەی دیکتاتۆریەت " دا هەڵسەنگاندنێکی دەربارەی سۆڤێتەکان دابەدەستەوە و دەڵێ : " خەباتی شۆڕشگێری جەماوەری لەو قۆناغە دیاریکراوەدا بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕێکخرای بێ وێنە لە مێژووی جیهان دا ، لەوانە : سۆڤێتەکانی نوێنەری کرێکاران و لەدواییدا سۆڤێتەکانی نوێنەری سەربازەکان و کۆمیتەی جوتیارەکان و هی تری لەو جۆرە . ئەوەی ڕاستێ بی ئەو دوو مەسەلەیە بنچینەییە : ( دەسەلاتی سۆڤێەتی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ) ، کە ئەمڕو سەرنجی کرێکارانی هوشیاری سەرتاسەری دنیایان ڕاکیشاوە ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٥ دا بەشێوەیەکی پراکتیکی دەربڕدران (٣٢) .

بەو جۆرە لینین تەنیا هەڵنەستا بە هەڵسەنگاندنی سۆڤێتەکان ، بەڵکو لەهەمان کات دا ئەوەی دوپاتکردەوە کە سۆڤێتەکان لە ساڵی ١٩٠٥ەوە گرنگی گۆڕینی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی یان ڕونکردۆتەوە . یەکەمین مەرجی زیندوێتی سۆڤێتەکان ئەوەیە ئەوانە دام و دەزگای دەسەلاتی دەوڵەتی پرۆلیتارین . ئەوەیە ناوەڕۆکی چالاکی سۆڤێتەکان ، جا ئەگەر ئەوان بەرەو بیری ئەو ناوەڕۆکە نەچن ئەوا ناتوانن بەردەوامی بدەن بە ژیانی خۆیان و دەگۆڕێن بۆ دام و دەزگایەکی مردو ، وە لەوانەیە بەشێوەیەکی خراپ لەلایەن شۆڕشی چەواشەوە بەکاربهێنرێن . سۆڤێتەکان بۆ مەبەستێکی بنچینەیی دامەزراون ئەویش ئەنجامدانی شۆڕشی پرۆلیتارییە ، وە دەربڕی فۆڕمێکی ڕێکخراوەیی گونجاون بۆ سەرکردایەتی کردنی پرۆلیتاریا و جوتیاران و کارگەران بەرەو ئەو مەبەستە .

کەواتە لینین گرنگی مێژوویی سۆڤێتەکان و ڕۆڵیانی وەك دام و دەزگای دەسەلاتی دەوڵەتی پرۆلیتاری سەلماند و پەرەی دا بە ئایدیای بنچینەیی مارکس و ئەنگلز دەربارەی پێویستی وردوخاشکردنی ماشێنی دەوڵەتی بۆرجوازی کۆن . وە لینین لە وتاری " ئایا بۆلشەفیکەکان دەتوانن پارێزگاری دەسەلاتٚ بکەن ؟ " دا هەستپێکراویەکی دا بەو ئەرکانەی لە " دەوڵەت و شۆڕش " دا بۆ وردوخاشکردنی دام و دەزگای دەوڵەتی کۆن دەربڕدرابوون . لەم بوارەش دا جیاوازی کرد لە نێوان دامەزراوە سیاسیەکانی دەوڵەت و دام و دەزگاکانی بواری ئابوری دا و ئەوەی دەرخست کە لە دەوڵەتی هاوچەرخ دا جگە

لە دام و دەزگای سەرکوتکردن، دام و دەزگایەکی تر هەیە کە ژمارکاری و دەفتەرگرتنی حساب ات و تۆمارکردن و شتی لەو جۆرە دابین دەکات، وەك بانکە ناوەندیەکان، وە لەم بارەیەوە نووسیوویەتی: ئەم دام و دەزگایە نابێ و پێویست ناکات وردوخاش بکرێت، بەڵکو پێویستە لەدەست سەرمایەدارەکان دەربهێنرێت و هەموو هێڵەکانی پایەو کاریگەریان ببڕدرێ و لەت بکرێ و لە ریشە دەربهێندرێت و بخرێتە ژێر دەستی سۆڤێتەکانی پرۆلیتاریاوە، وەلەسەر بناغەی فراوانتر و هەمەلایەنتر بچەسپێنرێت و ببەسترێتەوە بە سەرجەمی گەلەوە. ئەمەش کاتێك ئەنجام دەدرێ کە مرۆڤ پشت ببەستێ بەو دەستکەوتانەی سەرمایەدارە گەورەکان هێناویانەتە ئاراوە، وە ئەگەر شۆڕشی پرۆلیتاری پشت بەو دەستکەوتانە نەبەستێ ئەوا ناتوانێ بگاتە ئامانجەکانی خۆی" (٣٤).

گرنگی مل کەچی ئەو دام و دەزگایە بۆ دەسەڵاتی سۆڤێتەکان گرێدراوە لەگەڵ گرنگی ئەو گۆڕانکاریە ئابوریەی هەنگاوی دیاریکراو بۆ راکێشانی جەماوەر بەلای شۆڕش دا دەست نیشان دەکات، وەك: سانسۆری کرێکاری بۆ بەرهەمهێنان و دابەشکردن، یەکخستنی بانکەکان لەیەك بانکی نیشتمانی دا. لێرەش دا لینین لەنەخشەی ستراتیجی خۆی دا بۆ گۆڕینی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی بایەخێکی بڕیاردەری داوە بە پێداویستیەکانی گوێزانەوەکە.

ساڵی ١٩١٧ هەلپەرستە ڕوسی و نا ڕوسیەکان کۆششێکی بێ هۆدەیان کرد بۆ پوچەڵ کردنەوەی ناوەرۆکی شۆڕشگێڕانەی سۆڤیتەکان و گۆڕینی بۆ دام و دەزگای بەڕێوەبردنی خۆیی بەتەنیا، واتە کردنی بە پاشکۆی دام و دەزگای دەوڵەتی بۆرجوازی، بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگرن چینی کرێکار دەست بگرێت بەسەر دەسەڵاتی سیاسی دا. ئەوە بوو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و وردوخاشکردنی دام و دەزگای دەوڵەتی کۆنیان ڕەتکردەوە و بەو پێیەش گرنگی سۆڤێتەکانیان ڕەت کردەوە. وە کاوتسکی-وەك نوێنەری هەلپەرستی لە ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم دا- داوای ئەوەی کرد ڕێگە نەدرێت سۆڤێتەکان بگۆڕدرێن بۆ ڕێکخراوی حکومی.

حیزبی بۆلشەفیك پەنای بردە بەر سۆڤێتەکان بۆ پەروەردەکردن و پتەوکردنی سوپای جەماوەری سیاسی کە پێویست

بوو بۆ شۆڕشی پرۆلیتاری ، واتە سۆڤێتەکان یاریدەدەر بوون بۆ گۆشکردنی زۆربەی هەرەزۆری چینی کرێکار لەماوەیەکی کورتدا . لینین لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی دا ، کە لە ئازاری ۱۹۱۸ پێشکەشی حەوتەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی ( بۆلشەفیك ) ڕوسیای کردبوو ، پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکیشاوە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر گرێ درابوو بەو شێوازانەی ڕێکخستنەوە کە بۆ بزوتنەوەیەك ساز کرابوون ملیونەها مرۆڤی گرتبووە خۆی . چونکە جەماوەری کارگەر خۆی هەڵسا بەدامەزراندنی فۆڕمی سیاسی دەسەلاتی خۆی لەژێر ڕابەرایەتی حیزبی بۆلشەفیك دا .

داواکاری دامەزراندنی سۆڤێتەکان بەناو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گشت ولاتەکاندا بلاو بووەوە و کارێکی بریاردەری کردە سەر گەشەکردنیان . لینین دەسەلاتی سۆڤێتەکانی بە دوەمین هەنگاوی مێژوویی جیهانی یان بەدوەمین قۆناغی مێژوویی جیهانی دیکتاتۆریەتی پرولیتاری دانا ، بەلاّم یەکەمین هەنگاو بریتی بوو لە کۆمونەی پاریس. لینین ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە دەسەلاتی سۆڤێتی لەسەر شانی کۆمەنەی پاریس ڕاوەستاوە، چونکە لە کاتێکدا کرێکارە فەرەنسیەکان هەولّیان دەدا حکومەتێکی کرێکاری دامەزرێنن و خۆبەختکردنێکی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش کرد کەچی نەیان توانی دام و دەزگای دەسەلاتی سیاسی خۆیان دابمەزرێنن ، بەلاّم سۆڤێتەکان سەرکردایەتی سەرباز و کرێکاران و جوتیارانی ڕوسیایان کرد بەرە و شۆڕشی پرۆلیتاری و لە ئەنجامی فۆڕمی دەسەلاتی سۆڤیەتی یەکەمین دەسەلاتی سیاسی سەرکەوتووی چینی کرێکار دامەزرا .

## قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی

پەیوەندی بەشی پێنجەم ، کەتیایدا لینین باسی ئاسۆی دەولّەتی پرۆلیتاری کردوە . لەگەلّ ئەو مەسەلانەدا چیە کە لەوەو پێش چارەسەر کراون؟

لینین لەڕێگەی پێکهاتنی دانراوەکەی خۆیەوە لۆژیکی ناوەکی پرۆسەی گەشەکردنی فێرکاریەکانی مارکس و ئەنگلز دەربارەی پەیوەندی پرۆلیتاریا بەدەولّەتەوە ڕون دەکاتەوە . لێرەدا جارێکی تر ئەو تایبەتیە مێژوویی و لۆژیکی یەی

لە دەستکەوتە تیۆریەکانی مارکس و ئەنگلز دا هەیە دەخەینەوە ڕوو ٠ چونکە زانینی ئەو تەبایە تێگەیشتنمان بۆ ئەو ڕێبڕەوە قوڵ دەکاتەوە کە لینین لە " دەوڵەت و شۆڕش" دا بۆ مەسەلە دەربردراوەکان بەکاری هێناون ٠ ئێستاش بەر لە هەموو شتێك بەلامانەوە گرنگە ئەو تێڕوانینە بناسین کە لینین لەبەر ڕۆشنایی دا بەشی پێنجەمی : پرنسیپە ئابوریەکانی پوکانەوەی دەوڵەت ، نووسیووە ٠ دەبێ ئەوەمان لەیادبێ کە مارکس پاش ئەوەی لە " مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست " دا گرنگی دەوڵەتی پرۆلیتاریا وئایدیای دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای چەسپاند ، لە ساڵی ١٨٥٢ دا ئەوەی دوپاتکردەوە کە دەوڵەتی پرۆلیتاریای نوێ لەڕێگەی وردوخاشکردنی دەوڵەتی چەوسێنەرەوە نەبێ دانامەزرێ ،وە توانی لەڕێگەی بلاوکردنەوەی شارەزایی کۆمۆنەی پاریسەوە وەسفی نیشانە سەرەکیەکانی دەوڵەتی پرۆلیتاری بکات ٠

لینین لە بەشی پێنجەم دا بیروڕاکانی مارکسیزم دەربارەی شێوازی دەوڵەتی پرۆلیتاریای- وەك ئەوەی لە نامیلکەی " شەڕی ناوخۆ لە فەرەنسا " دا هاتووە ، لەگەڵ ئەوانەی دەربارەی قۆناغەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دا — وەك ئەوەی لە نامیلکەی " ڕەخنە لە پڕۆژەی بەرنامەی گۆتە " دا هاتووە ، پێکەوە دەبەستێتەوە و بە هەموولایەنانە لەپەیوەندی دولایەنی نێوانیان دەکۆڵێتەوە ٠ بۆیە لەسەرەتادا تێبینیەکی زۆر گرنگ دەردەبڕێ و دەڵێ ئەو شت و مرەی لە " ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتە " دا هاتووە ، " شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گەشەکردنی کۆمۆنیزم و پوکانەوەی دەوڵەتی تێدا بەسێبەرەوە " (٣٥) ٠

لینین پاش ئەوەی گرنگی و ناوەڕۆکی ماوەی گوێزانەوە و ئەو قۆناغانەی چەسپاند کەدەشێ بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی هەڵبێنجێنرێ ، توانی لە ئەنجامی ئەوە ئاسۆ و ئاقارەکانی گەشەکردنی دەوڵەتی پرۆلیتاری و ئەو مەسەلانە بەدەست بهێنرێ کە دەشێ لە قۆناغی کاملبوون دا بزانرێ ٠ لەو ڕوانگەیەوە بەشی پێنجەمی " دەوڵەت و شۆڕش " بە هەنگاوێکی نوێی گەشەکردنی فێرکاریە زانستیەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی و یاساکانی سەرهەڵدان و پرۆسەی گەشەکردنی دیالەکتیکی دادەنرێ ٠ تەنانەت وردەکاریەکانی ئەم بەشە ئەوە دەسەلمێنن کە لینین زانیاریەکانی مارکسی لەسەر قۆناغەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی زیاتر دەست پێکراو کردووە ،



هەواڵنامەی کتێب

هەروەها لینین ڕوجارەکانی گەشەکردنی دەوڵەتی پرۆلیتاری دیاریکرد بۆ قۆناغی گوێزانەوە و پلەی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی هەتا گۆڕینی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی خۆیی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی کە لە پلەی بالاێ کۆمۆنیزم دا ڕودەدات . بەو جۆرەش جیاوازی مەبدەئی ئەو لەگەڵ هەلپەرستی دا ، کە گرنگی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ڕەت دەکاتەوە ، لەگەڵ ئەنارشیزم دا ، کە دەوڵەت بە هەموو شێوەکانیەوە ڕەت دەکاتەوە ، بەدەر دەکەوێت .

١) هەنگاو هەڵهێنانی لینین :

لینین لە مارکسیزمەوە هەنگاو هەڵدەهێنی بۆ دەربڕینی مەسەلەی ڕۆڵی مێژوویی دەوڵەتی پرۆلیتاریا ، وە لە سەرەتاوە ئەوە دوپات دەکاتەوە کە " بەهیچ جۆرێك ناشێ قسە لەسەر کاتژمێری " پوکانەوە " ی داهاتوو بکەین ، بەتایبەتی چونکە ئەو " پوکانەوەیە " پڕۆسەیەکی دور و درێژە " (٣٦) . هەروەها وەك لینین ڕونی دەکاتەوە ، مارکس ئاسۆ و ڕۆڵی مێژوویی دەوڵەتی پرۆلیتاری دەخاتە ژێر کاریگەریی ئەو باسە گشتیانەی کۆمەڵگای کۆمۆنیستیەوە کە دەکرێ بەدییان پێ ببرێت ، چونکە مارکس لە گرنگی تێگەیشتنی کۆمەڵگای کۆمونیستیەوە - لەڕێڕەوی گەشەکردنی بەردەوامی دا - هەنگاوی هەڵ دەهێنا . بۆیە لینین ئەم پرسیارە دەردەبڕێ : " لەسەر بنچینەی چ واقیعاتێك دەکرێ مەسەلەی گەشەکردنی داهاتووی کۆمۆنیزم دەرببردرێت ؟ " و لە وەلامەکەشی دا دەڵێ : " لەسەر بنچینەی ئەو واقیعەی کە کۆمۆنیزم لەسەرمایەدارییەوە سەرچاوە دەگرێ و لەگەشەکردنی مێژوویی سەرمایەدارییەوە هەڵدەقوڵێ و بەرهەمی کاری هێزێکی کۆمەڵایەتیەکەسەرمایەداری خۆی هێناویەتە دنیاوە " (٣٧) . لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سۆسیالیزم لەڕوی مێژووییەوە بەبێ " مقدمات " نیەدر پەیوەندیەکی بەردەوامی مێژوویی لەنێوان پەرەسەندنی چینی کرێکار و پڕوسەی نەشونماکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دا هەیە .

٢) دیموکراتیەتی سۆسیالیستانە :

شتێکی زۆر لۆژیکیە لینین بایەخ بدات بە پلەی

مێژوویی یەکەمی نەشونماکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ، راتە قۆناغی گوێزرانەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ کۆمۆنیزم . بەشی دوەمی " دەوڵەت و شۆڕش " لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان دیکتاتۆریەت و دیمۆکراتیەت دەدوێ و لینین تیایدا لەوە ورد دەبێتەوە " چۆن دیموکراتیەت لەکاتی گوێزرانەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیزم " (٣٨) گۆڕانی بەسەردادێت . لێرەدا لینین دژی ئەوەبوو پرۆسەکە (گوێزرانەوە) تەنیا لە فراوانکردنی ئاستی دیمۆکراتیەت دا کۆبکرێتەوە ، چونکە هەموو دیموکراتیەتێك گرێدراوە بە مەسەلەی چینایەتیەوە و ناوەڕۆك و بواری کارتێکردنی لەلایەن سروشتی دەسەڵاتی سیاسی چینی دەسەڵاتدارەوە دەستنیشان دەکرێت . پەیت ئەستور بەم تێڕوانینە لینین ئەوە دوپات دەکاتەوە : " بەلاّم دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ... بۆیەکەمین جار دیمۆکراتیەت بۆ گەل : زۆرایەتی ، دابین دەکات و لە هەمان کاتدا بەپێویست چەوسێنەران : کەمایەتی ، مل کەچ دەکات " (٣٩) . لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دا ، کاتێ چینەکان لەناو دەچن ، " دیمۆکراتیەت وردە وردە لەناو دەچێ .جونکە خەڵکی وردە وردە ڕادێن لەسەر چاودێری کردنی دەستورە سەرەتاییەکانی ژیان لە کۆمەڵدا ، ئەو دەستورانەی چەندین سەدەیە ناسراون و هەزارەها ساڵە لە گشت کتێبەکان دا دوبارە بوونەتەوە ، وەفێری چاودری کردن دەبن بەبێ هیچ زەبر و زۆرەملی و مل کەچیەك ، بەبی ئەو دام و دەزکایەی بەتایبەت تەرخانکراوە بو سەرکونکردن و پی ی دەوتری دەولەت " (٤٠) . لەم بەشەدا لینین پێویستی هەبوونی دەوڵەت گری دەدات بە هەبوونی چینەکانەوە .

ئێستاش ئەوە دەبینین کە لە " دەوڵەت و شۆڕش " دا پەنجەراکێشانێك هەیە بۆ هۆیەکی جەوهەری تر دەربارەی گرنگی دەوڵەت لەسێبەری سۆسیالیزم دا .

لینین لەو بەشەدا کە تایبەتە بە قۆناغی گوێزرانەوە ناوەڕۆکی دیموکراتیاتەی قولّی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەردەخات . ئەو سەرئەنجامەی لێرەدا دەربڕدراوە ، هەروەها ئاقاری مەت و موکە لەکاتی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتوبەری مەزنەوە ، هەتا ڕادەیەکی زۆر دەوروخولی چالاکی تیۆری و سیاسی - ئایدیۆلوجی جولانەوەی کۆمۆنیستی جیهانیان داوە . چونکە بۆرجوازیەت و تیۆریستەکانی هەلپەرستی هەوڵ

دەدەن ناکۆکیەکی لە چارەسەرکردن نەهاتوو لەنێوان دەسەلاتی سیاسی چینی کرێکار و دیمۆکراتیەتدا دابنێن .

دەسەلاتی سیاسی چینی کرێکار بە تەواوەتی بەرامبەر ژیانی کۆمەلایەتی دەولەمەند دەکرێتەوە و گەشەکردنی بەردەوامی بەهرە و توانای کارگەران بۆ خزمەتکردنی تاك و کۆمەڵ مسۆگەر دەکات . گوێزانەوەش بۆ سۆسیالیزم گرێدراوە بە گەشەکردنی دەست پێشکەریەکی وەها کە لەوە و بەر لە مێژوودا وێنەیان نەبووە .

فۆرم و شێوازی ئەو پرۆسەیە ، کە گەلان بەهۆیەوە لە چەوساندنەوە و سەرکوتکردن ڕزگاریان دەبێ ، هەمە لایەنە . گەشەکردنی مێژوویی ئەو پێش‌بینییەی لێنینزمی دووپاتکردوتەوە کە لە سالی ۱۹۱٦ دا دەربڕدراوە و دەلێ : " هەموو گەلان دەگەنە سۆسیالیزم ، ئەمە شتێکی حەتمیە ، بەلام هەموویان بەیەك جۆر ناگەنە سۆسیالیزم ، بەلکو هەر یەکەیان دەبنە خاوەنی ئەم یان ئەو شێوەی دیموکراتیەت ، ئەم یان ئەو روالەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، ئەم یان ئەو خێرایی گۆڕینی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەلایەتی لەسەر بنچینەی سۆسیالیزم " ( ٤١ ) .

بە پێچەوانەوە ئایدیۆلۆگە بۆرجوازیەکان هەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی دیماگۆگیانە ناوەڕۆکی چینایەتی دیموکراتیەت لەژێر پەردەی فرە لایەنی سیاسی و فرە " نمونەی سۆسیالیزم " دا بشارنەوە . لینین لە " دەولەت و شۆڕش " دا بەتوندی دەچێتە بەگژ ئەو بیروڕایەی دەلێ : گوێزانەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم تەنیا لەڕێگەی " فراوانکردنی دیموکراتیەت " ەوە(٤٢) ئەنجام دەدرێ . ئەوەی شایانی باسە وردوخاشکردنی دام و دەزگای دەولەتی بۆرجوازی کۆن مەسەلەیەکی گرنگە ، چونکە ئەو دام و دەزگایە ئامانجی ئەوەیە جەماوەر لە سیاسەت دووربخاتەوە و بیانکاتە بابەتێك بۆ سیاسەت .

پاش بەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە ، شێوەیەکی تەواو نوێ لەدەسەلاتی سیاسی و دیمۆکراتی دادەمەزرێ کە پێوانە ناکرێ و ناکرێ بە پێوانەی دیمۆکراتی بۆرجوازی تێی بگەین ، چونکە هەلگری ئامانج و بەرژەوەندیەکان و نیشانە جەوهەریەکانی چینی کرێکار دەبێت . یەکێك لە نیشانە بنچینەییەکانی دەسەلاتی پرۆلیتاریا بریتیە لە بەشداریکردنی بەرەسەندوی هەموو کرێکاران و کارگەرانی تر

لە کارپێکردنی دەسەلاتدا ، واتە لە بەڕێوبردن و نەخشەکێشانی سەرجەمی ژیانی کۆمەلایەتی دا . ئەمەش ئەو پرۆسە دیموکراسیە سوسیالیستانەیەیە کە هەمیشە لەگەشەکردندایە . لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ڕێکخستنی کۆمەلگای سۆسیالیستی لەلایەن حکومەتەوە خزمەتی گەشەکردنی هوشیاری و ڕێکخستنی چینی کرێکار و گشت کارگەران دەکات .

بە بیروبۆچونی لینین گەشەکردنی دەولەتی سۆسیالیستی هەمیشە گرێدراوە بە پەرەسەندنی چالاکی سیاسی و بەرپرسیاری کۆمەلایەتی چینی کرێکار و گشت کارگەرانەوە . ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە دوەمین کۆنگرەی سۆڤێتەکان دا دەردەکەوێ ، کاتێ لینین لە کۆتایی قسەکانی دا لەبەر ئاشتی دەلێ :

" بۆرجوازیەکان دەولەتێك بە دەولەتی بەهێز ئازانن لەوکاتەدا ئەبێ کە بتوانێ لەڕێگەی بەکارهێنانی هەموو هێزی دام و دەزگاکانی حکومەتەوە جەماوەر بەو جۆرە ئاڕاستە بکات کە حوکمڕانە بۆرجوازیەکان مەبەستیانە ، بەلاّم چەمکی ئێمە دەربارەی هێز زۆر جیاوازە لەگەلّ ئەوەدا . بەڕای ئێمە ئەوەی بەهێزی دەولّەت دیاری دەکات هوشیاری جەماوەرە ، چونکە دەولّەت کاتێ بەهێز دەبێ کە جەماوەر هەموو شتێك بزانی و بتوانێ حوکم بەسەر هەموو شتێکدا بدات و هەموو شتێك بە هوشیارانە پێشکەش بکات " (٤٣) .

لەبەر ئەو هۆیە گەشەکردنی دیمۆکراتیەتی سۆسیالیستانە سەرجەمی کارەکانی دەولّەتی چینی کرێکاریش دیاری دەکات ، وە ڕاکێشانی کارگەران بۆ بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کارە کۆمەلایەتیەکان بە ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیست هەمەلایەنەتر و چالاکانەتر دەبێ . لینین هەمیشە ئەو مەسەلەیەی بە نیشانەیەکی جەوهەری بنیاتنانی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی داناوە . لەسەر هەمان ڕێگە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی جیهاندا لە ڕوسیای سۆڤێتی و ئینجا یەکێتی سوڤیەت بەرهەمهێنەری سەربەخۆ و هاوپەیوەندی توندوتۆلّ سەریان هەلّدا .

لینین هیچ کاتێك ئەرکی دەولّەتی پرۆلیتاریای لە ئەرکی سەرکوتکردن دا کسۆنەکردۆتەوە ، بەلّکو بەر لە هەموو شتێك دەولّەتی بە ئامرازێکی سیاسی بڕیاردەر دەزانی بۆ ئەنجامدانی ئەرکە داهێنەرەکان لە کاتی دامەزراندنی دەولّەتی کۆمۆنیستی دا . لینین لە " دەولّەت و شۆڕش " دا پەنجەی بۆ دوولایەنی بنچینەیی چالاکی دەولّەتی پرۆلیتاریا ڕاکێشاوە و

هەوالنامەی کتێب

نووسیویەتی : " پرۆلیتاریا پێویستی بەدەسەلاتی دەولەت هەیە بۆ ڕێکخستنی ناوەندی دەسەلاتی ، ڕێکخستنی زەبر بۆ تێکشکاندنی بەرگری چەوسێنەران ، سەرکردایەتیکردنی جەماوەری زەبەندی دانیشتوانی جوتیاران و وردە بورجوازی و نیمچە پرۆلیتاری بۆ ( بەڕێوەبردنی ) ئابوری سۆسیالیستی " (٤٤) .

ڕێکخستنی ژیانی کۆمەلایەتی و بنیاتنانی بنکەی مادی و تەکنیکی و دابین کردنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی سۆسیالیزم ، ئەرکە بڕیاردەرەکانی دەولەتی سۆسیالیستی پێك دەهێنن . کاتێك ئەرکەکانی دەولەت تەنیا بریتی دەبێت لەبەکارهێنانی ئەرکی زەبر ( ئەو ئەرکەی لەسەرەتادا گرنگە بۆ سەرکوتکردنی ئەو چەوسێنەرانەی دەسەلاتیان لەدەست داوە ) ، ئەوا تەنگنەزەریەکی قول دەربارەی ئاسۆی مێژوویی دەولەت دێتە ئاراوە . لە ئەنجامی ئەو تەنگنەزەریە یەکلا بینانەیەش ئایدیۆلۆگە ڕیڤیژینیستەکان نەهێشتنی ناکۆکی چینایەتی - لەکۆتایی قۆناغی گۆڕانەوەدا - یەکسان دەکەن بە پوکانەوەی تەواوەتی دەولەت .

لینین ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە سۆسیالیزم بەبێ دیموکراتیەت مەحالە ، بو؟ چونکە ئەو دوپاتکردنەوەیە لە سەرچاوەی مەتریالیستی سۆسیالیزمەوە ، لە بەشداریکردنی بەرەسەندوی کار و بەرهەمهێنانەوە ، هەلقولاوە . ئەم پرۆسەیە لە دوائەنجامدا سەرجەمی گەشەکردنی ژیانی کۆمەلایەتی ، هەروەها دیموکراتیەت لە سۆسیالیزم دا ، دیاری دەکات .

هەروەها مارکس لە " سەرمایە " دا ئەوەی سەلماندوە کە پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی گەورە پێویستی بە " گۆڕینی کارەکان و لە دوایشدا تەوپەڕی پسپۆری هەمەرەنگی کرێکاران " (٤٥) هەیە ، وە ئەو مەسەلەیەی بە یاسایەکی گشتی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی دانا . جا لەبەر ئەوەی مارکس شەریکایەتیکردنی ( تشریك ) لە بەرهەمهێناندا بەو جۆرە شیکردۆتەوە کە لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی گەورەدا بەکار دەهێنرێ ، بۆیە توانی نیشانە بنچینەیی و جەوهەریەکانی کۆمەلگای کۆمۆنیستی دیاری بکات . لە تەوەری تێبینیەکانی مارکسدا گەشەکردنی هەمەلایەن و سەربەستانەی هەموو تاکەکەسێك بە ڕەچاوکردنی خاوەندارێتی گشتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دەسەلاتی سیاسی چینی کریکار بەدی دەکرێت ، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە ئەو پرۆسەی شەریکایەتیکردنە ڕودەدات .

لەبەر ئەوە چینی کرێکار ، کە پەیوەندیەکی پتەوی

لەگەڵ پیشەسازی گەورەی نوێدا هەیە و شێلگیرانە پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان دەردەبڕێ ، بڕیار لەسەر ناوەڕۆکی دیموکراتیەتی سۆسیالیستانە دەدات . ئەوەش لە سروشتی چینایەتی و بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی چینی کرێکارەوە هەڵقوڵاوە کە هۆی ئابوری خۆیان هەیە . جا لەبەر ئەوەی چینی کرێکار لەگەڵ بەرهەمهێنانی پیشەسازی گەورەدا پەرەدەستێنێ ، بۆیە پێداویستی و شیاوی دیموکراتیەتی سۆسیالیستانە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو پرۆسەی پێگەیشتنەدا گەشەدەکات .

لینین لە " مارکسیزم و دەوڵەت " دا نووسیویەتی :
" دیالەکتیکی ڕێڕەوی گەشەکردن بەم جۆرە دەبێ : لە ئستیبدادەوە بۆ دیموکراتیەتی بۆرجوازی ، لە دیموکراتیەتی بۆرجوازیەوە بۆ دیموکراتیەتی پرۆلیتاری ، لە دیموکراتیەتی پرۆلیتاریەوە بۆ نەمانی دەوڵەت " (٤٦) . لێرەشدا پێویستە پلە بە پلە هەنگاو بەرەو بەڕێوەبردنی خۆیی کۆمۆنیستانە هەڵبهێنین ، یەکەم هەنگاویش بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەسەلەیە بریتیە لە : بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە ، چاودێریکردنی بەرهەمهێنان و دابەشکردن ، خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵ . ئەوانە بە گشتی دەبنە هۆی گۆشکردنی چینی کرێکار و هەموو کارگەرانی تر و ڕاکێشانیان بەرەو بەشداریکردن. لەبەڕێوەبردنی گشت کارە کۆمەڵایەتیەکان دا .

۲) پلەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی :

جەوهەری کۆمەڵگای کۆمۆنیستی لەبۆتەی پرۆسەیەکی مێژوویی درێژخایاندا پێ دەگات . لێنین لە " مارکسیزم و دەوڵەت " دا پلەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بەم شێوەیە دەربڕیووە :
"۱/ ژانێکی قورس و دوورودرێژ .
۲/ پلەی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی .
۳/ پلەی بالاَی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی . " (٤٧)

لینین هیچ کاتێك سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی بە شێوەیەکی وشك و ڕەق هەڵاتوو لەیەك جیانەدەکردەوە ، بەڵام هەمیشە داوای ئەوەی دەکرد بەوردی ڕەچاوی قۆناغی گەشەکردن بکرێت و سەرنجی بۆ مەترسی پەلەکردن لە هەنگاوهەڵهێنان دا

رادەکێشاین ٠ بەلای لینینەوە یەکەمین هەنگاوی گەشەکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بریتیە لە قۆناغی سۆسیالیزم کە تیایدا چینی کرێکار دەست دەگرێت بەسەر دەسەلاتی سیاسی دا ٠ وە خاوەندارێتی کۆمەلایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی بە بنچینەی هاوبەشی پلە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دادەنا ٠

لینین بەشێوەیەکی بنچینەیی باسی لایەنی سیاسی قۆناغی گوێزانەوە لە سەرمایەدارێەوە بۆ کۆمۆنیزم دەکرد ، لەبەر ئەوە بوو ( وەك بینیمان ) دەستی کرد بەشیکردنەوەی گەشەکردنی دیموکراتیەت و دەوڵەت ٠ هەروەها مارکس ماوەی گۆرانکاری شۆرشگێری کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بە ماوەیەکی گوێزانەوەی سیاسی دادەنا ٠

ئینجا لینین لە نزیکەوە چارەسەری پلەی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی سۆسیالیزم ، کرد و بەشێوەیەکی تایبەتی خەنیمەتی ئابوری‌شیکردەوە و بەدوای ئەو مەسەلەیە دا چوو کە مارکس چارەسەری کردبوو ، واتە " چۆن کۆمەڵگای سۆسیالیستی ناچار دەکرێت چالاکیە کۆمەلایەتیەکان ئەنجام بدات ؟ " (٤٨) ٠ بۆ ئەوەی ئەوە دەربخات چۆن یەکسانی کۆمەلایەتی ، کە نیشانەیەکی کۆمەڵگای کۆمۆنیستیە ، نەشرنما دەکات ٠ چونکە ئەو یەکسانیە لە قۆناغی سۆسیالیزم دا نایەتەدی ٠ لینین لە " دەوڵەت و شۆرش " دا ئەوە رون دەکاتەوە کە : " یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی دەوڵەتی سۆسیالیستی ئەوەیە دابەشکردن لەسەر بنچینەی کۆشش دابین بکات ، چونکە ئەم ئەرکە هەتا رادەیەکی زۆر گرنگی دەوڵەتی سۆسیالیستی بڕیار دەدات ٠ کەواتە ئەوەی لە کۆمەڵگای سۆسیالیستی دا دێتە دی بریتیە لە یەکسانی لە خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دا ، چونکە بەر لە پلەی بالای کۆمەڵگای کۆمۆنیستی نایەکسانی کۆمەلایەتی ، کە گرێدراوە بە کۆششی کارەوە ، لەناو ناچێت ٠ لەبەر ئەوە لەپلەی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دا دەوڵەت گرنگە بۆ پاراستنی خاوەندارێتی گشتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ٠ بەو جۆرەش یەکسانی لەکار و یەکسانی لە دابەشکردنی بەرهەمهێنان‌دا دەپارێزی " (٤٩) ٠٠ هەروەها لینین لێ پرسینەوە و سانسۆر بە " مەسەلەیەکی سەرەکی گرنگ؛ دەزانێ بۆ " دیسپلینەکردنی " پلەی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی و راپەراندنی کارەکەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست " (٥٠) ، وە لەم بارەیەوە ئەوەی

ئاشکرا کردوەکە دەولەت کاتێك دەپوکێتەوە و لەناو دەچــێ کە "چینەکان لە ئارادا نەبن" (٥١) .

دوای شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری مەزن لینین بەردەوام بوو لەسەر گەشەپێدانی هەمەلایەنی مارکسیزم و لەو ڕووەی پەیوەندی بە فۆرماسیۆنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستییەوە هەبوو. ئەوەشی لەڕێگەی بلاوکردنەوەی شارەزایی خەباتی چینایەتــی پرۆلیتاریای جیهان و دامەزراندن و چەسپاندنی دەســەلاتــی سۆڤێتەوە ئەنجام دا .

بەو پێیە لەساڵەکانی دواییدا توانرا جیاوازی ورد لە نێوان قۆناغی گوێزانەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم و پێگەیشتنی تەواوەتی پلەی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستــی دا بکرێت ، وە ئەوپێش بینینیەی لینین بەتەواوەتی هاتە دی کــە دەڵێ لەوانەیە جیاوازی لە نێوان پلەی یەکەم ( پلەی نسزم ) و پلەی بالای کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دا لەڕوی سیاسی یەوە زۆر گەورە بێ .

نابێ بیرو بۆچوونی چەند پلەیی و ئەوسەرتەنیا مانەی دەڵێن پلەی یەکەمی کۆمۆنیزم لە قۆناغی گوێزانەوەوە سەرچاوە دەگرێ و لەپلەی یەکەم دا ئاستی جۆراوجۆری دیاریکراو هەیە ، بینە هۆی تێڕوانینی میکانیکیانە ، چونکە سۆسیالیزم لــە قۆناغی گوێزانەوە سەرچاوە دەگرێ و لەو تەنیا مــی ئــەو دروست دەبێ . لەبەر ئەوە ناشێ قۆناغی گوێزانەوە لــە سۆسیالیزم دابڕین ، بەلام لەگەڵ ئەوەش دا قۆناغی گوێزانــەوە شوێنێکی تایبەتی لەڕێڕەوی پرۆسەی نەشونماکردنی کۆمەڵگــای کۆمۆنیستی دا هەیە . ئایدیۆلۆگە "چەپڕەو" ، ڕیڤیژنیستەکان ئەو جیاوازیەی نێوان قۆناغی گوێزانەوە و سۆسیالیزم ڕەت دەکەنەوە و قۆناغی گوێزانەوە ئەوەندە فراوان دەکەنەوە هەتــا دەگاتە پلەی بالای کۆمەڵگای کۆمۆنیستی . ئەوەش یەکێکە لــە کۆڵەکانی بیروڕا سۆسیالیستیە ساختەکانی ئەوان ، چونکــە ئەوان زاراوەی "کۆمەڵگای گوێزانەوە" بەکاردەهێنن بۆ یەکسانی کردنی قۆناغی گوێزانەوە و سۆسیالیزم . بەلام لەبەر ئــەوەی کۆمەڵ پاش یەکلاکردنەوەی دەسەلات لەخزمەتی سۆسیالیزم دا و پشت ئەستور بە خاوەنداریتی کۆمەڵایەتی ئامرازەکــانــی بەرهەمهێنان بێ سنوور گەشە دەکات ، بۆیە ناشێ سۆسیالیزم و قۆناغی گوێزانەوە بەیەك بچوێنین و ڕاست نیــە زاراوەی "قۆناغی گوێزانەوە" بــەڕێنین بەسەر سەرجەمی ئــەو

ماوەیەدا کە پێویستە بۆ شاد بوون بە پلەی بالاێ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی . چونکە ئەو یاسایانەی لە قۆناغی گوێزانەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم دا هەیە ، لە قۆناغی سۆسیالیزم دا بەدی ناکرێت ، لەوانە یاسای ململانێی چینایەتی لەناو ولاتی دیاریکراودا .

پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان ، کە ڕۆڵی بڕیاردەریان هەیە لە هەموو فۆرماسیۆنێکی کۆمەلایەتی دا ، لە کۆمەڵگای سۆسیالیستی دا بە خاوەندارێتی کۆمەلایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەناسرێن . بەو جۆرە کۆمەڵ بێ دەنێتە پلەی یەکەمی بنیاتنانی سۆسیالیزمەوە و سۆسیالیزمیش لە ئەنجامی پێگەیشتنی نیشانە جەوهەرییەکانی کۆمەڵگای نوێ گەشە دەکات . لینین لە " دەوڵەت و شۆڕش " دا بەئاشکرایی دەڵێ :" لەبەر ئەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە موڵکی گشتی ، ئەوا ئەشێ وشەی (کۆمۆنیزم) بەسەر ئەو پلەیەش دا جێبەجێ بکرێ ، بەمەرجێك مرۆڤ ئەوەی لەیاد نەچێت کە ئەوە کۆمۆنیستی کامڵ نیە"(٥٢) . لینین ساڵی ١٩١٩ هەندێ شتی تری خستۆتە سەر ئەو سەرئەنجامە و نووسیویەتی : سۆسیالیزم " شێوەی یەکەمی کۆمەڵگای نوێیە ، بەلام پلەی بالا : کۆمۆنیزم ، ناتوانێ نەشونما بکات هەتا سۆسیالیزم بەشێوەیەکی تەواوەتی نەچەسپێ " (٥٣) .

لەکاتی گوێزانەوە لە پلەی یەکەمەوە بۆ پلەی بالای کۆمۆنیستی هیچ گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا ، واتە گۆڕینی ناوەڕۆکەی وەك شێوازێکی مێژوویی ، ڕونادات . ئەوەی لە ئێستاو داهاتوودا ئەم پەیوەندیانە دیاری دەکات بریتییە لە خاوەندارێتی کۆمەلایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئەو هاوکارییە هاوڕێیانەیەی لەگەڵ ئەو خاوەندارێتییەدا تەبایە ، پلەی یەکەم و پلەی بالای کۆمۆنیستیش دوو ئاستی گەشەکردنی یەك فۆرماسیۆنی کۆمەلایەتین . بێگومان گەشەکردن و پێگەیشتنی پەیوەندیەکانی خاوەندارێتی و سەرجەمی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان بەردەوام دەبێ و هەمیشە بەشێوەیەکی هەستپێکراوی مێژوویی وەها خۆی دەنوێنێ کە دەربڕی مەسەلە تایبەتیەکانی پلەی دیاریکراو بێ . پێویستە ئەو ئەرکانە ئالۆز و ئەمومژاوی نەکەین کە پێویستە لەکاتی بنیاتنانی سۆسیالیزمی گەشەکردودا چارەسەریان بکەین ، بەڵکو پێویستە ئەو ئەرکانە ڕوون و ئاشکرا



هەواڵنامەی کتێب

بن . لێرەشدا برِ و خێرایی لە دایکبوونی نیشانە جەوهەریەکانی فۆرماسیونی کۆمۆنیستی گرێدراوە بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو ئەرکانەوە .

لینین لە " دەوڵەت و شۆرِش " دا لە روخسارە ئابوریو سیاسیەکانی پلەی بالاێ کۆمەڵگا ی کۆمۆنیستی کۆڵیوەتەوە . لینین کۆمۆنیزم بەو ئاستەی گەشەکردن دادەنێ کە تیایدا دەوڵەت دەبێتە مەسەلەیەکی بێ بایەخ و ئەو پرنسیپە جێبەجێ دەکرێ کە دەڵێ : " هەموو یەکێك بەپێی توانا ، بۆ هەموو یەکێك بەپێی پێداویستی " ، وە ئەوە دوپات دەکاتەوە کە ئەرکی برِیاردەر بۆ گوێزانەوە بۆ پلەی بالاێ کۆمەڵگا ی کۆمۆنیستی بریتیە لە نەهێشتنی دابەشکردنی کۆنی کار و لەناوبردنی ناکۆکی نێوان کاری لەش و کاری فیکری . بەو جۆرە کار دەبێتە یەکەمین پێداویستی ژیان . هەروەها لینین چووەبەکنژ بیرورِا بێزراوەکان دا و ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایە " خاوەنی بەرهەمهێنانێکی کار دەبێ کە جیاوازە لەوەی ئێستا ، وە پێویستی بە مرۆڤێك دەبێ جیاوازە لە پرِوپوچەکانی ئەمرِۆ " (٥٤) . بەو جۆرە لێنین هەڵوێستی خۆی رِون دەکاتەوە و ئەوە دەردەخات کە گەشەکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی گرێدراوە بە ئاستی پێگەیشتنی ئابوری رِژێمی کۆمەلایەتی نوێوە .

گوێزانەوە لە پلەی یەکەمی کۆمەڵگا ی کۆمۆنیستیەوە بۆ پلەی بالاێ گرێدراوە بەوەی " گشت ئەندامانی کۆمەڵ ، یان بەلای کەمەوە زۆربەی هەرە زۆریان ، فێری ئەوەبن خۆیان بەرِێوەبردنی دەوڵەت رِاپەرِێنن پاش ئەوەی دەکەوێتە دەستیان " (٥٥) .

٤) دوبارە دەربارەی بیرورِا دژ بە مارکسیزمەکانی کاوتسکی؛

لینین لەبەشی شەشەمی " دەوڵەت و شۆرِش " دا بیرورِا تیۆریەکانی بلیخانۆف و کاوتسکی بە نموونە دەهێنێتەوە و ئەوە رِوون دەکاتەوە کە پشتگوێ خستن و وەلاوەنانی لایەنێکی مارکسیزم دەبێتە هۆی گەشەکردنی هەلپەرستی . وە بەگەرِانەوە بۆ ئەو باسانەی لە نامیلکەی " دژی ئەنارشیزم " ی بلیخانۆفدا هاتوون ، رِەخنە لەو جۆرە لادانە دەگرێت کە لە مەسەلەی پەیوەندی شۆرِشی پرۆلیتاری و دەوڵەت دەکۆڵێتەوە .

چونکە بلیخانۆف بێ دەنگ وەستاوە لە ئاستی هەڵوێستی پرۆلیتاریا بەرامبەر دەوڵەتدا و بیروڕا تیۆریەکانی مارکسیزم دەربارەی دەوڵەت پشتگوێ دەخات . بەلام کاوتسکی "گەڕایەوە بۆ دواوە، بۆ ئەوەی مارکس ساڵی ١٨٥٢ دەربارەی فرمانەکانی شۆڕشی پرۆلیتاری لەسەر دەوڵەت نووسیبووی" (٥٦) . لینین پشت ئەستوور بە دانراوەکانی کاوتسکی ئەوە دەسەلمێنێ کاوتسکی باز بەسەر ئەو ئەرکەدا دەدات کە مارکس ساڵی ١٨٥٢ لە کاتی هەڵهێنجانی شارەزاییەکانی کۆمۆنەی پاریسدا بە سووربوونەوە دوپاتی کردۆتەوە ، واتە ئەرکی وردوخاشکردنی دام و دەزگای دەوڵەتی بۆرجوازی لەکاتی شۆڕشی پرۆلیتاریدا . لینین لەم بارەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی جەوهەری نێوان پەرلەمانتاری بۆرجوازیانە و دیموکراتیەتی پرولیتاری ، وە لە ڕێڕەوی ڕەخنەگرتنی مەبدەئیانەی خۆی لە هەڵوێستی کاوتسکی جارێکی تر ئامانج و ئاقارەکانی گەشەکردنی دیموکراتیەت لە سۆسیالیزم دا دیاری دەکاتەوە . دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاوتسکی بووە دوژمنێکی سەرسەختی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و لەڕێگەی ڕوکەشکردنی مارکسیزم و پشت گوێ خستنی گەشەکردنی مێژوویی تیۆری مارکسیزمەوە بەرە و هەڵوێستی دژایەتی کردنی کۆمۆنیزم ڕۆیشت . ئەوەی شایانی باسە لینین دوای ئەوە لەبەرهەمی "شۆڕشی پرۆلیتاری و کاوتسکی هەڵگەڕاوە"دا درێژەی دا بە مشتومڕەکانی خۆی لەگەڵ کاوتسکی دا .

## پەراوێزەکان

١/ مارکس- هەڵبژاردەکان / بەرگی چوارەم - دار التقدم / مۆسکو ل ١٤٩ : نامەیەك بۆ فیدیمیار لە بەرواری ١٥ ی ئازاری ١٨٥٢.

٢/ بەراورد بکە لەگەڵ "مێژووی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیێتیدا - شەش بەرگ" بەرگی سێیەم کتێبی یەکەم : مۆسکو١٩٧٦ ل ٢٦٦ .

٣/ لینین : دەوڵەت و شۆڕش ، هەڵبژاردەکان / بەرگی حەوتەم ، دار التقدم / مۆسکو ١٩٧٧ ل ١٢ .

٤ و٥/ هەمان سەرچاوە ل ١٢ - ١٣ .

٦/ ئەم دانراوە بە چاپێکی جیاواز لەلایەن "دار دیتز للنشر"ەوە لەبەر لینین بلاوکراوەتەوە .

٧/ لینین - دەربارەی نامەکان / بەرگی چوارەم - چاپی ئەڵمانی ل٤٤١ ، چەند تێ بینی یەك بۆ کامینیف .

٨/ هێرمان دۆنکر : فێرکاریەکانی مارکسیزم دەربارەی دەوڵەت ( ١٩٢٢) - باسکردنی دانراوی "دەوڵەت و شۆڕش" ی لینین لە

" دەروازەیەك بۆ مارکسیزم " / بەرگی یەکەم ، بەرلیـــــن ١٩٦٣
چاپی ئەڵمانی ل ٢٣١ ـ ٢٣٢ .
٩ ، ١٠ / لینین : دەوڵەت و شۆڕش ، هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٥ .
١١/ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٦ .
١٢/ بەراورد بکە لەگەڵ/١/ لینین : موحازەرەیەك دەربارەی دەوڵەت،
هەڵبژاردەکان بەرگی نۆیەم ، دار التقدم مۆسکو ١٩٧٧ ل ٨١ .
١٣/ لینین : دەوڵەت و شۆڕش ، هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٧ .
١٤/ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٣٣ .
١٥ / هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٤٧ .
١٦/ کارل مارکس ـ دانراوە گشتیەکان / بەرگی ٢٩ ، چاپی ئەڵمانی
ل ٥٥١ : نامەیەك بۆ فردیناند لاسال بەبەرواری ٢٢ شوباتی ١٨٥٨.
١٧/ مارکس ـ ئەنگلز : دانراوە گشتیەکان / بەرگی ١٣ ، چاپی
ئەڵمانی ل ١٧٥ .
١٨/ کارل مارکس : پێشەکی رەخنە لە ئابوری سیاسی / بەرلین
١٩٧٤ ، چاپی ئەڵمانی ل ١٧٥ .
١٩/ مارکس ـ ئەنگلز : دانراوە گشتیەکان / بەرگی چوارەم ، چاپی
ئەڵمانی ل ٤٨١ .
٢٠ / مارکس ـ ئەنگلز : دانراوە گشتیەکان / بەرگی هەشتەم ، چاپی
ئەڵمانی ل ١٩٧ .
٢١/ لینین : دەوڵەت و شۆڕش ، هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٤٠ .
٢٢/ لینین : دەوڵەت و شۆڕش / دانراوە گشتیەکان بەرگی ٢٥ ،
چاپی ئەڵمانی ل ٤١٨ .
٢٣/ مارکس : دەربارەی شەڕی ناوخۆ لە فەرەنسا ـ دانراوە گشتیەکان
بەرگی حەڤدەهەم ، چاپی ئەڵمانی ل ٣٣٨ .
٢٤ / هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٣٤٢ .
٢٥/ کارل مارکس : چەند تێبینیەك لە بەراوێزی بەرنامەی حیزبی
کرێکارانی ئەڵمانی دا ـ دانراوە گشتیەکان / بەرگی حەڤدەهەم ،
چاپی ئەڵمانی ل ٢٨ .
٢٦/ بەراورد بکە : لینین ، دانراوە گشتیەکان / بەرگی شەشەم،
چاپی ئەڵمانی ل ١٤ ، ٣٧ ، ٤٥ .
٢٧/ لینین : دەوڵەت و شۆڕش ، هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٥١ .
٢٨/ لینین : ئایا بۆلشەفیکەکان دەتوانن پارێزگاری دەسەڵات
بکەن ؟ / دانراوە گشتیەکان، بەرگی ٢٦ ، چاپی ئەڵمانی ل ٨٧ .
٢٩/ لینین : دەوڵەت و شۆڕش / دانراوە گشتیەکان ـ بەرگی ٢٥ ،
چاپی ئەڵمانی ل ٥٠٢ .
٣٠/ لینین : دەربارەی فرمانەکانی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی
ئێستادا / دانراوە گشتیەکان ، بەرگی ٢٤ ، چاپی ئەڵمانی ل ٥ .
٣١/ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٧١ .

٣٢ / لینین : سەرکەوتنی کادیت و ئەرکەکانی حیزبی کرێکاران / دانراوە گشتیەکان ، بەرگی دەهەم ، چاپی ئەڵمانی ل ٢٤٠ ٠
/٣٣ لینین : کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی مەسەلەی دیکتاتۆریەت / دانراوە گشتیەکان ـ بەرگی ٣١ ، چاپی ئەڵمانی ل ٣٢٣ ـ ٣٣٤ ٠
٣٤ / لینین : ئایا بۆلشەفیکەکان دەتوانن پارێزگاری دەسەڵات بکەن؟ / دانراوە گشتیەکان / بەرگی ٢٦ ، چاپی ئەڵمانی ل ٤٧ ٠
/٣٥ لینین : دەوڵەت وشۆرش / هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٢٨ ٠
/٣٦ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٠٦ ٠
/٣٧ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٠٧ ٠
/٣٨ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٠٩ ٠
/٣٩ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١١٣ ٠
/٤٠ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١١٢ ٠
/٤١ لینین : دەربارەی کاریکاتۆری مارکسیزم و ئابوریزمی ئیمپریالیستی/ دانراوە گشتیەکان ـ بەرگی ٢٣ ، چاپی ئەڵمانی ل ٦٤ ٠
٤٢ / لینین : دەوڵەت و شۆرش ، هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١١٢ ٠
/٤٣ لینین : دانراوە گشتیەکان ، بەرگی ٢٦ ، چاپی ئەڵمانی ل ٣٤٦
/٤٤ لینین : دەوڵەت و شۆرش / هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٣٨ ٠
/٤٥ بەراورد بکە / کارل مارکس : سەرمایە ، بەرگی یەکەم / دانراوە گشتیەکان ـ بەرگی ٢٣ ، چاپی ئەڵمانی ل ٥١٢ ٠
/٤٦ لینین : مارکسیزم و دەوڵەت ، بەرلین ١٩٧٤ ، چاپی ئەڵمانی ل ٣٨
/٤٧ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٤٧ ٠
/٤٨ لینین : دەوڵەت و شۆرش / هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١١٥ ٠
/٤٩ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١١٨ ٠
٥٠ / هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٢٥ ٠
/٥١ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١١٨ ٠
/٥٢ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٣٢ ٠
/٥٣ لینین : ڕاپۆرتێك دەربارەی سوبۆتنیك لە کۆنگرەی حیزبی شاری مۆسکو دا ٢٠ کانونی یەکەم ١٩١٩، دانراوە گشتیەکان ٠ بەرگی ٣٠ ، چاپی ئەڵمانی ز ٢٧٤ ٠
/٥٤ لینین : دەوڵەت و شۆرش / هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٢١ ٠
/٥٥ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٢٦ ٠
/٥٦ هەمان سەرچاوەی پێشو ٠

⊛ ئەم بابەتە لەلایەن ( ولفگانگ شنایدر ) ەوە بە ئەڵمانی لەژێر ناونیشانی " دەوڵەت و شۆرش : خوێندنەوە و باسکردنی کتێبەکەی لینین " دا نووسراوە و لەلایەن ( دار ابن خلدون )ەوە بەعەرەبی بڵاوکراوەتەوە، ئێمەش بە دەستکاریەوە وەرمانگێڕاوە بۆ کوردی ٠

بیرەوەری

# ئەزموونی تێکۆشەرێکی کورد: هاورێ "ب"

د. جەمشید حەیدەری

هاورێ "بێ" لە شاری هەولێر لە دایك بووە و لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری کوردستانە، کە چاوی کردۆتەوە تەملنای کردوە براکانی لە ڕیزی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی دا خەبات دەکەن. لە کۆتایی چلەکان دا هەموو براکانی تووشی گرتن و زیندان هاتوون، ئەویش بە ناچاری وازی لە خوێندن هێناوە، هەرچەندە زۆر تامەزرۆی خوێندن بووە.

لە ناوەڕاستی پەنجاکان دا هاورێ "بێ" دووبارە گەڕاوەتەوە قوتابخانەی سەرەتایی، هەرچەندە لە چاو هەڤاڵەکانی پۆلەکەی دا تەمەنی زۆر گەورەتر بووە، بەلاّم بێگوێدانە تەمەن گەورەیی ملی داوەتە خوێندن. باروودۆخی ماڵەوەیان و ژیانی گوندی و بەندکردنی براکانی هۆشیاریان کردۆتەوە، هەستی بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و تا ڕادەیەکیش چینایەتی کردوە، ئەوەش پاڵی پێوەناوە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نهێنییەکان دا بکات و بچێتە نێو ڕیزی بزوتنەوەی قوتابیانەوە و دەست بە خەبات بکات. خەبات لە ڕیزی قوتابیان دا دەرگای ژیانی بۆ خستۆتە سەرگازی پشت و وای لێکردوە لە سروشتی سەختی و دژواری خەباتی نهێنی تێبگات. لێرەدا فێربووە ڕێکخراو چیە؟ دیسپلین چیە؟ فێربووە چۆن پەیوەندی لەگەڵ هاوبیرانی خۆی دا بکات، لە باری ژیانی خوێندکاران و جەماوەر بگات. لێرەدا ئەلف و بێی سیاسەت فێردەبێ، بەرەی گەل و دوژمنان لێك جیادەکاتەوە...،

هەواڵنامەی کتێب

بەلاّم بۆچوون و لێکدانەوەی کاڵ و کرچ و خۆشی خوێن گەرم و هەڵەشە دەبێ . سەدان پرسیار لە مێشکی هاوڕێ " بێ " دا پەنگێ دەخواتەوە ، بێئەوەی وەلاّمەکانیان بزانێ .. بۆیە پەنا دەباتە بەر مرۆڤی لەخۆ گەورەتر .. مەسەلەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لەمی چینایەتی لاڕونتر بووە .. پەنا دەباتە بەر خوێندنەوەی کتێبی تیۆری ، بەلاّم بە زەحمەت لێیان تێدەگات ، چونکە بە زمانی بێگانە نووسراون .. جا ئەو پرسیارەی دێتە مێشک : بۆ کورد چاپەمەنی تیۆری نیە ؟

تاقە بلاّوکراوەیەك کە بە کوردی بەرچاوی بکەوێ " ژین " ی پیرەمیرد و " هەتاو " ی گیو موکریانی‌یە ، بەلاّم ئەوانە تامەزرویی و تینوێتی ئەو ناشکێنن . جار و بار بلاّوکراوەی نهێنی بە کوردی دەستدەکەوێ ، بەلاّم لەبەر ناحەزی چاپەکەی خوێندنەوەی گرانە .. هەرچەند خۆی لە قوتابخانە بە عەرەبی دەخوێنێ ، بەلاّم کتێبەکانی قوتابخانە لە هینی سیاسی و تیۆری جیاوازن ، کە ئەو تارەزوو دەکات لێیان تێبگات . لێرەدا دیسان مەسەلەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی زۆر بە زەقی دێتە بەرچاو ، ئەوەش زیاتر پالّی پێوەدەنی ڕێبازی نەتەوایەتی لە خەباتدا هەڵبژێرێ ، بەلاّم لە نێوان بیری نەتەوایەتی و بیری سۆسیالیزمی زانستی ، لەنێوان ئەو ڕێگایەی براکانی هەڵیان بژاردوە لەگەلّ ئەوەی ئەودا ، تووشی ململانێ دێ .

براکانی لەگەلّ چەندین کەسیتر لەسەر بیری کۆمۆنیستی خرانە زیندانەوە و دەرگای گرتووخانەیان بۆ کرایە مزگەوت .. بیر لە هەردوو ڕێبازەکە دەکاتەوە ، بیر لەو قسانە دەکاتەوە کە هەندێ جار لایەنگیرانی هەردوو ڕێباز ئاراستەی یەکتری دەکەن .. ئەو پرسیارە لە مێشکیدا دێتەکایەوە : ئەم دوو ڕێبازە کامیان بۆ میللەتە ؟ میللەت چیە ؟ جیاوازی سەرەکی لەنێوان ئەو دوو ڕێبازەدا چیە ؟ پرسیار لە خۆی دەکات و دەلێ : ئەرێ بۆ براکانم ئەو ڕێگایەیان گرتۆتەبەر ؟ خۆ ئەوانیش کوردن ؟ خۆ باش دەزانن کە کورد بێ بەش و چەوساوە و ماف خوراوە ؟ ئەی بۆ خزمەتی ناکەن ؟! بۆ خۆیان تەرخان کردوە بۆ چینێك ؟ بۆ خۆیان بەستۆتەوە بە ناوێکەوە کە پێوەندی بە کوردەوە نیە ؟

هاوڕێ " بێ " ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە خۆی و براکانی دەکەوێتە گومان .. خۆی باشتر دەناسێ ، یاخود باشتر بگوترێ ڕێبازی خۆیانی لارونتر دەبێ ! زیاتر گومان لە ڕێبازی

براکانی دەکات .. بتر هەوڵ دەدات لەوان بگات ، ڕێبازەکەیان شیبکاتەوە . لەو ململانێیەدایە کە هەست دەکات ، لە نێو بلاوکراوە و نووسینەکانی ڕێبازی خۆشیان دا ، ڕستە و ناوی سەیر سەیر پەیدا دەبن ، هەر هەمان ناون کە لە نووسراوی براکانیدا هەن .. مارکس ، ئینگلیز ، لینین ، ستالین ... ، پێشڕەوی چینی کرێکار و جوتیاران .. بەلاّم لە جیاتی بنووسرێ کرێکارانی عیراق ، دەنووسرێ کوردستان . لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە مێشکی هاورێ " بێ " : ئایا براکانم بۆ عیراق تێدەکۆشن ، ئێمەش بۆ کوردستان ؟! پرسیار لەخۆی دەکات : عیراق و کوردستان جیاوازیان چیە ؟ ئەرێ کوردستانیش بەشێك نیە لە عیراق ؟ ئەوەش پالێ پێوەدەنی بگەرێتەوە سەر کتێبی مێژوو : مێژووی کورد ، مێژووی جیهان ، لەوانە " خلاصەی تأریخی کورد و کوردستان " ی ئەمین زەکی و " لمحات من تاريخ العالم " ی جواهەر لال نەهرۆ ...

ئەوسا بۆی روون دەبێتەوە کە بەشێك لە کوردستان بە عیراقەوە بەستراوەتەوە ، بەلاّم بەشەکانی تری بە سێ دەوڵەتی تری دراوسێوە .. دەگەرێتەوە سەر راپۆرتێکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق کە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٥٦ دا دەرچووە و تێدا هاتووە : " گەلی کورد لە عیراق دا بەشێکە لە نەتەوەی دابەشکراوی کورد ، گەلی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە " . لێرەدا تووشی سەرسورمان دێت ! باشە کۆمۆنیستەکان دان بە مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی کوردا دەنێن ، ڕێبازی نەتەوایەتیش هەر بۆ هەمان مەبەست خەبات دەکات .. ئاخۆ چ جیاوازییەك هەیە ... بۆ هەموو پێکەوە خەبات ناکەن ؟ بەلاّم دوای لێکۆڵینەوە، هاورێ " بێ " دەگاتە ئەو قەناعەتە ، کە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیدا چەند ڕێبازی جیاواز هەیە و هەر ڕێبازێك دەربری بەرژەوەندی چینێ جیاوازی ناو کۆمەڵگایە و لە هەندێ قۆناغی خەبات‌دا ئەو دوو ڕێبازە وەك جۆگە لەیەك چومدا یەك دەگرنەوە ..

هاورێ " بێ " پتر دەخوێنێتەوە و بە بیری زانستی و سۆسیالیستی خۆی چەکدار دەکات و هەوڵ دەدات لە روانگەی بیری مارکسیەوە ڕووداوەکان و باری کۆمەلایەتی و هەلویستەکانی خۆی هەڵ بسەنگێنێ .. بەلاّم لەسەر ئەو بڕوایە دەمێنێ کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عیراق ، لە لایەکەوە بەشێکە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە هەموو کوردستان داو ،

لایەکی ترەوە بەشێکە لە بزوتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی گەلانی عیراق لەپێناو ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤایەتی داونیشتمانیەکانی گشت عیراق ، بەلاّم خەباتی کورد لە کوردستانی عیراق ئامانجی دوورتری هەیە .

هاوڕێ " بێ " هەرچەندە لە ڕێکخراوی نهێنیدا کاری دەکرد ، بەلاّم لەبەر ئەوەی مالّەوەیان لەژێر چاودێری پۆلیسدا بوو .. چونکە براکانی هەندێکیان زیندانی کرابوون و هەندێکی تریشیان خۆیان شاردبووە - بۆیە لە چالاکی نیوە ئاشکرادا بەشداری نەدەکرد ، تەنیا لە نەورۆزی سالّی ۱۹۵۸ دا نەبێ کە بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە لایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە لە بەستۆرەی نزیک گوندی بەحرکە سازکرا و نزیکەی ۷۰ قوتابی بەشداریان تێداکرد .. بەلاّم دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز هاوڕێ " بێ " زۆر چالاکانە هاتە کۆڕی خەباتەوە لە نێو لاوان و قوتابیاندا ، بێگومان شۆڕش هەلێکی باشی بۆ ڕەخساند ، فروانتر تەماشای ڕووداوەکان بکات و ئاسۆی بیری فراوانتربێ .

دوای شۆڕش و ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی ، ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرەی نیشتمانی زەقتر دەرکەوت ، گیروگرفت زۆرتر بوو ، جەماوەر بۆ ناو ڕیزی بزوتنەوە و پارتە سیاسیەکیان شالاّویان دەهێنا ، بەلاّم کادری پارتەکان کەم بوون و جەماوەریان بە تەواوی بۆڕێك نەدەخرا .. جۆرە بەرەلاّییەك هەبوو ، زۆرکەس خۆیان بەم و بەو هێزەوە هەلّدەواسی جاچ بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی یاخود لەگەلّ شالاّو و تەوژمی شۆڕش کەوتبوون .. جا نەزانی و کەم کادری لە لایەك و تێنەگەیشتنی سروشتی کاری ئازاد ( سەربەست ) و کورت بینی سیاسی و بەرژەوەندی پارتایەتی تەسك و پشت ئەستوری بە شالاّوی جەماوەری ساکار لەلایەکی ترەوە ، زۆرجار دەبوونە هۆی پشت گوێ خستنی ئەرکی سەرەکی قۆناغی دوای شۆڕش و توند و تیژکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێو هێزە دلّسۆزەکانی شۆڕشدا ، بێگومان لێرەشدا هەلێکی باش بۆ هێزە کۆنەپەرستەکان و دار و دەستەی ڕژێمی کۆن و کۆمپانیا نەوتیەکان ڕەخسا ئاگری دووبەرەکی خۆش کەن و هێزە هاوپەیمانەکان بەگژ یەکتردا بێنن . ململانێ تەنیا لە نێو چەند هێزێکی جیاوازدا نەبوو ، بەلکو کەوتە نێو خودی هێزەکان خۆشیانەوە . لەو بارودۆخەدا هاوڕێ " بێ " لە دەمەتەقە نەکەوتبوو لەگەلّ براکانی دەربارەی پێویستی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان : پارتی پێشڕەوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی

گەلی کوردستان ، وە ئەوەی وەبیر دەهێنانەوە کە دەبوایە پارتی شۆڕشی سالانی ١٩٤٥ ـ ١٩٤٦ بەردەوام بوایە شان بە شانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق* ، بەلام براکانی هەردەم ئەوەیان وەبیردەهێنایەوە کە لینین دژی بوونی دوو حیزبە لە یەك ولاتدا / واتە دان نان بەو سنورە دەستکردەی ئیمپریالیزم ، کە کوردستانی دابەش کردوە لە نێوان چوار دەولەتدا ج ٠ ح / ـ ( هەروەك ئاشکرایە لە یەکێتی سۆڤیەت جگە لە پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت ، پارتێکی کۆمۆنیستی سەربەخۆ لە هەر کۆمارێکی فیدرالی یان ئۆتۆنۆمیدا هەیە ٠٠ بۆ نموونە : پارتی کۆمونیستی ئەرمەنستان ، گورجستان ، ئۆکرانیا ٠٠٠ وە ناگوترێ پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لقی ـ هەرێمی گورجستان ، ئەرمەنستان ٠٠٠ ج ٠ ح ) ٠ هەرچەندە هاوڕێ " بێ " بە تەواوی لەو بڕوایەدا نەبوو کە پارتێکی تایبەتی پێویستە بۆ کرێکارانی کوردستان ، بەلام لەگەل ئەوەشدا ڕۆژ بە ڕۆژ جیاوازی دەبینی لە نێوان هەلوێست و بۆچوونی خۆی لە ڕووداوەکان لەگەل هەقالانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە عیراق ٠ ئەو کێشە و ململانێیە لە ناخی هاوڕێ " بێ " دا توندتر دەبووەوە تا ناوەڕاستی ١٩٥٩ ، هەروەکو خۆی بۆی گێڕامەوە تا مانگی مایسی ١٩٥٩ ، بڕیاریدا واز لە پێوەندیەکانی کۆن بهێنێ و ڕووبکاتە پارتی کۆمۆنیستی عیراق ٠ لێرەدا دەقی قسەکانی هاوڕێ " بێ " تان بۆ دەنووسم : " ئەگەرچی بەر لەوەی بچمە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە خۆم بە کۆمۆنیست دەزانی و لەو ڕوانگەیەوە هەلوێستم لە ڕووداوەکان وەردەگرت ، بەلام دوای ئەوە بۆم دەرکەوت کە پێویستە کۆمۆنیست لە پارتی کۆمۆنیستیدا کاربکات ٠ ڕێکخراوەکەی پێشتر خۆیان بە کۆمۆنیست نەدەزانی ، بەلکو هەندێ ئەندام و لایەنگیریان هەبوو خۆیان بە کۆمۆنیستی کورد دەزانی و هەندێکی تریش لە کۆن دا ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان بوون و لە دوای هەلوەشانەوە و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد ( ئابی ١٩٤٦ ) چووبونە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستەوە ، بەلام لە ناوەڕاستی پەنجاکان دا لە پارتی کۆمۆنیست جیا

---

*نووسەری ئەم وتارە نیازی وایە لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە و بە سوود وەرگرتن لە ئەزمونی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی جیهان ، وتارێك ئامادە بکات لەسەر پێویستی مێژوویی بوونی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان ٠

بووبوونەوە و چووبونە نێو پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانەوە و مەبەستیشیان ئەوەبوو ، کە دوا ڕۆژ و لە هەلومەرجێکی گونجاودا وەك کۆمۆنیستی کوردستان بکەونە چالاکی. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز و ئەو گۆڕانەی لە وڵاتدا ڕوویدا زۆر باری بۆچوونی گۆڕیم ، بەلاّم ئەوەی پاڵی پێوەنام ڕووبکەمە پارتی کۆمۆنیستی عیراق ، ئەو وتارەبوو کە بە پێنووسی ( کاوە ) لە ڕۆژنامەی نێوەندی پارتی دیموکراتیدا : " خەبات " ، بە بوونەی جەژنی یەکی ئایارەوە بلاّوکرابووەوە و پیرۆزبایی لە چینی کرێکاری عیراق و پێشڕەوەکەی : پارتی کۆمۆنیستی عیراق ، دەکرد .. من کە خۆم بە کۆمۆنیست دەزانی و لاو و چالاك و خوێن گەرم بووم ، گەیشتمە ئەو قەناعەتە دوورە پەرێزیم لە کۆمۆنیستەکانی عیراق و دژایەتیکردنیان لە بارودۆخی ئەو کاتەدا ، دژی ویستی دەروونیمە . بۆیە هەر لەو ڕۆژەدا ڕووم‌کردە بارەگای ڕۆژنامەی " اتحاد الشعب " لە هەولێر و چاوم بە هاوڕێ ئەبو حیکمەت کەوت و ئاگادارم کرد و ئامادەییم پیشان‌دا بۆ چوونە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستەوە ". وا دەردەکەوێ هاوڕێ " بێ " بەینی لەگەڵ هاوڕێیانی پارتی کۆمۆنیست لە هەولێر باش نەبووە ، ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیست و هەندێ لەوانەی خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانی بەرامبەر مەسەلەی کورد و خەباتی ڕۆژانە و رادەی تێگەیشتنی هەردوو لا لە مەسەلەی نەتەوایەتی و جیاوازی بیروڕایان لەسەر ئەم مەسەلەیە. بۆیە هاوڕێ ئەبو حیکمەت پێشنیاری کردوە ڕووبکاتە بەغدا و لەویش پەیوەندی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست بکات و دوور بکەویتەوە لە شانۆی خەباتی ڕۆژانەی شاری هەولێر .

هاوڕێ " بێ " دەگێڕێتەوە و دەڵێ : " لە مانگی حوزەیران دا بوو ، نزیکەی نیوەڕۆ گەیشتمە بەغدا ، یەکسەر ڕووم کردە " شارع الکفاح " کە بارەگای " اتحاد الشعب " ی لێ بوو ... بە پێپلیکانەکان دا سەرکەوتم و چوومە ژورێکی بچووکەوە کە هاوڕێیەکی سەر ڕووتی بەژن بچووکی لێ دانیشتبوو ، خۆم پێ ناساند و ئەویش بە تەلەفون پێوەندی کرد بەو هاوڕێیەی دەمویست چاوم پێی بکەوێ . دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەو هاوڕێ سەر ڕووتە ناوی حسین جواد الگمر ( ابو علی ) ، و کارگێری ڕۆژنامەکەیە . دوایی چوومە سەرەوە بۆ لای هاوڕێ جەمال حەیدەری - هاوڕێ جەمال لەگەڵ دوو هاوڕێی‌تر لە ژورێك دا پێکەوە بوون ، لەوانە هاوڕێ زەکی خەیری و هاوڕێ ئەبو نەسیر

(سلام الناصري) ـ و باسی خۆم بۆ کرد و داوام کرد لە ریزی پارتی کۆمۆنیستی عیراق دا وەرم بگرن . هاورێ جەمال گوتی : " دەمزانی هەر ڕۆژێك دێیتەلامان ، چونکە تۆ کۆمۆنیستی ... و داوای لێکردم نامە بۆ حیزب بنووسم و داوا بکەم . منیش کاغەز و قەڵەمم وەرگرت و یەکسەر نامەیەکم بۆ حیزب نووسی ... و هاوری جەمال گوتی منیش پشتگیری داخوازیەکەت دەکەم .. پاشان گوتی دوای چەند ڕۆژێك پێوەندیت پێوەدەکرێ"

هاورێ " بێ " دوای چەند ڕۆژێك بۆ یەکەم جار خۆی لە شانەیەکی پارتی کۆمۆنیستدا دیەوە ، کە دەیزانی لە ژیانی حیزبی و ڕێکخراوەییدا جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەوەی پێشوودا هەیە . دوای چەند مانگێك لە کارکردن ، هاورێ " بێ " بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ هەولێر .. لە هەولێر وەك جاران چالاك نەبوو ، ئەگەرچی لە ریزی قوتابیان دا کاری حیزبی دەکرد ، بەلاّم زیاتر خەریکی کاری ڕێکخستن و حیزبی بوو نەك کۆمەلایەتی ... تا ساڵی ١٩٦١ لە هەولێر زۆر جۆرە ئەرکی حیزبی بەجێ دەگەیاند و بەرپرسیاری شانەی کرێکارانی بیناو موچەخۆریشی لە ئەستۆ گرتبوو .. وەك خۆی دەگێڕێتەوە ، جارێك شانەیەکی پێسپێردرا کە زۆربەیان لە خۆی بە تەمەن گەورەتربوون ، تەنانەت یەکێکیان مامۆستای فیزیای خۆی بوو بێگومان ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو بۆ ئەو ، بەلاّم لە ژیانی حیزبایەتیدا گەورە و بچووکی زۆر دەور نابینێ ، بەلکو توانای ڕێکخستن وبەرپرسیاری ئەو هاورێیە لە ڕێکخراودا بەرپرسیاریەکەی دیاردەکات .

لە کوتایی نیسانی ١٩٦١ دا موتەسەریفی هەولێر گۆڕدرا و عەقید بەدرەدین عەلی بووە موتەسەریف . وەزع لە کوردستان بەرەو دژواری دەڕۆیی ، دەولەت و کاربەدەستان لە بەهانە دەگەڕان عەر بەسەر کوردا بسەپێنن ، پارتی کۆمۆنیست و ڕێکخراوەکانی لە لایەن میری و هەندێ هێزی نەتەوایەتی دووچاری دژایەتی هاتبوون . لە هەمان کاتدا پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە هەولێر و شارەکانی عیراق و کوردستان دەنگی هەلبڕی و داوای چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد و جێبەجێکردنی بەندی سێی دەستووری کاتی دەکرد . ئەوەبوو شەوی ٣٠/٤/ ٩٦١ ڕێکخراوی پارتی کۆمۆنیست لە هەولێر بە بۆنەی جەژنی یەکی ئایارەوە ، کەوتە چالاکی نواندن و جم جۆڵ .. سەدان دروشم لەسەر دیوارەکان نووسران یان هەلّواسران بۆ: پشتگیری کردنی خەباتی ڕەوای گەلی کورد ،

دژایەتیکردنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و داواکردنی چارەسەری ئاشتیانەی باری کوردستان ، بێزاری دەربڕین بەرامبەر چەکدارکردنی عەشیرەتەکانی لۆلان و زێباری و هەرکی دژی عەشیرەتی تێکۆشەری بارزان ، بێزاری دەربڕین بەرامبەر تەسلیم کردنەوەی مامۆستا ڕەشید کورد بە کاربەدەستانی سوریا . هاوڕێ " بێ " یەکێك بوو لەو هاوڕێیانەی بەشداری ڕاستەوخۆی کردوە لە نووسینی دروشمەکان . چ لەسەر کاغەز وچ لەسەر دیوار .. و دەڵێ : " من و دوو هاوڕێ ئەرکی نووسینی دروشمەکانمان گرتە ئەستۆی خۆمان ، لە تەیراوەوە بۆ گەڕەکی عارەبان ، لە نزیکی مزگەوتی حاجی مەحموودی عەلافەوە بۆ سینەمای صلاح الدین و شەقامی بەردەرگای قوتابخانەی " فیصلیة " ی کوڕان تا دەگاتە گۆڕەپانی السلام " کۆتری ئاشتی " ..

سەرلە بەیانی ڕۆژی یەکی ئاباری ٩٦١ ئەو هاوڕێیانەی بەشداری ئەو چالاکیانەیان کردبوو ، یاخود سەرپەرشتیان کردبوو ، هاتبوونە بازار و شەقامەکان تا بزانن پۆلیس چیی هێشتوە و چۆن لە نێو جەماوەریشدا دەنگی داوەتەوە !

هاوڕێ " بێ " دەگێڕێتەوە و دەڵێ :" کات ژمێر دەی بەیانی بوو ، من و براکەم لە ماڵەوە دەرچووین و بەرەو بازاڕ کەوتینە ڕێ .. نزیك کتێبخانەی گشتی هەولێر* تووشی کەریم بزن** هاتین ، یەکسەر ڕایگرتین و لەگەڵ پۆلیسێك بەرەو ناوەندی دەستگای ئەمنی ڕەوانەکردین ... " . دوای ٤٢ ڕۆژ زیندانی ، هاوڕێ " بێ " و دوو هاوڕێی تر بەدەست بەسەری دوورخرانەوە بۆ " عفك " و " الرفاعي " لە خوارووی عیراق ، بەلاّم لە ڕێگای هەندی ناسیاوەوە هاوڕێ " بێ " ماوەکەی لە بەغدا بەسەر برد . تا کۆدەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ دوو جاری تر هاوڕێ " بێ " تووشی گرتن هاتووە .

هاوڕێ " بێ " یەکێك بووە لەوانەی لە ڕۆژی کۆدەتا ڕەشەکەی ٨ ی شوباتدا بەشداریان کرد لە بەرگری کردن لە ناوچەی " باب الشیخ " ی بەغدا و لەوێش سێ گوللەی پێ کەوتووە و

---

* کتێبخانەی هەولێر ئەوسا دەکەوتە نزیك ئەو سووچەی ئێستا یادگای هەولێری بەرامبەرە .

** کەریم بزن - ڕەئیس عورەفای ئەمن بوو لە هەولێر ، تا بڵێی بێ ئابڕو و خراپ بوو .

بریندار کراوە ... هاورێ " بێ " بەم شێوەیە باسی بەرگریەکەی " باب الشیخ " دەکات : " وەك باسم کرد لە ساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا دەژیام ، لەوێش لە ڕێکخراوی قوتابیان کارم دەکرد .. ساڵی ١٩٦٣ وە لە پۆلی پێنجەمی زانستی قوتابخانەی " الجعفریة " ی ئێواران دەم خوێند . دوای ئەوەی بەعسیەکان وهاوپەیمانەکانیان دەستیان کرد بە مانگرتن ، بارودۆخ لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکان دا ئاڵۆزبوو .. یەکێتی قوتابیانی گشتی ، دوو ساڵ بوو ڕێگای بەستنی کۆنگرەی لێگیرا بووە ، زۆر لە سەرکردەکانی لە بەندیخانە و دەرەوەی وڵات بوون .. یەکێتی بڕیاری دا بانگەوازێك بکات بۆ بەستنی کۆنگرەیەك لە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی خوێندکاران .. یەکێتی باش دەیزانی ئامانجی مانگرتنەکە سیاسییە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا زۆر هەوڵی دا پێوەندی بە هەموو هێزە سیاسیەکانی ناو جولانەوەی خوێندکاری یەوە بکات ، بۆ یەکخستنی هەڵوێست لەو بارەیەوە ، کەچی بێسوود بوو ، پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەموو توانای خۆی خستبووە گەڕ بۆ ڕاگرتنی شەڕ و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد . دوا خۆپیشاندان بۆ ئەم مەبەستە لە گۆڕەپانی " المتحف " ی بەغدا ڕۆژی ٤/٢/ ١٩٦٣ سازکرا .. خۆپیشاندەرەکان تا گەیشتنە پردی " الشهداء " چەند جارێك لە لایەن پۆلیسەوە ڕاونران و چەند جارێکیش گوللە باران کران . من یەکێك بووم لەو هاوڕێیانەی بەر لە کودەتاکەی ٨ ی شوبات بەشداری دوا خۆپیشاندانم کرد .

ڕۆژی ٨ ی شوبات هەینی بوو ، لیژنەی حیزبی ڕێکخراوی قوتابیان بڕیاری دا بوو لەو ڕۆژەدا کۆبونەوەیەك لەکات ژمێری ٩٫٣٠ دا ساز بکات بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی مانگرتنەکەی قوتابیان و وەرگرتنی هەڵوێست لەکاتی بەردەوام بوونی مانگرتنەکەدا ، چونکە ڕۆژی شەمە / ٩ ی شوبات قوتابخانە دەکرایەوە . ئێمە بەیانیان لەماڵەوە ئێستگەی کوردیمان دەکردەوە ، کاتێ لە ماڵەوە دەرچووم کودەتاییەکان هێشتا دەستیان بەسەر ئێستگەی بەغدا دا نەگرتبوو . کە گەیشتمە وێستگەی پاس ، دوو فڕۆکە لە ئاسمان مەشقیان دەکرد ، وام دەزانی هەر مەشقی ئاساییە ، چونکە ئاگاداری ڕووداوەکان نەبووم .. ئەگەرچی قوتابیان لەبەر مانگرتنەکە هەمیشە وریا و ئامادەبوون ، بەڵام لە حیزبەوە ئەو هیچ دەنگوباسێکمان پێنەگەیشتبوو کە چارەڕوانی کارەساتێکی وادەکرێ . کە

پاس دواکەوت من بۆ ئەوەی لە کۆبونەوەکە پاش نەکەوم ، ناچار تاکسیم گرت .. کاتێ لە پردی " امام الاعظم " پەڕینەوە بۆ " الاعظمیة " خەڵکی ڕایان دەکرد و هاواریان رادەهێنــــــت : " ثورة .. ثورة " . " الاعظمیة " یەکێك بوو لەو ناوچانــــەی بەغدا کە بە ناوەندی هێزە نەتەوەییەکان و بەعسیەکـــــان ناوبانگی دەرکردبوو ، بۆیە زانیم ئەو کۆدەتایەی چـــاوەڕوان دەکرا " ڕوی دا " ، چونکە لەوەوبەر لە بەیانێکی حیـزب لـــە مانگی کانوونی دووەم دا ئەوە هاتبوو کە لە " لـــوای ١٩ " دا بزوتنەوەیەك دژی حکومەتی عبـدالکریم قاسـم هەیە . داوام لە شۆفێرەکە کرد بەخێرا بڕوات ، کە نزیکی قوتابخانەی " متوسطة الغربیة " بوینەوە دیتم جێبی سەربازی بریندار دەگوێزێتـەوە بۆ خەستەخانەی سەربازی ، کە دەکەوتە پشت قوتابخانەکـەوە . شۆفێرەکە منی گەیاندە نزیك کۆلیجی کچان و ووتی لێرە زیاتر ناڕۆم .. خۆم گەیاندە سەرشەقامی " الجمهوریة " و تەکسیەکی ترم گرت ، کە گەیشتمە گەڕەکی " الموینة " لە دووریانـــــی " الجمهوریة ـ الرشید " ، نزیك " حافظ القاضي " دابەزیـم ، چاوم بە هاوڕێکانم کەوت لەسەری گەڕەکەکە ڕاوەســـتاو و حەپەسـاو بوون و چاوەڕوانی منیان دەکرد . ئەو بـــرادەرەی لێپرســراوی لیژنەکەبوو گوتی بابەرەو بارەگای یەکێتی گشــتی قوتابیان بڕۆین . لە ڕێگا چاومان بە جەماوەرێکی زۆر کـەوت لە شەقامەکان کۆبوبوونەوە ، وە دیمان خۆپیشاندان بـــــۆ پشتگیری کردنی عبد الکریم قاسـم دەستی پێ‌کردوە . هەرچۆنێـك بوو خۆمان گەیاندە بارەگای یەکێتی قوتابیان لە " الوزیریة " و چەند فریا کەوتین دەکومێنت و کاغەزی نهێنی و بەڵگەنامەمـان سووتاندا و لە نێوبرد ، دوایی بەرەو شەقامی " الکفــــاح " گەڕاینەوە . لە ڕێگە نزیکی پۆلیسخانەی " بني سعید " لەگـەڵ چەند ماڵێکی قەومی ، کە جەماوەر دەوریان دابوون ، تووشـــی کێشە هاتین . ئەو هاوڕێیانەی لە گەڵمان دا بوون گوتیـــان دەبێ خۆمان بگەیەنینە " باب الشیخ " .. پاش گەیشتنمـــان ، کاتژمێری ١٠٫٢٠ ، ئۆتۆمۆبیلێك هات ، بەیانی یەکەمی حیزبـــی بلاودەکردەوە .. دوو کەسـم لەوانەی نێو ئۆتۆمۆبیلەکە ناسی ، یەکێکیان شەهید " متي الشیخ " بوو کە ئەندامێکی چالاکـــــی نیقابەی مامۆستایانی عیراق بوو ، ئەوی تریشیان " ابـــو جواد " بوو . ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان و دۆســـتان و جەماوەر لە " باب الشیخ " کۆبووبوونەوە .. بڕیار وابــــوو

" مەرکەزي پۆلیسی " باب الشیخ " بگرن و دەست بەسەر چەك و جبەخانەکەی دا بگرن ، بەڵام لەبەر ئەوەی جەماوەر بێ چەك بوون و هاوڕێی سەرپەرشتیکەری کارەگە دوو دڵی دەنواند ، مەرکەزەکە نەگیردرا .

کات ژمێری ( ١٢ – ١٣ ) بوو بەیانی دووەمی حیزب بڵاوکرایەوە ، تیایدا ئەوە هاتبوو کە : " بەرگری لە وەزارەتی بەرگری بە سەرۆکایەتی عبد الکریم قاسم و فاضل المهداوي و وصفي طاهر و عبد الکریم جدة بەردەوامە " . کات ژمێری یەك و چەند دەقیقەیەك ئۆتۆمۆبیلێکی ڤۆکس ڤاگۆن هاتە " باب الشیخ " هاوڕێ شەهید محمد صالح العبليی تێدا بوو .. خۆم گەیاندە لای هاوڕێ العبلي ، لێی پرسیم چیتان کردوە .. کوانێ " س " لێپرسراوی ناوچە ... پۆلیسخانەکەتان گرتووە ... گووتم نەخێر نەگیراوە .. کاتێ " س " هات ، هاوڕێ العبلي زۆر تووڕە بوو کە هاوڕێیان ئەو ئەرکەی پێیان ڕاسپێردرابوو ، جێبەجێیان نەکردبوو..

کات ژمێری دووی پاش نیوەڕۆ باری بەغدا زۆر شڵەقا بوو ، کۆدەتاییەکان دەستیان بەسەر زۆر ناوچە و ئۆردوگای سەربازی و ئێستگەی ڕادیودا گرتبوو ، بەڵام جەماوەر و هاوڕێیانی حیزب لە " الکرادة ، الکاظمیة ، باب الشیخ ... هتد " بەدەستی ڕووت و بێ چەك ، یاخود بە دەمانچەو نارنجۆك خەریکی بەرگری بوون ... دێتە یادم تانکێك بە شەقامی " الکفاح " _ لە لای گۆڕەپانی " التحریر " ەوە هات ، کە بینی جەماوەر سەنگەریان لێداوە و ڕێگایان گرتووە ، بەدرۆ وێنەی عبدالکریم قاسم یان لەسەر تانکەکە بەرزکردەوە و بە ژیانی کۆمار هاواریان کرد .. ئەوەش تەنیا بۆ فریودانی جەماوەر ... بۆ ئێوارە بنکەی بەرگری " باب الشیخ " کەوتە دروستکردنی نارنجۆکی مۆلۆتوف و چەند پارچە چەکێکیش دەست کەوتبوو ، بەڵام لە ژمارەی ئەمووستی دەست تێنەدەپەڕین ... حاکمی عەسکەري " رشید مصلح " بەیانی شوومی ژمارە " ١٣ "ی دەرکرد بۆ قەتڵ و عامی کۆمۆنیستەکان .. تانکی کۆدەتاییەکان سووچی گۆڕەپان و شەقامەکانیان گرتبوو . تانکێك لە گۆڕەپانی " النهضة " وەستابوو و لوولەی کردبووە " باب الشیخ " ، ئێمەش خۆمان بۆ ئامادە کردبوو ، بەو چەکانەی لەدەستمان بوو - ئەو هاوڕێیانەی لە " باب الشیخ " لەگەڵمان بوون ، ناوی هەندێکیان ناهێنم ، چونکە بەداخەوە دوای گرتنیان خۆیان لەبەر ئەشکەنجە ڕانەگرت .. بەڵام ئەوانەی شەهیدکران ناوی دوانیان

وەك نموونە باس دەکەم : شەهید محمد صالح العبلي ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب کە ڕۆژی ١٩٦٣/٧/٢١ لەگەڵ هاوڕێیان جەمال حەیدەری و عبدالجبار وهبي ( ابوسعید ) پێکەوە لەسێدارە دران ، شەهید د. صفاء الحافظ کە لە ساڵانی دوای ١٩٧٢ گیراوە و بێ سەروشوێنە .

ئێوارە کات ژمێری نۆ و چەند دەقیقەیەك ، لامپەی شەقامەکان کوژابوونەوە ، لەوکاتەدا ئۆتۆمۆبیلێکی سەربازی ـ سەرکردایەتی ( قیادة ) لەلای گۆڕەپانی « التحریر » ەوە بەرەولای « النهضة » هات .. ئێمەش لە نێوان ئەو دوو گۆڕەپانەدا بەرگریەکەرمان دامەزراندبوو .. هاوڕێ « العبلي » داوای لە هاوڕێیەك کرد ، ڕێگای دەرباز بوونی ئۆتۆمۆبیلەکەی بگرێ .. ئەو هاوڕێیەش دەمانچەیەکی پێبوو ، بەڵام جەسارەتی نەکرد ، ئەوسا من چیرۆکی ڕاوکەرێکی خزمم هاتەیاد ، کە چۆن باوك و کوڕێك پێکەوە چوونە ڕاوە بەراز و هەردووکیان نیشان شکێنی زۆر چاك بوون و کوڕەکە دوو گوللە بەفیڕۆ دەدات ، باوکە لێی توڕە دەبێ و پێی دەڵێ هەی داوەشەی .. کوڕەش ڕقی هەڵدەستێ و بە خەنجەری ڕووت هێرش دەباتەسەر بەرازەکە و خۆی دەهاوێتە سەرپشتی و دەیداتە بەر خەنجەر ... منیش لەو کاتەدا ئەو دیمەنەم هاتەیاد و خۆم و دەمانچەکەم هێرشم بۆ ئۆتۆمۆبیلەکە هێنا و لولەی دەمانچەکەم کردە دوژمن و لە نێوەڕاست شەقام ڕام گرت ... کە خۆم گەیاندێ ، دوو گوللەم لە گڵۆپەکانی پێشەوە نا ، تاکو چرا و ڕوناکی یەکە بکوژێنمەوە ... چونکە ڕوناکی لامپەکان ، دەرفەتی بۆ دوژمن دەڕەخساند ، جم و جۆڵمان بەدی بکەن ... خۆم گەیاندە دەرگای پشتەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە و گوللەیەکەم ئاراستەی شۆفێرەکە کرد ، بەڵام مەزانە لە کاتی ڕاوەستانی ئۆتۆمۆبیلەکەدا ، ئەو کەسانەی لە نێوی دا بوون ، لەژێر پەردەی تاریکیدا خۆیان گەیاندبووە ئەو پەڕی شەقامەکە ، کەسیش لە هاوڕێیانی ئێمە دەست ڕێژیان نەکردبوون .. لەنزیك ئوتوخانەی « السلام » کەدیارە دوژمن خۆی ، حەشارەدابوو ، چەند گوللەیەکیان ئاراستەکردم... سێ گوللەم پێکەوت ، بەڵام گوللەکان گۆشتی ڕانمیان گرت و سمت و ئێسکیان نەگرت .. هەرچۆنێك بوو خۆم گەیاندە لای هاوڕێیان و دەمانچەکەم دا بە هاوڕێ « العبلي » و ئاگادارم کردە کە برینداررم .. یەکسەر منیان گوێزایەوە بۆ ماڵێك کرابووە ناوەندی بەرگری لە « باب الشیخ » ، لەوێ دکتۆر محمد

برینەکەی پێچامەوە .. لەو کاتەدا تەلەفون لێیدا .. هاوڕێ ی شەهید جەمال حەیدەری پێوەندی بە هاوڕێ العبلیەوە کرد ، ئەویش هاوڕێ جەمالی ئاگاداری دەنگوباسی بەرگری و باردۆخی ناوچەکە کرد و ، باسی بریندارەکانی " باب الشیخ " ی کرد .. دوای پێچانەوەی برینەکەم ، منیان گوێزایەوە بۆ ماڵی خاوەن گازینۆی " لیالي الربیع " کە ناوی ئەبوو خەلیل بوو ، بەڵام خاوەن ماڵەکە ، خۆی و خێزانەکەی ماڵیان چۆڵ کردبوو و لە ناوچەی شەڕ ڕایان کردبوو . ماڵەکە دوو ژوور و هەیوانێک بوو ، منیان لەسەر تەختێک درێژ کرد ، لە بەرامبەر منیش هاوڕێیەکی تر بە ناوی حسین ، گەنجێکی تازە سمێڵ هاتوو ، گوللە بەسکی کەوتبوو .. ئەو شەوە من و ئەو هاوڕێیە لە یەک ژوور بووین ، بەڵام هاتوو و چوێکی زۆر لەسەر ماڵەکە هەبوو ، ناوە ناوە هاوڕێیەک سەری دەداین ، بە تایبەتی ئەو هاوڕێیەی لەگەڵما بوو ، کاری لەکار ترازابوو .. خوێنی ڕانەدەوەستا .

ڕۆژی دووەم ، واتە نۆی شوبات ، سەر لە بەیانی خوشکە (ن) کە خەڵکی سلێمانی و قوتابی کۆلیجی یاسا بوو و یەکێک بوو لە بەشدارانی بەرگری " باب الشیخ " و ناسیاومان بوو ، هاتەلام و خواردنی بۆ هێنام .. بۆ ئێوارە ئەو هاوڕێیەی لەگەڵمدا بوو شەهید بوو ، بەڵام لاشەکەی لەگەڵ من لە ژوورەکە مایەوە .. بەیانی ڕۆژی دەی شوبات ، خوشکە (ن) جارێکی تر هاتە لام و پرتەقاڵێکی بۆ هێنام ، بەڵام ئاگاداری نەکردم نیازە " باب الشیخ " چۆڵ بکەن ، چونکە بەرگری بێ سوودە و " حرس القومي " ناوچەکەیان گرتووە .. کاتژمێر نزیکەی ۱۰٫۳۰ ی بەیانی بوو ، دەنگە دەنگ کەوتە بەرگوێم .. قەڵەباڵغی کەوتە گەڕەک .. بە هەرچۆنێک بوو خۆم گەیاندە دەرگای ماڵەکە و کردمەوە .. چاوم بە پیاوێکی کوردی ٤٥ ـ ٥٠ساڵی کەوت لە بەردرگای ماڵەکەی ڕاوەستابوو ، منیش بەکوردی لێم پرسی : ئامۆزا وەزع چیە ؟ گوتی : حەرەس .. حەرەس " باب الشیخ " یان گرتووە و هاوڕێیانی ئێوە هەندێک لە حەمامی گشتی " باب الشیخ " بەرگری دەکەن .. داوام لێکرد ڕێگام بدات بچمە لای ئەوان ، ڕازی نەبوو و زۆر دەترسا ، حەقیشی بوو ، چونکە بەیانی ژمارە " ۱۳ " ی کوشتن و لەنێو بردنی کۆمۆنیستەکان ڕاگەیەندرابوو .. ئەو بەیانە تەنیا کۆمۆنیستەکانی نەدەگرتەوە ، بەڵکو ئەوانەش کە دەستیان لە شاردنەوەیاندا هەبێت ... بە



مەوالنامەی کتێب

ناچاری گەڕامەوە خانووەکە و دەرگام لەسەرخۆم داخست ـ کەوتمە بیری دۆزینەوەی شوێنێك لە ماڵەکە خۆمی تێدا بشارمەوە ، بەلاّ هیچ شوێنێکی وام دەست نەکەوت... بیرم لەوە کردەوە وەك هاوڕێ شەهیدەکەم خۆم بمرێنم ، بەلاّم ترسی ئەوەم هەبوو سەرە سونگێیەکم لێدەن و بزانن زیندووم ! ئەوجا بمگرن یان هەر لەوێدا دەستڕێژم لێ بکەن .. چونە ژووری خەوتنی خاوەن ماڵەکە ، چرا نەبوو .. لە " باب الشیخ " کارەبا کوژابووە.. گەڕانم بە شوێن پەسارگەیەکدا بێهوود بوو ، بەلاّم لە ژووری خەوتنکە ژێر پێپلکەیەك هەبوو ، چەند چەرخی لاستیکی ئۆتۆمۆبیل و هەندێ گلۆپی درێژ ( نیۆن ) ی تێدابوو .. بەهەر حاڵێك بوو گیانە خۆشەویستەکەی خۆم لەژێر چەرخەکاندا حەشاردا... هێندەی پێ نەچوو ، دەرگای ماڵ شکێنرا .. حەرەس کەوتنە حەوشەی ماڵەکە .. گوێم لێبوو دەیان گوت ، یەکێك مردوە ، پاشان دێن بە دوای لاشەکەیدا .. دڵم چۆن لێی دەدا ، هەر خۆم دەزانم .. هاتنە ژوورەکەی منی لێ بووم .. چاوەڕوانی ڕیزێك بووم ، بێگومان ئەگەر لە تاریکیدا دەستڕێژێکیان بکردایە ، ڕزگارم نەدەبوو .. لەو کاتەشدا لاق و قاچم چەند ئازاریان دەدام ، هەر مەپرسە !! خۆشبەختانە ڕۆیشتن و منیان نەدۆزیەوە .. پاش ماوەیەك لە شوێنەکە هاتمە دەرێ .. هەمان پیاوە مام ناوەنجیەکەم دیت ، دیارە ئەویش دڵی لەبەرمن زۆر نارەحەت بوو .. پێم گوت ئامۆزا حەرەس ڕۆیشتن .. گوتی ئا کوڕم برۆ بۆ ئەو خانووە ـ پەنجەی بۆ ماڵێك درێژکرد ـ کەسی لێ نیە و زۆر گەورەیە .. خۆم گەیاندە ماڵەکە .. حەوشێکی گەورە و دوو ژوور و ژێر زەمینێك ، بەلاّم جێگای خۆشاردنەوەی تێدا نەبوو . لە وەزعی ماڵەکە و ژووری خەوتن بۆم دەرکەوت خاوەنەکەی تازە زاوایە و لەترسا ماڵی بەجێ هێشتووە .. لە ژووری نووستن ، لە پشت دەرگاکەوە ، ژمارەیەك لێفەی نوێ و سەرین دانرابوون .. خۆم لە پشت لێفەکان شاردەوە .. چاوەڕوانی چارەنووسی خۆمم دەکرد .. نزیکەی سەعاتێکی پێچوو گوێم لە دەنگێك بور لە حەوشەی ماڵەکە بە هێمنی دەڵێ : ئامۆزا ، نانم بۆ هێناوی .. کە دڵنیابووم دوژمن نیە ، هاتمە حەوشەکە ، لەواشەیەك و پەرداخێك ئاوی بۆ هێنابووم .. بۆ ئەوەی لە بیری نەکەم ، لەو دوو سێ ڕۆژەی بریندار بووم ، بیرم لە زۆر شت دەکردەوە ، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەکوژرێم و هیچ نەوەیەکم لەدوا بەجێ ناهێڵێ .. هەوڵم دەدا لە دەفتەرێکی

بچووکدا هەموو ئەو ڕووداوانەی بینیم تۆمار بکەم ، تاکو ئەگەر کوژرام ، هەر هیچ نەبێ یاداشتەکانم باس بکەن .. ئەو مرۆڤە دڵنەرمە ڕۆیشت و منیش دانیشتم دەستم کرد بە نان خواردن ... لەو کاتەدا ژنێکی کوردی فەیلی بەنیوە کوردی و نیوە عەرەبی لێم هاتە ژووری و دایە هەرا .. مەزانە خاوەن ماڵەکەیە .. هەرچەند لەگەڵیا بە کوردی و عەرەبی دوام و باسی وەزعەکەم بۆ کرد .. بێ سوودبوو ، دەترسا .. هەڕەشەی دەکرد ئەگەر ماڵەکە بەجێ نەهێڵم ئاگاداری پۆلیس دەکا .. منیش بە باشی شارەزای " باب الشیخ " نەبووم .. شەوی یەکەم کە بریندار کرام ، پانتۆڵ و کەوشەکانم لە ماڵێکی تر بوو ، منیان بە برینداری گوێزابووەوە بۆ ئەو شوێنەی تر .. بەلاّم ناچار ماڵەکەم بەجێ هێشت بێ ئەوەی بزانم بۆکوێ دەچم ؟ گەڕەك پڕبوو لە چەکدارەکانی بەعس - حرس - گیانم بەوە بوو گوللەکان ئێسکیان نەگرتبوو دەمتوانی ڕێ بکەم بەلاّم زۆر بە زەحمەت دەڕۆیشتم .. لەناکاو تووشی منداڵێکی هەشت نۆ ساڵە هاتم .. یەکسەر پێی ووتم بڕۆ با بچین بۆ ماڵی خۆمان .. مەزانە ئەو منداڵە شەوی بریندارییەکەم منی دیتبوو لە ماڵی ئەوان تیمارکرابووم . بە گەڵیا کەوتم .. کە چووم بینیم دی دوو پیرەژن و ماڵێکی پڕ لە نارنجۆك و قرنبەلەدی مۆلۆتۆف .. بە یارمەتی هەردوو پیرەژنەکە سەرپۆشی پیاوی پیسیان هەڵدایەوە ، کە لە نێوەڕاستی حەوشەکەدا بوو ، هەموو چەکەکانمان تێهاویشت و ئاساری بەرگریمان لەنێوبرد . پانتۆڵەکەم لەپێکرد و منداڵەکە وەپێشم کەوت و ڕێگای شەقامی " الشیخ عمر " ی پیشاندام ، چونکە شەقامی " الکفاح " بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی " حرس القومي " دابوو .. خۆم گەیاندە شەقامی " الشیخ عمر " .. کاتژمێر نزیك ۱٫۳۰ ی نیوەڕۆ بوو ، کاتژمێری دوو گەڕان بە شاردا قەدەغە بوو .. تەکسییەکم ڕاگرت ، بەلاّم نەم دەزانی ڕوو لە کوێ بکەم .. دەنگو باسی ماڵەوەم نەدەزانی و ئاگادار نەبووم لەوێ ماون یان گیراون .. بۆیە بڕیارم دا ڕوو بکەمە مامۆستایەکی خەڵکی ئامێدی کە لە کۆنەوە لە هەولێر دراوسێمان بوون .. دەمزانی پێوەندی بە سیاسەتەوە نیە ، بەلاّم دۆستایەتیمان گەرم بوو .. ماڵی مامۆستاکە نزیکی " جندی المجهول " بوو .. کە گەیشتمە بەردەرگای ماڵەکە ، بینیم چەند تانك و حەرەس و سەرباز لە بەردەرگای ساختمانەکە ڕاوەستا بوون ، چونکە لەو ساختمانەدا

ژمارەیەك لە دیبلۆماسیەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەژیان .. تەکسیم ڕاگرت و هاتمە خوارەوە ، بەلام شۆفێرەکە وردەی پێنەبوو باقی دینارێکم بداتەوە .. ناچار بە ئەسانسۆر چوومە سەرەوە و لە دەرگای ماڵەکەمدا .. مامۆستاکە ( باوکی عیماد ) دەرگای لێکردمەوە .. داوای نیو دینارم لێکرد بۆ شۆفێرەکە .. گەڕامەوە و پارەکەم دا بە شوفێرەکە و هاتمە لایان خانەخۆی ئازەم " .

ماوریێ " بی " تا ئێرە باسی سەر گوزشتەی خۆی بۆکردم ، بەلام بەڵێنی دامێ بەسەرهاتی خۆیم بە تەواوی بۆ بگێڕێتەوە: لە ڕۆژی ١٠ی شوباتی ٩٦٣ وە تا بەغدا بەجێ دەهێڵێ ، لە ڕۆژی ٢١ی ئازاری ٩٦٣ و گەڕانەوەی بۆ هەولێر و بەسەرهاتەکانی بەرەو ڕووی بوونەتەوە تا بەجێ هێشتنی هەولێر لە ١٢ی نیسانی ٩٦٣ دا ، لە ڕۆژی گەیشتنە ئوتێل و ئەو ڕووداوانەی بەسەری هاتووە و گیرتنی لە لایەن لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە مانگی مایسی ٩٦٣ و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان شۆڕشی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا .

ئێمەش هیوادارین لە ژمارەکانی تردا بەشەکانی تری بەسەرهاتی ماوریێ " بێ " تان بۆ بڵاوبکەینەوە .

هەواڵنامەی کتێب

# پیــرۆزبایی

لە کۆتایی مانگی تەمووزی ئەمساڵدا ، هونەرمەندە دڵسۆز و گۆڕانخوازە کوردەکانی دورە وڵاتی توانیان بە هەوڵ و کۆششی ئەمەکدارانەی خۆیان " یەکێتی هونەرمەندانی سینەمای کوردی " دابمەزرێنن و پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی بۆ دابڕێژن ، کە لە ئامانجەکانی دا ئەمانە هاتوون :

١) کۆکردنەوەی هونەرمەندانی سینەمای کوردی و بەکارهێنانی توانای هونەریان لە پێناو سەرهەڵدان و بنیاتنانی سینەمای کوردی دا .

٢) هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی توانای هونەری ئەو هونەرمەندانەی حەز بەکاری سینەمایی دەکەن و بەهرەوەرن لەڕووی ڕۆشنبیری و تەکنیکی سینەماییەوە ، ئەویش بەکردنەوەی کۆرسی تایبەت لە لایەن هونەرمەندانی پسپۆڕەوە . بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هەوڵ بدرێ بنچینەیەکی مادی بڕەخسێنرێت .

٣) هەوڵدان لەپێناو بەرهەمهێنانی کاری سینەمایی ( فلیم - ڤیدیۆ ) کە ڕەنگدانەوەی باروودۆخی ناڵەباری کوردی پێوەبێ .

٤) هاوکاریکردن لەگەڵ تیپ و کۆمەڵە هونەری و ڕۆشنبیریەکانی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بۆ سوود وەرگرتن لەو بوارانەی لای خوارەوە : نواندن ، مۆسیقا ، دیکۆر ، چیرۆك و سیناریۆ .

٥) کردنەوەی ئەرشیفێك بۆ ئەو هەوڵانەی لە پێناو بەدیهێنانی سینەمای کوردی دا کراوە و دەکرێت ، جا بەنووسین بێ یاخود فلیم .

٦) دەرکردنی گۆڤارێك تایبەت بە سینەما ( ئەدەب و تەکنیکی سینەما ) .

٧) هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی فلیمی پەروەردەیی بۆ منداڵانی کورد .

ئێمە لەکاتێکدا پیرۆزبایی ئەو دامەزراندنە لەو هونەرمەندانە دەکەین ، هیواداریـن ئەو هەنگاوە شان بەشانی پێداویستییە گرنگ و بنەڕەتییەکانی خەباتی شۆڕشخوازی گەلەکەمان بڕوات و ببێتە بناغەیەکی پتەو بۆ پەرەسەندنی سینەمای کوردی و بە هاوکاری لەگەڵ لقەکانی تری هونەری کوردی لەتواناییدا خزمەتی کەلتوری کوردی بکات .

هەواڵنامەی کتێب

# یەکگرتن

## پاشکۆی ئەدەب و هونەر

ژمارە ٦ ئەیلول ١٩٨٨


| | | |
|---|---|---|
| نوێکردنەوەی مۆسیقا | یەکگرتن | ١٦٣ |
| مۆسیقا ـ مۆزیقا | ئاسۆ سەڵتە | ١٦٦ |
| ئەدەب چی پێدەکرێ؟ | ڕێبوار سیوەیلی | ١٧٥ |
| دوو هۆنراوە | حەمە سەعید حەسەن | ١٨٥ |
| ڕێگایەکی تر بۆ هەشق (کورتەچیرۆك) | ئارام | ١٨٨ |
| دوکەڵ (کورتەچیرۆك) | س . پەرۆش | ١٩٣ |
| ڕۆژی میدیا : کاروانێکی ڕۆشنبیری بەوەج لە کوردستانی تورکیادا | پ . ف | ١٩٧ |
| هونەری ترسناك ( دوا لاپەڕە) | ئەحمەدی مەلا | ٢٠٢ |


هەواڵنامەی کتێب

# هەڵەبجە دایکی شارەزوور

سروودێك بۆ هەڵەبجەی دەرمانخواردکراو

ڕەزا حەمە فەرەج

دنیا ئەمە ، ژیان ژانە
بۆ شارەکەی بەهاری سوور
هێرۆشیمای کوردستانە
هەڵەبجەی دایکی شارەزوور

* * * *

کۆرپە ، بە بێشکەو لانکەوە
منداڵ بە سنگی دایکەوە
بۆ یادی نەورۆزی ئەمساڵ
سووتان و بوون بەکۆی زوخاڵ

* * * *

شنروێ خنکاوی ئەمە
بۆ شارەکەی ئێڵی جافان
ئەحمەد ئاوا کەیلی خەمە
بۆ ە باوانەکەی هەورامان

* * * *

شێخ ئیسمایل ، کانی ئاشقان
ئاوی زوڵم و باغی گوڵان
سەر نەوی ناکەن ، سڵ ناکەن
هەڵەبجەی شۆڕش چۆڵ ناکەن

* * * *

مەرجە ، هەموو بەرد و داری
هەڵەبجەی تینوی ڕزگاری
بکەین بە خەنجەری تۆڵەی
بەر پشتێنی کوردەواری

فرانکفۆرت ٨٨/٨/٨

هونەر

# نوێکردنەوەی مۆسیقا

زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن ، نوێکردنەوە یان هارمۆنی کردنی ئاوازە فۆلکلۆری و میللییەکان کارێکی ئاسان و بێ زەحمەتە· چونکە ئاواز دانەر یاخود هونەرمەندی مۆسیقی ، پێویستی بەوە نیە بەدوای ئاهەنگێکی تازەدا بگەڕێ ، تەنیا ئاوازە کۆنەکە بەسەر ئامێری تازەدا ، دابەش دەکات و هیچی تر!

ئەگەر زانستیانە لەم کارە ووردبینەوە ، بۆمان دەردەکەوێت نوێکردنەوەی ئاوازە فۆلکلۆریەکان نەك هەر کارێکی ئاسان نیە ، بەڵکە هێندەی خولقاندنی بەرهەمێکی گەورەیش خۆماندووکردنی دەوێت · هەر لە هەڵبژاردنی بەرهەمە فۆلکلۆریەکەوە و دابەشکردنی و دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی جۆری ئامێرە مۆسیقییەکان ، تا دەگاتە دیراسەکردنی ئەدەبی فۆلکلۆر و فەرهەنگی نەتەوەیی ، ئاواز دانەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێك تەنگوچەڵەمە دەبێتەوە · لێرەدا دەبێت پەنجە نوما ی خاڵێکی گرنگ بکەین ، مادام کار بەو جۆرەیە و ڕێگەکە هێندە نزیك نیە ، نابێت ئەو مافە بە خۆمان بدەین و بڵێیـن : ئەوانەی ڕوودەکەنە تازەکردنەوە و ـ معاصرة ـ کردنی بەرهەمە کۆنەکان خۆیان هیچیان لەباردا نیە و سەرچاوەی داهێنانیان ووشکی کردووە ، یان وا تێبگەین خودای نەخواستە خۆدزینەوەیە لەبەرهەمی زیندووی سەردەم · بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەیش بین ، تازەکردنەوە هەر ئەوە نیە ئاوازێکی فۆلکلۆری بهێنین و بە ئامێری مۆسیقی پێشکەوتوو تۆماری بکەینەوە ! لەڕاستیدا

نە بەرهەمە فۆلکلۆریەکان و نە هیچ ئامێرکی پێشکەوتووی مۆسیقایش، جێگەی دەماخێکی داهێنەر ناگرنەوە . ئەوە هەر مێشکی هونەرمەندی لیهاتووە بەووردی لەکەلێن و قوژبنی ئاوازە کۆنەکان دەکۆڵێتەوە و پەی بە نهێنی یەکانیان دەبات، ئەو نهێنی یانەی بەدرێژایی چەندین سەدە بزوێنەری ڕۆحی مرۆڤبوون . پاشان هەر هەمان هونەرمەندیشە، بەهۆی ئامێری پێشکەوتووی مۆسیقیەوە و لەچوار چێوەیەکی هونەریاتەی نەمردا، گیانێکی هەتا هەتایش بەبەرهەمە فۆلکلۆریەکان دەبەخشێ؛

سامانی گۆرانی ئاوازی فۆلکلۆری خۆی لە خۆیدا گەوهەرێکی زۆر بەنرخە . بەلاّم کاتێك نەشارەزایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کەم ترین بەهای نامێنێ!

خالێکی دی مەسەلەی سوود وەرگرتنە لە کەلەپووڕ بۆ بەرهەمێکی هاوچەرخ . هونەرمەند لە هەموو کاتێکدا مافی ئەوەی هەیە سوود لە کەلەپووڕ و سامانی میللی وەربگرێت . نەك هەر لە کەلەپووڕ بەتەنیا، بەڵکە لە بەرهەمەمی هونەرمەندەکانی تریش . ئەمەش بە هیچ جۆرێك بەبێ توانایی و دزینی هونەری لە قەڵەم نادرێت . سوود وەرگرتنی هونەرمەند لەبەرهەمی دی، وەك سوود وەرگرتنی ئەدیب وایە لەبابەتی کەسانی تر . شکسپیر، بابەتی شانۆنامەکانی لە بەرهەمەکانی سەدەی دووەم و سێ یەم و بەرەودا، وەردەگرت . مۆلێر، سوودی لە ئەفسانەو داستانە ئیسپانیێکان وەردەگرت؛ لەم سەردەمەشدا گابریل گارسیا مارکیز و سەلمانی ڕوشدی، بەتێکەڵ کردنی " ئەفسانە و واقیع " مەزنترین شاکاریان هێناوەتە بەرهەم .

مەسەلەی گرینگ لە ئەدەب و هونەردا، ڕەگەزی بابەتەکە نیە، بەڵکە گرینگی لە چۆنێتی پەروەردەکردن و گەشەپێدانی بابەتەکەدایە . هەر ئەو چۆنایەتیەشە بالاّدەستی هونەرمەند ئەخاتە ڕوو . هونەرمەند و مۆسیقیەکانمان کەرەسەی خاوی زۆریان لەبەردەستدایە، ئەوەی دەمێنیتەوە بەگەڕخستن و هەناسە پێدانە بەو کەرمانە .

شایانی باسە، بەرهەمەکانی ئەم ساڵانەی دوایی هەندێ لە تیپە مۆسیقیەکانی ناوەوەی وڵات، وەك تیپی مۆسیقای سلێمانی، تیپی دهۆك، تیپی مۆسیقای هەولێر و هەندێ تیپی تازە لەدایك بووی تریش، بەتایبەتی بەرهەمە ئاوازەکانی قونابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی،

جێگەی ڕێز و پیرۆز بابین .. بەو هیوایەی هونەرمەندە مۆسیقییەکانی دووره وولاتیش بەسوود وەرگرتن لەو ئیمکانیەتانەی لەبەردەستیاندایە ، بتوانن ڕۆڵی خۆیان لە تازەکردنەوەی ئاوازە فۆلکلوریەکاندا بگێڕن و مۆسیقای کوردی بەرەو ڕیزی مۆسیقای گەلانی دیکەی جیهان بەرەوپێش ببەن .. چاوەڕێین ...

## ئاگاداریەك

بە نووسەران و خوێنەرانی خۆشەویستی ڕادەگەیەنین ، کە « یەکگرتن » لە ژمارە حەوتی خۆیدا ، بە مەبەستی برەوپێدانی هونەری سینەمای کوردی ، فایلێکی تایبەت بە هونەری سینەما و سینەمای کوردی ئامادە دەکات. ئاوتە خوازین لەم بوارەدا بەناردنی ووتار و بابەت و کەرەستەی سوود بەخش هاوکاریمان بکەن.

## هونەر

# مۆسیقا ـ مۆزیقا ـ Musik

### ـ ئاسۆ سەڵتە

گەر ئێمە بمانەوێ زۆر بەوردی و دوورودرێژی بەرچەڵەکی ئەم وشەیەدا بچینە خوارەوە ، ئەوا دەبێت کاتێکی زۆر و دەرفەتێکی زۆر لەمە زیاتری بۆ تەرخان بکەین . چونکە زۆر لەکۆنەوە گەلێ زانا و فەیلەسوف و مۆسیقازان هەوڵی لێکدانەوەو دیاری کردنی جوارجێوەی لێتێگەیشتن و پێناسەکردنی ئەم وشەیەیان داوە ، هەتاوەکو ئێستاش لەمشتومڕ و لێدوان و لێکۆڵینەوەدان ، بێ ئەوەی هیچ پێناسەیەکی ساخ بووەیان بۆ هەمووان دیاریکردبێ . ویست و خواست و مەبەست لەم نووسینە سادە بچکۆلەیەش لە راستیدا زیاتر ئەوەیە کە دەنگوباس و ناستی مشتومڕ لەسەر وشەی موسیقا بخاتە بەردەستی خوێنەرە بەڕێزەکان وهەنگاوێکیش بێت بۆ لێدوان لەسەر ئەم باسە بەزمانی کوردی . بۆیە لێرەدا ئەوەی زۆر گرنگ نەبێت نابەتە سەرخوان و ڕەنگە بەم بەستاندنەوە و ترنجاندنەش باسەکە بەتێر و تەسەلی خۆش نەکرێت و تینوێتی زۆرمانی پێ نەشکێ ، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ لە شێوەی کورتە نووسینێکدا هەر ئەوەندە لە توانادا بوو .

وشەی مۆسیقا لە زۆر لە زمانەکانی میللەتانی جیهاندا ڕەنگی داوەتەوە و " یەك مەبەست " دەدات بەدەستەوە ، واتە وشەیەکی ( زینونۆمە ـ SYNONYM ) بەرچاوکردنی جیاوازی نێوان مۆسیقاکان لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر . بە بەرچاوکەوتنی ئەم وشەیە لەسەرەتادا ڕەنگە واتایەکی سادە و لێڵمان بداتێ ، بەڵام ئەم واتایە هەرگیز براوبڕی ڕووداوەکە نیە .



هەڵاڵەی کتێب

وشەی مۆسیقا بەم زمانانەی لای خوارەوە و بەشێوەی جۆرا و جۆر و بەپێی هەرزمانێك دەنووسرێ و دەوترێ:

بە زمانی ئیتالی MUSÍCA بە ئیسپانی و پۆرتوگێزی MÚSICA بەفەرەنسی MUSIQUE بەرۆمانی MUZICA بەسویدی و دانیمارکی MUSIK بە نۆرویجی MUSIKK بە هۆڵەندی MUZIEK بە ئەفریقایی MUSICK بە ئینگلیزی MUSIC بەپۆڵۆنی MUZYKA بە روسی و ئۆکرانی MUSYKA بە بولگاری MUSIKA بە چیکۆسلۆڤاکی MUZIKA بە سێربۆکرۆتی MUZŠIKA بە هەنگاری MUZSIKA بە فینی MUSIIKI، لە کوردی و عەرەبی و فارسیشدا وشەی مۆسیقا بە هەندێ جیاوازی بچووکەوە بەدی دەکرێت.

گریکە کۆنەکان (الاغریقیون القدماء) لە کۆنەوە زۆر واتای مۆسیقایان جیاکردۆتەوە و لێکیان داوەتەوە و بە چەند جۆرێك و بەپێی ترادیتسیۆنی خۆیان پێناسەیان کردوە:

١) مۆسیقای هومانا (HUMANE) مەبەست لە هارمۆنی ناو لەشی مرۆڤە لەنێوان ئۆرگانەکانی لەشی مرۆڤ و لەنێوان ڕۆح و لەشدا، لە نێوان ڕۆح و بڕوای پیرۆزدا.

٢) مۆسیقای مونداًنا (MUNDANE) مەبەست لە هارمۆنی وجوڵان و گۆڕانی یەك لەدوای یەکی گەردوون و فەلەك (MIKROKOSMOS) و وەرزەکان و هاتنی شەو و ڕۆژە.

٣) مۆسیقای ئامێری (INSTRUMENTALIS) مەبەست لە هارمۆنیەکە، کە ژمارە یەك لەدوای یەکەکان (PRPORTIONEN). بڵندایی و ڕوبەرە دەنگیەکان (INTERVALLEN) بەندارن لەدروست بوونیا، بەهۆی ئامێرە دەنگدەرەکانەوە (KLANGERZEUGE) وەکو دەنگی مرۆڤ یان قورگی مرۆڤ، ئامێرەکانی مۆسیقا دێنە کایەوەو ئەو تۆنە دروست دەکەن کە ئێمە هەستی پێ دەکەین.

بەگشتی دەتوانین بە مۆسیقای هومونا و موندانا بڵێین مۆسیقای سروشت (NATURALIS) و بە مۆسیقای بە ژمارە (ARTIFICALIS) بڵێین مۆسیقای ئامێری (INSTRUMENTALIS).

هەروەها مۆسیقا بە دو شێوەی تر جیاکراوەتەوە: ١/ مۆسیقای تیۆری (SPIKULATIVE - THEORETICA)، ٢/ مۆسیقای پراکتیك (AKTIVA - PRACTICA). ئەم جیاکردنەوە جیاوازانە لەلای گریکیە کۆنەکان جۆرا وجۆریی بۆچوون و لێکدانەوە و شیکردنەوەی مۆسیقا دەردەخات. لە وڵاتە پیشەسازیەکاندا ئەمڕۆ تێگەیشتن لە مۆسیقا زۆر ئاڵۆزە و گەلێك لایەنی هەیە، بەڵام بەگشتی بۆ پێناسەکردنی مۆسیقا دەتوانین بڵێین کە بەمانای: هاتنەکایە و

دارشتنی ( بەدەنگ ) ، بە شێوەیەکی وەستایانە و هونەریانە ، کە لە سروشت و دەنگی هەست ، دنیا و ڕۆح دیتەکایەوە و بە پێی زاراوەیەکی واتا لێڵی ئاڵۆزی دیاریکراو ، دەنگی دەگەیەنی بەگوێمان .

مۆسیقا بە واتای هونەرەوە لکاوە و زمانی گرتووە ، بەپێی ناوەڕۆکی زانستی خۆی ، کە لەزۆر تیۆری دا ڕەنگی داوەتەوە ، بریتییە لە مادەیەکی پڕ ناوەڕۆك و واتادەر ؛ ئەلمێنتی مۆسیقا کە تۆنە ـ TON لەلایەکەوە ( پێش ئەوەی ببێتە مۆسیقا ) بیستراوێکی سروشتی ناوەڕۆکدارە کە ڕووی ناوەوەی لێدروست بووەکەی دەخاتە ڕوو ، لەلایەکی دیکەشەوە پاش بوونی بە مۆسیقا هەڵگری ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی قوڵە کە یاسایەکی : یاسای تۆنی یان ڕێکوپێکی تۆنی ( ORDNUNG ) ، تێدایە و بەجێزە ، شێوە و ناوەڕۆکی دارشتنی واتایەك و لێتێگەیشتنێك دەدات بەدەستەوە ، لە هەمان کاتدا یاسای سروشتی دەنگ و ( دراوە سروشتییەکان ) بەگشتی ڕەچاو دەکات و دەیچەسپێنێ و لێیانەوە سەرهەڵدەدات . هەموو تایبەتیە سروشتییەکانی دەنگ و تۆن : بەرزی و نزمی لەسەر پەیژەی مۆسیقا ، دەنگ بەرزی و دەنگ نزمی ، خێرایی و لەسەرخۆیی ، درێژی و کورتی ، هێمنی و توندی ...هتد ، کە لە سیستەمێکی مۆسیقاییدا خۆیان قایم دەکەن ، دەبنە هۆی دروستبوونی شێوەی دەربڕینی ناوەڕۆکێکی ڕۆحی مۆسیقا و بەردی بناغەی لەدایکبوونی لێکدانەوە و ڕەنگدانەوەی واتای ڕۆحی مۆسیقا دەمێکە لە نێوان دو چەقی بۆچوون دا دێن و دەچن : یەکەمیان لێکدانەوەیەکی تۆنە پێش بوونی بە مۆسیقا ، دوەمیشیان چۆنێتی بوونی تۆنە بە مۆسیقا . لەژێر چەتری یاسایی هونەری مۆسیقادا ، دەربڕینی هەموو ناوەڕۆکێکی مۆسیقی پێویستی بە ناوکی سروشتی خودی تۆن و یاسای هونەری مۆسیقا هەیە ، پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان ئەو دوانە تێگەیشتن و هەستپێکردنی ئەمڕۆمانی لە مۆسیقا نەخشاندووە . هەر مۆسیقایەك تەنیا یاسای سروشت ڕەچاو بکات ، لەچێژ و نرخی هونەری کەم دەبێتەوە ، بە پێچەوانەی ئەوەشەوە ئەگەر تەنیا یاسای هونەری ڕەچاو بکات . هەروەها سەربەستی ڕەها ( ئەبسولوت ) ی داهێنانی مۆسیقا بێ ڕەچاوکردنی ڕۆحی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی نرخی تێگەیشتن و بابەتیەتی مۆسیقاوە پەیوەندی نێوان شێوە و ناوەڕۆکەکەی دەشێوێ و بابەتەکەی نایەتە زمان ، چونکە توانای هاتنە زمانی مۆسیقا دەگەڕێتەوە سەر توانای دەروونی گشتی . مۆسیقا توانای بەسەر

زۆر شتدا دەشکێ و لەبواری مێژوودا وەکو هەموو لایەنێکی دیکەی ژیان لە زاوزێدایە و بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆی هەست بە چوون و هاتنی کات دەکات.

مۆسیقا بریتییە لە هەڵگری ڕۆح و دەروونی مرۆڤایەتی و هەمیشە پارچەیەك و بەڵگەنامەیەکی کۆمەلایەتی ، ئاینی ، هونەرییە و ڕەنگی زانیاری و شارستانێتی و مێژوویی پێوە دیارە و دەنگی ڕۆحی گشتی بارودۆخێکی مێژوویی دەداتەوە کە دەوری هەبووەلە لەدایکبوون و تەنها بەو شێوەیە لەدایکبوونی خودی مۆسیقا لە خۆیدا . هەبوونی هەندی زنجیرە و جەشن (GATTUNG)و مۆرك و قوتابخانە لە هەندێ بارودۆخی تایبەتیدا " سەربەخۆیی پێشکەوتنی " مۆسیقا بێ بارودۆخی کۆمەلایەتی لەمێشکماندا دەسڕنەوە . چونکە هەموو شێوە مۆسیقایەك کە لە کاتێکی تایبەتیدا باو بووە وپاشان ڕەویوەتەوە و شێوەیەکی دیکە جێگای گرتۆتەوە ، توانا و پەیام و ناوەڕۆکی ڕۆحی و جوانی و پێوەری جوانی مۆسیقایەك کە لەوەوبەر هەبووە هەرگیز دووبارە نابێتەوە. لێرەشدا مەبەستمان پارچەیەك یان چەند پارچە مۆسیقایەك نیە ، بەڵکو مەبەست لە واقیعێکە کە مۆسیقا لەیاسا سروشتییەکە و لە ناوەڕۆکە مرۆڤایەتییەکەی پێکهاتووە . گیروگرفتی لێتێگەیشتن و لێکدانەوەی مۆسیقا زۆر لە بەشەکانی تری هونەر و ئەدەب ئالۆزترە و مشتومڕێکی توندوتیژ دێنێتە ئاراوە و زیاتر لەسەر ئاستێکی " بەرزتر " و لە نێوان شارەزاکاندا دەخولێتەوە . چونکە ناسینەوەی ناوەڕۆکی مێژوویی مۆسیقا بەندە بە شارەزاییەکی قوڵەوە دەربارەی هەموو لایەنێکی مۆسیقا وەك بواری ( تیۆری و پراکتیك و توانای هەڵسەنگاندنی دەروونی ...هتد ) ی مۆسیقا .

ئێمە بە گشتی هەست بە گۆڕانێکی بچووك و سادە دەکەین لە دوورەوە ، بە تایبەتی بە گۆڕانی کات ، شوێن ، ئاپۆرە ( جەماوەر)، ئامانج ، شێوەی ژەنیسین و بەکارهێنانی ئامێری مۆسیقاکە ، بەلام هەرچی مۆسیقاکە خۆیەتی وەکو مۆسیقایەك لەگۆڕاندا تەنیا بەهۆی شارەزاییەکی چاك لە داڕشتن و دانان و شیکردنەوەیەکی قوڵی پارچە لێ پێکهاتووەکانیەوە ، دەتوانین لێی تێبگەین وبزانین چ گۆڕانێکی قوڵی بەسەردا هاتووە . ناسینەوەی ڕووی پێشکەوتن و گۆڕانی مۆسیقا لەلای میللەتانی وەکو ئێمە شتێکی زۆر ئالۆزترە ، چونکە هەتا ئێستا دەستکاری قوڵ و گۆڕانی بنچینەیی نەهاتۆتە سەر و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زۆر لە زانا مۆسیقیەکانی ئەوروپا ددان بە مێژووی مۆسیقای ئەودیو سنوری خۆیاندا

ئەنێن . چونکە مێژووی مۆسیقا بەپێی تێگەیشتنی ئەوان بریتیە لە گۆڕانی قۆڵ و دەستکاری کردنی سیستەم و شێوەی دانان و زنجیرە چەشنی جیاواز لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر✿ . بەهەر شێوەیەك بێت سروشتی کۆمەڵایەتی ، زەوی و کێڵگەی ڕۆحی چاندی مۆسیقا دەبێ وەك پڕۆسێسێکی بگۆڕ تەماشای بکرێت ، بە تایبەتی لەلای ئێمەی کورد ئەم لایەنە زۆر دیارتر و ڕوونتر و لەبارترە . دەتوانین لەم ڕوانگەیەوە زۆر* شت دیاری بکەین بێ ئەوەی بەزۆر ڕووداوەکان لە قاڵبێکی دروستکراو بدەین .

مۆسیقا بەتوندی نووساوە بە زمان و سەماکردن وهەڵپەڕکێ وەشانی داداوەتە سەر زانیاری و تیۆری تایبەتی خۆی هەیە و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە سیستەم و پێوەرێکی باوەڕپێکراو دروست بکات و بگاتە دەرون و پێشوازی لێ دەکرێ . دەبێ مۆسیقا میلۆدی ، ئاواز ، کێش ( RHYTHM ) ، هارمۆنی و پرنسیپی فیزیۆلۆژی ، دەروونناسی(PSYCHOLOGIE)و شێوە و جۆنێتی دارشتنی تیادا بێت . بوونی مۆسیقای پینی ( VOKAL MUSIK ) ، مۆسیقای ئامێری ( INESTRUMENTAL MUSIK ) ، ڕاستەوخۆ بێژین ، ڕاستەوخۆ ژەنین (IMPROVISATION) ، دەنگ نووسینەوە (نووسینەوە بە نۆتە ) و دانان و دارشتن ( KOMPOSITION ) ، ژەنینەوە و بێژان و وتنەوە ( INTEPRETATION ) ی جیاجیا دەبنە واقیعێك و ئەوە دەسەلمێنن کە مۆسیقا بەپێی کاراکتەری خۆی و وەکو هەموو هونەرێکی دیکە بەپێی کات و ڕەوڕەوەی مێژوو زاوزێ دەکات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچێت و بە ناوەڕۆکی زانستی دا خل دەبێتەوە .

مۆسیقا تەنیا ڕێك و ڕەوان شتێك نیە بۆخۆی ، بەڵکو یاسا و پرنسیپی شتەکانە ( DINGE ) و دەتوانین بڵێین شێوەی دەنگی هەندێ لە ڕووداوەکانە و بەهۆی ئەو سەربەستیەی تیایدایە لەگەڵ زمان و وێنە و ناوەڕۆکیش دا بەیفی زۆر خۆشە . بۆیە بەکارهێنانی مۆسیقا بۆ زاخاوی چاو و مێشك و پرۆگرامکردنی شان بە شانی ڕووداوەکان یان بۆ چەند مەبەستێکی سەما و هەڵپەڕکێ ، مارش ، جەژن کردن ، مۆسیقای سالۆن ( مۆسیقا بۆ ورتەورت و بێ تاقەتی UNTERHALTUNGS MUSIK) شتێکی نا ئاسایی نیە . مۆسیقا

✿ لەبەر ئەوەی ئەم باسە زۆر گرنگە لە داهاتوودا هەوڵ دەدەم بە دوورودرێژی باسی بکەم ،چونکە بەداخەوە لێرەدا جێی نابێتەوە .

پەلێکی بەدەست سروشتەوەیە و ئەوەی دیکەشی بەدەست هونەرەوەیە و توانای خزمەتکردنێکی سادە و ئاسایشی هەیە ، لە هەمان کاتیشدا لە گەشەکردندایە جا لەبواری تیۆری وپراکتیکی دابێ یان ترادنتسیون و تازەکردنەوەدابێ ، وە هەمیشە بەرەو تۆجەسپاندن و دابین کردنی پرنسیپەکانی دەچێت و لە پرۆسە و وەرچەرخاندنەکانی مێژوودا ڕۆحی گشتی شەوق پێدەداتەوە بە دەنگێکی پڕاوپڕی ڕاستگۆی کەز ٠

ئەو پرسیارەی دەڵێ مۆسیقا چییە و ناوەرۆکەکەی لە چی پێکهاتووە ؟ بووەتە کەرەستەی لێکۆڵینەرەی زانیاری وفەلسەفەی مۆسیقا ٠ لە ئەنجامی کۆمەڵێك تاقیکردنەوە و ڕووداوی مۆسیقی ، کە مەتریالی بوونی خلبوونەوەی مێژوویی مۆسیقا دەسەلمێنن و دەسان گەیەنن ئەبستراکتسیۆنێکی ( تجرید ABSTRAKTION ) ی تایبەتی ، دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستیەی دەڵێت جوانی و پەیامی مۆسیقا بە هەموو قولاییەکی ئەپستراکتسیۆنییەوە لە ناو مێژوودا دەناسرێتەوە و هەموو تایبەتێتییەکی ئەمڕۆی بوونی ئەوەی پێشتری بە پێویست دەزانێت ٠ لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لێکدانەوەو تێگەیشتنەوە لە مۆسیقا بەرەو دو لایەنی سەرەکی چووە :

١/ لایەنی ناوەڕۆکی یان واتایی ( SINLISCHE )٠

٢/ لایەنی پراکتیکی ( PRAKTISCHE ) ٠

لێکدانەوەی مۆسیقا لەبواری زانیاری سروشتی و دەروونناسیدا ( کارتێکردنی دەروونی مۆسیقا ) بوونە تازەترین شێوەی وردبوونەوە لە مۆسیقا و لە ئەنجامیشدا مۆسیقا واتای نوێی بۆ بەخشرا ، لەوانە ( هونەری تۆنی ، زمانی تۆنی ) ، وە پاش جیاکردنەوەی بەپێی کارتێکردنی ناوەڕۆکەکەی و ناوەڕۆکی کارتێکردنی لە سەر مرۆڤ و پرۆسێسێکی مەتریالیستانە ، بووبە هونەرێکی کاتدار☆ بۆ گوێچکەی مرۆڤ و لەریزی هونەرە جوانەکان دانرا ٠ مۆسیقا وەکو بابەتی لێکۆڵینەوەی بیستن زانی ( AKUSTIK ) لەسەدەی نۆزدەهەمەوە وردەوردە خۆی لە براری دەروونناسی تۆن ( TON PSYCHOLOGIE ) ، دەروونناسی بیستن یان گوێگرتن ( HOR PSYCHOLOGIE ) ، دەروونناسی مۆسیقا ( MUSIK PSYCHOLOGIE ) دا دۆزییەوە و لە سەدەی بیستەمیشدا بەوانەوە نەوەستا و بەپێی شێوەی هونەری بونی

☆ مەبەست لەپەیوەندی ڕاستەوخۆی مۆسیقایە بە کاتەوە ٠

و چۆنێتی کارتێکردن و دەنگدانەوەی کەوتیشە بەر شەوقی ئیستاتیک ( ASTATIK ) .

تیۆرەکانی شیکردنەوە و لێکدانەوەی مۆسیقا وردە وردە لایەنی ڕامانیان ( تصور ) کەمتر بووەوە و چوونە قالبێکی لۆژیکی هەندێ بیرکردنەوەی دارشتن و دانانەوە، کە لە بوار و ئاقاری پراکتیکیەوە یاساکانیان لێ هەڵدەهێنجرا و دەچەسپانەوە و دوبارە ڕویان دەکردەوە پراکتیك و تەکنیکی دارشتن و دانانی خۆیان لە فێکارەکانی دارشتن و دانان دا کۆدەکردەوە . ئەم ڕوودا وە ڕێڕەوێکی هونەری و زانستی بۆ شیکردنەوەی مادەی مۆسیقا و چۆنێتی دروستکردنی دارشتن لەبواری ترادیتسیۆنی و گەشەکردن دا وەکو زانیاری مۆسیقا و مێژووی مۆسیقا ڕەنگی دایەوە .

مۆسیقا وەکو ناوەڕۆکی فیکرەیەك یان ناوەڕۆکێکی دەرونی کە لە تۆن و بەدەنگ بیکهاتووە ، بەپێی یاسایەکی هونەری خۆی لە نێو چەند پۆلێکی گرنگ مانا دەخزێنێ و دەبێ بکەوێتە بەر شەپۆلی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر قولتر . هەندێ فەیلەسوف و زانای مۆسیقا بە چەند شێوەیەکی جیاواز پیناسەی مۆسیقای ڕەها ( مطلق )* دەکەن :

ریامان لێکسیکۆن ( RIEMANN LEXIKON ـ 1908 ) دەڵێ :

" مۆسیقا لە تۆن دروست بووە و بەو شێوە هونەریە کە بەپلەی یەکەم هەندێ دەربرینی خۆییە لە ئەنجامی بەسەرهاتێکی ڕۆحی هاتۆتە ئاراوە و بەپلەی دوەم شێوەیەکە یان وێنەیەکە لەئەنجامی دەربرینێکی هەڵقولاو لە بابەتێکەوە لەدەرونی هونەرمەندەکە لە دایکبووە ، بەلام تەنها لە پلەی سێیەمدا دەتوانرێ دەرونیە لەدایکبووەکە ببێ بە بابەتێکی مەوزوعی ، واتە دوای بەخۆیی بوونی و جوینەوەی دەرونی و گێڕانەوەی بەپێی هەست و نەستی تاکی ئینجا دەبنە پارچەیەکی هونەری مەوزوعی " .

پێناسەکانی لێتێگەیشتنی مۆسیقا لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە تا سەدەی بیستەم زیاتر قورسایان لەسەر لایەنی ناوەڕۆکی و دەرونی و ڕەنگدانەوە و هەستی مۆسیقیە :

هێردەر ( HERDER ) دەڵێ : " مۆسیقا بریتیە لە سروشت بە زمانێکی بە ئازار و هەست و نەست و موعانات و زمانی جادوی هەست و ڕەنگدانەوە " .

* مەبەست مۆسیقایە وەکو مادەی مۆسیقا بەبێ هیچ شتێکی تر .

فۆرکل ( PORKEL ) دەڵێ : " مۆسیقا بە شێوەی تۆن سەری هەڵداوە و دەربڕاوی هەست و نەستی تۆنی دەرون و هەستێکە کە ڕاست و پاکە " .

کۆێشل ( KÖCHEL ) دەڵێ : " مۆسیقا بریتیە لە هونەری دەربڕینی هەست بە تۆن " .

فرانزلیست ( F . LISZT ) دەڵێ : " مۆسیقا ناوەڕۆك وناوکی بەدەست گیراو و مەیوی هەستێکە بە بێ یارمەتی شەوقدانەوە و بێ هەناسە لە دەمێکەوە بۆ دەمێکی تر ، تەوژمی خوێنە لەبۆری و ماسولکەی ژیان دا " .

ئیمانوێل کانت ( E . KANT ) دەڵێ : " مۆسیقا یاریەکی هونەری هەست پێکردن و گوێ گرتنە " .

هانزلیك ( HANSLICK ) دەڵێ : " مۆسیقا شێوەیەکە لە جولانەوەی تۆنی " .

هۆفمان ( E.T.A.HEFFMAN ) دەڵێ : " مۆسیقا زمانێکی سانسکریتی بە تۆنی سروشتە " .

هیگڵ ( HEGEL ) دەڵێ : " ئەرکی سەرەکی مۆسیقا ئەوەیە جۆر و چۆنێتی بۆ جارێکی کە بە دەنگ بزرنگێنێتەوە ، بە شێوەیەك کە ناخی دەروون خۆی بە پێی خۆییەتی و ڕۆحی بەبیر و فیکرکەرەوە لە ناوخۆی دا بجولێ " .

شۆپنهاوەر ( SCHOPENHAUER ) دەڵێ : " مۆسیقا وێنەی ویست و خواستی خویەتی کەلەکاتیکدا هونەرەکانی تر تەنیا باسی سێبەری شتیك دەکەن مۆسیقا باسی ناوك یان ناوەڕۆکەکەی دەکات " .

جیان پاوڵ ( JEAN PAUL ) دەڵێ : " مۆسیقا بریتیە لە دەنگدانەوەی هارمۆنی سروشت و دنیا " .

شێلینگ ( SCHELLING ) دەڵێ : " مۆسیقا تەنیا کێش ( RYTHM ) و هارمۆنی گەردونی ( کونی ) دیار خۆیەتی " .

بوزۆنی ( BUSONI ) دەڵێ : " مۆسیقا بەشێکی لەرینەوەی گەردونیە " .

شترافنسکی ( STRAWINSKY ) دەڵێ : " خواست و ئارەزوی مۆسیقا ئەوەیە کە زەبت و ڕەبتێك یان ڕێکوپێکیەك ( ORDNUNG ) لە نێوان شتەکان دا بهێنێتە کایەوە و وەکو ئەلیمێنتێك دێتە بەرچاو کە یەکگرتنێك لەگەڵ بەرامبەرەکانمان و بالاترین یان قوڵترین ناوەڕۆك و ناخمان دا دەخوڵقێنێ " .

هەندێ لە پێناسەکان هەوڵی ئەوەیان داوە جوارجێوەیەك بۆ

هەواڵنامەی کتێب

ناوەڕۆکی مۆسیقا بەگشتی دابنێن ،لەگەڵ هەموو ناکۆکی وجیاوازی و هەبوونی هەندێ پێناسەی دوگماتیستانەی مۆسیقادا شتێکی هاوبەش بەدی دەکرێت کە لە بارودۆخی مێژوویی نوێی مۆسیقادا دیارترن لە جاران . ناوەڕۆك و شێوە و پەیوەندیان وە تێگەیشتنی جیهان و ڕەنگدانەوەی لەناو مۆسیقادا ، یان باشتر وایە بلێین ویست و خواستی دەروونی گشتی و دینامیکیەت و جوولانەوە لە مۆسیقادا دەبنە بەردی بناغەی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە مۆسیقا . بەلام ئەوەی گرنگە لە تێگەیشتن و پێناسەکردنی مۆسیقادا ئەوەیە بەجۆرێکی لە گۆڕانکاری هاتوو سەیری مۆسیقا بکرێ ، واتە وەك واقیعێك کە لە گۆڕان دایە یان باشتر وایە بلێین مۆسیقا لە خالێکەوە دەست پێدەکات و لەخالێکی ترەوە تێهەلدەچێتەوە و خۆی لەخۆی دا واتایەکە و واتایەکیش بەخشدەکاتەوە .

گەر پیاو زۆر تەماحکار نەبێ و مرخ لە دان پیانانی هەموو لایەك خۆش نەکات و بیەوێ تەڕوبڕی و زیندوێتی باسەکە بپارێزێ ، دەتوانێ پێناسەیەك بۆ ئێوی دەرەوەی لە ئێمە دیاری مۆسیقا دیاری بکات : مۆسیقا نوێنەرێکی دەنگی ناوەوەی قووڵ و ژیری مرۆڤ و سروشتە و زمانێکی تایبەتی هەیە کە بە " بێ زمانیش " و بە لێلیش واتاکەی ناوی دەناسرێتەوە و پێشوازی لێ دەکرێت ، دیارییەکی گرنگ و پەیامێکی بە ناوەڕۆکی " شاراوەی " پێیە کە هەر هێ خۆی نیە و دەمان خاتە جموجۆلەوە و بە دەستی بە تالیش لێمان جیا نابێتەوە ، هەمیشە خورەی جۆگەلەی ژیانە و واتایەکی دەنگی ڕاستگویە و لە وەرزی خۆی دا سەوز دەبێ و بە دەستەمۆکردن ووشك دەبێت .

1 BROCK HAUS ENZYKLOPÄDIE B.1 WIESBADEN 1970.
2 RIEMANN MUSIK LIXIKON B 1,2 CARL DAHLHAUS – HANS HEINRICH EGGEBRECHT 1979 MAINZ.
3 LEHRBUCH DER MUSIKWISSENSCHAFT EKKEHARD KREFT 1985 DÜSSELDORF.
4 HERZFELD LEXIKON DER MUSIK FRIEDRICH HERZFELD BERLIN WEST 1957.
5 TONKÜNSTLER LEXIKON 14 AUL. FRANK ALTMANN 1936.
6 DAS LEXIKON DER ELEKTRONISCHEN MUSIK HERBERT EIMERT – HANS ULRICH HUMPERT 1973 REGENSBURG.
7 GRUNDRI/3 DER MUSIKALISCHEN SEMANTIK VLADIMIR KARBUSICKY 1986 DARMSTADT.

سەرچاوەکان

ئەدەب

# ئەدەب چی پێدەکرێ؟

نووسینی: ژان ڕیکاردۆ ـــ وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی

ئەدەب چی پێدەکرێ؟(1) ئەمە پرسیارێکی ماقووڵەو زۆریش ماقووڵە، بەڵام باشترین پرسیار نیە. ئەگەر پرسیارێکی باشە ئەوە بەلای منەوە لەبەر ئەوەیە کە "نیشانەی پرسیار" دەخاتە بەردەم "چەمکی ئەدەبیات". ڕەنگە هەموو ئەو ڕستانەی کە "پرسیار" و "ئەدەب" لە یەک جێگەدا کۆدەکەنەوە، پرسیاری زۆر باش بن، بەڵام گشت ئەو پرسیارانە ڕێخۆشکەری پرسیارێکی شایستەتر و چاکتر و ڕەسەنتر و بنەمایی ترن کە دەبێت بەر لەوان وەڕوو خرێت، ئەویش بریتییە لە "ئەدەب چیە؟".

کەواتە بەلای منەوە پرسیاری "ئەدەبیات چی پێدەکرێت" ڕستەیەکی گومانا ویە. لەبەر ئەوەی وە روو خستنی پرسیاری دووەم، ئەوە دەگەیەنێت وەڵامی پرسیاری یەکەممان دابێتەوە، ئەوە دەگەیەنێت ئیدی هیچ تەنگ و چەڵەمە و گومانێکمان لەمەڕ "ماهیەتی" ئەدەبەوە بۆ نەماوەتەوە و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە سەبارەت بە توانا و کارامەی ئەدەبیات قسە بکەین. واتە، بەجۆرێکی دی، ئەو مەسەلەیەی کە دەبوو چارەسەری بکەین، بە جۆرێک تەماشای بکرێت کە چارەسەرکراوە و بەو شێوەیەش هەوڵی ئەوە بدەین پەنا بەرین بۆ جۆرە چاوبەستێک.

گومانی ئەوەم نیە مەبەستی دەرهێنەرانی ئەم دیدارە، خوای نەخواستە شتێکی وەها بووبێت، لەبەر ئەوەش ئەم ئەگەرە دەهێنمەوە پێشێ، تا بەزووترین کات ئەوە ڕەت کەمەوە و بە

هەموو فراوانیە حەقیقی یەکەیەوە بڕوانمە مەسەلەکە :

- ئەدەبیات چیە؟
- ئەدەبیات چی پێدەکرێت؟
- ئەدەبیات لە جیهانێکی برسی دا چی پێدەکرێت؟

## ئەدەبیات چیە ؟

جێگەی سەرسووڕمان نیە ، وەڵامی ئەم پرسیارە لە ئەدەب خۆیدا بێت : واتە نووسین و خوێندنەوە ، بەڵام را چاترە لەدەرەوە تەماشای ئەو مەسەلەیە بکەین کە بەم جۆرە وە ڕوومان خست و بە شێوەیەکی دابڕاو لێی بکۆڵینەوە .

ئەمە هەمان مەسەلەیە کە ژان پۆڵ سارتەر لە کتێبە بەنێوبانگەکەیدا " ئەدەب چیە؟" خستوویەتیە ڕوو . ناوی سارتەرم هات بە دەمدا و دەمەوێت لە نێوەندی قسەکانمدا چەند جارێ دیش نێوی بهێنم . چونکە لەبەر ئەوەی لەبەردەم خوێندا هەندێ پرسیار لەمەڕ ئەدەبەوە دەهێنمە پێش ، کە ناتوانم لە وەرووخستنی یەك نەگرتنەوەمان خۆم بدزمەوە . ئەم جیاوازی بیرورایە بەوپەڕی ڕێزەوە لەبەردەمی خۆیدا ئاشکرا دەکەم ، ئەڵبەتە بە هەندێ ڕوونکردنەوە و ڕاستگۆیی یەوە .

ڕۆلان بارت (٢) کە لە ڕیزی ڕەخنەگر و خاوەن بیروراکانەو ئەگەر بمانەوێت لە ئەوڕمە ئەدەبیەکانی ئەوڕۆ کە ئاگاداربین، نابێت کارەکانی ئەو لەیاد بکەین ، لەیەکێك لە وتارەکانی دوا کتێبی خۆیدا دەڵێت : " لە زەمینەی زماندا دەتوانرێت دوو جۆر شێوە دەستنیشان بکرێت"!

شێوەیەکیان بریتە لەوەی زمان وەك " هۆ " تەماشا بکەین . لێرەیشەوە زمان بۆ بەیانکردن و گواستنەوەی بەڵگە یان ڕوونکردنەوە یاخود فێربوون بەکاردەبرێت . بەم پێیە بنەمای کارەکە ئەو پەیامەیە کە دەردەکرێت ، کەواتە بنەمای کارەکە شتێکە لە دەرەوەی زمان و زمان تەنیا پاڵپشتی گواستنەوەیە .

ڕۆلان بارت بەهۆی بەگومانی خۆی لە ووشە ، دوو دڵە لەوەی ئەم دەستەیە لە نووسەران ، واتە ئەو کەسانەی کە ئەو شێوەیان بۆ زمان هەڵبژاردووە ، بە " نووسەر " یان " ڕۆشنبیر " ناوبەرێت ، پێشنیار دەکات ئەوانە بە " شت نووس " لە سەرچاوەی " نووسین " وە ، ناوبەرین . بەڵام من بۆ خۆم ، لەبەر ئەوەی لێرەدا زمان تەنیا وەك هۆیەك بۆ گەیاندنی

هەواڵ بەکارهاتووە ، پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەوانە "هەواڵدەر" و بەرهەمی کارەکەشیان "هەواڵ" یاخود "راپۆرت" ناوبنێین .

شێوەی دووەم شێوەی ئەو کەسانەیە کە بە هیچ جۆرێك زمان بە بارهەڵگر و گوێزەرەوەی بەڵگە و ڕوونکردنەوە یان فێربوون نازانن و وەك هۆیەك تەماشای ناکەن، بەڵکە وەك " کەرەسەیەکی خاو " وایە بەلایانەوە و بەوپەڕی دیققەت و توانای بێ سنوورەوە بۆ ئەم کەرەسەخاوە کار دەکەن . بەلای ئەمانەوە ، بنەمای کار لەدەرەوەی زمان نیە ، بنەمای کار زمان خۆیەتی . بەلای ئەوانەوە نووسین لەحوکمی توانای گەیاندنی هەواڵێکی لەپێشەوە ئامادەکراو نیە، بەڵکە هەرئەو نەخشەی سوود وەرگرتنەیەلەزمان وەك جیهانێکی سەربەخۆی نووسین .

هەر وەك رۆڵان بارت ، منیش دەڵێم ئەم دەستەیە " نووسەر " و بەرهەمەکانیشیان بە " ئەدەب " ناوبەرین .

ئالێرەیشەوە بەگشتی من لە بارودۆخێکی نائاسایی دا خۆم دەبینمەوە ، نەك لەو ڕووەوە کە دەبێت جیاوازی بیرورِام بە ئاشکرا لەبەردەم یەکێك لە کەسایەتیەکانی ئەمرۆدا ڕوون بکەمەوە ، بەڵکە زیاتر لەو ڕووەوە کەدوای ئەوەی گوترا بنەمای کار لە خودی زمان خۆیدایەتی، ئێستا هەر ئەو زمانە وەك هۆیەك بۆ گەیاندنی ئەم هەواڵە بەکاردەهێنم ، بە واتایەکی دی، من لەو ڕووەوە "سوود" لەزمان وەردەگرم بۆ ئەوەی بڵێم نووسەر "سوود " ی لێ وەرناگرێت . ڕەنگە بەهۆی ئەوەی زۆربەی خوێنەران زمانی نووسەر لە حوکمی شتێکدا دەبیننەوە کە ئەوە نیە ، نووسەر جاروبار ناچار دەبێت سوود لەزمانێکی دی وەربگرێت تاکو زمانەکەی خۆی بەو جۆرەی کە هەیە لە دەرەوە نیشان بدات ، واتە ناچار دەبێت بچێتە دەرەوەی ئەدەب ، بۆ ئەوەی ئەدەب بەو کەسانە بناسێنی کە ڕەنگە دەستەوەستان بن لە ئاستیدا .

بەڵام مەبەستی من ئەوەیە پێش لە هەڵەیەك بگرم ، ئەگەر بەر لەدەست پێکردنی باسەکەیشم هەندێ ووشە و زاراوەم ڕوون کردنەوە ، لەبەر ئەوە بوو کە دوای گوێگرتنم لە زۆربەی ئەو قسانەی لەم دیدارەدا کران ، هەستم بەوە کرد زۆر جار بە ووشەی جیاواز قسە لەسەر بابەتی لێکچوو دەکرێت یان بە ورشەی چوون یەك قسە لەسەر بابەتی جیاواز دەکرێت .

بۆ نمونە ژان پوڵ سارتەر ، لە کتێبی " ئەدەب چیە؟ "دا ، جیاوازی دەخاتە نێوان شیعر و پەخشان . پەخشان ( یاخود

ئەدەب) تەنیا لەدیدەی "سوود" ەوە تەماشای زمان دەکات. سارتەر دەڵێت: "مەبەست لە پەخشان تەنیا سوود بەدەست هێنانە. من بەم جۆرە پەخشان نووس پێناسە دەکەم: ئەو کەسەیە سوود لەووشە وەردەگرێت." هەروەها دەڵێت: "ئەگەر ووشەکان بەشێوەی ڕستەو بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ماناکان لەلای یەکدیەوە ڕیز بکرێن، بەناچاری بڕیارێك لەودیو ئاشکرا کردن و تەنانەت لەودیو زمانیشەوە هاتۆتە پێشەوە، بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاکامە بەدەست گەیشتووەکان بگوێزرێتەوە بۆ کەسانی دی. هەر لەم بڕیارەشەوەیە کە دەبێت لەسەر هەر شتێك هۆکاری ئەو شتە داوا بکرێت. ئەو هۆشە بێگەردەش کە هۆشمەندەکان بەئاسانی لەیادیان دەچێت، بەردەوام حوکمی ئەمە دەکات. ئەی ئەوە نیە بۆتە باو دەبێت لەهەموو ئەو لاوانەی بەنووسینەوە خەریکن پرسیارە بنەڕەتیەکە بکرێت ئایا شتێکت هەیە بیڵێی؟ مەبەستیش لەم قسەیە ئەوەیە: شتێك کە شایانی گوتن بێت."

ئەمە پێناسەی پەخشانە بەلای (سارتەر) ەوە، بەڵام زمانی شیعر، بە هۆکار نادات قەڵەم ر دەڵێت: "شاعیر سوود لە ووشە وەرناگرێت".

کەواتە دەتوانین بەم جۆرە ئاکام بەدەست بهێنین، ئەوەی من پێێ دەڵێم "ئەدەب"، سارتەر ناوی دەنێ "شیعر"و ئەوەی کە من ناوی دەنێم "هەواڵ" و "ڕاپۆرت" سارتەر پێی دەڵێت "ئەدەب".

ڕەنگە ئەم هێما بۆ کردن و تێبینیيانە بە شێوەکاریەکی بێهوودە و گفتوگۆی سەرزارەکی لەقەڵەم بدرێن، بەڵام لەبنەڕەتدا نزیکمان دەخەنەوە لە کاکڵەی باسەکەمان سارتەر لە جێگەیەکی دی هەمان کتێبدا "ئەدەب چیە؟" دەڵێت: لە دیدەی شاعیرەوە شێوەی دەرەوە و ڕووخساری ووشە گرنگی هەیە. ئەوجا نمونەیەك دەهێنێتەوە:

فلۆرانس، ناوێکە بۆ شار و گوڵ و ئافرەت. کەواتە دەتوانێت لەیەك کاتدا ئەم ووشەیە گوڵی شار و شازنی شارو کیژی گوڵ ڕووخساریش بێت. هەروەها ئەو شتە سەرسوورهێنەرەی لەم زنجیرەیەدا ڕوودەدات بریتییە لە لاڤاوی زێ(٣) و گەرمایەکی ئاسابی و ڕەنگی ئاڵتوون(٤)و دوا جاریش بە شەرم و پاك و تەمیزیەوە خۆی دەدات بەدەستەوە (٥) و لەگەڵ مەحووبونەوەو و کزبونی بەردەوام ر لەسەر خۆی دەنگی پیتی "ن" ی کۆتایی



هەواڵنامەی کتێب

هەمان ووشە ، شەرمی پڕ ئابڕووی خۆی تا بێ کۆتایی دەهێڵێتەوە . دیارە کاریگەری حەشاردراو و خۆ مات کردووی ژیانی تایبەتی کەسەکەیش دەبێتە زیادەیەکی دی بۆ سەر ئەم کۆمەڵە ناوە ( ی لە ووشەی فلۆرانس ـ ەوە هاتوون ) . جگە لەوانەیش فلۆرانس بەلای منەوە ئافرەتێکە ، کاراکتەرێکی ئافرەت کە لە فیلمە بێدەنگەکانی سەردەمی منداڵیمدا ڕۆڵی دەبینی و من هیچ شتێکم لە یادنەماوە جگە لەوەی باڵابەرز بوو ، وەك ئەو دەسکێشە درێژە سپیانەی لە کاتی هەندێ سەمادا دەکرێنە دەست ، هەمیشە تۆزێك ماندوو دیاربوو ، هەمیشە داوێن پاك بووە، هەمیشە خاوەن مێرد و سپلە بوو ، منیش خۆشم دەویست و ناوی فلۆرانس بوو " .

پاشان سارتەر بەم جۆرە ئەنجام دێنێتە دەست :

" جا لەبەر ئەوەی ووشە بەلای پەخشان نووسەوە هۆیەکە تا خۆی لە خۆی ڕزگار بکات و بێتە نێو جیهانەوە ، بەلای شاعیرەوە ئاوێنەیەکە وێنەی خۆی دەخاتەوە پێش چاوی " .

گەورەترین ڕۆمان نووسەکانی ئەم سەدەیە ، هەر لە مارسیل پرووست و کلۆد سیمۆن و ئالن ڕۆب گریەوە بیگرە هەتا ڕیمۆن ڕۆسل و جیمس جۆیس ، بەم جۆرە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ زماندا کردووە . ئایا دەکرێ ئێستا پێیان بڵێین شاعیر ؟ . بێگومان ئەم ناولێنانە لە لاوازیەوە نیە ، بەڵام ئەم نووسەرانە گشتیان خۆیان بە " ڕۆمان نووس " دەزانن . هەر لەبەر ئەوەشە ئێمەش بۆ ڕێزگرتن لە بەرهەمەکانیان پێیان دەڵێین ڕۆمان نوس و بەرهەمەکانیشیان ناودەنێین " ئەدەبیات " .

## ئەورۆکە ئەدەب چی پێدەکرێ ؟

دوورنیە هەندێ لە هۆشمەندان لە قسەکەم دڵگران ببن ، بەڵام من هەرگیز ئەوەم لەیاد ناچێت کە هەندێ لەو هۆشمەندانە ماوەیەکی زۆر ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە زەوی وەستاوە و خۆر بەدەوری ویدا دەسوورێتەوە .

ئێستا مادام بەلای داهێنەری ئەدەبەوە ، واتە نوسەر ، بنەمای کار لە خودی زماندایە ەوە ناوەڕۆکی بەرهەمیش لە هەندێ ڕووەوە ساختومانی ئەو بەرهەمەیە ، کەواتە هیچ نێوەڕۆکێکی لەوەپێش هەبوو نیەو هیچ نێوەڕۆکێك گرنگتر نیە لە نێوەڕۆکێکی دی : مەرگی ئینسانێك یاخود دە هەزار ئینسان ،

هێندەی تێپەڕینی پەڵە هەورێك بە ئاسماندا جێگەی گرنگی پێدان نیە ٠

دەبێت تێبینی ئەم ڕایەی ڕۆلان بارت هەر لەو تێڕوانینەوە بکەین : " بەلای نووسەرەوە ، نووسین کردارێکی پێویستە ـ فعل اللازم " ٠ واتە نووسەر شتێك نانووسێت ، بەڵکەتەنیا دەنووسێت و هیچی دی ٠ ڕەنگە مەبەستی مۆریس بلانشۆش هەر ئەوە بێت ، کەدەڵێ نووسەر دەبێت لە قووڵایی بوونی خۆیەوە هەست بەم حاڵە بکات کە " شتێکی نیە بیڵێ " ٠

بۆ ئەوە دەچم لەم دیدارەدا ، مەبەستی من وەك ئەوەی پێویستە تێی نەگەن ، بۆ نمونە ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە من دەمەوێت تیۆرێك لە بواری هونەر بۆ هونەر دابهێنم ، بەهەڵەدا چوون ، لەکۆتایی قسەکانمدا ئاوڕێك لەم باسەش دەدەمەوە ٠ بەلای منەوە دوو تیۆر هەن کە هی ئەوەنین پێشوازیان لێ بکرێت نەهونەر بۆ هونەر و هونەر بۆ مرۆڤ "٠

بەلام ئەگەر نووسەر بەر لە نووسینی کتێبەکەی شتێکی نیە بیڵێ ، ئەم قسەیە بەو مانایە نیە کە کتێبەکەش هیچ نالێت ٠ ڕوونتری کەمەوە : پێکهاتووی زمان وەك پێکهاتەوە فیزیاویەکانی جیهان نیە ٠ یاخود ئەگەر بمەوێت مەبەستەکەم زۆر سادە بکەمەوە دەڵێم " شتی سروشتی " و " شتی نووسراو " یەك تەرکیبی ـ پێکهاتووی چوون یەکیان نیە ، ئەویان پێکهاتوبەکی بێ هۆ و لەپڕە و ئەمیشیان پێکهاتووەیەکی هۆدارو بەدوادا هاتوو ( ئەگەر پێویستیش دەکات زیاتر ڕوونی دەکەمەوە ).

کەواتە بێجگە لەڕێگای نووسین ، بێجگە لەڕێگای هەوڵدان بۆ دروستکردنی زمان بەپێی کاریگەریەکی کامڵ ، چۆن دەتوانرێ پێکهاتووی زمان شیبکرێتەوە وبناسرێت ٠ بەلام ئەم کاری نوسینەش جیهانێکی نوێ دەهەژێنێت کە پێکهاتوەکەی هەر هەمان پێکهاتووی زمانە و ئەم جیهانە خەیاڵیەش ، کە لەڕێی نووسینەوە هاتۆتە دەست ، پێکهاتووی خۆی لەئاست پێکهاتووی جیهاندا ڕادەگرێ و دەیخاتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوەوە ٠ ئەدەب شتێکە کە ڕوو دەکاتە جیهان و پێی دەڵێت : " ئایا تۆ ئەوەی کە هەیت ؟ " یاخود بە جۆرێکی دی ، هەر وەك گوتویانە ، جیهانمان بەشێوەیەکی باشتر نیشان دەدات و ئاشکرای دەکات.

ئەدەبیات شتێکە کە جیهان دەداتە بەر محەکی زمان و لە پرسیاری دەگرێ٠ هەر لەبەر ئەمەشە ، بەلای منەوە

ئەگەر نووسەر غافڵ بێت لەزمان ، واتە ئەگەر وەك هۆیەك تێی بڕوانێ و هەوڵی ئەوە بدات خاپووری بکات ، بە هیچ جورێك ناتوانێت جیهان بخاتە ژێر باری پرسیارەوە ، بەڵکە بە پێچەوانەوە خۆی لەپرسیارکردن دەدزێتەوە .

نمونەیەك دەهێنمەوە . ژان پۆڵ سارتر لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆموند پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەتوانرێ بەرهەمەکانی ( کافکا ) لە وولاتی " گینیا " بخوێنرێنەوە ، بەلام ناتوانرێ بەرهەمەکانی (ئالن ڕۆب گریە) بخوێنرێنەوە . واز لە ڕۆب گریە دەهێنم ، چونکێ بە بڕوای من بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە مەزنەی سەردەم ، وەك و پێویست نەخوێنراونەتەوە ، بەلام لەمەڕ کافکا وە بەلای کەمەوە دەبێت بڵێم هیچ کەسێك هێندەی ئەو نەیوستووە نووسەر بێت . هەر وەك لە نێوەڕۆکی ئەم نامەیەدا ، کە لەم دواییەدا دۆزراوەتەوە دەردەکەوێت : " فەرمانبەری بەمن قبوڵ ناکرێ ، چونکە دوام دەخات لە گەیشتنم بە گەورەترین ئامانج و ئارەزووی ژیانم کە ئەدەبە . من هیچ نیم ئەدەب نەبێت و نامەوێت و ناتوانم شتێکی دی بم . کارەکەم هەرگیز دڵخۆشم ناکات ، بەڵکە بە پێچەوانەوە لەوانەیە هەستم بەگشتی بشێوێنێ . " . لە دێرەکانی دویی هەمان نامەشدا دەڵێت : " هەر شتێك ئەدەب نییە مەلوولم دەکاو ڕقم لێی دەبێتەوە ، تەنانەت گفتۆگۆش لەمەڕ ئەدەب خۆیەوە " .

هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کافکا جیهان دەخاتە ژێر پرسیارەوە .

## ئەدەبیات لە جیهانێکی برسیدا چی پێدەکرێ ؟

بەلام ئایا ئەم تێبینیانە لە جیهانێکدا کە برسیە ، بەهایەکیان هەیە؟

سارتەر لە گفتوگۆکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆمۆند بەدڵنیاییی تەواوەوە دەڵێت : [لەئاست منداڵێکدا کە دەمرێت ، کتێبی " ڕشانەوە " (١٦) بەهایەکی نیە] . بۆ پێچ و بەنا دەڵێم : ئەو تەرازووەی لایەکی کتێبەکانی لەناودا دابنێین و لاکەی دی منداڵە مردووەکانی بخەنە ناو ، بەلای منەوە ڕاست نیە . چونکە لەوانەیە من بەقسەی نووسەرێکی دی ، بۆ نمونە هۆیسمانس " هەمان خاڵ بە پێچەوانەوە بخەمە ڕوو : " لە ئاست بەرهەمێکی هونەریدا ، مەرگی منداڵێك چ بەهایەکی هەیە "

بەگومانی من ئەو جۆرە بێ شەرمیە بەلای کەمەوە دەتوانێت ئەوە روون بکاتەوە کە ئەم دوو شتەی لەئاستێ یەکدا دەوەستن ، لە حەقیقەتدا بەراورد ناکرێن لەگەڵ یەك .

لەوەوبەرگووتم دوو تیۆر بەلای منەوە هی ئەوە نین پێشوازیان لێ بکرێ : هونەر بۆ هونەر و هونەر بۆ مرۆڤ . لەبەر ئەوەی هونەر خودی ئینسان خۆیەتی ، " وەرزێکی جیاوازە" کە لە ژێر کاریگەری ئەم وەرزەدا یەکێك لە جۆرەکانی گیانەوەرە شیردەرە بەرزەکان گەیشتۆتە پلەی ئینسانی .

بەم جۆرە ، بەپێی ئەو مانایەی کە مەبەستی منە ، نووسین چی دەگەیەنێت ؟ ئایا جگە لەوەیە کە ئینسان دەبێت هەبێت ( بەدەربڕینێکی سادەتر ، مرۆڤ دەبێت بتوانێت بخوێنێتەوە) واتە دەبێت لەبرسان نەمرێت ؟ .

تەنیا بوونی ئەدەب ، شتێکە نیشانی دەدات کە برسێتی مرۆڤەکان نەنگی و ریسواییە . بۆیە بە ئاشکرا دەڵێم : ئایا ئێمە لە ئاستێ ئەو بووانەی لەدەرەوەی ئەدەبن ، هیچ هەستکردنێکی غەمباریمان هەیە ؟ ئەی ئەوە نیە رۆژانە بە هەزارەهایان لە ( گەرەکی وێلت لە پاریس ) لێ دەکوژن ؟!

بەلام سارتەر لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت :" ئەدەب دەیەوێت گشتی و جیهانی بێت . کەواتە نووسەر ئەگەر دەیەوێت قسە بۆ هەموان بکات و هەموو بەرهەمەکانی بخوێننەوە دەبێت لەریزی زۆربەدا رابوەستێت ، واتە لەریزی دوو ملیارد برسیدا ".

ئەگەر ، هەروەك لەمەوبەر گوتمان ، ئەدەب نێوەرۆکێکی لەوەوبەر ئامادەکراوی نیە ، کەواتە خوێنەری لەوەوبەر ئامادەکراویشی نیە ، شێوەی گشتی و جیهانی بوونەکەیشی هەر ئەمەیە . وێرای ئەوەش نابێت ئێمە " گشتی " و "زۆربە " لەگەڵ یەکدی تێکەڵ بکەین ، واتە هەموو مرۆڤایەتی لەگەل تەنیا ئەوانەی نیشتەجێی وولاتە پاشکەوتووەکانن ( با ژمارەشیان بگاتە چەندین ملیار ) .

ئەو کاتەش ئەم کارە بەلای منەوە زۆر جێگەی خۆیەتی و ( بەهیچ جۆرێك رێکەوت نیە ) کە بەلای ستەم لێکراوەکانەوە ئەدەب شتێکی گران بێت و لێی تێ نەگەن . چونکە ئەدەب جگە لەوە چیان پێ بلێت ( بەچاو پۆشین لەو تێ نەگەیشتنەیان ) کە: ئەوان میللەتە دواکەوتووەکانن و نابێت وا بن .

بەم جۆرە ، بەبیری من ئەدەب نەك هەر دژی ئازادی

مرۆڤ نیە ، بەڵکە وەك هونەر ئەو شتەیە کە چەمك و مەفهومی حەقیقی دەبەخشێتە ئازادی .

بەڵێ ، ئەدەبیات ، ئەدەبیات وەك هونەرێك ، دەتوانێت چەندین کار بکات : دەتوانێت مرۆڤ بهێنێتە بوونەوە . هەر لەبەر ئەوەشە ئەگەر بەردەوام ( بوونی) خۆی نەپێنێ و ئامادە نەبێت ، ئەوا پێتان دەڵێم کە بوونی وڵاتە دواکەوتوەکان سیاسەت ، زیان و مەرگ هیچ بەهایەکیان نابێت .

## سەرچاوەکان

وظیفه ادبیات ـ ترجمه و تدوین ابوالحسن نجفی ـ کتاب زمان چاپ اول ٢٥٣٦٤ .

## پەراوێزەکان

١ـ ساڵی ١٩٦٣ لە شاری لینینگراد ، بەهەوڵی نووسەرانی ئەوروپا و دەعوەتی " یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەت " دیدارێك سازدرا بۆ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لەسەر " ئەدەب و واقیع " . ساڵێك لەوەدوا بەدەعوەتی ڕۆژنامەی کلارتە دیدارێکی دی بۆ گفتوگۆ لەسەر " ئەدەبیات چی پێدەکرێ ؟ " سازکرا . دیداری سێیەم هەر لەو سەردەمەدا لەشاری لاهێتی فنلەندە سازدرا و دەربارەی " ئەدەب و سیاسەت " بوو .

لەم دیدارانەدا کۆمەڵێکی زۆر لە نووسەرانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەشداربوون و لەو کاتەوە مشت و مڕێکی زۆر لەسەر ئەم مەسەلانە دەکرێن ، ڕاستیەکەی هەموو ئەو گفتوگۆیانەش بەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی سارتەر دا ـ " ئەدەب چیە ؟ " سەریان هەڵدا .

ئەم ووتارەی ئێستا لەبەردەستاندایە لەدیداری دووەمدا خوێنراوەتەوە و وەرگێڕی بەتوانای ئێرانیش ابوالحسنی نەجەفی سەراپای ووتارەکانی هەر سێ دیدارەکەی لە کتێبێکی قەوارە گەورەدا کۆکردۆتەوە و بڵاوی کردونەتەوە . ئێمەش هەر لەم کتێبەوە ئەم ووتارەمان وەرگێراوە .

لەڕاستیدا دیداری دووەم تەواوکەرو درێژەی باسەکانی دیداری یەکەمە . ئەمە جگە لەوەی ئەم دیدارە لەڕووی سیاسیەوە نیشاندەری کۆتایی هاتنی سەردەمێك بوو کە جیهانی تێدا ئەکرا بە دوو

هەواڵنامەی کتێب

بەشی سەرەکیەوە : خێرو شەڕ و زۆر بەناسانی ناکامیان وەردەگرت : یان لەگەڵ ئێمەیە یان لە دژمانە . ئەم دیدارە لە سەردەمێکدا سازدرا کاتی ئەوەش هاتبوو مارکسیزم چاو بە تێڕوانینەکانیدا سەبارەت بە ئەدەب و هونەر بگێڕێتەوە کە ستالینیەت و جدانۆڤیەت زاڵ ببوون بەسەریدا ." ئیوبونێ " سەر نووسەری ڕۆژنامەی کلارتە لەکردنەوەی دیدارەکەدا گوتی : " هەموو باش دەزانین تا ماوەیەك لەمەوپێش هونەر لە ئایدیۆلۆژیدا و ئایدیۆلۆژیەتیش لە سیاسەتدا دەبینرایەوە .... سەردەمی ستالین و لاسایی کەرەوەکەی ( جدانۆڤ ) ، لە بیرەوەری هەر کامێکماندایە ، پێویست ناکات بڵێین ئیدی ئێمە ئەو سەردەمەمان ناوێت و لاوەکانیشمان بەهەمان جۆر ... ئێمە ڕێمان لە مەسەلە چارەسەر نەکراوەکان نابێتەوە و ئارەزوشمان ئەوە نیە بیرورا جیاوازەکان ئاشت بکەینەوە .. تەنیا ئومێدمان ئەوەیە بناغەی گفتوگۆ ڕاستەقینەکان دابنرێت و ئەمەش سەرەتای کاربێت ، ... بەلای ئێمەوە ئەدەب سەرخانێك نیە کە دەبێت بەزۆر پاشکۆی ئامانجە سیاسیەکان بێت .. ئێمە بڕوامان بەسەربەخۆیی هونەر هەیە و ڕێز لەو سەربەخۆییە دەگرین ... ".
« بە وەرگرتن لە پێشەکی وەرگێڕی فارسیەوە » .

٢ـ ڕۆلان بارت : یەکێك لە گەورەترین ڕەخنەگرو خاوەن بیروڕاکانی ئەم سەردەمەی فەرانسە ساڵی ١٩١٥ لە فەرانسە لەدایك بووە . ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کرد . یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی " ستروکتورالیزم ـ بونیەویەت " و لە بناغە دارێژانی " ڕەخنەی نوێ " یە .
٣ـ لەبەر ئەوەی بەشی یەکەمی وشەی ( فلۆرانس ) ، واتە ( فلۆر ، گوڵ ) لەگەڵ وشەی ( Fleuve = زێ ) لەیەکچوونیان تێدا بەدی دەکرێ .

٤ـ لەبەر ئەوەی بەشی ناوەڕاستی وشەکە واتە ( or ) بەمانای ئاڵتوون دێت .
٥ ـ لەبەر ئەوەی بەشی دوایی وشەکە واتە ( رانس ) لەگەڵ وشەی ( دیسانس = décence داوێن پاکی ، شەرمنی ، پاك وخاوێن ) نزیکی " مور " ی هەیە و لەهەمان کاتیشدا دەبێتە قافیەی .
٦ـ یەکێکە لە ڕۆمانەکانی سارتەر ، ساڵی ١٩٣٨ بڵاوبۆتەوە .

هۆنراوە

# دوو هۆنراوە:

حەمە سەعید حەسەن

## ١ مەترسییەکی مەزن

لێت پرسی بووم:
کەی دێمەوە ؟
وای بۆ چوو بووی
من هەرگیز ناگەڕێمەوە .
نە ، شەوانە
بە ئازاری دوورییەوە ئەتلێمەوە .
لەم دوورەوە
ترسێکی وا سەراپای گیانی داگرتووم
وەك ئەو ترسەی :
دۆزەخە ڕاستەقینەکە
خستیە دڵی کارگەرانی
ئەوتی دەریای باکوورەوە
وەك ئەو ترسەی :
چاوی " کانیی قولکە " ی کوێر کرد
بڕچی " باخی میر " ی ڕنی
" زێوە " ی فڕێدایە گەرووی تەنوورەوە .
وەك ئەو ترسەی :
نێوان " گۆیژە " و " گڵە زەردە " ی داگرتووە .
کۆنە هەواری دڵگیری
زین و خەج و
عەنبەر خاتوون و حەبیبەی داگرتووە .

ڕۆحی دیجلەی داگرتووە .
ترسێکی وا سەراپای گیانی داگرتووم .
ئەترسم بێمەوە بەڵام
چاوی تینووم
لێوی تەنێ
بە سەرچاوەی دیدارتەوە
کەس ناونیشانت نەزانێ
تا نەشتوانم بە خور بگریم
بە دیار کێلی مەزارتەوە .
ئاخ ئەو کاتە
چۆن بارانی فرمێسکم خۆش ئەکاتەوە؟
کێ سەبووریم ئەداتەوە؟
کێ وەکو تۆ
لە بریاسکەی دڵۆپەیا
سەدان هەواڵی بچووکی بۆ هەڵگرتووم؟
کێ وەکو تۆ
ئاڤگەی ئەوینی پیرۆزی
ڕژاندۆتە ناو خوێنمەوە؟
شیعری خەمناکی دیوانی
بە ئەشکی دووری نووسراوەم
دوای تۆ بۆ کێ بخوێنمەوە؟
زۆر ئەترسم
بێمەوە و چاوەڕێم نەبی
ئەوسا منی وێڵ و نامۆی
ئەم جیهانە بیابانە
هەواڵت لە کێ بپرسم؟
زۆر ئەترسم .
ترسێکی وا سەراپای گیانی داگرتووم
مەگەر تەنیا خۆم بزانم
دوای تۆ چەن لێڵە داهاتووم؟! ...



هەرزانامەی کتێب

# 2 چەند پرسیارێکی ئاسان

کام وڵاتە ،
وەک کوردستان ، ڕەنگینە ؟
کام شاعیرە ،
وەک گۆران زار شیرینە ؟
ئاوی کانیاوی کام دەفەرە ،
وەک ئاوی کانیی کوردستان ، ڕەوانە ؟
دایکی کام گەل ،
وەک دایکی کورد ،
دڵسۆز و میهرەبانە ؟
بەفری کوێ وەک ،
بەفری ئاسۆس ، خاوێنە ؟
کام ئافرەت وەک
ژنە کورد پاک داوێنە ؟
کام دڵدارە ،
ئەوەندەی مەم جوامێرە ؟
کام قارەمان ،
وەک پێشمەرگە دلێرە ؟

* * *

کام زمانە ،
هێندەی کوردی ، دەوڵەمەندە ؟
منداڵی کوێ ، وەکو منداڵی کوردستان
ژیکەڵەیە و لێو بە خەندە ؟
کرێکاری کام وڵاتە ،
وەکو پرۆلیتاری کورد ،
بۆ ڕاپەڕین ، بە پەرۆشە ؟
بۆرژوای کام نەتەوەیە ،
نیو ئەوەندەی بۆرژوای کورد ،
گەردن کەچ و خۆ فرۆشە ؟

١١ ی تەمووزی ١٩٨٨

کورتە
چیرۆك

# ڕێگایەکی تر بۆ عەشق

## ئـــارام

بەداخەوە ·

نازەنین بەداخەوە ·· چۆن بوو پێم نەزانی؟ چۆنی لێهاردمەوە نازانم! هەر دەبوایە هەستی پێ بکەم ·· وەك هەست کـــردن بەسـوتان ·· بە عەشق و غوربەتی و باران ·· وای دەزانی گـــەر پێم بلێیت بە ناخی زەویدا ڕۆدەچم ·· ئیتر نایەمــــە دەرەوە و هێدی هێدی لەناو خۆمدا شی دەبمەوە ·· یان شێت دەبـــم و وەك پوشێکی بەردەمی ( با ) بەرەو شار دەگەڕێمەوە ·· لە ڕێـگا یان لایەکی دی دەگیرێم و وەك هەزاران دەفەوتێم ·

بۆ دوا جار کە دایکم پێی گوتم وەك بەیکەرێك جولەم نەکرد و چەقیم ·· ماتیەکی بێ سنور دایگرتم ·· هەواڵەکـە وەك گەلایەکی زەرد بەربوەوە و کەوتە سەر زەوی هەستم ·· کردمیـە بەردێکی زیندو ·· وێنەیەکی دیواری بە ئاستەم خۆڕاگرتـــو ·· وردە وردە ئەژنۆم شل بوو ·· لەسەر زەوییەکە بە کـــزی دانیشتم ·· لەحاڵی بیرکردنەوە و دوو دڵێنا کپ بووم ·· بـــەڵام خۆشیەکی ون گەمارۆی دام ·· پڕ بوو لە حەزو سەرشێتی و ترس و ئارەزوو · ئێستاکە نازەنین وەك ئەمام لە دڵمدا گـــەورە و گەورەتر بوویت ·· بەڵام بۆچی بەدایکمت گوتـبوو جارێ پـــێی مەڵێ ·· ئەویش بە گوێی کردیت و هەواڵەکەی تا ئیمڕۆ لێ ون کردم وەك ون بونی ئاو لەناو لم ·

هەمیشە بەدایکم دەگوت ( نازەنین چون نامـــــەی نەناردوە ) ؟ ·

دەمبینی مات دەبوو ·· ڕەنگی دەگۆڕا ·· قـــەی دەهێنا و قسەی دەبرد ·· دەمی وەك ڕەنگەکانی وێنەیەکی منداڵ

تێکەڵ و پێکەڵ دەبوو .. دایکی خۆمە و باشی دەناسم . ( کوڕم دەیگوت لەبەر سەرقاڵی دەستم قەڵەم ناگرێت ) .. مانای چی دەستی قەڵەم ناگرێت ؟ ئەم تەلیسمەم بۆ نەدەکرایەوە .. بە مێشکمدا نەدەچوو نازەنین ! بڕوام نەدەکرد لەم تەنیاییە .. لەم فیراریبە .. وا بە ئاسانی دەستم لێ بەربدەیت .. خۆت چاك دەزانیت چوار ساڵە لەم دیبەدام .. لەو ڕۆژەوەی لە سەربازی هەڵهاتووم .. بەنامەکانی تۆ هەناسەم ناوەر زیادم .. ئێستا بۆم دەرکەوت چەند دەگمەنیت .. بۆ ئەم زیانە ئاڵۆزەی من چەند گرنگیت .. من بەختیارم .

ناحەقم مەگرە نازەنین ! بێ نامەیت جەنگەڵێك بوو .. منیش پەست و نا بەڵەد .. ڕێگای دەرباز بوونم لێ تێك چوو .. لەو ساتانەدا جۆرە سڵ کردنەوەیەك ناخمی دەشڵەقاند .. بیرکردنەوەمی سواری ئەسپێکی ڕەش دەکرد .. بەرە و شیو و دۆڵی شێت بونی دەبردم .

ئەی خۆت نەبویت هەمیشە پێت دەگوتم ( بێ نامەت ناکەم ، مەگەر بچمە ژێر خاك ) .

دور لە تۆ نازەنین دور لە تۆ .. بەڵام من چوبومە ژێر خاك .. هەر خۆیشم زێوانی گۆڕی خۆم بودم .

چی دیم بۆ دەکرا .. تینوو بووم .. تامەزرۆ بووم .. وەك تامەزرۆیی مرۆڤەکانی سەر ئەم زەمینە بۆ سەربەستی .. وەك باڵندە بۆ هێلانە .. سەرخۆشەکانیش بۆ پتر مەستی .

کە دایکم دەهات بۆ لام و نامەیەکی تۆی بۆ دەهێنام .. وەك منداڵ پێدەکەنیم و دەگریام .. دەمویست لەشوێنی خۆم بەرز ببمەوە و بفڕم .. لەو ساتانەدا نازەنین حەسودیم بەو باڵندانەی ئاسمان دەبرد .. حەزم دەکرد وەك ئەوان بم .. ئەوسا لە شەقەی باڵم دەدا و دەهاتمەوە بۆ شار .. بەناو کوچە و شەقامەکاندا سوڕێکم دەخوارد .. لە دواییدا دەهاتمەوە سەربانی ماڵی ئێوەو تۆم دەبینی .. لەو کاتەدا گەر باڵێنم بشکایە پێم خۆش بوو .. دەکەوتمەوە سەر سەربان .

کوڕم ! باڵ نەگریت .. نا دایە گیان مەترسە .

بێ نامەیت گەیشتە چوار مانگ و پێنج مانگ دەنگم نەکرد .. دایکمیش هەموو مانگێ جارێك دەهات بۆ لام .. هەندێك زەخیرە و چەند نامەیەکی هاورێکانمی بۆ دەهێنام .. وەك هەناسەیەکی تازە خۆی دەکرد بەناو ژوورە تەنیاییەکەمدا هەڵوەتە زەش داگەراوەکەی پڕ دەکردم لە باڵندەی ڕەنگاورەنگی

پێکەنین و سۆز و دڵنیایی .. لقی ووشکی درەختی غوربەتیمی دەسووتاند .. دڵی ئاخن دەکردم لە هەواڵێ ناو شار .. هەواڵی شەڕ و گرتن و لێدان و کوشتار .. نامەکانم وەك شتێکی برسی دەپشکنی .. نامەی تۆم بەرچاو نەدەکەوت .. وەك ( گەرمی پێو ) دەهاتمەوە سەر سفر و ڕوحم دەیبەست .. بڕستم لێ دەبڕا .. بەرچاوم تاریك دەبوو .. هەتا جارێکیان وەك کێشوەری تورەیی لە ناخی خۆمدا تەقیمەوە .. دایکم هەستی پێ کردم .. خۆی نەگرت .. باوەشی کرد بەسەرمدا و تێر گریا . ( دایە گیان بەڕاستی پێم بڵێ من زۆر ماندوم ) . ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد . ( کوڕی شیرینیم ! بۆیە نامەی نەناردوە لە خۆپیشاندانێکدا کێبڵ بەردەستی ڕاستی کەوتوە و دوو سێ پەنجەی لەجێ چوون ) .

تەنها ئەمەندەی پێ گوتم .. هەستم بەسەربەرزیی و گەورەیت کرد .. بەدڵمدا وا هات تا ئێستاکەش دەستت لێ بەرنەداوم .. هەستم کرد لەدڵی تۆدا هەر ماوم .. ئیدی چاوەڕوان بووم .. چاوەڕوان .. دەستت چاك بێتەوە و نامەیەکم بۆ بنوسیت .. لەم تونێلی تەنیاییەم دەربهێنیت .. بەرگی خۆزگە .. بەرگی تاسە بکەیتە بەرم .

دایە گیان! نازەنین چۆنە ؟ کوڕم هەر وەکو خۆیەتی .

بێدەنگیت خل بوەوە و گەیشتە ساڵێك .. ئاوڕێکی ووردم لە تەمەنی خۆم و بێ نامەیت دایەوە .. ترسام .. زۆر ترسام .. نەوەکو شتی تر ڕوی دابێت و دایکم پێم نەڵێت و لێم بشارێتەوە .. ( بێ نامەت ناکەم مەگەر بچمە ژێر خاك ) .. جارێکی دی ڕەشبینی ئابلۆقەی دامەوە .. ئینجا هەستم کرد و بۆم ڕون بوەوە .. چوار ساڵە تەمەنم چەشنی باڵندە دەفڕێت و پێی نازانم .. خەم و ئازاریش چەشنی کێوڵ .. چوار ساڵە لەم دێیەدا وەکو ئاو خۆم دەخۆمەوە .. هەموو شەوێك خەو چەشنی ئەستێرەیەکی کشاو لە چاوانم دور دەکەوێتەوە .. لەنێو جێگاکەمدا تل دەخۆم .. ئەم لا دەکەم .. ئەو لا دەکەم .. بە نیازی بەیانی .. ڕۆژێکی تازە .. ئەو تازەیەی لە کتێبەکاندا زۆرم خوێندونەتەوە .. بەڵام هیچ بەدەستەوە نایەت .. ئەمەندە لەگەڵ شتە غەمگینەکانی نێو ژوورەکەم ژیاوم .. ئەمێستا لێیان بێزارم .. ئەوانیش مۆڕەم لێ دەکەن .. هەست بە تەنیاییەکی قووڵ دەکەم .. قووڵ هێندەی ناخی ئۆقیانوسێکی سەرگەرم .. جار بەجارێك چەشنی لمی بیابانی کاتی ڕەشەبا دەکەومەوە

بەسەرخۆمدا .. نازانم بۆچ لە بێ نامەبتدا .. هەست بە لاوازییەکی گەورە دەکەم .. وەك لاوازی مێرولەی نێو گێژەڵوکە .

تەنها ئێمڕۆ بوم دەرکەوت .. بێدەنگیت سەرچاوەی لە کوێوە دێت .. وەك ئەستێرە لەچ ئاسمانێکی دور لە بیرکردنەوەی مندا لەنگەر دەگرێت ؟ .

( کوڕی شیرینم ! لە خۆپیشاندانەکەدا کێبڵ نەبوو .. دەستڕێژبوو ) .

نازەنین ! ئەی خوای عەشقم .. مانای ئێستا دووسی پەنجەی دەستی ڕاستت چەشنی گول هەڵوەریون .. وەك دەنکە هەنار وەریون .. دەنا بێ نامەم . ناکەیت من دەزانم .

جا کەواتە وەرە بەرنەدەیت نازەنین .. زستانێکی سەخت تێکەوتوین .. وەك شێرە بەفرینە وابە .. بەگەرمای چاوەڕوانی نەتوێینەوە .. گوێ مەدەرێ .. سەردەم سەردەمی پۆلیسە .. سەردەمی دز و پیاو کوژ و ئیبلیسە .. ڕۆژێك دێت ئەم یاسایە تێك بشکێنرێت .. ئەم تەم ومژەی سەردڵ وچاویش نەمێنێت .. ئەم بەردە کەڵەکەبوانەش هەرەس بهێنن .. ئەم کەلاوە چاو سەوزەش بێتە کەژاوە .. ئەوسا من و تۆیش ئەگەر ماین .. بەیەك دەگەین .. لە تەك یەکتردا پڕ بەدڵ سەیری جوانی ئەم دونیایە دەکەین .. سەیری باران و بەفرو زەردەپەڕ و سەوزایی .. گەڵای زەرد و بەستەڵەك و شەختەو کانی .. پەنجەکانمان چەشنی پەت لەیەکتری گرێ دەدەین .. ئەوساش ئەو پەنجە هەڵوەریوانەی تۆیش لەنێو پەنجەکانی مندا نقم دەبن و شوێنەواریان نامێنێت.

جا کەواتە نازەنین ! بەدەستی چەپ نامەیەکم بۆ بنووسە .. ئاوڕشێنی کەلی ئاسە و ئارەزووم بکە .. بمکە بە ڕەنگالەی ئاسمانی سەرو با تێر لەوێ گۆرانی پەلکەزێڕینە بچڕم .. لەو گۆرانیانەی وەك شیعرێکی بەرز .. بزەی منداڵێکی ساوا .. دڵ و دەرونە داخراوەکەم دەکەنەوە و دەیخەنە سەر پشت .

دەی ئیتر بەسە .. بە بێدەنگیت مەمکوژە .. مەمکەرە دار دەستی بیرکردنەوە .. وەك کۆترێك باڵم مەکە .. گوێ مەدەرێ .. بەدەستی چەپ بۆم بنوسە .. لەم زۆنگاوەم بۆ چەند ساتێك دەربهێنە .. بۆ ئاگری مێشك و دەرونم .. نسێیەك بکەرە هاوەڵم .. وەك جاران هانات بۆ دەبەم گوڵم !.. ئاوڕێکم لێ بدەرەوە با شێت نەبم .. ئاگرێك بەر بدەرە ئەو پەرژینە چڕو پڕەی دەوری دەنگ و ڕەنگ و بوونت دەگرێت .. گەر

بزانیت نازەنین بێ نامەیت چۆن سەرە دەزوی خەونە وەنەوشەییەکانم لەدەست دەدات!.. سەرە خولێم پێ دەکات!.. قەت نامەت لێ نەدەبڕیم .

دەی بەدەستی چەپ نامەیەکم بۆ بنووسە .. ئەگەر ئەویشیان وەك دەستی ڕاستی لێ هات.. ( پەنجەی قاچەکانت فێر بکە ) .. گوێ مەدەرێ لەم سەردەمە تاریکەدا .. کە ( سەردەمی کۆلێرایە ) هەر دەبێت ڕێگایەك بۆ عەشق بدۆزینەوە.

نازەنین!

حیکایەتەکانی دەرونە ئاڵۆزەکەی من تەواو نابن .. وەك چەند ڕووبارێکی بەخوڕی ڕاونراو .. بەیەك دەگەن و گەورە دەبن و دەبنە دەریا و تەواو نابن .. بەفر و بارانن هەر دەبارێن .. هەر دەبارێن و تەواو نابن .

مایس ـ ۱۹۸۸

□□□

# مەڵبەندەکەی لە مەر ئێمە

لەم ماوەیەدا دیوانێکی شیعری شاعیری لاوی کورد ڕەزا حەمە فەرەج لەژێر ناونیشانی " مەڵبەندەکەی لە مەر ئێمە " دا بلاوبووە . ئەوەی شایانی باسە ئەو دیوانە کۆمەڵێك شیعری گرتۆتە خۆی کە لەوەو بەر لە گۆڤارە کوردیەکانی ناوەوە ودەرەوەی وڵات دا بلاوکراونەتەوە یاخود لە کۆڕ و ئاهەنگە کوردیەکاندا بەزمانی کوردی یاخود ئەڵمانی خوێندراونەتەوە . بۆ دەستکەوتنی ژمارەیەك لەو دیوانە دەتوانن پەیوەندی بە " یەکگرتن "وەبکەن .

هەواڵنامەی کتێب

کورتە چیرۆك

# دوکەڵ[٧]

س.پەرۆش

ساڵی شەشەم ئامێزێکی سارد و سڕ و شالاوهێنەر بوو . ئەم مەڵبەندەشی لە خۆی گرت .. ڕاچڵەکی و لە خۆی ڕوانی .. جەنگە! ئەو دێوە هەزار سەرەی بەدان بە بوونی "خوا" ئەدا ناهێنێ! جەنگە، وەك ئەوەی کتێبەکانی مێژوو باسی دەکەن .. ئەو جەنگەی دەبێتە هۆی شێواندنی بنەمای گشت پەیوەندیەکان ، پەیوەندی نێوان باوك و کوڕ ، نێوان دایك و باوك ، نێوان ژیان و مەرگ و خۆشەویستی و تەنانەت ئادەمیزاد و ئاژەڵیش!..

- هەڵکەنە حەسەن هێشتا زۆری ماوە ..

- بڵێی شاخمان لەڕێدا نەبێ !؟

وەك بڵێ : "گودۆ دێت ؟!"

بە دەسرەکەی عارەقی نێوچەوانی سڕی و تاوی دایە قولنگەکەی ، ئەمجارەیان بەگوڕتر دەیوەشاند ، دەتگوت بەدەسرەکەدا شلێری کەوتۆتەوە یاد .

( "جا هەرگیز تۆم لەیاد دەچێت ؟"

"حەسەن ، پیاو سەرەڕۆن ، بەرچاوتەنگن" .

"ئەی پەیمان و نهێنیەکان .. شلێر ؟"

دەستی بە باخەڵیدا کرد : "ئەی ئەم دەسرە ؟" .

ئەو تەنیا لەژێر لێویەوە بزەیەك گرتی و سەری داخست.)

- لاچۆ ، با گڵەکە دەردەم .

ڕۆژێکی کۆتایی زستان بوو . یەکێك بوو لەو ڕۆژانەی سرووشت باوەش بۆ دەنگەکان دەکاتەوە و گووڕ و تینیان پێ دەبەخشێ ، لوتکەکان دەست دەکەنە ئامە گۆڕینەوە و هەورەکان سپی دەچنەوە . ڕۆژێك لەوانەی ئاسمان هیچ شتێکی لەدەرونیدا بۆ حەشار

نە ئەدرا ، تەنانەت نەشی دەتوانی ئەو فڕۆکە جەنگیانە بنارێتەوە کەپاش خاپورکردنی ناوچەیەك دەگەڕانەوە و پەنایان بۆ دەبـــرد. ئاسمان جێی هەموو شتێکی تێدا نابێتەوە .

– ئەم بەردە چۆن هەڵکەنین ؟

– ئاسانە . بەرکەندی دەکەین .

سەر قۆڵەکانی هەڵمالێن و قوبچەی سەرەوەی کراسەکەی کردەوە.

– هەه . دنگ ..... هەه . دنگ ..... هە ...

وای هەست دەکرد ، قوڵنگەکەی فەرهادی بەدەستەوەیە و ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە شیرین دێت بۆلای . هەر تائێرەی ئەو داستانەشی بە دڵ بوو ، چونکە نە هێندە شیرینەکەی بە فەرامۆشکار دەزانیو نە خۆشی هێندە خۆش بڕوا بوو . لەبەر ئەوە داستانی ئەمـــان کەسایەتی پیرێژنی تێدا نەبوو .

– ئەوا هات !

– خۆتان مت کەن .. ڕاکەنە شیوەکەوە ! دەی خێرا ...

لەبەردەمی حەشارگەکەدا ، ڕەپە و ڕوو خۆی ڕاکێشابـــوو ، دەستێکی کردبوو بە سەرین و بە دەستی ڕاستیشی لەژێر دڵیەوە توند دەمڕەکەی گوشیبوو .

* * * * * * *

« پالمێ » ی سەرۆك وەزیرانی سوید دوێنێ کوژرا . ڕادیۆی لەندەن لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵەدا ، کورتەیەکی ژیـــان و خەباتی پالمێیشی خوێندەوە ، بەڵام نەزانرا کێ کوشتی . مەرگی پالمێ زۆر وێنەی جۆراوجۆری لەبیری خەڵکدا نەخشاند . واچاوەڕێ دەکرا پۆلیسی سویدی بەتوندوتیژی بە دوی ئەم ڕودا وەدا بگەڕێ . تەلەفزیون وێنەیەکی بەم جۆرەی پالمێی نیشاندا : پیاوێکی ئاسایی لەسەر شەقامێکی گشتی لەسەر سك کەوتبوو ، دەستێکی ژێر ناوچەوانی دابوو ، دەستی ڕاستیشی ژێر دڵی ، جۆگەلەیەکی باریکی خوێن لە داوێنیەوە دوو بست ڕۆیشتبوو پاشان مەیبوو .

بزەیەك گرتی و ئەو وێنەیەی هاتەوە یاد . کەس نازانی کێ ئەمانیش لەناو دەبا .. گرنگ ئەوەیە لەناو دەچن ، بەڵام کێ و بۆچی ؟ کەس نازانێت . بۆ ئەوەی دڵنیا بێت دەمڕەکەی لێ نەکەوتووە هەرچی هێزی بوو لە پێنج پەنجەکانی دەستە ڕاستیدا کۆی کردەوە و دەمڕەکەی گوشی :

( « هەست بەچی دەکەی ؟ » ،

« بەلێدانی دڵت ؟ » ،

« خۆ لەدڵما نیت ؟ » ،

هەواڵنامەی کتێب

حەزی نەکرد پێی بلێ ( خۆ دلت نەوەستاوە ؟ ) . لەبری ئەوە هێدی ، هێدی دەستە نەرمەکانی ئەوی ڕەها کردن و گووتی :
" پەنجەکانت شایەدن ! " ) .

* * * * * * *

ـ حە گیان ماندوو نەبویت ؟
ـ شاخێکی ڕەقە .. دەستی تێناکەوێت .
ـ پەلەمان چیەـ ؟ .
( " حەسەن گیان دەبێ پەلەکەین ، دایکم سەری سەگ وگوڵی ئاوایی ئەوەی بەبونی عزمایەتیش بمانگاتێ ، لێم ڕاست دەبنەوە.. هەموویان بەسەر منەوە دەبنە خاوەن بەش !! " )
ـ پەلەکردن لەبەرئەوەی جەنگ ڕووی کردە ئێمە ...
ـ هەە . دنگ .. هەە . دنگ... هەە .. .
ـ ئەمجارەیان بۆ ئێرەیە !
ـ شیوەکە .. حەسەن ڕاکە !

* * * * * * *

مرۆڤ کاتێک بڕوا بەوە دەهێنێ ، جەنگ تۆقێنەرە و بەرژەوەندیە مرۆڤایەتیەکانی سەر زەوی ، نێوان زەوی و ئاسمان ، لەناو دەبات ، ئەو کاتە بیر لەوە دەکاتەوە ، خۆی هەڵکێشێ بۆ ئاسمان ، یان بە ناخی زەویدا ڕۆچێ . مەرگەساتەکەش لەوێوە دەست پێدەکات ، مانەوەی مرۆڤ لەنێوان زەوی و ئاسماندا ...
ـ کەواتە حەسەن گیان هەڵکەنە !
ـ شاخە ، شاخ ، کاتی زۆری دەوێ .
بەلاّم ئەو دەستنیشانی " کات " بۆ کەس ناکات . کەس نازانی لەچ کاتژمێر و ڕۆژ و وەرزێکدا دەبێتە قوربانی . چونکە دژی کاتە . تەنانەت زۆرجار مرۆڤ نازانێت کەی و چۆن جەنگ دەستی پێکرد .
ـ گرنگ ئەوەیە دەست بەردار نەبین و فراوانی کەین ..
ـ بۆ چەند کەس ؟
ـ چوزانم ، بۆ زۆر ...
ـ هەە . دنگ... هەە . دنگ... هەە .

* * * * * * *

کاتێک سەر زەوی پیس بوو ، خوا فەرمانی بە نوح دا کەشتیەک دروست بکات و لە هەموو زیندەوەرێک دوانی تێبها وبێژێ . چونکە کاتی ئەوە هاتووە زەوی پاک بێتەوە لەو ناپاکیانەی تێیدا ڕوودەدەن . با ئەمەیان ناو بنێین جەنگی نێوان خوا و

ئادەمیزادە ناپاکەکان . بە پاك بوونەوەی زەوی لە مرۆڤـە پۆخڵەکان ، جارێکی دی جەنگی نێوان سروشت و ئادەمیزاد دەستی پێکرد ، ئەو جەنگەی بە ملکەچی سرووشت لەبەردەمی مرۆڤدا کۆتایی هات . بەلاّم لەبەرئەوەی کەشتی نوح تۆوی مرۆڤی ناپاکی تیدابوو ، دیسانەوە جەنگ دەستی پێکردەوە ، سێیەم جۆری جەنگ،جەنگی نێوان ئادەمیزادەکان .

سەرێکی راوەشاند و بەدەسرکەی لامل و دەموچاوی خۆی سری . بیری دەکردەوە ، کێ فەرمان بەسەر ئەمدا دەردەکا ، تا حەشارگەی تۆپ و فرۆکە هەڵکەنێت ؟ خوا ، سرووشت ، ترس ، یان ئادەمیزاد ؟ ئایا ئەم حەشارگەیەی ئەم هەڵی دەکەنێت جیاوازی چیە لەگەڵ کەشتی نوحدا ؟ .

( " ئەی من ، شلێر ؟ "

" ئاخر منیش ئەوە دەڵێم ، دەمەوێ هیچمان بەسەر نەیەت .. " )

کەواتە کێشەی مانەوەی مرۆڤە ، تەنیا مانەوەیی و هیچی دی...

ـ هاتەوە !

ـ شیوەکە ... نە. کونەکە... حەسە .... را..کە .. حەسـ

پاش چەند ساتێك دوکەڵ رەویەوە ، ئاسمان پاك وبێگەرد بووەوە ، باڵندەکان دوای چەند ساتێك ، کە دوایین دەنگدانەوەی تەقینی بۆمباکە لەسەرە بچکۆلەکەیاندا رەویەوە ، دەستیانکردەوە بە خوێندن . دەنگیان بەرزکابوو ، دەتگوت هەمور دووکەڵ و تەپو تۆزی بۆمباکەیان هەڵمژیوە ، نەبا لەسەر گەڵای درەختەکان بنیشێتەوە !

حەسەن لەسەرگازی پشت کەوتبوو ، لێوەکانی ووشك بووبوونو هەردوو دەستی بەملاولادا راکیشابوون ، حەزی دەکرد بزانێ دەسرەکەی چی لێهاتووە .. ئازار هەردوو قاچی پێ لوول کرد و دەستی لە گڵەکە گیرکرد .

دووکەڵێکی رەشی باریك وردە وردە لە دەسرەکەوە بەرز دەبووە بۆ ئاسمان .

حەسەن خەوی بینی . لە خەونیدا ئەو دووکەڵە پەنجە نەرمەکانی شلێر بوون بەگژ ئاسماندا دەچوون ! .

١٣ / ٣ / ١٩٨٦

# ڕۆژەمیدیا:
## کاروانێکی ڕۆشنبیریی بەوەج لەکوردستانی تورکیادا

**پ.ف**

گۆڤارەکانی (ڕیا - ئازادی)، (شۆڕشگێڕێن دیموکرات)، (ڕزگاری)، (ڕۆژا وەلات) ... هتد*، چەند ئەستێرەیەکی دیارو درەوشاوەی گرنگن لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی تورکیای پێش کوودەتا سەربازییەکەی ئەیلوولی ١٩٨٠، کە سەرەڕای ئەو سانسۆر و زەبروزەنگ و چەوساندنەوە نەتەوەیی و قرتێ خستنە کەلتوورییەی کە حکوومەتە فاشیەکەی تورکیا دەرهەق بە میللەتی کوردی دەنواند، بەلاّم لەگەلّ ئەوەش، ئەو گۆڤارە ناوبراوانە، ج زۆر ج کەم، وە بە شێوەیەکی ئاشکرا، توانییان لەو قۆناغەدا شوێن پەنجەیەکی دیار بەسەر کەلتووری کوردی جێ بهێلّن و، ڕۆلّی خۆیان لە وریاکردنەوەی خەلّک و پەرەسەندنی هوشیاریی نەتەوەیی کورددا ببینن.

لە دوازدەی ئەیلوولی ١٩٨٠ بەولاوە، واتە وێرای هاتنەسەر حوکمی دام و دەستە سەربازییەکەی "کەنعان ئێڤرین"، چالاکیی ڕۆژنامەگەری کوردی ڕاگیرا. ئەو گۆڤارانە چیتر نەیانتوانی لە کاروانی ڕۆشنبیری و بەخششی خۆیاندا - بە شێوەیەکی ئاشکرا - بەردەوام بن. لەو ڕوەوە تاوەکو ئەمڕۆ، هیچ گۆڤارێکی، بلاّوکراوەیەکی مانگانە یا هەفتانەی ڕۆشنبیری لە کوردستانی تورکیادا بەدی ناکرێ کە ڕێی پێ درابێ، بە شێوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا، کار بکات و تەعبیر لە ویژدان و ڕۆحی میللەتێکی چەوساوە - کە نزیکەی نیوەی ولاّتی تورکیا پێک دەهێنن - بکات.

---

* چوار گۆڤاری ڕۆشنبیری، کە لە سەردەمی پێش کوودەتا سەربازییەکەی دوازدەی ئەیلوولی ١٩٨٠، لە تورکیا، بەزمانی کوردی دەردەچوون. یەکەم چوارەمیان لەلایەن "پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا TURQUI _ KURDISTAN SOCIALISTE PARTIEI دووەمین لەلایەن پارتی "دەدەقە" سێیەمیان لەلایەن ڕێکخراوی "ڕزگاری" یەوە بلاّو دەبوونەوە.

ئەمرۆ، بەرزبوونەوەی ڕادەی هوشیاریی نەتەوەیی و نارەزاییی خەڵك لەلایەك و، ڕادەی پەرەسەندنی چالاکیی سەربازی و ڕێکخراوەیی و سیاسیی پارتە جۆراوجۆرە کوردستانییەکان لە لایەکی ترەوە - لە کوردستانی تورکیادا، گەیشتۆتە قۆناغ و ناوەڕۆکێکی خەملیوی ئەوتۆ کە قەبارەیەکی فیکری و سیاسی و ماتیریالیانەی بەهێز و سەربەخۆی پێك هێناوە؛ ئوقلانەی دووا ڕۆژێکی ڕووناکی پێیە بەرە و ئاسۆی سەربەخۆیی و ئاسوودەیی کورد - لە کوردستانی تورکیا دا.

ئەم ناوەڕۆکی بەرزبوونەوەی هوشیاریی نەتەوەییە، ئەم قەبارە فیکری و سیاسییە خەملیوە، دەتوانرێ لە ڕێگەی گەلێك دیاردەوە، تەنانەت لە هەموو بوارەکانی ژیانی کورد-لە تورکیا دا هەستی پێ بکری: هەر لە مانگرتنی زیندانییە سیاسییەکانی دیاربەکر و خووتاندنی پۆلە ژنە کوردەکانی بەردەم سەرای دیاربەکرەوە بگرە* ... تا دەگاتە بلاوکردنەوەی گۆفارێکی کەلتووریی کوردیی وەکو "ڕۆژی میدیا".

دان پیانان و ڕێگەدانی حکوومەتی فاشیی تورکیا، لەوەی کە گۆفارێکی مانگانە باسی "مەسەلەی کورد" و گیروگرفتی کورد بکات "لە تورکیادا"؛ دیاردە و نیشانەیەکی گرنگ و ناوێژە و واتادارە.

گۆڤاری "ڕۆژی میدیا" گۆڤارێکی مانگانەی لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیریی کوردی و دەنگوباسی کوردستانە، لە "ئەستەمبۆڵ: لەناوجەرگەی تورکیادا" بەزمانی تورکی، وە بەشێوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا، دەردەچێ.

یەکەمین ژمارەی "ڕۆژی میدیا" لە مانگی نیسانی ١٩٨٨، دووەمین ژمارەی لە مانگی مایس، سێ یەمینیشی لە مانگی حوزەیران دا - واتە بەشێوەیەکی مانگانەی ڕێك و بەردەوام - بلاوبۆتەوە.

ئەگەر چاوێك بە پێشەکی و سەروتارەکانی ئەو سێ ژمارە کۆرپەیەدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ: حکوومەتی فاشیی

* مانگرتن و تێکۆشانی زیندانییە سیاسییە کوردەکانی "دیاربەکر" لە ڕۆژی ١٩٨٨/٢/١٦ دەستی پێ کرد، وە لە ڕۆژی ٨٨/٢/١٩ حکوومەتی فاشیی تورکیا بەشێك لە داخوازییەکانیانی جێبەجێ کرد. جێی سەرنجە: لە یەکەمین ڕۆژی مانگرتنەکەدا - پۆلە ژنێکی کەسوکاری زیندانییەکان، بۆ نارەزایی دەربڕین لە هەمبەر زوڵم و زۆری ڕژێمی فاشیی تورکیا، لە بەردەرگی سەرای دیاربەکر ئاگریان بەردایە خۆیان. "بڕوانە گۆڤاری - بەربانگ - ژمارە حەوت ١٨٨".

تورکیا ، سەرەڕای ئەوەی کە لەترسی نارەزایی خەڵک و شۆڕشگێڕان ڕێگەی بەدەرچوونی ئەو گۆڤارە داوە ، بەلام لەگەڵ ئەوەش دووای دەرچوونی هەر ژمارەیەك ( سەبارەت بەوەی ئەو گۆڤارە چاونەترسانە دژ بە دیموکراتیەتی بۆرژوازیانەی تورکیا و لە بەرژەوەندیی چەوساوانی گەلی کورد تێ دەکۆشێ ) چ لە ڕێگای بڕۆپاگاندە و ڕێکلامەوە ، چ لەڕێگای پۆلیسی و زەبر و زەنگ و ئۆفیسەوە ، ویستوویەتی ناوەڕۆك و ناوی ئەو گۆڤارە سووك بکات ، وەیان تەگەرە و کۆسپ بخاتە ڕێگای دەرچونییەوەو بە تەواوەتی پەکی بخات و ڕایبگرێ .

سەرنووسەری ڕەسمیی ئەو گۆڤارە ، یەکێکە لە ڕۆشنبیرە کوردە پێشکەوتوو خوازەکانی تورکیا ( جەمال ئۆزچلیك - CEMAL ÖZÇELİK ) . بەلام هەڵبەتا دیارە - وەکو ئەوەی لە سەروتاری ژمارەی یەکی گۆڤارەکەدا دەردەکەوی : وێڕای سەرنووسەر ، چەندین نووسەر و ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕی تر ، لە شێوەی گرووپ و دەستەو تاقمی فیکری ، سیاسی ، ئەدەبی .. ڕۆڵ لە دەرکردن و بلاوکردنەوەی گۆڤارەکەدا دەبینن ، لەوانە : ( سەردار شەرەفخان ) ، ( حسێن سیزگین ) ، ( فەیزی بێلگە هـ ) ، ( جان گولشەن ئۆغلۆو ) ، ( هێلین پوورچەقەر ) .... هتد .

هەر هەموو ئەو نووسەرانەی لە گۆڤارەکەدا - بەزمانی تورکی - دەنووسن و وتار بلاودەکەنەوە : کوردن ، شۆڕشگێڕ و مولتەزیم و دیموکراتن ، ئەمە جگە لەو ڕەوتە کوردستانی یەی کە لەبەشی هەرەزوری وتار و لێکۆلینەوەکاندا بەدی دەکرێ .

کەواتە بلاوبوونەوەی ئەو گۆڤارە کەلتوورییە کوردییە - لە تورکیا ، ڕێککەوتێك نیە ، بەلکو ئاکامی ویستو خواست و هەوڵ و کۆششی ئامانجکارانە و شۆڕشگێڕانەی دەستەو تاقمێکی ڕوشنبیرانی کوردە - لە تورکیا ، وە خاوەن تەختەو پلانێکی درێژخایەن و شێلگیرانەیە ، لەپێناو پەرەپێ سەندنی هوشیاریی خەلك و بەرەوپێشەوەبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد .

" ڕۆژی میدیا " لە سەروتاری یەکەمین ژمارەی خۆیدا ، بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی " لێکۆلینەوەیی " کوردستانیە ، پەیرەوی پرۆگرام و بیری سۆسیالیستی زانستیانە دەکا ، کەمپی " ئۆردووگای " سۆسیالیستی و ولاتە سۆسیالیستەکان ، وە لەسەرووی هەموویانەوە ( سۆڤیەت ) بە پشتیوانی خۆی و گەلانی چەوساوە دەزانێ ، هاوئاوات وهاودەنگی

هەموو بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازن ، پالْپشتی جوولانەوەی پرۆلیتاری دەکەن لە جیهان دا ... وە بە شێوەیەکی هەلْبوێردراو پەنجەنومای پێویستیی یەکگرتن و هاوکاری کردنی نێوان حزب و تاقمە سیاسی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکانیان کردووە - لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان دا ، وە ئامادەیی خۆیان نیشان داوە بۆ هاوکاری کردن ، بلاْوکردنەوەی نووسین و وتاری هەموو نووسەر و دەستە و تاقم و حزبێک .

گرنگی و بایەخی ئەم گۆڤارە - وێڕای لێکۆلْینەوە تیۆرییە قوولْەکان - لەم سێ خالْەدا خۆی دەخاتە ڕوو :

١ - کوردستانی بوونی ڕەوت و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە :

لە ژمارەی یەکی گۆڤارەکەدا ، دوو لێکۆلْینەوەی بە پەلوپۆی گرنگ ، لە بارەی مەترسیی جەنگی عێراق و ئێران بەسەر کوردستانی باشووردا خراوەتە ڕوو . هەروەها لە ژمارە دوو دا لێکۆلْینەوەیەکی گرنگی چوار لاپەڕەیی بۆ خەباتی چەکدارانی گەلی کورد و شی کردنەوەی سەرتاسەری پارتە سیاسییە جۆراو جۆرەکانی کوردستانی عێراق و ئێران تەرخان کراوە ، هەروەها دیسانەوە لە ژمارە سێ دا دوو وتار لە بارەی دۆخی ئێستای بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە کوردستانی باشووردا " لە عێراق و ئێران " خراوەتە ڕوو . وێڕای چەندین هەوالْ و دەنگوباسی هاوسەردەمی دیکە و لێکۆلْینەوەی گرنگی تر لەبارەی " کوردستانی باشوور " ...

لەم لێکۆلْینەوە و وتارانەدا ، بایەخێکی تایبەتی و ئامانجکارانە دراوەتە مەسەلەی پەیوەندیی ڕیشەیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد - لە کوردستانی باشووردا بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد - لە تورکیا دا : چارەنووسی هاوبەشی نێوانیان و ، پێویستیی هاوکاری یەکتر کردنیان!

لەلایەکی ترەوە ، بەهەمان ئاوات و لەهەمان ڕوانگەی فیکرییەوە ، لە ژمارە (٢) و (٣) دا ژیان و فیکر و چەندین پارچە شیعری شاعیران ( شێرکۆ بێکەس ) و ( عەبدوللا پەشێو ) بەزمانی تورکی بلاْوکراوەتەوە .

٢- گرێدراویی گۆڤارەکە بە تێکۆشانی جەماوەر و گیروگرفتە قوولْ و پڕ سوێ و هاوسەردەکانی میللەت :

لەم ڕووەوە ، لە هەر سێ ژمارەکەدا ، زیاتر لە هەژدە وتار و لێکۆلْینەوە بۆ گیروگرفتە سیاسییەکانی خەلْکی چەوساوەی

کورد و تەنگوچەڵەمەکانی تێکۆشانی سیاسیی شۆڕشگێرانی کورد تەرخان کراوە ، بۆ نموونە : ( ١٢ی ئەیلوولی خەڵك لە سیاسەت دوورخستنەوە و پێویستیی تێکۆشانی ئایدیۆلۆجی ) ، ( لە بارەی هێزە دیموکراتیەکان و ڕووانینێکی سۆسیالیستانە )، ( بارودۆخی خوێندکارانی کورد ـ لە تورکیا ) .. لە ژمارە ( ١ )ی گۆڤارەکەدا . سی وتار لەبارەی مانگرتن و تێکۆشانی گەنجەکان دژ بە ڕژێم و هەڵوێستی چاپەمەنیە ڕاستڕەوەکان ـ لە تورکیا ، داواکردنی دیفاع لە خۆکردنی شۆڕشگێڕە کوردەکان لە دادگا سیاسیەکانی تورکیا بەزمانی کوردی ، قەیرانی حزبی دەسەلاتداری تورکیا ، قەتلوعامی هەڵەبجە ، مانگرتنی کرێکاران ، بارودۆخی نووسەران ..... هتد » لە ژمارە ٢ و ٣ ی گۆڤارەکەدا .

٣ـ پاراستن و پێشچاوخستن و ناساندنی کەلتوور و ئەدەب و زمان و مێژووی نەتەوەیی کورد ، دیاریکردن و داڕشتنەوە و بەپێزکردنی سنووری ناسنامەی نەتەوەییانەی کورد ـ لە تورکیادا . ئەمەش لەرێگەی بلاوکردنەوەی چەندین تێکست و لێکۆڵینەوەی بە برشت لەبارەی زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری و هونەر و کولتوور و مێژووی کورد ـ لە هەر یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا .

ئێمە لەکاتێکدا پیرۆزبایی لە سەرکەوتنەکانی ئەو گۆڤارە ئەمەکدار و سەرازایە دەکەین ، هیواداریین لە کاروانی خزمەتکردن و بەئەستەکانی خۆیدا ، هەمیشە بەردەوام بێت و هەنگاوی تازەتر و بەزەبرتر بەرەو پێشەوە بنێت ...

ناونیشانی گۆڤارەکە ـ لە ئەستەمبول ، ئەمەیە :

ISIK SOKAK ISIK HAN
NO : 33 SULTANAHMAT / ISTANBUL
P BOX : 1043 TURQUIE

فەرەنسا : ٩٨٨/٨

هەواڵنامەی کتێب

دوا لاپەڕە

# هونەری ترسناک

**ئەحمەدی مەلا**

یەکێك لە خەسڵەتەکانی هونەر ئەوەیە : ترسناك بێت ! بەڵێ ترسناك ! گوێی مەنگ بشڵەقێنێ ، پرسیارمان ئاراستە بکات ، تووشی گومانمان بکات . هونەر ترسناکە بۆ بەرژەوەندی لایەنێك ، ئایدیۆلۆژییەك ، ئاینێکی دەسەڵاتدار ، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە گشت ئەم لایەن و ئاقمانە لەبەرەبەیانی مێژووەوە بە چاکی دەرکیان بەترسناکی هونەر کردووە ، جا یان فاتیان بۆ ناوەتەوە یان ویستوویانە کەوی بکەن .

ئەوەتا پێغەمبەر دەبینین دەستی میهرەبانی خۆی بەسەر شانی " حەسانی کوڕی سابیت " دا دەهێنێ و ئافەریم ئافەریمێتی ، چونکە " حەسان " بۆ بستێکیش لە جەستەی پێغەمبەر دوور نەدەکەوتەوە ( پێغەمبەر لەو کاتەدا " الشعراء یتبعهم الغاون " ی لەبیر دەکرد ) .

دامودەزگا ستالینییەکانیش هونەری ترسناکیان ڕاونا ، لە سنووری سیاسی خۆیانیان دوورخستەوە ، وایان دەزانی ئیتر ببڕای ببڕای گەڕانەوەیان بۆ نییە . ئەوەتا دەبینین تابلۆکانی " شاگال " و فلیمەکانی تارکۆفیسکی و مۆسیقاکانی چایکۆفسکی و چەندان کتێب و فلیمی بەڵگەنامەیی ... هتد جارێکی تر بەزیندوێتی گەڕانەوە بۆ باوەشی کۆمەڵگای مۆسکۆ ، ئەوەش ئەوەی بۆ سەلماندین کە هونەر کۆچ دەکات بەڵام نافەوتێ !

فاشییە نوێیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمیش چاویان لە بابە گەورەکانیان کرد و هونەری ترسناکیان بە هەموو جۆرە ڕێگایەك ڕاونا ، زیندانیان کرد ، ویستیان بیخنکێنن ، بەڵام لەژێر چنگیان خۆی قوتارکرد و لە سوچێکی تری ئەم دونیایە هەڵسایەوە سەر پێی خۆی و چەکەرەی کرد .

هونەری ئیمڕۆ خاوەن پەیامە و نایەوێ خەسڵەتی تایبەتی خۆشی وون بکات ، خۆی لەدامودەزگا ڕەسمی و نارەسمییەکان قوتار دەکات ، چەند بیر لە هەڵتەکاندنی بنەمای ڕۆشنبیریی فاشیزم دەکاتەوە ، ئەوەندەش ئاگادارە نەکەوێتە ژێر ڕکێفی لایەنێکەوە و جارێکی تر لەبزێوی خۆی بکەوێت . چونکە لەئێستا و باروودۆخی ڕۆشنبیریی موعارەزەشدا ، دەمامك لەسەر شتەکان هەڵدەداتەوە و بەرەو دروستکردنی ڕۆشنبیرییەکی سەردەمانە هەنگاو دەنێ ، سەرەرای کۆچ و دەربەدەری و پەرەوازەیی ، بڕوای وایە جارێکی تر بەرەو باوەشی کۆمەڵگای کوردەواری دەگەڕێتەوە .

«پێش ئەوەی یەکگرین، بۆ ئەوەی
یەکگرین، دەبێ بەر لە هەموو
شتێک سنووری نێوانمان بۆ خۆ گرتەوە
و بە روونی و ئاشکرایی دیاری بکەین..»

لینین

★ ★ ★

«لەوانەیە جیاوازی بیروڕامان هەبێ،
بەڵام ئامادەم گیانی خۆم بەخت بکەم
بۆ ئەوەی بتوانی داکۆکی لە بیروڕای
خۆت بکەیت..»

ڤۆلتێر

# YEKGIRTIN

KOVAREK Î RÛŞENBÎRÎ TÊORÎYE

Bingeha Ruşenbiri Yekgirtin

(6) . 1988